هەرێمی کوردستان – عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر

# پۆلگۆڕینی وشە لە ڕستەسازیی زمانی کوردیدا

## ( لێکۆڵینەوەیەکی مۆرفۆلۆژی و ڕستەسازییە )

نامەیەکە
پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر کراوە
وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زمانی کوردیدا

لەلایەن
**ئەردەوان تۆفیق فەتاح شێروانی** بەکالۆریۆس – کۆلێژی زمان – زانکۆی سەلاحەددین – ٢٠٠٥

بەسەرپەرشتی
**پ. ی. د. عەبدولواحید موشیر مەحموود دزەیی**

ڕێبەندان ٢٧١٤ کوردی　　ڕەبیعی دووەم ١٤٣٦ کۆچی　　شوبات ٢٠١٥ زایینی

# **ڕاپۆرتی سەرپەرشتیار**

ئەم نامەیە ، کە بەناونیشانی ( **پۆلگۆڕینی وشە لە ڕستەسازیی زمانی کوردیدا** ) یە، قوتابی ( **ئەردەوان تۆفیق فتاح** ) بەسەرپەرشتیی من لە کۆلیژی زمانی زانکۆی سەلاحەددین ئامادەی کردووە ، بەشێکە لەپێداویستییەکانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردی .

سەرپەرشتیار

**پ.ی.د. عەبدولواحید موشیر دزەیی**

بەپێی ئەم پێشنیازە ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم .

**د.ئیدریس عەبدوللا مستەفا**

سەرۆکی لیژنەی خوێندنی بالاّ

لەبەشی زمانی کوردی

مێژوو:    /    / ٢٠١٥

# ڕاپۆرتی لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە ئەندامانی لیژنەی تاوتوێکردن و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوە، بەناونیشـــانی ( **پۆلگۆڕینی وشە لە ڕستەسازیی زمانی کوردیدا** ) یە و قوتـــــــــابی ( **ئەردەوان تۆفیق فتاح** )مان تاقیکردەوە و گفتوگۆمان لەگەڵی لەبارەی ناوەرۆك و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارمان دا کە شایانی ئەوەیە بەپلەی ( ) بڕوانامەی ماستەری لەزمانی کوردی پێ بدرێت.

ناو :

سەرۆکی لیژنە

بەروار: / /٢٠١٥

ناو: ناو:

ئەندام ئەندام

بەروار: / /٢٠١٥ بەروار: / /٢٠١٥

ناو: **پ.ی.د.عەبدولواحید موشیر دزەیی**

ئەندام و سەرپەرشتیار

بەروار: / /٢٠١٥

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلیژی زمان _ زانکۆی سەڵاحەددین پەسەندکرا.

ناو: **پ.ی.د. شادان جمیل عباس**

ڕاگری کۆلیژ

بەروار: / /٢٠١٥

## زاراوەكـــــان

ئەرك ........ Function
ئەركی وشە ........ Word Function
ئەرك گۆڕین ........ Change Function
ئامراز ........ Particle
ئامرازی پرس ........ Interrogative Article
ئامرازی سەرسۆڕمان ........ Exclamation Article
ئامرازی پەیوەندی ........ Preposition
ئامرازی نیشانە ........ Determiner
ئامرازی لێكدەر ........ Conjunction
ئاوەڵكار ........ Adverb
ئاوەڵناو ........ Adjective
ئاوەڵگوزارە ........ Adverbial
بەركاری ڕاستەوخۆ ........ Direct Object
بەركاری ناڕاستەوخۆ ........ Indirect Object
بەركار ........ Object
بەشەكانی ئاخاوتن ........ Parts of Speech
بكەر نادیار ........ Passive
بكەر ........ Subject
پێوەر ........ Criteria
پێوەری وشەسازی ........ Morphology Criteria
پێوەری سیمانتیكی ........ Semantic Criteria
پێوەری ناسینەوە ........ Identification s Criteria
پێوەری ڕستەسازی ........ Syntactic Criteria
پێوەری فۆنۆلۆژی ........ Phonology Criteria

پێوەری جیاکردنەوە ................................ Differentiation Criteria

پەیوەندی ستوونی ................................ Paradigmatic Relation

پەیوەندی ئاسۆیی ................................ Syntagmatic Relation

پەسەندێتی واتایی ................................ Meaning Acceptability

پەسەندێتی ڕێزمانی ................................ Grammatical Acceptability

تایبەت بە ناوی بکەرو بەرکار ................................ Participial

پاشگر ................................ Suffix

پارتیکل ................................ Particle

پۆلی ڕێزمانی ................................ Grammatical Class

پۆلی کراوە ................................ Open Class

پۆلی داخراو ................................ Closed Class

پۆلی فەرهەنگی ................................ Lexical Class

پۆلگۆڕی ................................ Change Class

پۆلەفۆرمەکان ................................ Form Classes

پۆلی ڕستەسازی ................................ Syntactic Class

پێشگر ................................ Prefix

پۆلە وشە ................................ Word Class

لێڵی ڕستە ................................ Sentence Ambiguity

تەواوکەر ................................ Complement

جێناو ................................ Pronoun

چەمك ................................ Concept

سیاق ................................ Context

داڕشتن ................................ Derivation

داڕژاو ................................ Installed

دیاریکردنی پۆل ................................ Class Identification

دیاریکردنی واتا ............................... Meaning Identification
دیارخەر..................................................... Adjunctive
دیارخراو................................................... Adnominal
ڕەگی کار.................................................... Verb Root
ڕەسەن...................................................... Descent
ڕستە ....................................................... Sentence
ڕۆڵ .......................................................... Role
ڕێژەی گۆڕین ................................. Change Ratio
ڕێزبوون........................................................ Order
ڕێزبوونی چەسپاو ................................. Fixed Order
ڕێزبوونی ئازاد.......................................... Free Order
ژمارە ......................................................... Number
ژمارەی کەرتی .................................. Fractional Number
ژمارەی بنجی ..................................... Natural Number
ژمارەی پلەیی..................................... Ordinal Number
سادە ........................................................ Simple
شوێن......................................................... Position
شوێنی پۆل ........................................... Class Position
شوێنگۆڕین.......................................... Position Change
قەدی کار.................................................. Verb Stem
کەتیگۆری زۆرینە ................................. Major categories
کەتیگۆری کەمینە ................................ Minor categories
کار.............................................................. Verb
کاریگەریی ڕستە.................................... Sentence Effect
کاری تێپەڕ........................................... Transitive Verb

کاری تێنەپەڕ ........................................ Intransitive Verb

گرێی ئاوەڵکار ........................................ Adverb Phrase

گرێی کاری ........................................ Verb Phrase

گرێی بەند ........................................ Prepositional Phrase

گرێ ........................................ Phrase

گرێی ناوی ........................................ Noun Phrase

گوزارە ........................................ Predicate

پۆل گواستنەوە ........................................ Transfer Class

واتا ........................................ Meaning

مۆرفیمی بەند ........................................ Bound Morpheme

وشەسازیی ئەرکی ........................................ Functional Morphology

وشەسازیی داڕشتن ........................................ Derivation Morphology

ناسادە ........................................ Non - simple

ناوی مادی ........................................ Concrete Noun

ناوی واتایی ........................................ Abstruct Noun

ناوی کار ........................................ Verb Noun

ناو گۆڕین ........................................ Change Noun

ناو ........................................ Noun

نیشانە ........................................ Marker

نیهاد ........................................ Theme

هاوپیت ........................................ Homograph

هێز ........................................ Stress

هۆکار ........................................ Reason

هۆکاری ڕستەسازی ........................................ Syntactical Reason

هۆکاری وشەسازی ........................................ Morphological Reason

واتای پێچەوانە ............................................ Inverse Meaning

واتای شاراوە ........................................ Invisible Meaning

واتای وشە ............................................ Word Meaning

واتا گۆڕین ............................................ Change Meaning

واتای ڕستە ............................................ Sentence Meaning

وشە ...................................................................... Word

وشە سادەکان ............................................ Simple Words

وشەی ناوەڕۆك ............................................ Content Word

وشەی لێڵ ............................................ Ambiguity Word

وشەی ئۆتۆسیمانتیك ................................ Auto semantic word

وشەی تەواو ............................................ Full Word

وشەی ئەرکی ............................................ Functional Word

وشەی لێکسیکی ............................................ Lexical Word

وشەی بێ وتا ............................................ Meaningless Word

وەستان ...................................................................... Pause

یاساکانی ڕستەسازی ............................................ Syntax Rules

ئا ............. ئاوەڵناو
گ ......................... گرێ
ئام ............................ ئامراز
گ ئا ............... گرێی ئاوەڵناوی
ئام پە ............ ئامرازی پەیوەندی
گ ك ....................... گرێی كاری
ئام پ ................. ئامرازی پرس
گ ن ف ............ گرێی ناوی فراوانكراو
ئاو ......................... ئاوەڵكار
گ ك ف ............گرێی كاری فراوانكراو
ئاوە ................ ئاوەڵگوزارە
گ ب ....................... گرێی بەند
ب ................................ بكەر
گ ن ........................ گرێی ناوی
ب ن ............... بەركاری ناڕاستەوخۆ
م نە ................ مۆرفیمی نەرێ
بە ............................ بەركار
م .................................. مۆرفیم
م نە ............... مۆرفیمی نەناسیاوی
با ......................... بانگكراو
م هـ .................. مۆرفیمی هەر
تە .......................... تەواوكەر

چا ................................ چاوگ
نی ................................ نیهاد
خس ............................. خستنەسەر
ن ................................. ناو
دیا ................................ دیارخەر
دیار .............................. دیارخراو
ژ نا ............................ ژمارەی نادیار
ژ ................................. ژمارە
ك ................................. كار
ئـ ك ............................ئەركی كار
م هیچ ........................ مۆرفیمی هیچ
م ك .......................... مۆرفیمی كات
Ø ............................ مۆرفیمی سفر
* ........................... ڕستەی واتا شێواو
↓ ............................ بریتییە لە
↔ .......... دیاریكردنی فۆڕمی هاوبەش
├ ........... ڕستە ئەم واتایانە دەگەیەنێت
├ ..................... دیاریكردنی ئەلۆمۆرف
← ............................ گۆڕاوە بۆ
ــ ........................ نیشانەی نموونە
.... ............. وشەی گونجاو لێرە دابنێ
/ ................................. یان

## هێمـــایەكان

┐ .......... دیاریکردنی  سنوری ئەرك

+ ...................... نیشانەی لێکدان

، ........................... نیشانەی هێز

= ............................... ئە نجام

[ ] ................. دیاریکردنی  پۆلەوشە

| ..................... نیشانەی وەستان

## کورتەی توێژینەوەکە :

**ناونیشانی توێژینەوەکە (پۆلگۆڕینی وشە لە ڕستەسازیی کوردیدا)یە. لەم توێژینەوەدا ڕێبازی (وەسفی شیکاری) پەیڕەوکراوە، توێژینەوەکە وەسفی ئەرکی وشەکانی ئێستای زمانی کوردی دەکات. ئەم توێژینەوەیە لە سنوری (ڕستەسازی)دا، باس لە پۆلگۆڕینی پۆلەکراوەکان بە گشتی و پۆلگۆڕینی پۆلەکراوەکان بە هۆی ڕستەسازییەوە بە تایبەتی کراوە لە دیالێکتی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا. ئامانجی ئەم لێکۆلینەوەیە هەوڵدانە بۆ دەسکەوتنی وەلامی ئەم پرسیارانە.**

**أ ـ ئایا زمانی کوردی وەك زمانەکانی تر، وشەکانی دابەش دەبن بۆ دوو کۆمەڵە (وشەکانی پۆلی کراوە، وشەکانی پۆلی داخراو). وشەکانی پۆلی کراوە کامەن و وشەکانی پۆلی داخراو کامەن؟**

**ب ـ ئایا لە زمانی کوردیدا بە ئاسانی دەتوانین وشەکانی پۆلی کراوە و پۆلی داخراو لە یەکتر جیابکەیەوە؟ ئەگەر بتوانین، ئایا پێوەری سەرەکی چییە بۆ ئەم جیاکردنەوەیە؟**

**ج ـ ئایا لە زمانی کوردیدا پۆلگۆڕین لە نێوان ئەندامەکانی پۆلی کراوەدا هەیە؟**

**د ـ ئەگەر پۆلگۆڕین هەبێت، هۆی سەرەکیی ئەم پۆلگۆڕینانە چییە؟ ئایا ڕستە چ ڕۆلێکی هەیە لەم گۆڕینانەدا؟**

**ه ـ کام ئەندام لە پۆلە وشە کراوەکان لە هەموویان چالاکترە بۆ خۆگۆڕین؟ یان بە پێچەوانەوە کامەیان چالاکە لە پۆلوەرگرتن؟ پاشان هۆکارەکانی چین؟**

**ناوەرۆکی ئەم توێژینەوەیە لە سێ بەش پێکدێت، ئەوانیش :**

**بەشی یەکەم بریتییە لە (پۆلەوشە و جیاکردنەوەی پۆلەوشەکان)، بەشی دووەم بریتییە لە (پەیوەندیی وشە بە ڕستەوە)، بەشی سێیەم بریتییە لە (ڕۆلی ڕستەسازی لە دەستنیشانکردنی پۆلی وشە).**

# ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| ڕاپۆرتی سەرپەرشتیار | أ |
| ڕاپۆرتی لیژنە | ب |
| زاراوەكان | پ ـ ح |
| هێمایەكان | خ ـ د |
| كورتەی توێژینەوە | ر |
| ناوەڕۆك | ڕ ـ غ |
| پێشەكی | ١ ـ ٢ |
| بەشی یەكەم | ٣ ـ ٥٧ |
| ١. پۆلەوشە و جیاكردنەوەی وشەكان | ٣ ـ ٥٧ |
| ١ ـ ١. پۆلەوشە : چەمك و پێناسە | ٣ ـ ١٢ |
| ١ ـ ١ ـ ١. چەمكی پۆلەوشە | ٣ |
| ١ ـ ١ ـ ٢. پێناسەی پۆلەوشەكان | ٦ |
| ١ ـ ١ ـ ٢ ـ ١. پۆلی كراوە و پۆلی داخراو | ٦ |
| ١ ـ ١ ـ ٢ ـ ٢. وشەی ناوەڕۆك و وشەی ئەركی | ٨ |
| ١ ـ ١ ـ ٢ ـ ٣. وشەی ئەركی و وشەی لێكسیكی | ٨ |
| ١ ـ ١ ـ ٢ ـ ٤. پۆلی لێكسیكی و پۆلی ڕێزمانی | ٨ |
| ١ ـ ١ ـ ٢ ـ ٥. كەتیگۆریی سەرەكی و كەتیگۆریی لاوەكی | ٨ |
| ١ ـ ١ ـ ٢ ـ ٦. وشەی ئۆتۆسیمانتیك و وشەی سینسیمانتیك | ٨ |
| ١ ـ ١ ـ ٢ ـ ٧. وشەی تەواو و وشەی ناتەواو | ٩ |
| ١ ـ ١ ـ ٣. بەراوردكردنی پۆلی كراوە و پۆلی داخراو | ٩ |
| ١ ـ ١ ـ ٤. جیاوازیی نێوان پۆلی كراوە و پۆلی داخراو | ١٠ |

**١ ـ ٢. پێوەرەکانی جیاکردنەوەی پۆلەوشەکان ................ ١٢ ـ ٢١**

١ ـ ٢ ـ ١. پێوەری واتایی ................................ ١٢

پ

١ ـ ٢ ـ ١ ـ ١. ناو بە پێی پێوەری واتایی ........................ ١٤

١ ـ ٢ ـ ١ ـ ٢. کار بە پێی پێوەری واتایی ........................ ١٤

١ ـ ٢ ـ ١ ـ ٣. ئاوەڵناو بە پێی پێوەری واتایی .................. ١٤

١ ـ ٢ ـ ١ ـ ٤. ئاوەڵکار بە پێی پێوەری واتایی .................. ١٤

١ ـ ٢ ـ ١ ـ ٥. ژمارە بە پێی پێوەری واتایی ...................... ١٤

١ ـ ٢ ـ ٢. پێوەری وشەسازی .................................. ١٤

١ ـ ٢ ـ ٢ ـ ١. گیرەکی ڕێزمانی .................................. ١٤

١ ـ ٢ ـ ٢ ـ ٢. گیرەکی وشەداڕێژ .................................. ١٧

١ ـ ٢ ـ ٣. پێوەری ڕستەسازی .................................. ١٨

١ ـ ٢ ـ ٣ ـ ١. شوێنی پۆلەوشەکان لە ڕستەدا ...................... ١٨

١ ـ ٢ ـ ٣ ـ ٢. ئەرکی پۆلەوشەکان لە ڕستەدا ...................... ٢٠

١ ـ ٢ ـ ٤. پێوەری فۆنۆلۆژی .................................. ٢١

**١ ـ ٣. پۆلینکردنی پۆلەوشەکانی زمانی کوردی ................ ٢١ ـ ٢٦**

١ ـ ٣ ـ ١. پۆلەوشە سادەکان .................................. ٢٣

١ ـ ٣ ـ ١ ـ ١. ناوی سادە .................................. ٢٣

١ ـ ٣ ـ ١ ـ ٢. ئاوەڵناوی سادە .................................. ٢٣

١ ـ ٣ ـ ١ ـ ٣. کاری ساکار .................................. ٢٣

١ ـ ٣ ـ ١ ـ ٤. ئاوەڵکاری سادە .................................. ٢٣

١ ـ ٣ ـ ١ ـ ٥. ژمارەی سادە .................................. ٢٤

١ ـ ٣ ـ ٢. پۆلەوشە ناسادەکان .................................. ٢٤

١ ـ ٣ ـ ٢ ـ ١. ناوی ناسادە .................................. ٢٤

١ ـ ٣ ـ ٢ ـ ٢. ئاوەڵناوی ناسادە .................................. ٢٥

١ ـ ٣ ـ ٢ ـ ٣. كاری ناساكار ............................ ٢٥
١ ـ ٣ ـ ٢ ـ ٤. ئاوەڵكاری ناسادە ............................ ٢٥
١ ـ ٣ ـ ٢ ـ ٥. ژمارەی ناسادە ............................ ٢٥



**١ ـ ٤. دارشتنی پۆلەوشەكان ............................ ٢٦ ـ ٣٩**
١ ـ ٤ ـ ١. ڕۆنانی پۆلەوشەكان لە ڕووی ڕۆنانەوە ............................ ٢٧
١ ـ ٤ ـ ١ـ ١. دارشتنی پۆلی ناو ............................ ٢٧
١ ـ ٤ ـ ١ـ ٢. دارشتنی پۆلی ئاوەڵناو ............................ ٢٨
١ ـ ٤ ـ ١ـ ٣. دارشتنی پۆلی كار ............................ ٢٩
١ ـ ٤ ـ ١ـ ٤. دارشتنی پۆلی ئاوەڵكار ............................ ٣٠
١ ـ ٤ ـ ١ـ ٥. دارشتنی پۆلی ژمارە ............................ ٣٤
١ ـ ٤ ـ ٢. دارشتنی پۆلەوشەكان لە ڕووی لێكدانەوە ............................ ٣٢
١ ـ ٤ ـ ٢ـ ١ دارشتنی ناو لە ڕووی لێكدانەوە ............................ ٣٢
١ ـ ٤ ـ ٢ـ ٢. دارشتنی ئاوەڵناو لە ڕووی لێكدانەوە ............................ ٣٤
١ ـ ٤ ـ ٢ـ ٣. دارشتنی كار لە ڕووی لێكدانەوە ............................ ٣٦
١ ـ ٤ ـ ٢ـ ٤. دارشتنی ئاوەڵكار لە ڕووی لێكدانەوە ............................ ٣٧
١ ـ ٤ ـ ٢ـ ٥. دارشتنی ژمارە لە ڕووی لێكدانەوە ............................ ٣٨
**١ ـ ٥. پۆلگۆڕین و لایەنەكانی پۆلگۆڕینی وشە ............................ ٣٩ ـ ٥١**
١ ـ ٥ ـ ١. لایەنی وشەسازی بۆ پۆلگۆڕینی وشە ............................ ٤٠
١ ـ ٥ ـ ١ـ ١. پۆلگۆڕینی وشە لە ڕووی ڕۆنانەوە ............................ ٤٠
١ ـ ٥ ـ ١ـ ٢. پۆلگۆڕینی وشە لە ڕووی لێكدانەوە ............................ ٤٢
١ ـ ٥ ـ ٢. لایەنی فۆنۆلۆژی بۆ پۆلگۆڕینی وشە ............................ ٤٧
١ ـ ٥ ـ ٢ـ ١. لایەنی هێز بۆ پۆلگۆڕینی وشە ............................ ٤٧
١ ـ ٥ ـ ٢ـ ٢. لایەنی وەستان بۆ پۆلگۆڕینی وشە ............................ ٤٨

١ ـ ٥ ـ ٣. لایەنی ڕستەسازی بۆ پۆلگۆڕینی وشە ................... ٤٩
**١ ـ ٦. هۆکارەکانی پۆلگۆڕینی وشە ................. ٥١ ـ ٥٧**
١ ـ ٦ ـ ١. کەمی ئەندامانی پۆلەوشەیەك ................... ٥١
١ ـ ٦ ـ ٢. پێشکەوتن و گەشەکردنی زمان ................... ٥٢
١ ـ ٦ ـ ٣. کاتێکی تایبەت و گۆڕینی پۆلەوشە ................... ٥٢

ژ

١ ـ ٦ ـ ٤. لەدایکبوونی وشەی نوێ و وەرگێڕان ................... ٥٣
١ ـ ٦ ـ ٥. هەبوونی وشەی دوو ڕواڵەت لەزماندا ................... ٥٣
١ ـ ٦ ـ ٦. هۆکاری دەروونی بۆناونان ................... ٥٤
١ ـ ٦ ـ ٧. هەبوونی وشەی هاوپیت لە زماندا ................... ٥٥
١ ـ ٦ ـ ٨. هەبوونی وشەی خوازە لە زماندا ................... ٥٥
١ ـ ٦ ـ ٩. گۆڕینی هەندێك لە مۆڕفیمە سەربەخۆیەکان بۆ مۆڕفیمی بەند ٥٧
١ ـ ٦ ـ١٠. هزری ڕۆشنبیری تاك و دەربڕینی جوان ................... ٥٧
**بەشی دووەم ................... ٥٨ ـ ١٠٣**
**٢. پەیوەندی وشە بە ڕستەوە ................... ٥٨ ـ ١٠٣**
**٢ ـ ١. وشەسازیی ئەرکی ................... ٥٨ ـ ٦٣**
**٢ ـ ٢. پەیوەندیی نێوان وشە و ڕستە ................... ٦٣ ـ ٧٥**
٢ ـ ٢ ـ ١. پەیوەندیی وشە و مۆڕفیم ................... ٦٦
٢ ـ ٢ ـ ٢. پەیوەندیی وشە و گرێ ................... ٧٠
٢ ـ ٢ ـ ٢ـ ١. سەرە ( دیارخراو ) ................... ٧٢
٢ ـ ٢ ـ ٢ـ ٢. پەیوەندیی ئاسۆیی بۆ دیاریکردنی گرێ ................... ٧٣
**٢ ـ ٣.لێکدانی وشە لە ڕستەدا ................... ٧٥ ـ ٨٥**
٢ ـ ٣ ـ ١. ڕیزبوونی وشەکان لە ڕستەدا ................... ٧٥
٢ ـ ٣ ـ ١ـ ١. ڕیزبوونی چەسپاو ( نەگۆڕ ) ................... ٧٧
٢ ـ ٣ ـ ١ـ ٢. ڕیزبوونی ئازاد ................... ٧٧
٢ ـ ٣ ـ ٢. پەسەندێتی لە ڕستەدا ................... ٧٨

٢ ـ ٣ ـ ٢ـ ١. پەسەندێتی واتایی ........................ ٧٩

٢ ـ ٣ ـ ٢ـ ٢. پەسەندێتی ڕێزمانی ........................ ٨٢

**٢ ـ ٤.شوێنی وشە لە ڕستەدا ............ ٨٥ ـ ٩٣**

٢ ـ ٤ ـ ١. شوێنی ناو لە ڕستەدا ........................ ٨٦

٢ ـ ٤ ـ ١ ـ ١. شوێنی ناو لە گرێی ناویدا ........................ ٨٦





٢ ـ ٤ ـ ١ـ ٢. شوێنی ناو لە گرێی کاریدا ........................ ٨٧

٢ ـ ٤ ـ ٢. شوێنی ئاوەڵناو لە ڕستەدا ........................ ٨٧

٢ ـ ٤ ـ ٢ـ ١. شوێنی ئاوەڵناو لە گرێی ناویدا ........................ ٨٨

٢ ـ ٤ ـ ٢ـ ٢. شوێنی ئاوەڵناو لە گرێی کاریدا ........................ ٨٨

٢ ـ ٤ ـ ٣. شوێنی ئاوەڵکار لە ڕستەدا ........................ ٨٨

٢ ـ ٤ ـ ٤. شوێنی ژمارە لە ڕستەدا ........................ ٨٩

٢ ـ ٤ ـ ٤ ـ ١. شوێنی ژمارە لە گرێی ناویدا ........................ ٨٩

٢ ـ ٤ ـ ٤ ـ ٢. شوێنی ژمارە لە گرێی کاریدا ........................ ٩٠

٢ ـ ٤ ـ ٥. شوێنی کار لە ڕستەدا ........................ ٩٢

**٢ ـ ٥. پەیوەندیی نێوان شوێن و ئەرکی وشە لە ڕستەدا ............ ٩٣ ـ ١٠٣**

٢ ـ ٥ ـ ١. شوێنی ئەرکەکانی ناو لە ڕستەدا ........................ ٩٤

٢ ـ ٥ ـ ١ـ ١. شوێنی ناو لە ئەرکی بکەردا ........................ ٩٤

٢ ـ ٥ ـ ١ـ ٢. شوێنی ناو لە ئەرکی دیارخەردا ........................ ٩٤

٢ ـ ٥ ـ ١ـ ٣. شوێنی ناو لە ئەرکی دیارخراو ( سەرە )دا ........................ ٩٥

٢ ـ ٥ ـ ١ـ ٤. شوێنی ناو لە ئەرکی بەرکاری ڕاستەوخۆدا ........................ ٩٥

٢ ـ ٥ ـ ١ـ ٥. شوێنی ناو لە ئەرکی تەواوکەری کاری (بوو)دا ........................ ٩٦

٢ ـ ٥ ـ ١ـ ٦. شوێنی ناو لە ئەرکی ئاوەڵگوزارەدا ........................ ٩٦

٢ ـ ٥ ـ ٢. شوێنی ئەرکەکانی ئاوەڵناو لە ڕستەدا ........................ ٩٦

٢ ـ ٥ ـ ٢ـ ١. شوێنی ئاوەڵناو لە ئەرکی دیارخەردا ........................ ٩٦

٢ ـ ٥ ـ ٢ـ ٢. شوێنی ئاوەڵناو لە ئەرکی بەرکاردا ........................ ٩٧

٢ ـ ٥ ـ ٢ـ ٣. شوێنی ئاوەڵناو لە ئەرکی دیارخراو( سەرە)دا ............ ٩٧
٢ ـ ٥ ـ ٢ـ ٤. شوێنی ئاوەڵناو لە ئەرکی ئاوەڵگوزارەدا ................ ٩٨
٢ ـ ٥ ـ ٢ـ ٥. شوێنی ئاوەڵناو لە ئەرکی بەرکاری ناڕاستەوخۆدا ......... ٩٩
٢ ـ ٥ ـ ٣. شوێنی ئەرکەکانی ژمارە لە ڕستەدا ................ ٩٩
٢ ـ ٥ ـ ٣ـ ١. شوێنی ژمارە لە ئەرکی بکەردا .................... ٩٩

ش

٢ ـ ٥ ـ ٣ـ ٢. شوێنی ژمارە لە ئەرکی ئاوەڵگوزارەدا .............. ٩٩
٢ ـ ٥ ـ ٣ـ ٣. شوێنی ژمارە لە ئەرکی دیارخەردا ................ ١٠٠
٢ ـ ٥ ـ ٣ـ ٤. شوێنی ژمارە لە ئەرکی دیارخراو (سەرە)دا .............. ١٠٢
٢ ـ ٥ ـ ٤. شوێنی ئەرکەکانی ئاوەڵکار لە ڕستەدا .................... ١٠٢
٢ ـ ٥ ـ ٥. شوێنی ئەرکی کار لە ڕستەدا ........................ ١٠٣
**بەشی سێیەم ................................................ ١٠٤ ـ ١٢٨**
**٣. ڕۆلی ڕستەسازیی لە دیارکردن و گۆڕینی پۆلەوشەکان ......... ١٠٤ ـ ١٢٨**
**٣ ـ ١. کاریگەریی ڕستە بەسەر وشەوە ............................ ١٠٤ ـ ١٢٠**
٣ ـ ١ ـ ١. کاریگەریی لە ڕووی گۆڕینی واتای وشەوە ................ ١٠٤
٣ ـ ١ ـ ١ ـ ١. لەڕێگەی لێڵواتاییەوە .............................. ١٠٥
٣ ـ ١ ـ ١ ـ ٢. لەڕێگەی واتای لاوەکی و فەرهەنگییەوە ................ ١٠٦
٣ ـ ١ ـ ٢. کاریگەریی شوێنی وشە ............................... ١٠٦
٣ ـ ١ ـ ٢ ـ ١. گۆڕینی ئەرك و پۆل، بە هۆی شوێنی وشەوە ............ ١٠٦
٣ ـ ١ ـ ٢ ـ ٢. کاریگەریی ڕستە بە هۆی شوێنگۆڕینی وشەوە ........... ١١٤
**٣ ـ ٢. هۆکارە ڕستەسازییەکان بۆ گۆڕینی پۆلە وشە ........... ١٢٠ ـ ١٢٦**
٣ ـ ٢ ـ ١. زیادکردنی ئەندامانی پۆلێك لە پۆلەکان ................ ١٢١
٣ ـ ٢ ـ ٢. دیارکردنی پۆلی وشەی فرەپۆل ........................ ١٢٣
٣ ـ ٢ ـ ٣. گۆڕینی پۆلی داخراو بۆ پۆلی کراوە و بە پێچەوانەوە .......... ١٢٤

٣ ـ ٢ ـ ٣ ـ ١. گۆڕینی ئامرازی پرس ........................................ ١٢٤
٣ ـ ٢ ـ ٣ ـ ٢. گۆڕینی ئامرازی نیشانه ........................................ ١٢٥
٣ ـ ٢ ـ ٣ ـ ٣. گۆڕینی هەندێك لە ئامرازەكان بۆ ناو ........................ ١٢٥
٣ ـ ٢ ـ ٣ ـ ٤. گۆڕینی ژماره ( یەك ) بۆ مۆڕفیمی نەناسیاوی ( ێك ) .... ١٢٥
٣ ـ ٢ ـ ٣ ـ ٥. گۆڕینی ژماره ( یەك ) بۆ مۆڕفیمی نەرێی ( هیچ ) ........ ١٢٥
٣ ـ ٢ ـ ٤. گۆڕینی پۆلەوشەی دیارخەر بۆ پۆلەوشەی دیارخراو ......... ١٢٥
٣ ـ ٢ ـ ٤ ـ ١. گۆڕینی ئاوەڵناو بۆ ناو ........................................ ١٢٦

ع

٣ ـ ٢ ـ ٤ ـ ٢. گۆڕینی ژماره بۆ ناو ........................................ ١٢٦
٣ ـ ٢ ـ ٥. جیاركردنەوەی فۆڕمی دولایەن لە نێوان ئاوەڵناو و ئاوەڵكاردا ١٢٦

**٣ ـ ٣. ڕێژەی پۆلگۆڕینەكانی وشە ........................................ ١٢٧**

**٣ ـ ٤. هۆكاره كانی ڕێژەی بەرز ونزمی پۆلگۆڕینەكان .................. ١٢٨**

**ئه نجامی لێكۆڵینەوه ........................................ ١٢٩**

**سەرچاوەكان ........................................ ١٣١ ـ ١٣٧**

**كورتەی توێژینەوه به زمانی عەرەبی ........................................ أ**

**كورتەی توێژینەوه به زمانی ئینگلیزی........................................ a**

غ

## پێشـــەکی

### ١. ناونیشانی توێژینەوەکە :

ناونیشانی توێژینەوە(پۆلگۆڕینی وشە لە ڕستەسازیی کوردیدا)

### ٢. مەبەست لەم توێژینەوەیە :

مەبەست لەم توێژینەوەیە خستنەڕوو و نیشاندانی ڕۆڵی ڕستەسازیی زمانی کوردییە لە گۆڕین و دەستنیشانکردنی پۆلەکراوەکانی زمانی کوردی و نیشاندانی هەموو ئەو ئەرك و کاریگەرییانەی کە ڕستەی زمانی کوردی بە سەر وشەکاندا دەسەپێنێت، وەك خاوەن دەسەڵاتی دانەی گەورە لە زمانداو هەوڵدان بۆ گەیشتنە ئەو ڕاستییەی کە ئایا سنوری نێوان پۆلی وشەکراوەکان و وشە داخراوەکان، سنورێکی ڕەهایە یان ڕێژەییە؟

### ٣. سنوری توێژینەوەکە :

ئەم توێژینەوەیە لە سنوری(ڕستەسازی)دا، باس لە پۆلگۆڕینی وشەکراوەکان بە گشتی و پۆلگۆڕینی وشە کراوەکان بەهۆی ڕستەسازییەوە بە تایبەتی لە دیالێکتی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا کراوە.

### ٤. هۆی هەڵبژاردنی ناونیشانی توێژینەوەکە :

هۆکاری هەڵبژاردن و دەستنیشانکردنی ئەم ناونیشانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە(سەرەڕای گرینگی ئەم بابەتە) هیچ نامەیەکی ئەکادیمی(ماستەر، دکتۆرا) تایبەت بەم ناونیشانە ئەنجامنەدراوە، بۆیە بە پێویستم زانی ئەگەر هەوڵێکی یەکەمیش بێت، بە هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە کەمێك لەم بۆشاییە پڕبکەمەوە.

### ٥. ڕێبازی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی(وەسفی شیکاری) پەیڕەوکراوە، توێژینەوەکە وەسفی ئەرکی وشەکانی ئێستای زمانی کوردی دەکات.

### ٦. ئامانجی توێژینەوەکە :

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە هەوڵدانە بۆ دەسکەوتنی وەڵامی ئەم پرسیارانە.

أ ـ ئایا زمانی کوردی وەك زمانەکانی تر، وشەکانی دابەش دەبن بۆ دوو کۆمەڵە(وشەکانی پۆلی کراوە، وشەکانی پۆلی داخراوە)؟ وشەکانی پۆلی کراوە کامەن؟ وشەکانی پۆلی داخراو کامەن؟

ب ـ ئایا لە زمانی کوردیدا بە ئاسانی دەتوانین وشەکانی پۆلی کراوە و پۆلی داخراو لە یەکتر جیابکەینەوە؟ ئەگەر بتوانین، ئایا پێوەری سەرەکی چییە بۆ ئەم جیاکردنەوەیە؟

ج ـ ئایا لە زمانی کوردیدا پۆلگۆڕین لە نێوان ئەندامەکانی پۆلی کراوەدا هەیە؟

د ـ ئەگەر پۆلگۆڕین هەبێت، هۆی سەرەکی ئەم پۆلگۆڕینانە چییە؟ ئایا ڕستە چ ڕۆڵێکی هەیە لەم گۆڕینانەدا؟

ە ـ کام ئەندام لە پۆلە وشە کراوەکان لە هەموویان چالاکترە بۆ خۆگۆڕین، یان بە پێچەوانەوە کامەیان چالاکە لە پۆل وەرگرتن؟ پاشان هۆکارەکانی چین؟

## ٧. کەرەستەی توێژینەوەکە :

کەرەستەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە وشە و ڕستەسادەکانی دیالێکتی ناوەڕاستی زمانی کوردی و کار لە سەر وشەی پۆلە کراوەکان کراوە.

## ٨. ناوەڕۆکی توێژینەوەکە :

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکییەك و سێ بەش پێکهاتووە. بەشی یەکەم و دووەمی تیۆرییە و بەشی سێیەمی پڕاکتیکییە، پاشان بەچەند خاڵێك ئەنجامی توێژینەوەکە نووسراوە، لە کۆتاییدا کورتەی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی نووسراوە.

لەپێشەکییەکەیدا ناونیشانی توێژینەوەکە و سنوری توێژینەوەکە و هۆی هەڵبژاردنی ناونیشانی توێژینەوەکە و ڕێبازی توێژینەوەکە و ئامانجی توێژینەوەکە و کەرەستەی توێژینەوەکە نووسراوە. ناوەڕۆکی توێژینەوە بەم شێوەیە دابەشی سەر بەش و تەوەرەکان دەبێت، بەشی یەکەم بریتییە لە(پۆلەوشە و جیاکردنەوەی پۆلەوشەکان)، ئەم بەشە لە شەش تەوەرە پێکهاتووە، ئەوانیش:(پۆلەوشە چەمك و پێناسە، پێوەرەکانی جیاکردنەوەی پۆلەوشەکان، پۆلینکردنی وشەکان، پۆلەوشەکان لە ڕووی ڕۆنانەوە، وشەگۆڕین لە زمانی کوردیدا، هۆکارەکانی وشەگۆڕین لە زماندا).

بەشی دووەم بریتییە لە(پەیوەندی وشە بە ڕستەوە)، ئەم بەشە لە پێنچ تەوەرە پێکهاتووە، ئەوانیش:(وشەسازی ئەرکی، پەیوەندیی وشە بە ڕستەوە، لێکدانی وشە لە ڕستەدا، شوێنی وشە لە ڕستەدا، پەیوەندیی نێوان شوێن و ئەرکی وشە) بەشی سێیەم بریتییە لە(ڕۆڵی ڕستەسازیی لە دەستنیشانکردنی پۆلی وشە)، ئەم بە شە لە چوار تەوەرە پێکدێت، ئەوانیش:(کاریگەریی ڕستە بەسەر وشەوە، هۆکاری ڕستەسازی بۆ گۆڕینی پۆلی وشە، ڕێژەی پۆلگۆڕینەکانی وشە، هۆکارەکانی بەرز و نزمی پۆلگۆڕینەکان)، لەکۆتاییدا بە چەند خاڵێك ئەنجامی توێژینەوەکە خراوەتە ڕوو.

# بەشی یەکەم:

## ١. پۆلەوشە و جیاکردنەوەی وشەکان

### ١ ـ ١. پۆلە وشە: چەمك و پێناسە:

### ١ ـ ١ ـ ١. چەمکی پۆلەوشە:

هەر زمانێك بە هەزاران لێکسیم(وشـە) لەخۆی دەگرێت، بۆیە لێکۆڵینەوە لە وشە و پۆلەوشەکان کارێکی ئاسان نەبووە، لێکۆڵینەوە بەشێوەیەکی گشتی لەهەندێك لای ئەم وشانە کراوە، بەبێ ئەوەی پۆلین بکرێن، بۆ ئەمەش زاراوەی(بەشەکانی ئاخاوتن)یان بۆ دانراوە، بەڵام دواتر وشەکانیان داوەتە پاڵ چەند پۆلێك، دواتر بە زاراوەی(پۆلەوشە) یان(پۆلەفۆڕم) جێگیر کراوە. زمانەکان هەر یەکەیان لە چەندین لێکسیم پێکدێن و هەر یەکێك لەم لێکسیمانە ئەگەر بە شێوەیەکی تایبەتی و بە پێی سیمای خۆیان مامەڵەبکەن لە ڕووی ڕێزمانەوە، ئەوا نەك هەر وەسفکردنی زمان بگرە فێربوونی زمانیش دەبێتە کارێکی ئەستەم، بەڵام زمان بەم شێوەیە نییە، تاڕادەیەك ئاسانترەو لە هەر زمانێکدا ئەم وشانە دابەش دەبن بۆ ژمارەیەك پۆل و وشەکانی هەر پۆلێك لە ڕووی ڕێزمانەوە وەك یەکتر مامەڵە دەکەن. بۆ نموونە پۆلی ناوەکان لە ڕستەدا هەمان ئەرکی ڕێزمانی دەگێڕن بۆ هەموو ناوەکان، بەم شێوەیە زمانەوانەکان بەم پۆلانە دەڵێن (پۆلی وشەکان) یان (پۆلی لێکسیکی) و بە شێوەی گشتیەکەی پێیان دەڵێن: (بەشەکانی ئاخاوتن) .(Crume, J. 2005: 35)

لێکۆڵینەوە لە پۆلەفۆڕمەکانی وشە بۆ سەردەمێکی زۆر زوو دەگەڕێتەوە و سەرەتای بیرکردنەوە لە بەشەکانی ئاخاوتن بۆ سەردەمی گریك دەگەڕێتەوە، بە تایبەتی بۆ بەشێك لە گفتۆگۆکانی ئەفلاتون (کراتیلۆس)، هەروەها ئەفلاتون بە یەکەم ڕێزماننووس دادەنرێت، چونکە کەسی یەکەمە کە گوتوویەتی ڕستە لە دوو بەشی سەرەکی (ناو، کار) پێکدێت و یەکەم لێکۆڵینەوە لە بەشەکانی ئاخاوتن لە وێوە دەستپێدەکات (ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی: ٢٠١٣أ: ٥)، و بۆ یەکەم جار زاراوەی (بەشەکانی ئاخاوتن) لە لایەن (ئەڕستۆ)وە بەکارهاتووە، بەڵام یەکەم پۆلینکردنی بەشەکانی ئاخاوتن بەشێوەی سیستەم بۆ قوتابخانەی (ستویکس) دەگەڕێتەوە لەدەورووبەری (٣٠٠) پ.ز. بەشەکانی ئاخاوتنی دابەشکرد بۆ چوار بەش، ئەوانیش: (ناو، کار، ئامرازەکان(ڕاناوەکانیش) دەگرێتەوە، ئامرازی لێکدەر) (Riemer, N. 2010: 295). جیاکردنەوەی وشەکان بۆ پۆل کارێکی ئاسان نییە، بە تایبەتی بۆ سەردەمێکی زووی وەکو سەردەمی ئەفلاتون و ئەڕستۆ، چونکە زۆر وشە هەن بەشداری زیاتر لە پۆلێکدا دەکەن (عەبدولواحید موشیر دزەیی: ٢٠١٢: ٩٣). لە پاش ئەفلاتون و ئەڕستۆ ڕێزمانی دێرین بەمە نەوەستاو ڕێزماننووسە یۆنانییەکان بەردەوامبوون لە سەر لێکۆڵینەوە لە بەشەکانی ئاخاوتن و هەشت بەشە ئاخاوتنیان دیارکرد (Crume, J. 2005: 41)

.لەوانە: (ناو، کار، پارتسیپل، ڕاناو، ئاوەڵکار، پریپۆزیشن، ئامرازی پەیوەندی، سەرسوڕمان و بانگکردن) ، هەروەها دەستکەوتێکی تری یۆنانییەکان جیاکردنەوەی(پاشگر و پێشگر) و دۆخی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بوو، (تراکس) یەکەم کتێبی دانا لە سەر زمانی یۆنانی (١٧٠ـ٩٠) پ.ز. لەم بەرهەمەدا باسی پێوەری وشەو بەشەکانی ئاخاوتن بە گشتی دەکات (ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی:

٢٠١٣ ب: ١٠٣)، سەبارەت بە ڕۆمانەکان، هەمان ڕێچکەی یۆنانییەکانیان گرت و بەردەوامبوون لە سەر ئەم هەشت بەشە جگە لە چەند جیاوازییەکی کەم نەبێت، بەڵام لە چوارچێوەی ئەم هەشت بەشە ئاخاوتنەدا، ئەوەبوو (دۆناتس) لە ناوەڕاستی سەدەی چوارەمی زاینی دا بەشەکانی ئاخاوتنی بەم شێوەیە ڕێکخست (ناو، ڕاناو، کار، ئاوەڵکار، ئاوەڵناوی کرداری، ئامرازی پەیوەندی، ئامرازی لێکدەر، ئامرازی سەرسوڕمان)، لەبەر ئەوەی زمانی لاتینی جیاوازە لە زمانی گریکی و زمانی لاتینی ئامرازی (ەکە= The)ی نییە بۆیە (دۆناتس) لەم پۆلینەدا بەتەواوی ئەم ئامرازەی لاداوەو بە بۆچوونی ئەو هەبوونی بەشێکی ئاخاوتن بە ناوی ئامرازی (The) شتێکی زیادە لە زمانی لاتینیدا (Riemer, N. 2010: 295). بە درێژایی سەدەکانی ڕابردوو ڕێزماننووسە ئەورووپییەکان چەندین لیستیان بۆ بەشە ئاخاوتنەکان پێشنیازکرد، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە بەشەکانی ئاخاوتن هەر بە (هەشت) بەش مایەوە (Crume, J. 2005: 44)، سیستەمی(دۆناتس) داڕێژەری بناغەی گشتی دەستوری سەدەکانی ناوەڕاستە، بەڵام ئەم سیستەمە چەندین گیروگرفتی هەبوو، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە زۆر لە زانایان هەوڵی شاردنەوەی ئەم گیروگرفتانەیان داوە لەپێناو گونجاندنی سیستەمەکە بۆ گشت زمانەکان، بۆ نموونە (سماراگرەس) کە ئاینزانێکی بەناوبانگ و چالاك بوو، پشتگیری لە سیستەمی (دۆناتس)ی کردو پێی وابوو بەشەکانی ئاخاوتن تەنیا (هەشت) بەشن و هەروەها دەڵێت: (کڵێسە گشتییەکان بڕوایان وایە تەنیا هەشت بەش هەیە و هیچ گومانم نییە ئەم بۆچوونەی ئەوانیش ئیلهام بەخشی ئاسمانەکانە) ( Riemer, N. 2010: 296 ). (ئەلیکساندەر خرسیتۆ فۆرۆڤیچ ڤۆستوکۆڤ) بە بڵاوکردنەوەی کتێبی (ڕێزمانی ڕووسی) چاپی یەکەم، پترسبۆرگ ١٨٣١، چاپی دووەم پترسبۆرگ ١٨٣٥، (چوونە ناو زمانی زگماکییەوە)، کارێکی نوێی لە زمانی ڕووسیدا هێنایە ئەنجام، ئەم زانایە بەشی ئاخاوتنی (ژمارە)ی لێ زیادکرد، بەم ئەنجامە ژمارەی بەشەکانی ئاخاوتن لە زمانی ڕووسیدا بوو بە (نۆ) بەش (ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٩: ٧-٨). لە لایەکی تر لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ڕێزماننووسە ئینگلیزەکان هەشت بەشە ئاخاوتنیان دیارکرد بۆ زمانی ئینگلیزی کە بریتی بوون لە (ناو، جێناو، ئاوەڵکار، ئاوەڵناو، پریپۆزیش، ئامرازی لێکدەر، ئامرازی سەرسوڕمان) ئەم هەشت بەشە ئاخاوتنە لە زمانی ئینگلیزی دا چەسپاو گوێزرایەوە بۆ زمانەکانی تر و بوویە بناغە بۆ چەندین زمان، ئەم بەشانەش بەشێوەیەکی گشتی لە کتێبە ڕێزمانی و زمانەوانییەکاندا بەکارهاتوون، بەڵام ئەو پۆلێنکردنە لە کەم و کوڕی بەدەر نەبوو، لەبەر ئەوەی لە زمانی ئینگلیزی دا دوازدە بەشە ئاخاوتن هەیە، بەڵام کاتێك ئەم دوازدە بەشە ئاخاوتنە کەم دەکەینەوە بۆ هەشت بەشە ئاخاوتن هەڵەیەکی ئاشکرایە، چونکە ئەو وشانەی کە ناگونجێن لەگەڵ هیچ کامێك لەو بەشە ئاخاوتنانە، بە شێوەیەکی بێ بنەما و بەناچاری دەدەرێنە پاڵ بەشێك، هەڵەکە لێرەوە دەست پێدەکات (Crume, J. 2005: 47).

وشەکانی زمان دابەش دەبن بۆ چەندین بەشی هاوپۆل، هاوپۆلەکانیش دابەش دەبن بۆ دوو جۆر ئەوانیش: (پۆلی کراوە و پۆلی داخراو)ن، پۆلەداخراو (ئەرك)ییەکان پێکدێن لە وشە ئەرکییەکانی زمان و ئەمەشیان بە پۆلی ئەرکی ناسراون و لە بەر ئەوەی وشەی نوێ بە دەگمەن وەردەگرن (Peng, F. etc. 2001: 2) و ژمارەیان دیارکراوە و پەیڕەوێك دروستدەکەن یەکتر پێناسەدەکەن، بە واتایەکی تر واتای فەرهەنگییان نییەو واتاکەیان لە ئەنجامی بەراوردکردن لەگەڵ

ئەندامانی تر وەردەگرن (عەبدولواحید موشیر دزەیی:٢٠١٢: ١٠٢) و واتایەکی لێکسیکی ڕوون و ئاشکرایان نییە. بۆ نموونە نێوان (کوڕ) لەگەڵ (کوڕەکە) کە تەنیا ئەرکی ڕێزمانی هەیە ( Fromkin, V. ect. 2005: 74)، دیارترین ئەندامەکانیشیان بریتین لە: (ئامرازە پەیوەندیەکان، ئامرازە لێکدەرەکان، ناسیاوی و نەناسیاوی، جێناوەکان، ئامرازی سەرسوڕمان و بانگکردن) ( Crystal, D. 2008: 81)، بەڵام پۆلی کراوە (لێکسیکی) ئەمانە وشە سەربەخۆیەکانی زمانن و ئەم وشانە هەمیشە لە گۆڕاندان، ئەوانە ئەندامی تر وەردەگرن و هەندێکجار بە لەدایکبوونی وشەیەکی نوێ وشە کۆنەکە دەمرێت، ئەمەش بە پێی گۆڕان و تێپەڕبوونی کات. بۆ نموونە وشەکانی (کۆمپیوتەر، فاکس، ڕۆکێت...هتد) پۆلی کراوەن و هەڵگری چەمکن و تا ڕادەیەکی زۆر بەرجەستەن بە پێچەوانەی وشەکانی پۆلی داخراو کە زۆر کەم چەمك هەڵدەگرن و ئەبستراکتن ( Thomas, F. 2001: 91)، هەروەها وشەکانی پۆلی داخراو بە زۆری ڕۆلی ڕستەسازی دەگێڕن لە ناو چوارچێوەی وشەکانی پۆلی کراوەدا، دیاترین ئەندامەکانی پۆلی کراوە بریتین لە: (ناوەکان، کارەکان، ئاوەڵناوەکان، ئاوەڵکارەکان)، پۆلی کراوە ئاماژە بە چەمك، شت، سیفەت، ڕووداوێك دەدات، هەروەها هەمیشە وشەی نوێ وەردەگرێت وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد، بۆ نموونە لە شۆڕشی ئینتەرنێت و لەوانەش وشەی (بلۆگ)، کە بە واتای شت نووسین دێت، تەنیا بۆ پێگەی ئینتەرنێت نەك بۆ ڕۆژنامە و گۆڤار. بە شێوەیەکی سروشتی زمانە سروشتییەکان نزیکەی (٥٠٠) وشەی پۆلی داخراویان هەیە بەرامبەر بە دەیان هەزار وشەی پۆلی کراوە، ئەمە سەرەڕای ئەم ژمارە کەمەی وشەکانی پولی داخراو، ئەوە سەلمێنراوە و دەرکەوتووە کە ئەو وشانەی زۆرترین جار لەزماندا دووبارە دەبنەوە زۆربەیان پۆلی داخراون، بەمەش دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە بەو ژمارە کەمەوە زۆرترین جار دووبارە دەبنەوە (www.uow.cs.wp.com) و زۆر بەکەمی ئەندامەکانی ئەم پۆلە زیاددەکرێن و گۆڕانکارییان بەسەر دێت. بۆ نموونە، بەهیچ شێوەیەك ناکرێت بیر لە دروستکردنی جێناوێکی نوێ بکەینەوە، ئەمە سەرباری ئەوەی کە بزووتنەوەی فیمینیزم[1] چەند پێشنیازێکی کردووە، کە جێناوێکی تاکی بێ ڕەگەز بۆ کەسی سێیەم دابنرێت، واتە: جێناوەکە سەربەخۆ بێت و هیچ ڕەگەزێك نێر و مێی تێدا نەبێت، چونکە لە هەندێ لە زمانەکان بۆ کەسی سێیەمی تاك جێناو ڕەگەزی تێدایە لەوانەش زمانی ئینگلیزی و هەندێك لە دیالێکتەکانی زمانی کوردی، بۆ نموونە دیالێکتی سەروو بۆ کاری ڕابردووی تێپەڕ جێناوی سەربەخۆ بۆ کەسی سێیەمی تاك ڕەگەز هەڵدەگرێت.

وەك: ـ وێ(مێ) ئەو She

ـ وی(نێر) ئەو He (Fromkin, V. ect. 2005: 75)

پۆلە داخراوەکان لە ڕووی خۆپاراستنیانەوە لە زیاد و کەمبوونی ئەندامەکانیان تاڕادەیەك ڕێژەیییەو ڕەها نییە، هەندێك جار ئەندامەکانی ئەم پۆلەش لە چوارچێوەی زمانێکدا گوڕانکارییان تێدا ڕوودەدات، بە پێی تێپەڕبوونی کات، بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزی کۆندا جێناو بۆ کەسی دووەم بۆ تاك و کۆ جیاواز بوو و دوو شێوەی هەبوو (Thou) بۆ تاك و (Thee) بۆ کۆ، بەڵام

---

١. بزوتنەوەی پشتگیری کردنە لە مافەکانی ئافرەت، لەسەر بنەمای یەکسانی نێوان دوو ڕەگەزەکە .

ئێستا تەنیا (You) بەکاردێت بۆ تاك و کۆ، ئەمە بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە پۆلی داخراویش گۆڕانکاریی بەسەردادێت.

### ١ ـ ١ ـ ٢. پێناسەی پۆلەوشەکان:

زمانەوانەکان بۆ دابەشکردنی بەشەکانی ئاخاوتن بۆ دوو کۆمەڵە و پێناسەکردنی ئەم پۆلانە تەنیا بەیەك شێوەی دابەشکردن و پێناسەوە نەوەستاون، بەڵکو پۆلە وشەکانیان بەچەندین شێوە دابەشکردووە بۆ دووکۆمەڵەو چەندین پێناسەی جیاجیایان بۆ کردووە، هەروەها لە ڕووی بەکارهێنانی زاراوەش بۆ پۆلی کراوە و داخراو، یەك ڕا نەبوونەو چەندین زاراوەی جیاجیایان بۆ ئەم دوو کۆمەڵەیە بەکار هێناوە، لێرەدا هەندێك لەو شێوە دابەشبوونانە و پێناسانە دەخەینە ڕوو.

### ١ ـ ١ ـ ٢ ـ ١. پۆلی کراوە و پۆلی داخراو:

**أ ـ پۆلی کراوە:** مەبەست لەم جۆرە پۆلە لەزماندا ئەوەیە کە دەتوانرێت وشەی نوێ دروست بکات و واتای فەرهەنگی و پێناسەیان هەیەو هەمیشە ئەندامی نوێ وەردەگرن و لە گۆڕاندان (ساجیدە عەبدوللا فەرهادی: ٢٠١٣أ: ٩) ئەمەشیان لە ڕێگای (لێکدان و داڕشتن) وە (عەبدولواحید موشیر دزەیی: ٢٠١٢: ٩٤) ئەندامی تر وەردەگرن، دیارترین ئەندامەکانی ئەم پۆلانەش ئەمانەن: (ناو، کار، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار، ژمارە)

**١. نـــــاو:** ((ئەو وشەیەیە کە بۆ ناونانی کەسێك یان گیانداریك یان شوێنێك یان ڕووداوێك یان شتێك، یان ئەوانەی کە بوونی بەرجەستەیان نییە و بەهۆی بیر و ئەندێشەوە هەستیان پێدەکرێت، بەکاردەهێنرێت)) (سەرچاوەی پێشوو: ٦٦)، وەك: (ژن، ئازاد، ئەسپ، ماسی، هەولێر، بەرد، ترێ، خەم، فریشتە، نووستن، کردن، خەوتن... هتد)

**٢. ئاوەڵنـــاو:** ((بەشێکی ئاخاوتنە شێوە و جۆری شت پیشاندەدات و بەکاتەوە نەبەستراوەتەوە و مرۆڤ زۆربەی نرخاندن و هەستەکانی ڕاستەوخۆ بە ئاوەڵناو دەردەبڕێت کە وەسفی بارودۆخ وکەس و شت دەکات)) (سەرچاوەی پێشوو: ٧٣) و وشەیەکە گوزارە (وەصفیە)ی تێدایەو بۆ تەواوکردنی واتای ناو یان ڕاناو یان ئاوەڵناوێکی تر بەکاردێت، هەندێ کات لە سنوری خۆی تێدەپەڕێت و لە ڕستەدا وەك ناو یان ئاوەڵکار بەکاردێت (لێژنەی زمان و زانستەکان: ٢٠١١: ٦٨)، وەك: (جوان، باش، تاڵ، تفت، سوێر، سپی...هتد)

**٣. کـــار:** بەشێکی ئاخاوتنە، ڕووداو و کار و کردەوە و بزووتنەوە و چۆنیەتی (حاڵەت) و زەین و سەرنج دەگەیەنێت و بەندە بە کەس و کات و ژمارە و گوزارە (هەواڵ)وە (ڕەفیق شوانی: ٢٠١١: ٤٩) دەبێتە سەرە گرێی کاری (گ ك)و دەرکەوتنی بارێکی زمانی بە ئەرێ یان نەرێ لە یەکێك لە کاتەکاندا دەست نیشاندەکات (یوسف شەریف سەعید: ٢٠١٣: ٥٨)، وەك: (دەخۆم، بردبوو، کرد، هەڵبژارد، دیارکرا، خوێندبایە...هتد)

**٤. ئاوەڵـــکار:** وشەیەکە، یان کۆمەڵە وشەیەکە لەڕستەدا کات یان شوێن یان حاڵەتیان چۆنیەتی یان داکۆکیی و ڕادەی ڕوودانی کاری ڕستە دیاری دەکات، ئاوەڵکار بەبەشێك لە بەشەکانی ئاخاوتن دەژمێردرێت، تایبەتییەتی ئەوەیە، کە دەتوانرێت لەڕستەدا دەربهێنرێت و لابدرێت، بێ

ئەوەی کار لە ڕێزمانی و شێوانی ڕستەکە بکات، واتە: ئاوەڵکار شتێك لە واتای ڕستە زیاد دەکات، نەك ببێتە تەواوکەر و کەم و کورتی ڕستەی پێ لابیرێت (سەرچاوەی پێشوو: ٥٤ ـ ٥٥)، وەك: (هەرگیز، ئێستا، دوێنێ، سبەینێ، ئێرە، بن، ژێر، کن، تەنیشت، پشت، بەرامبەر، بەپەلە...هتد).

٥. **ژمـــارە:** بابەتێکە بۆ دیارکردنی ناو یان ڕاناو لە ڕووی چەندێتی ژمارەییەوە، واتە: دەبێتە تەواوکەری ناو و ڕاناو بۆ دەرخستنی ڕادەکەیان (ڕەفیق شوانی: ٢٠١١: ٥٩) و پلەی شتێك لە ڕیزدا دەگەینێت، کە خاوەن خاسیەتی واتای ژمارەییە (عەبدولواحید موشیردزەیی: ٢٠١٢: ٧٩)، وەك: (یەك، دوو، نیوە، یەکەمین، سێیەم، هەشت، بیست....هتد)

**ب ـ پۆلی داخراو:** مەبەست لەم جۆرە پۆلە لە زماندا ئەوەیە، کە ناتوانرێت وشەی تریان لێ دروست بکرێت و داخراون و زیاد ناکرێن و پەیڕەوێك دروست دەکەن و پێناسەی یەکتری دەکەن، واتای فەرهەنگییان نییە، ئەرکی ڕێزمانی هەڵدەگرن، واتاکەی لە بەراورد دایە لەگەڵ ئەوانی تر (ساجیدە عەبدوڵلا: ٢٠١٣أ: ٩ ـ ١٠) لە ڕووی ژمارەوە دیارکراون، ئەوانیش: (مۆرفیمی ناساندن، مۆرفیمی کۆ، مۆرفیمی ڕەگەز، مۆرفیمەکانی کەس، مۆرفیمەکانی کات، مۆرفیمەکانی نیشانە، مۆرفیمەکانی نەرێ، مۆرفیمەکانی دووپاتکردنەوە، مۆرفیمی نادیار، مۆرفیمی چاوگ...هتد)(عەبدولواحید موشیر دزەیی: ٢٠١٢: ١٠٢ـ١٠٦)

### ١ ـ ١ ـ ٢ ـ ٢. وشەی ناوەرۆك و وشەی ئەرکی:

**أ ـ وشەی ناوەرۆك:** بریتییە لەو وشانەی کە زۆربەی وشەکانی زمان پێك دێنن و واتایەکی دیارکراویان هەیە.

**ب ـ وشەی ئەرکی:** ئەو وشانەن کە ژمارەیەکی دیارکراو و سنورداریان هەیە و ڕۆڵی سەرەکییان بریتییە لە گوزارشتکردن لە پەیوەندیی ڕێزمانی. (Crystal, D. 2008: 108)

### ١ ـ ١ ـ ٢ ـ ٣. وشەی ئەرکی و وشەی لێکسیکی:

**أ ـ وشەی ئەرکی**: ئەو وشانە دەگرێتەوە کە ڕۆڵی دیارکەر یان ڕۆڵێکی ڕێزمانییە.

**ب ـ وشەی لێکسیکی:** ئەو وشانەن کە واتایەکی واتاسازی هەڵدەگرن و سەربەخۆن. (سەرچاوەی پێشوو: ٢٠٣)

### ١ ـ ١ ـ ٢ ـ ٤. پۆلی لێکسیکی و پۆلی ڕێزمانی:

**أ ـ پۆلی لێکسیکی:** ئەو پۆلە کراوەیە، کە ئەرکێك یان ناوەرۆکێك هەڵدەگرێت کۆمەڵەکەی گەورەیە و بەردەوام لە گۆڕاندایە و لە ڕووی چەمکەوە دەوڵەمەندن.

**ب ـ پۆلی ڕێزمانی:** ئەم پۆلە داخراوەیە، کە ئەرکێکیان پێکهێنایە، کۆمەڵەکەی بچووکەو بەرگری لە گۆڕانکاریی خۆیان دەکەن و چەمکی پێکهێنانی ڕێزمانی هەڵدەگرن(Evans, V. ect. 2006: 20).

### ١ ـ ١ ـ ٢ ـ ٥. کەتیگۆریی سەرەکی و کەتیگۆریی لاوەکی:

**أ ـ کەتیگۆریی سەرەکی:** ئەمانە بریتین لە (ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار، کار)

**ب ـ کەتیگۆریی لاوەکی:** ئەمانە بریتین لە (ئامرازی پەیوەندی ئامرازی گەیینەر، ناسیاوی و نە ناسیاوی، ئامرازی سەرسوڕمان و بانگکردن...هتد) (Paul, R. K. 2005: 38)

### ١ ـ ١ ـ ٢ ـ ٦. وشەی ئۆتۆسیمانتیك و وشەی سینسیمانتیك:

**أ ـ وشەی سینسیمانتیك:** ئەو وشانەن کە واتای سەربەخۆی خۆیان نییە لە دەرەوەی ڕستەدا و هەندێك جار پێیان دەڵێن (وشەی بەتاڵ) بە واتای ئەوەی بەتاڵ لە واتای پەیوەندییە، ئەوانیش بریتین لە: (پۆلی داخراو)، وەك: (ئامرازەکان، ناسیاوی و نەناسیاوی...هتد).

**ب ـ وشەی ئۆتۆ سیمانتیك:** ئەوانەن، کە واتای سەربەخۆی وشە لە دەرەوەی ڕستەدا هەڵدەگرن، ئەوانیش بریتین لە:(پۆلی کراوە)، وەك: (ناوەکان، ئاوەڵناوەکان، کارەکان، ژمارەکان، هاوەڵناوەکان) (Bussman, H. 1998: 112 , 1168).

### ١ ـ ١ ـ ٢ ـ ٧. وشەی تەواو و وشەی ناتەواو:

**أ ـ وشەی تەواو:** ((ئەو وشانەن، کە سەربەخۆ و ڕاستەوخۆ مانای دیاردەیەکی مەوزوعی و واقعی جۆراوجۆر دەبەخشن و دەتوانن وەك ئەندامێکی ڕستە خۆیان بنوێنن، ئەمانەش وەك: (ناو، جێناو[1]، ئاوەڵناو، ژمارە، کردار، ئاوەڵکردار) ))

**ب ـ وشەی ناتەواو:** ((ئەو وشانەن کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە دیاردەی واقعی یەوە نییەو سەربەخۆ ناتوانن وەك ئەندامێکی ڕستە خۆیان بنوێنن بەڵکو دەوریان یاریدەدانی وشە تەواوەکانی بەشەکانی ئاخاوتنە لە بەجێهێنانی ئەرکەکانیدا بە تایبەتی لە دەربڕینی واتایاندا پێکەوە بەستنیان لە ڕستەدا، ئەمانەش وەك: (پریپۆزیشن، ئامرازی پەیوەندی، ئامرازی سەرسوڕمان و بانگهێشتن و پارتیکل))) (ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٩: ١٠ـ١١)

### ١ ـ ١ ـ ٣. بەراوردکردنی پۆلی کراوە و پۆلی داخراو:

توێژینەوەی دەروونناسی پشنیازی کردووە، کە لێکسیکەکانی پۆلی کراوە و پۆلی داخراو لە ئەنجامی میکانیزمی جیاوازو لە لایەن سەنتەری جیاوازی مێشکەوە پڕۆسەدەکرێن (Peng, F. 2001: 3)، (ڕۆنالد لاندکاگەر) کە زمانەوانێکە دەڵێت: (لە ڕووی تیۆرییەوە هیچ جیاوازییەك لە نێوان لێکسیك و ڕێزماندا نییە لە بناغەدا، بەڵام باشترین شت بۆ بەراوردکردنی وشەکانی ئەم دوو پۆلە بریتییە لە دانانی هێڵێکی ئاسۆیی، کە دوو جەمسەری هەبێت، تا بەرە و ناوەند بچین پۆلەکان لە یەکتر نزیکتر دەبنەوە و دەچنەوە ناو یەك و بەمەش جیاوازیەکە کاڵتر دەبێت، وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە. (Evans, V. ect. 2006: 193_194)

لێکسیکی ⟵—— کراوە ——— داخراو ——⟶ ڕێزمانی

(هێڵی بەردەوامی لێکسیك ـ ڕێزمان)

بەڵام زمانەوانان کۆکن لە سەر ئەوەی کە واتا و ڕێزمان دوو شتن لەیەکتر جیاناکرێنەوە، بۆیە ئەوان وای بۆ دەچن، کە دابەشکردنی وشە بۆ ئەو دوو پۆلە شتێکی سروشتی نییە و دروستکراوە، بۆ نموونە هەندێك لە مۆرفیمە سەربەخۆیەکان لە زمانی ئینگلیزیدا لەوانەش ئامرازەکانی ( in, on,

[1]. لە کوردیدا مەبەستمان جێناوە سەربەخۆیەکانە، چونکە لە زمانی کوردیدا جێناوەکان هاوبەشن لە نێوان پۆلی کراوە و پۆلی داخراودا.

under)، کە بە واتای (لە ناو، لە سەر، لە ژێر) دێن و ئەندامی پۆلی داخراون و بەڵام خاوەن واتانە، بەئاسانی هەست بە جیاوازییەکی واتایی تەواویان دەکەین لە نێوانیاندا، بۆ نموونە (in) بە واتای (لە ناو) و (on) بە واتای (لە سەر) و (under) بە واتای (لە ژێر) دێن (سەرچاوەی پێشوو: ٥٠٣) شتێکی دیارە، کە جیاوازییەکی دیارکراوی تەواو لەنێوان ئەم دوو پۆلەدا نییە. بۆ نموونە هەندێك لە ئامرازە پەیوەندیەکان، وەك: (بەگوێرەی، بەهۆی...هتد) پۆلی کراوەن، ئەوە سەرەڕای ئەوەی، کە ئامرازی پەیوەندی سەر بە پۆلی داخراوە، بە پێچەوانەشەوە هەندێك لە وشەکانی پۆلی کراوە لەوانە (کارە یاریدەدەرەکان) تا ڕادەیەك داخراون، کە سەر بە پۆلی کراوەن (Crystal, D. 2008: 341 ). بە پێی تێپەڕبوونی کات زۆرجار وشەکانی هەندێك پۆل دەگوێزرێنەوە بۆ پۆلی بەرامبەر بۆ نموونە ئامرازی (while) ئامرازێکە لە پۆلی کراوە وەرگیراوە بە واتای (ناوی کات) دێت، بۆیە زۆربەی زمانەوانەکان سنوری جیاکردنەوەی ئەم دوو پۆلە بە سنورێکی ڕەها (مطلق) نازانن ( Porsh, J. 2001: 91).

لە ئەنجامدا دەگەینە ئەو ڕاستییەی، کە هیچ سنورێکی جیاکەرەوەی تەواو لە نێوان پۆلی کراوە وداخراودا نییە، هەموو ئەو هێڵە جیاکەرەوانە دروستکراون، چونکە ئەو دوو پۆلەفۆڕمانە بە شێوەیەك لە شێوەکان تێکەڵ و تێکچڕژاون هەر وەك دوو جۆگەلەی یەك سەرچاوەی ئاو بن.

## ١ ـ ١ ـ ٤. جیاوازیی نێوان پۆلی کراوە و پۆلی داخراو:

وەکو پێشتر ئاماژەمان پێکرد، ئەگەر بەوردی لەم دوو پۆلەوشانە وردببینەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی، کە هەرچەندە لە بناغەدا ئەم دوو پۆلەوشە دوو لقن لە یەك سەرچاوەدا، بەڵام لە هەندێك لایەنەوە بەزەقی هەست بە هەندێك خاڵی تەواو جیاواز دەکەین، لە نێوان ئەو دوو پۆلەوشەدا، ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین چەند خاڵێکی جیاواز بخەینە بەرچاو. ئەم جیاوازییانەی کە لە نێوان ئەم دوو پۆلەوشانەدا هەن، لەڕێگای لێکۆڵینەوە بە دیاردەکەوێت (Peng, F. etc. 2001: 3). بۆ نموونە، بە پێی بەڵگەکانی پزیشکی دەماری (Neurology)[1] ئەم دوو پۆلانە لە لایەن سەنتەری جیاوازی مێشك شیدەکرێنەوەو لەو نەخۆشانە دەردەکەوێت، کە توانای زمانیان بەهۆی نەخۆشییەکەوە تێکچووە، چونکە ئەم نەخۆشانە دوچاری نەمانی توانا بوونە بۆ درکاندنی یەکێك لەم دوو پۆلانە، بە زۆریش دوچاری پۆلی داخراو دەبێت لە مێشکدا، لە ئەنجامدا نەخۆشەکە بە هیچ شێوەیەك ناتوانێت وشەکانی پۆلی داخراو بدرکێنێت و بە کاریان بهێنێت لە زماندا، واتە: قسەکانی نەخۆشەکە تەنیا بریتین لە پۆلەوشەکانی پۆلی کراوە، ئەمە بەڵگەیەکی ڕۆنە، کە نەخۆشییەکە دووچاری سەنتەری پۆلی داخراوی مێشك بووە، هەروەها بەڵگەی تری دیار بۆ هەبوونی جیاوازی نێوان ئەم دوو پۆلەوشانە، بریتییە لە بەڵگەی دەروونناسی و پەروەردەیی، بە پێی بەڵگەی دەروونناسی و پەروەردەیی دەرکەوتووە، کە منداڵ لە کاتی وەرگرتن و فێربوونی زماندا، سەرەتا فێری پۆلەوشەکانی پۆلی کراوە دەبێت، پاشان هێدی هێدی فێرە پۆلەوشەکانی پۆلی داخراو دەبێت بە پێی گەشەکردنی مێشکی (Fromkin, V. ect. 2005: 74, 76)، بۆ نموونە (ئۆتۆمبێل گەراج

---

١. لقێکە لە زانستی پزیشکی بەدواداچوون بۆ چۆنیەتی کارکردنی مێشك دەکات، هەروەها دەستنیشان و چارەسەی ئەو نەخۆشیانە دەکات، کە دوچاری مێشك دەبن.

ڕۆیشت) ئەمە گوتنی منداڵێکی دوو ساڵانەیە، لێرەدا تەنیا سێ وشەی لێکسیکی بەکارهێناوە، کەچی لە بناغەدا ئەم ڕستەیە پێویستی بە چەند وشەیەکی تری ئەرکی هەیە، لەوانەش (ەکە/ ێك) بخرێتە سەر ناوی (ئۆتۆمبێل) و (بۆ) بخرێتە پێش ناوی (گەراج) و (ەکە/ ێك) بخرێتە سەر ناوی (گەراج) (Radford, A. ect. 2009: 187)، لەئەنجامدا دەگەینە ئەم خاڵە جیاوازیانە لە نێوان پۆلی داخراو و کراوەدا.

١ ــ پۆلی کراوە: ئەم پۆلە ژمارەیان زۆرەو هەمیشە دەرگایان کراوەیە بۆ وەرگرتنی وشەی نوێ و وشەی نوێی لێ دروستدەکرێت، بەڵام پۆلی داخراو: ژمارەیان کەمەو دەرگایان داخراوە، زۆر بە کەمی وشەی نوێ بۆیان زیاددەکرێت، یان وشەکانیان کەم دەکرێتەوە.

٢ ــ پۆلی کراوە لە ڕووی چەمکەوە دەوڵەمەندن، بۆ نموونە چەمکی (شت، کەس، شوێن، ڕووداو، سیفەت) هەڵدەگرن و زیاتر بەرجەستەن، پۆلی کراوە لە ڕووی پێکهاتەوە چەمکی (پێکهێنان) ڕێزمانی هەڵدەگرن، لەوانەش: (م. کات، ئامرازی پەیوەندی، ئامرازی لێکدە ر و گەینەر، ناسیاوی و نە ناسیاوی...هتد) و زیاتر ئەبستراکتن.

٣ ــ وشەکانی پۆلی کراوە بە سەربەخۆیی و لە دەرەوەی ڕستەدا واتایان هەیەو بە شێوەیەکی ئازادن، یەکتر پێناسە ناکەن، وشەکانی پۆلی داخراو لە ناو پۆلی کراوەدا و لە ناوڕستەدا واتای ئەرکی هەڵدەگرن و هەمیشە یەکتر پێناسە دەکەن.

٤ ــ وشانە کانی پۆلی کراوە لە ڕستەدا کەم دووبارە دەبنەوە، وشەکانی پۆلی داخراو لەڕستەدا زۆر جار دووبارە دەبنەوە، چونکە ئەرکی سەرەکییان بەستان و پێکهێنانە.

٥ ــ پۆلی داخراو لە ڕووی پێکهاتن و ڕۆنانەوە: وشەکانی ئەم پۆلە لەژمارەیەکی زۆر پیت پێکهاتوون، بەڵام پۆلی داخراو لە ڕووی پێکهاتن و ڕۆنانەوە، ژمارەی پیتەکانی ئەم وشانە زۆر کەمن و لە دوو سێ پیت تێپەڕ ناکات.

٦ ــ لە ڕووی پەروەردە و فێربوونی زمان: منداڵ سەرەتا فێری وشەکانی پۆلی کراوە دەبن و ڕستەکانی بەبێ پۆلی داخراو دەدرکێنن، لە ڕووی پەروەردە و فێربوونی زمان: منداڵ تا سەردەمێکی زۆر درەنگ فێری وشەکانی پۆلی داخراو نابێت.

٧ ــ پۆلی کراوە ژمارەیەکی زۆری وشەکانی زمان پێکدێنن و زۆربەی وشەکانی هەر زمانێکی سروشتی بریتییە لە وشەکانی پۆلی کراوە، پۆلی داخراو ژمارەکی کەم لە وشەکانی زمان پێکدێنن و دەتوانین بڵێین لە هەر زمانێکی سروشتیدا لە (٥٠٠) وشە تێپەڕ نابن.

٨ ــ لە ڕووی مێژووییەوە دۆزینەوەی وشەکانی پۆلی کراوە کۆنترە لە وشەکانی پۆلی داخراو. بۆ یەکەم جار لە لای یۆنانیەکان دوو وشە دۆزرانەوە، ئەوانیش: (ناو، کار) بوون، کە هەردووکیان پۆلی کراوەبوون، لە ڕووی مێژووییەوە دۆزینەوەی وشەکانی پۆلی داخراو دوای دۆزینەوەی وشەکانی پۆلی کراوەوە ناسێنران و بۆ یەکەم جار لە لایەن (ئەرستۆ و تراکس)ەوە ئەم وشانە دیارکران.

٩ ــ لە ڕووی زاراوەوە بۆ پۆلی کراوە ئەم زاراوانە دانراون: (کەتیگۆریی سەرەکی، ئۆتۆواتاساز، وشەی تەواو، پۆلی کراوە، لێکسیکی، ناوەرۆك). لە ڕووی زاراوەوە بۆ پۆلی داخراو ئەم زاراوانە بەکاردێن: (پۆلی داخراو، ئەرکی، ڕێزمانی، کەتیگۆیی لاوەکی، سینواتاساز، وشەی ناتەواو)

## ١ ـ ٢. پێوەرەکانی جیاکردنەوەی پۆلەوشەکان:

به درێژایی سەدەکانی ڕابردوو زمانەوانەکان هەوڵیانداوە چەند پێوەرێك دابنێن بۆ دیارکردن و جیاکردنەوەی پۆلە وشەکانی زمان، بڕیاردان لە سەر یەکلاکردنەوەی پۆلەوشەیەك بۆ بەشێك لە بەشەکانی ئاخاوتن کارێکی ئاسان نەبووە، زمانەوانەکانی ناچارکردووە هەرخۆیان بە یەك پێوەرەوە نەبەستن بۆ جیاکردنەوەی پۆلە وشەکانی زمان، ئەمە وایکرد بەگوێرەی چەند تایبەتییەکی وشەسازی و ڕستەسازی و واتایی و فۆنۆلۆژی هەندێك پێوەر بکەنە نیشانە بۆ دیارکردنی پۆلەوشەکانی زمان، ئەمە سەرباری ئەوەی کە بۆ ماوەی سەدان ساڵ ژمارەی ئەم بەشانە لە نێوان هەشت بەش بۆ دە بەشدا بوون، هەموویان لە گرنگیدا وەك یەك سەیردەکران (محەمەد مەعروف فەتاح: ٢٠١٠: ٣٠١)، هەر چەند زۆربەی زمانەوانەکان لە ژێر سێبەری ئەو بۆچوونەن، کە وشەکان هەر لە سروشتدا خۆیان دابەشبوونە بەسەر چەند کۆمەڵە و گروپێك، بەڵام ئەمە پێوەرێکی ڕەها نییە بۆ یەکلاکردنەوەی جۆری پۆلەوشەکان، چونکە چەندین پۆلەوشە هەیە بەشداری لە دوو کۆمەڵە یان زیاتر دەکات، بۆیە پێویستە بۆ یەکلاکردنەوەی پۆلەوشەکانی زمان هەر چوار پێوەری جیاکردنەوەی پۆلەوشەکان بەکار بهێنرێت، لەخوارەوە بەدرێژی و بە نموونەوە دەخەینە پێش چاو.

## ١ ـ ٢ ـ ١. پێوەری واتایی:

ئەمە پێوەرێکە پشت دەبەستێت بە پێوەری واتایی بۆ سنوردارکردنی کەتیگۆرییەکانی زمان، واتە: پێوەرێکە پشت بە سیفەتە هاوبەشەکانی پۆلێك لە پۆلەکان دەبەستێت، ئەمە یەکێك لەو پێوەرە سەرەتاییانەیە، کە ڕێزمانی کۆن بەشێوەیەکی دیار پشتی پێدەبەستی و ئەمە وای لە قسەپێکەری زمان کرد، بیر لە وە بکاتەوە، کە بەشە سەرەکییەکانی ئاخاوتن بریتین لە: (ناو، کار، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار) (Riemer, N. 2010: 296). قسەپێکەرانی هەر زمانێك ئاگادارە لە ژمارەی واتای هەر وشەیەك و دەزانێت لە کام دەوروبەردا بەکاردێت، هەندێك وشە واتایەکی دیار و وردیان هەیە، وەك: (پەڕتوك، دار)، کە لەهەموو زمانێکدا هەیەو ئاماژە بە یەك (تەن) دەدات، بەڵام هەندێك وشەی تر هەیە، وەك: (جوانی، ڕەوشت) چەمکی هۆشەکی هەیەو لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر دەگۆڕێت (عەبدولسەلام نەجمەددین و شێرزاد سەبری: ٢٠١١: ١٦٨).

ئەگەر بەوردی لە واتای کەرەستەکانی زمان وردبینەوە، دەبینین زمان بە گشتی دەربڕینی هەندێك بیر دەخاتە هەندێك بەشەئاخاوتنەوەو تایبەتیاندەکات بەم بەشە ئاخاوتنە، واتە: هەندێك بیر لە ئاستی ژێرەوەدا، پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان هەیە لەگەڵ هەندێك بەشەئاخاوتن و تا ڕادەیەك پەیوەندی بە بەشە ئاخاوتنی دیکەوە نییە، بۆ نموونە، ئەو وشانەی کە (ڕووداو) یان (چالاکی) پێشاندەدەن زۆربەیان کارن، وەك: (دەکەم، دەنوسم، شکاندم، دەبەم...هتد)، هەروەها ئەوانەی (خزمایەتی/ شمەك) دەگەینن ناون، وەك: (ئامۆزا، برا، وار، بەرد... هتد)، ئەو وشانەی کە ڕەنگ یان تایبەتی کەسی یان خاسیەتی شت دەردەخەن ئاوەڵناون، وەك: (سپی، ڕەش، ئازا، زیرەك، گەرم، سارد،...هند) (محەمەد مەعروف فەتاح: ١٩٩٠: ٨٣)، ئەو وشانەی کە بۆ دیارکردنی ڕادە و ئەندازە و ژماردنی شت بەکار دەهێنن ژمارەن (ڕەفیق شوانی: ٢٠١١: ٦١ )، وەك: (یەك، بیست و یەك،

یەکەم، نیوە، زۆر... هتد)و ئەو وشانەی باسی وەسفی بارودۆخی کار دەکەن ئاوەڵکارن( Trask, R. L. : 2007: 6)، وەك: (ئێستا، هەرگیز، بەخێرایی، لێرە... هتد).

دانانی پێوەری واتایی بۆ ناسینەوەی پۆلەوشەکان، پێوەرێکی سەرکەوتوو نییە، بۆ نموونە، ئەگەر تەماشەی وشەی (سور) بکەین، ئەوا کەس نکوڵی لەوە ناکات کە ناوی ڕەنگێکە لەگەڵ ئەوەشدا، خودی وشەکە دەچێتە خانەی ئاوەڵناو، هەروەها نموونەیەکی تری وەك وشەی (خۆشەویستی) کە ناوە و ناتوانین بەکاربهێنین بۆ شتێکی کۆنکریتی (شوێن، کەس، شت) لێرەدا دیارە، کە بەشەکانی ئاخاوتن پۆلی (واتایی) نین، بەڵکو پۆلی (ڕستەسازی)ن (Crume, J. 2005: 58). واتە: تەنیا لە ڕووی مامەڵەکردنی ڕستەسازییەوە ئێمە دەتوانین دوا بڕیار لە سەر دەستنیشانکردنیان بدەین و هەمووی تاقیکردنەوەی ڕستەسازییە، نەك لە ڕووی پێوەری واتایی، هەروەها زۆر لە ئاوەڵناوەکان دەربڕی بیروڕای کەسینە زیاتر لەوەی دەربڕی حەقیقەتە بابەتییەکان بن.

یەکێك لە نەریتە خراپەکانی ڕێزماننووسە کۆنەکان ئەوەبوو، کە هەر وشەیەك ئەگەر لە ڕووی واتاوە نەیانتوانیبووایە یەکلایی بکەنەوە، دەیانخستە خانەی پۆلی ئاوەڵکارو بە ئاوەڵکار ناویان دەبرد (Trask, R. L. : 2007: 6_7). زۆربەی ئاوەڵکارەکان لە پۆلەوشەی ناو و ئاوەڵناو وەردەگیرێن و لە ڕستەسازیدا یەکلادەبنەوە نەك لە پێوەری واتایی و وشەسازی و فۆنۆلۆژیدا. بۆ نموونە: (خێرا، هێدی، هێمن، جوان، باش، خراپ، لە سەرخۆ، بەپەلە...هتد) ئاوەڵناون، بەڵام لە ڕستەسازیدا زۆرجار دەچنە خانەی ئاوەڵکار، فۆڕم و واتای وشە ناتوانێت وشە پۆلین بکات، بۆیە پێوەری واتایی بۆ جیاکردنەوەی پۆلەوشەکان پێوەرێکی زۆر ڕێژەییە (نسبی)، هەروەها وشەکانی (هەفتە، چلە، سەدە، هەزارە، بەهەشت...هتد) ژمارەیان تێدایە بەڵام پۆلەوشەکەیان ناوە نەك ژمارە ئەمە سەرەڕای هەبوونی واتا و ناوەرۆکی ژمارە لەو وشانەدا، بەڵام ئەمانە ناون و بە هیچ شێوەیەك سەر بە پۆلەوشەی ژمارە نین (بابا رسول نوری: ٢٠١٢: ٦٧)، هەر بە پێی واتا کارەکان بریتین لە وشەیەك کە حاڵەت، یان ڕووداو یان چالاکی بنوێنن، واتە: هەر وشەیەك کارێك یان حاڵەت و ڕووداو ئەنجامبدات پێویستە پێی بڵێین: (کار)، بەڵام ژمارەیەکی زۆر ناومان هەیە کە حاڵەت و ناوی کار پیشان دەدەن (Riemer, N. 2010: 295) لەوانەش: (چاوگەکان). لەئەنجامدا پێوەری واتایی بۆ ناسینەوەی پۆلەوشەکان و دیارکردنی ئەندامەکانی هەر پۆلێك بە شێوەیەکی نائومێدانە دەمانخاتە ناو ئەو ڕاستییەی، کە پێوەرێکی تەواو ڕێژەییەو ئەو پێوەرە ڕۆڵێکی لاوەکیی هەیە، ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە گەلێك گرانە پێناسەیەکی هاوبەشی واتایی بۆ پۆلەوشە بکرێت.

### ١ ـ ٢ ـ ١ ـ ١. ناو بە پێی پێوەری واتایی:

وشەیەکە بۆ ناونانی زیندەوەران(ئاژەڵان، مرۆڤ) و شتە بێ گیانەکان و ڕووداو و بیرێك بەکاردێت، وەك: (دار، بەرد، مرۆڤ، ئاژەل، جنوکە، کوشتن، نووسین... هتد) (عبدالحمید عبدالواحد: ٢٠٠٧: ١٠٩)

### ١ ـ ٢ ـ ١ ـ ٢. کار بە پێی پێوەری واتایی:

وشەیەکە بۆمانای دەربڕین(پێشاندان) ی کارێکە یان حالەتێکە، وەك(ڕۆیشت، کرد، دەخۆم...هتد) ( سەرچاوەی پێشوو )

### ١ ـ ٢ ـ ١ ـ ٣. ئاوەڵناو بە پێی پێوەری واتایی:

وشەیەکە بەمانای خاسییەت یان سیفەتی شتێك یان کەسێك بە کار دێت و پلەی تێدایە، وەك: (جوان، خێرا، باش، ڕەش...هتد) (Riemer, N. 2010: 296)

### ١ ـ ٢ ـ ١ ـ ٤. ئاوەڵکار بە پێی پێوەری واتایی:

وشەیەکە وەسف (بارودۆخ)ی کارێك دەکات لە ڕووی کاتی و چۆنیەتی و شوێنی و چەندێتییەوە، واتە: (لە کوێ ئەو کارە ڕوویداوە؟ چۆن ڕوویداوە؟ کەی ڕوویداوە ؟، وەك: (لێرە، لەبن، لە ناو، ئێستا، هەمیشە، بەخێرای...هتد) ( سەرچاوەی پێشوو )

### ١ ـ ٢ ـ ١ ـ 5. ژمارە بە پێی پێوەری واتایی:

وشەیەکە کە واتای ژمارە دەدات و پلەی ژمارە ڕادەگەینێت و دیاردەکات بەو پێیە هەندێك وشە کە واتای ژمارەیان تێدایە، دەکەونە ئەم بەشە ئاخاوتنەوە، وەك: (سەد، بیستویەك، نیوە، یەکەم...هتد) (ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٨٩: ٩٦)

### ١ ـ ٢ ـ ٢. پێوەری وشەسازی:

**١ ـ ٢ ـ ٢ ـ ١. گیرەکی ڕێزمانی:** ئەمە پێوەرێکی وشەسازییە بۆ دیارکردن و ناسینەوەی پۆلەوشەکە.

أ ـ وشە لە ڕووی فۆڕمەوە بە (کۆمەڵەی ناوی) دادەنرێت ئەگەر گیرەکی ڕێزمانی (ەکە)[1] و ئەلۆمۆڕفەکانی و گیرەکی (ان) و ئەلۆمۆڕفەکانی وەربگرێت (ساجیدە عەبدوللا فەرهادی: ٢٠١٣أ: ٦)، ئەمانە دەلکێن بە (کۆمەڵەی ناوی)یەوەو بریتین لە ناسیاوی و نەناسیاوی و تاك و کۆ، کە لاگری دیارخەرین. (شیلان عومەر حوسەین: ٢٠١١: ٢٣)، وەك:

| | | | |
|---|---|---|---|
| ەکە | ەکە ( کوڕەکە ) | ەك ( ژنەك ) | ان ( کوڕان ) |
| | کە ( پەنجەرەکە ) | یێك ( ژنێك ) | یان ( مامۆستایان ) |
| | ە ( کوڕە ) | ك ( پەنجەرەك ) | گەلْ ( کوڕگەلْ ) |
| | وْکە ( خانۆکە ) | یْ ( گوندیْ ) | ات ( باخات ) |
| | یەکە ( دێ یەکە ) | یەك ( دێ یەك ) | وات ( سەوزەوات ) |
| | | | هات ( دێهات ) |
| | | | جات ( میوەجات ) |

١. زۆر لە زمانەوانان لەگەڵ ئەوەدان کە مۆڕفیمی ناسیاوی و نەناسیاوی دەچێتەسەر ( ) لەگەڵ ئەو بۆچوونە نین، چونکە ئەگەر لەو نموونە ئاوەڵناوانە وردببینەوە، کە ئەم مۆڕفیمەیان لەسەرە، بۆ ناو دەردەکەوێت، کە لەبناغەدا ناوێکی کرتێنراویان لەگەڵە، وەك: ـ جوانەکە ( کورتکراوەتەوە ) ـ (کچ) ە جوانەکە ( بناغە )یە، بۆیەش ناسیاوی و نەناسیاوی تایبەتە بە فۆڕمی ناو .

**ب ـ وشە لە ڕووی فۆڕمەوە بە ئاوەڵناو دادەنرێت، ئەگەر بتوانێت گیرەکەکانی پلەی بەراورد و پلەی باڵا وەربگرێت، واتە: هەر وشەیەك بتوانێت گیرەکی ڕێزمانی (تر، هەرە، ترین)[1] وەربگرێت ئاوەڵناوە** (ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی: ٢٠١٣أ: ٦). **ئەم دوو گیرەکە ڕێزمانییە تایبەتن بە ئاوەڵناو، ئاوەڵناوی چۆنیەتی لە پلەی چەسپاو دەگۆڕن بۆ پلەی بەراوردو پلەی باڵا، ئەمانە بە گشتی تایبەتێتی و ئەدگاری شتەکان دەردەخەن** (شیلان عومەر: ٢٠١١:٢٧ـ٢٨).

**وەك: باش+ تر= باشتر، باش+ ترین= باشترین، هەرە+ باش= هەرەباش**

**قورس+ تر= قورستر، قورس+ ترین= قورسترین، هەرە+ قورس= هەرەقورس**

**ج ـ وشە لە ڕووی فۆڕمەوە بە کار دادەنرێت، ئەگەر ئەم گیرەکی ڕێزمانی بەردەوامی (دە)، نەرێ (نا، نە، مە)، مۆڕفیمەکانی کات (ڕابردوو، داهاتوو، ڕانەبردوو)، جێناوە لکاوەکان** (ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی: ٢٠١٣أ: ٦)، **تێپەڕاندن (اند)، بکەرنادیار (ر)، داخوازی (ب)** (محەمەد مەعروف و سەباح رەشید: ٢٠٠٦: ٥٦)، **گیرەکەکانی (ە، ەوە، ووە) وەربگرێت** (عەبدولواحید موشیر دزەیی: ٢٠١٢: ٨٢).

**وەك: (دەخۆم، نەخۆم، ناخۆم، مەخۆ، بخۆم، دەکڕی، نەی کڕی، ناکڕی، بکڕی، بکڕە، دەخوێنێت، نە یان خوێند، ناخوێنێت، بخوێنێت، مەخوێنە، کەواند، شکاند، دە تبینمەوە، چاوەڕێمە، خەوتووە، هات، چوو، برد، نووسی، شکا...هتد)**

**د ـ ئاوەڵکار لەبەرئەوەی زۆربەی ئاوەڵکارەکان، لە پۆلەکانی تر وەردەگیرێن، بۆیە هیچ نیشانەیەکی تایبەتی وشەسازییان نییە، کە ئێمە بتوانین ئاوەڵکارەکان بەهۆیانەوە بناسینەوە. واتە: ئاوەڵکارەکان هیچ گیرەکی ڕێزمانی و داڕشتنیان نییە، بەڵام تاکە پێوەر بۆ ناسینەوەی ئاوەڵکار تەنیا پێوەری ڕستەسازییە، کە جەخت لە سەر ئەرك و شوێن دەکات، نەك فۆڕم و شێوە. لە بابەتی داهاتوودا بە وردی باسی دەکەین. هەروەها بوونی ئاوەڵکار بە بەشێکی ئاخاوتن بۆ نیشانەی وشەی فەرهەنگی (لێکسیکی) و ڕستەسازی دەگەڕێتەوە، کە ئەم هۆیانەش بناخەی دابەشکردنی بەشەکانی ئاخاوتنن** (ك. ك. کوردۆیێف: ١٩٨٤: ٣٠٤)، **ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە تەنیا دوو گیرەك (ێ، ان) هەن تا ڕادەیەك دەتوانین ئاوەڵکاریان پێ بناسینەوە، بەڵام لەسنورێکی زۆر تەسکدا، ئەم دوو گیرەکە بەڕای زۆربەی زمانە وانەکان پاشماوەی دۆخن** (کەوسەر عەزیز ئەحمەد: ١٩٩٠: ١٠٣)

**وەك: ێ (شەوێ، زستانێ، بەهارێ...هتد).**

**ان[2] (شەوان، زستانان، بەهاران...هتد).**

---

١. ئەم پاشگرانە تایبەتەن بە فۆڕمی ئاوەڵناو، بەڵام زۆرجار دەچێتە سەر ناو، تەنیا ئەو ناوانەی کە وەکو ئاوەڵناو سیفات هەڵدەگرن و بە واتای ئاوەڵناودێن، بەڵام ئەگەر چووە سەر ناو، ئەوە واتایەکەی دیوی ئاوەڵناو دەگەێنێت نەك ناو، وەك (کەرترین، بێ مێشکترین، پیاوترین)، کەواتە، بە پێی ئەرکی لە ڕستەدا پۆلەکەی دەستنیشاندەکرێت، نەك بە پێی گیرەکەکان.

١. ئەم پاشگرە هەمان مۆڕفیمی کۆیە، کە ناوی تاك دەکاتە کۆ، بەڵام زۆر جار پۆلی ناو بەیارمەتی ئەم مۆڕفیمە دەگۆڕێت بۆ ئاوەڵکار وەك نموونەکانی سەرەوە.

هـ ـ ژماره بەشێکی سەربەخۆی ئاخاوتنەوە لە زۆر لایەوە ژمارە لە ئاوەڵناو و ناو نزیك دەبێتەوە، بۆ نموونە: لە وەرگرتنی مۆرفیمەکانی ناسیاوی و نەناسیاوی و کۆ (ەکە، ان) لە ناو نزیکدەبێتەوە، کە زۆرجار ژمارە دەتوانێت ئەم دوو گیرەکە ڕێزمانییە وەربگرێت، هەروەها لە لایەنی ڕستەسازی و ئەرك، ژمارە لە ئاوەڵناو نزیکدەبێتەوەو زۆرجار وەك ئاوەڵناو دەوری دیارخەر دەبینێت، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەینیٚ، کە ژمارە سەر بە ناو یان ئاوەڵناو بێت، بەڵکو ژمارە بەشە ئاخاوتنێکی سەربەخۆیە لە زمانی کوردیدا و ژمارە خاوەن گیرەکی ڕێزمانی خۆیە، کە دەتوانین بە یارمەتی ئەو دوو گیرەکە ژمارە بناسینەوە ئەوانیش گیرەکی (ەم، ەمین)ە[1]، کە دەچنە سەر ژمارەی بنجی و ژمارەی ڕێکخستن (پلەیی) دروستدەکەن.

وەك: ــ ەم (چوارەم، پێنجەم، شەشەم، بیستەم...هتد)

ــ ەمین (چوارەمین، پێنجەمین، شەشەمین، بیستەمین...هتد)

**١ ـ ٢ ـ ٢ ـ ٢. گیرەکی وشەداڕێژ:** ئەو گیرەکانەن کە دەچنە سەر وشەو بەشێوەی (پاشگر، پێشگر) دەچنە سەر وشە، فۆڕم و واتای تازە دادەڕێژن و هەندێکجار پۆلی وشە دەگۆڕن (بازیان یونس محی الدین: ٢٠٠٨: ١٦)، ئەمەشیان دەکرێت بکەینە پێوەر بۆ جیاکردنەوە و ناسینەوەی چەند پۆلەوشەیەك.

أ ـ نـــاو: وشە لە ڕووی فورمەوە ئەگەر گیرەکی داڕشتنی (ستان، گە (ساجیدە عبدوڵلا فەرهادی: ٢٠١٣ أ: ٧)، وولە، مەند، باز، گا، وان، دار، چی، کەر، دان، جار، لە، چە، وولکە، یلکە، ەوا (یوسف شەریف سەعید: ٢٠١٣: ٢٠ ـ ٢٢)، ی وەرگرت بە ناو دادەنرێت.

وەك: لە (مێروولە)، وان (مەلەوان)، وولە (مێشوولە)، مەند (هونەرمەند)، ستان (کوردستان)، باز (فێلباز)، گە (وارگە)، گا (سەیرانگا)

ب ـ ئاوەڵنـاو: وشە لە ڕووی فۆڕمەوە ئاوەڵناوە، ئەگەر گیرەکی داڕشتنی (نە، نا، انی، ەڵە، اك ، باو...هتد)ی وەرگرت (زەریٚ ع. یۆسوپۆڤا: ٢٠٠٥: ٥١)، کە ڕاستەوخۆ دەچنە سەر ئاوەڵناوو ئاوەڵناوێکی تر دادەڕێژن.

وەك: باو (زەردباو، نەخۆش، نەرمەڵە، ڕوناك...هتد)

ج ـ کـار: وشە لە ڕووی فۆڕمەوە بەکار دادەنرێت، ئەگەر ئەم گیرەکانە وەربگرێت: (هەڵ، ڕا، دا (ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی: ٢٠١٣أ: ٧)، تیٚ، پێوە، تێك، ڕێ، لیٚ، دەر، لا (کەوسەر عەزیز ئەحمەد: ١٩٩٠: ١٠٢)، زۆرجار (کار) گیرەکی داڕشتن لە شێوەی پێشگر وەردەگرێت.

وەك: هەڵ (هەڵکەوت، هەڵگرت)، ڕا (ڕاکرد، ڕاکێشا)، دا (داکرد، داگرت)، تیٚ (تێکەوت، تێگەشت)، پێوە (پێوەنوسا، پێوەکرد)، دا (تێکدا، تێکەوت)، ڕێ (ڕێکەوت، ڕێکخست)، لیٚ(لێگرت، لێهات)، وەر (وەرگرد، وەرکەوت)، دەر (دەرهێنان، دەرچوو)، لا (لادا، لاچوو...هتد)

---

١. بە پێی پیتی کۆتایی ژمارە بنجییەکە گۆڕانکاری بەسەر ئەو دوو گیرەکەدا دێت، بۆ نموونە ئەگەر ژمارە بنجییەکە کۆتایی بە پیتی بزوێن هاتبوو، ئەوا (ی)ی نیمچە بزوێن دێتە نێوانیان. دەبێتە (یەم، یەمین)، وەك: سێیەم، سێیەمین. هەندێك جار (هەم، هەمین) لە شوێنی ئەم دوو گیرەکە بەکاردێن، بەڵام ئەمەیان زیاتر بۆ شێوازی زارەکە یان شێوازی قسەکە دەگەڕێتەوە.

د ـ ئاوەڵکار: هەر وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد ئاوەڵکار لە زمانی کوردیدا هیچ نیشانەیەکی وشەسازی تایبەت بە خۆی نییە بۆ ناسینەوەی لە ناو بەشەکانی تری ئاخاوتندا، لەبەرئەوەی زۆربەی ئاوەڵکارەکان لە بەشەکانی تری ئاخاوتن وەردەگیرێن، بەپێچەوانەی هەندێك زمان کە تا ڕادەیەك هەندێك لە ئاوەڵکارەکان نیشانەی وشەسازیی خۆیان هەیە، بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا ئاوەڵکارە چۆنیەتییەکان بە یارمەتی پاشگری (ly) دەناسرێنەوە، وەك: ( slow+ ly= slowly)، بەڵام لە هەندێك زمانداو بە تایبەتی لە زمانی کوردیدا ئاوەڵکار تەنیا لە ڕووی پڕکردنەوەی چاڵی ڕستەدا دەناسرێت.

هـ ـ ژمـارە: وەك بەشێکی سەربەخۆی ئاخاوتن، تەنیا لە ڕووی وەرگرتنی گیرەکی ڕێزمانی (ەم، ەمین)ەوە دەناسرێتەوە لە لایەنی وشەسازییەوە، بەڵام لە ڕووی وەرگرتنی گیرەکی داڕشتن هیچ پێشگرێك و پاشگرێکی تایبەت بە خۆی نییە، ئەمەشیان ژمارەی بنجی دەگۆڕێت بۆ پلەیی.

وەك: (یەکەمین، دووەم، سێ یەمین...هتد)

## ١ ـ ٢ ـ ٣. پێوەری ڕستەسازی:

## ١ ـ ٢ ـ ٣ ـ ١. شوێنی پۆلەوشەکان لە ڕستەدا:

دەتوانین پۆلەوشەکان بە هۆی شوێنەکەیانەوە بناسینەوە لەڕستەدا، مەبەستمان شوێنە ڕەسەنەکانی وشەیە کە بە پێی پۆلینی زمانەکان، وشە و کەرەستەکانی زمانیان ڕێزکردووە، وەك:

١ـ نـاو: ناو ئەو وشەیە کە زۆربەی کات لە سەرەتای ڕستەوە دێت، بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نییە کە شوێنی ناو تەنیا سەرەتایی ڕستەیە، چونکە ناو لەشوێنەکانی تریش دێت، بەڵام وەکو بناغە و شوێنی ڕەسەنی خۆی، ناو شوێنەکەی سەرەتای ڕستەیە، هەروەها هەر وشەیەك بکەوێتە نێوان ئامرازی نیشانە (ئەم ـ ە، ئەو ـ ە، ئەم ـ انە، ئەو ـ انە) دەبێتە ناو.(ساجیدە عەبدوڵا فەرهادی: ٢٠١٣أ: ٨)

وەك: ـ کوڕەکە هات. ـ منداڵەکە ڕۆیشت.

ـ ئەو پیاو ە زیرەکە. ـ ئەو پیاوانە زیرەکن.

ـ ئەم کوڕەقوتابییە. ـ ئەم کوڕانە قوتابینە.

٢ـ ئاوەڵناو: لە ناو ڕستەدا لەم شوێنانە دێت.

- لەپێش ناو، وەك: ـ باشترین قوتابی هات.
- لەپاش ناو یان جێناو، وەك: ـ گوڵی سورم بۆ هێناویت. ـ تۆی زیرەك بەڕێزی.
- لەپێش کار: هەندێك جار ئاوەڵناو لە پێش کاری ڕستە دێت لە ئەرکی ئاوەڵگوزارەدا (زەریَ ع. یۆسوپۆڤا: ٢٠٠٥: ٥٣). ئەگەر کارەکە ناتەواو بوو، ئەوا ئاوەڵناوەکە لە شێوەی تەواوکەری کاری ناتەواو دێت. (ڤیان ئیبراهیم عەلی ئیبو: ٢٠٠٨:٧١ـ٧٣)

وەك: ـ زەوییەکە تەڕ بوو.

- هەندێك لە وشەکانی ڕادە زۆرجار ئاوەڵناوی لە دوادێت، لەوانەش وشەی (زۆر) (ساجیدە عەبدوڵا فەرهادی: ٢٠٠٣أ: ٨)، وەك: زۆرخۆش، زۆرگەورە.

٣ـ کــار: کار ئەو وشەیەیە، کە هەمیشە لە کۆتایی ڕستەدا دێت و لەوێشەوە دەسەڵاتی ڕستەکە دەگرێتە دەست، واتە: هەمیشە دەسەڵاتی ڕستە لەدەست وشەیەکە، کە دەکەوێتە کۆتایی ڕستەکە و وشەکەش کاری ڕستەکەیە.

وەك: ـ ئازاد ڕۆیشت. ـ ئازاد وانەکە دەنووسێت.

٣ـ ئاوەڵـکار: وشەیەکە دەکەوێتە پێش ئەو کارەی کە لە ڕووی (کات، شوێن، چۆنیەتی...هتد) تەواوی دەکات، بەڵام بە پێی مەبەستی قسەکەر زۆرجار ئاوەڵکار شوێنی خۆی لە ڕستەدا دەگۆڕێت و دەتوانێت لە سەرەتا و ناوەند و کۆتایی ڕستەدا بێت.

وەك: ـ منداڵەکە خێرا هات.

ـ ئەوان لێرە دەخوێنن.

ـ منداڵەکە دوێنی هات.

- به لووتکەکردنی ئاوەڵکار، وەك: ـ دوێنی منداڵەکە هات. ـ خێرا منداڵەکە هات.
- ئاوەڵکار لە کۆتایی ڕستە، وەك: ـ بە گەڵای دار زەیتونەکاندا دەهاتە خوارێ.

٤ـ ژمــارە: وەکو بەشێکی سەربەخۆی ئاخاوتن لەم شوێنانەی ڕستە دێت.

أ ـ ژمارەی بنجی: دەکەوێتە پێش ناوی دیارخراو.

وەك: ـ سێ گوڵی جوانم دەوێن. ـ چوار قوتابی هاتوون.

- لە دوای (هەر) دێت، وەك: ـ هەر دوو خوشکەکە هاتن.
- لەپێش وشەکانی (پارچە، ڕبە، ڕانە، گۆزە، کۆمەڵە، دەستە، دانە، دەنکە، دەسکە...هتد) دێت، ئەو وشانەش لە نێوان ناوی ژمێردراوەکە و ژمارەکە دێن لە ڕستەدا. (زەریَ.ع یۆسوپۆڤا: ٢٠٠٥: ٩٤، ٩٦ـ١٠٠).

وەك: ـ دوو دەنکە شقارتە.

ـ دوو دانە کتێب.

ـ سێ دەستە پیاڵە.

ب ـ ژمارەی پلەیی: لەم شوێنانە دێت.

- لەپێش ناو دێت.

وەك: ـ چوارەم دیوارم بۆیاغکرد.

ـ چوارەمین دیوارم بۆیاغکرد.

ـ شەشەم کوڵان ماڵی ئێمەیە.

- لەپاش ناو دێت.

وەك: ـ کرێکاری چوارەم بەهێزە.

ـ یاریزانی شەشەم باش یاری دەکات.

ج ـ ژمارەی کەرتی: لەم شوێنانەدێت.

- لەپێش ناوی دیارخراو دێت، ئەو ژمارەیە بەهۆی ئامرازی (ی)یەوە وەسفی دیارخراوەکەی دەکات. (نوری علی أمین: ١٩٦٠: ١٣٠)

وەك: ـ نیوەی سێوەکانم فرۆشتن.

- بەبێ ئامرازی خستنەسەر لە پێش ناو دێت.

وەك: ـ لەهەزاران چل قوتابی دەرچوون.

ـ لەدەیا پێنج مەڕ ماون.

## ١ ـ ٢ ـ ٣ ـ ٢. ئەرکی پۆلەوشەکان لە ڕستەدا:

دەتوانین پۆلەوشەکان بەهۆی ئەرکیانەوە لەڕستەدا دیاری بکەین، بۆ نموونە بە شێوەیەکی گشتی ناو لە ڕستەدا دەووری بکەر و بەرکار دەبینێ و ئاوەڵناو ئەرکی دیارخەر دەبینێ و کاریش ئەرکی کار دەبینێت. (ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی: ٢٠١٣أ: ٨)

١ـ نـاو: لەڕستەدا ئەرکی جیاجیا دەبینێت، وەك: (بکەر، بەرکاری ڕاستەوخۆ، بەرکاری ناڕاستەوخۆ، دیارخەر (نوری علی امین: ١٩٦٠: ٧٧)، جێگری بکەر، تەواوکەری جێناو، تەواوکەری کاری ناتەواو... هتد)و بەیارمەتی ئەو ئەرکانە پۆلی ناو دیاردەکرێت، بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە تەنیا ئەرکە سەرەکییەکانی ڕستەیە، کە ناو هەڵدەستێت بەو ئەرکانە ئەوانیش: (بکەر، بەرکار)ن.

وەك:

ـ منداڵەکە هات. ـ ئاکام کۆترەکە ی فڕاند.

ن: ب ن: به

٢ـ ئا

وەك:

ـ قوتابییە زیرەکەکە هات. ـ جوانترین دیاریم بۆ هێناویت.

ئا: دیا، ن (قوتابی)یە. ئا: دیا، ن(دیاری)یە.

٣ـ کـار: لە ڕستەدا هەمیشە ئەرکی کار دەبینێت (ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی:٢٠١٣أ: ٨)، چونکە کار وەکو زاراوە بۆ بەشەئاخاوتن و بۆ ئەرکی کار بەکاردێت.

وەك: ـ نامەکەم خوێندەوە.

ك: ك

٤ـ ئاوەڵـکار: لەڕستەدا ئەرکی جۆراوجۆر دەبینێت، لەوانەش: (وەسفی فرمان، وەسفی ئاوەڵناو، وەسفی ئاوەڵکارێکی تر (نوری علی أمین١٩٦٠: ١٧٦)، تەواوکەری کاری ناتەواو (بەشێك لە گوزارە)، نیهاد، بەڵام ئەرکی سەرەکی ئاوەڵکار لە ڕستەدا ئاوەڵگوزارەیە.

وەك:

ـ دارا لێرە نووستووە. ـ ئێستا ئەوان هاتن. ـ منداڵەکە جوان دەڕوات.

ئاو، ئاوە ئاو، ئاوە ئاو، ئاوە

٥ـ ژمـ

دەبینێت، وەك: (دیارخەری ناو، نیهاد، بەرکار، ئاوەڵگوزارە...هتد)، هەندێك جار لە شوێنی ناو

دێت و ئەرکی ناو بەڕێوەدەبات، بەڵام ئەرکی سەرەکیی ژمارە دیارخەری ناوە (ك.ك. کوردۆییێف: ١٩٨٤: ١٢٥) و لەم ڕوویەوە لە ئاوەڵناو نزیك دەبێتەوە.

وەك: ــ چوار کتێبم هێناوە .

ژ: دیا(کتێب)ە

## ١ ـ ٢ ـ ٤. پێوەری فۆنۆلۆژی:

ئەم پێوەرە کار لە سەر هەبوونی (هێز) دەکات لە پۆلەوشەداو پێوەرێکی بەهێزە بۆ دیارکردن و دەستنیشانکردنی پۆلەوشەکانی زمان، بە تایبەتی پۆلەوشەی ناو و کار و چاوگ (ناوی کار)، بەڵام ئەم پێوەرە بۆ دیارکردنی پۆلەوشەکانی تر ناگونجێت، هێز دەتوانێت ئەم پۆلەوشانەی خوارەوە دیاربکات.

١ـ دیارکردنی ناو: ئەگەر هێز کەوتە سەر دوابڕگەی وشە، ئەوا وشەکە سەر بە پۆلەوشەی ناوە، وەك: (کەرە'، شێرە'، ڕەشەبا'، مەلە'، مێرگەسور'(عبدوڵلا حوسێن ڕەسول: ١٩٩٥: ٩٢ـ٩٣)، دا'ر، ماموستا'...هتد)

٢ـ دیارکردنی چاوگ (ناوی کار): بۆ چاوگ (ناوی کار) هێز لە سەر بزرۆکەی نێوان (ن) و (م. ڕابردوو)ی کارە، وەك: (هات'ن، ڕۆیشتـ'ن، مرد'ن...هتد) (بازیان یونس محی الدین: ٢٠٠٨: ٨٨)

٣ـ دیارکردنی کار: بۆ کار هێز هەمیشە لە سەر بڕگەی یەکەمی وشەیە، وەك: (دە'ڕوات، دە'خوات، چوو'م، مـ'رد(ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی: ٢٠١٣أ: ٩)، نە'ڕۆی، نا'خۆی، مە'چوو، دا'خست، هەڵ'خست، ڕا'خست...هتد)

## ١ ـ ٣. پۆلینکردنی پۆلەوشەکانی زمانی کوردی:

پۆلینکردنی پۆلەوشەکان بە گشتی لەزماندا بەچەندین شێوەی جیاواز دابەشی سەر دوو کۆمەڵە دەبن، ئەوانیش: (کۆمەڵەی کراو، کۆمەڵەی داخراو)ن، هەروەها بەچەندین شێوەی ترو بەچەند زاراوەی جیاواز ئەم دوو کۆمەڵەیە پۆلینکراون لەوانەش: (پۆلی تەواو، پۆلی ناتەواو) (ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٩: ١٠ـ ١١)، ئەمە سەرەڕای هەبوونی چەندین شێوەی تری دابەش بوون بۆ ئەم دوو پۆلەیە لەزمانی کوردیدا، بەڵام ئەوەی بەلای ئێمەوە گرینگەو مەبەستمانە دابەشکردن و پۆلینکردنی پۆلەوشەکانی زمانی کوردییە بۆ هەردوو کۆمەڵەی کراوە و کۆمەڵەی داخراو.

لێکۆڵینەوە لە پۆلەوشەکانی زمان و پۆلینکردنیان بۆ سەر چەند بەشێك کە بە بەشە ئاخاوتنەکانی زمان ناسراوە بە گشتی، بۆ سەردەمێکی زۆر زوو بۆ سەردەمی یۆنانییەکان دەگەڕێتەوە. هەروەکو لە تەوەرەی یەکەمدا ئاماژەمان پێکرد، بۆ یەکەم جار ئەم پۆلینکردنە بۆ (ئەفڵاتون) دەگەڕێتەوە، چونکە یەکەم کەس بووە کە گوتنی دابەشکردووە بۆ (ناو، کار). ئەمەش بەیەکەم کاری پۆلینکردنی پۆلەوشەکانی زمان دادەنرێت، سەرئەنجام یۆنانییەکان بەمەشەوە نەوەستان (تراکس) هەشت بەشە ئاخاوتنی دیارکرد ئەوانیش: (ناو، کار، ڕاناو، ئاوەڵکار، پارتسیپل، پریپۆزیشن، ئامرازی پەیوەندی، سەرسوڕمان و بانگکردن)بوون (ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی: ٢٠١٣ب: ١٠٣)، پاشان ئەم هەشت بەشەی، کە یۆنانییەکان دیاریانکردبوو لە زۆربەی زمانەکان ئاماوەیەکی زۆر بەکاردەهاتن بەبێ دەستکاری، بەڵام دواتر گەشەی کردو زانای ڕووسی

(ئەلیکساندەر خریشۆ فۆرۆڤیچ ڤۆستۆکۆڤ) کارێکی نوێی لە زمانی ڕووسیدا هێنایە ئەنجام و (نۆ) بەشی ئاخاوتنی دیارکرد لە زمانی ڕووسیداو بەشی (ژمارە)ی زیادکرد. پاشان زمانەوانە ڕووسییەکان بەشی (پارتیکل)یشیان زیادکردو بەمەش ژمارەی بەشەکانی ئاخاوتن بۆ بە (دە) بەش. لەدوای ئەمانە چەندین قوتابخانەی تری زمانەوانی پەیدابوون لەوانەش: (قوتابخانە زمانەوانییەکانی ئینگلیزی و ئەمریکی). ئەم قوتابخانە زمانەوانییانە بەشەکانی ئاخاوتنیان کەمکردەوە بۆ (هەشت) بەش. لە ئەنجامی ئەم ململانێیە، قوتابخانەی زمانەوانیی ڕووسی (کلاسیك)، (دە) بەشی دیارکرد: (ناو، جێناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار، کار، ژمارە، پارتیکل، ئامرازی پەیوەندی، ئامرازی سەرسوڕمان و بانگهێشت، پریپۆزیشن(پێشبەند)) و قوتابخانەی زمانەوانیی ئینگلیزی و ئەمریکی (نوێگەری)، هەشت بەشی دیارکرد: (ناو، جێناو، ئاوەڵناو، کردار (چاوگ)، ئاوەڵکردار، پریپۆزیشن، ئامرازی پەیوەندی، ئامرازی سەرسوڕمان و بانگهێشت) (ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٩: ٨). ئەم دوو پۆلینەش بوونە بناغە بۆ زۆربەی زمانەکانی جیهان و زمانی کوردیش یەکێك بوو لەو زمانانە. واتە: ئەو زمانەوانە کوردانەی، کە کاریگەربوونە بە قوتابخانەی ئینگلیزی بەشە ئاخاوتنەکانی زمانی کوردییان کردووە بە(هەشت) بەش، بەڵام ئەوانەی کە لە ژێر ڕۆشنایی زمانی ڕووسیدا بوون بەشەئاخاوتنی زمانی کوردییان کردووە بە(دە) بەش و ئێمەش لە گەڵ ڕای دووەمین و لەگەڵ ئەوە داین کە(ژمارە) بەشە ئاخاوتنی سەر بەخۆی زمانە و ناتوانین بدەینە پاڵ هیچ بەشێکی تر. ئەم بەشە ئاخاوتنانە بەشێوەیەکی گشتی دابەش دەبن بۆ دوو پۆل، ئەوانیش: (پۆلی کراوە، پۆلی داخراو)ن، ئەمە ئەوە ناگەینێت، کە تەنیا ئەم شێوە پۆلینە هەیە، بەڵام دەتوانین بڵێین ئەم جۆرە پۆلینە بۆ زۆربەی زمانەکان گونجاوە.(Crystal, D. 2008: 341)

لێرەدا مەبەستمان تەنیا پۆلینکردن و دابەشکردنی پۆلەوشە کراوەکانی زمانی کوردییە، لەبەر ئەوەی کارەکەمان تایبەتە بە پۆلەوشەکراوەکانی زمانی کوردی، پۆلەوشە کراوەکان لە ڕووی پێکهاتن و ڕۆنانەوە دابەشدەبن بۆ ئەم پۆلانەی خوارەوە:

## ١ ـ ٣ ـ ١. پۆلەوشە سادەکان:

### ١ ـ ٣ ـ ١ ـ ١. ناوی سادە:

١ـ ناوی ئاسایی سادە: ((ئەو ناوەیە، کە لەوشەیەك پێکهاتووە بەبێ بوونی پێشگر و پاشگر)) (عەبدولواحید موشیر دزەیی:٢٠١٣: ٦٧)، یان ئەو ناوانەن، کە لەیەك مۆرفیمی سەربەخۆ یان یەك بەش پێکهاتوون، چونکە یەك پارچەیەو یەك واتایە (یوسف شەریف سەعید: ٢٠١٣: ٢٠)، وەك: (کوڕ، کچ، دڵ، ژن...هتد)

٢ـ ناوی کار(چاوگ) ی ساکار[١]: له وشەیەکی واتاداری سەربەخۆ پێکدێت و کۆتایی بەیەکێك لەم پاشگرانە دێتن (ان، تن، ین، وون، دن) (نوری علی أمین: ١٩٦٠: ١٣٦)، وەك: (کێلان، پژمین، چوون، بردن، خەوتن...هتد)

**١ ـ ٣ ـ ١ ـ ٢. ئاوەڵناوی سادە:** ئەو ئاوەڵناوەیە، کە تەنیا لەوشەیەك پێکدێت، بێ پاشگر و پێشگر (عەبدولواحید موشیر دزەیی: ٧٥:٢٠١٢)، دەبێت وشەکەش لە ڕووی واتاوە ئاوەڵناو بێت، وەك: (جوان، باش، خراپ، قورس... هتد)

**١ ـ ٣ ـ ١ ـ ٣. کاری ساکار[٢] :** ئەوکارەیە، کە لە تاکە وشەیەك پێکدێت و کەرت ناکرێت بۆ پارچەی بچووکتر (صادق بهاء الدين ئامێدی: ٢٩٤:١٩٨٧)، ئەو وشەیە (کار)ە، وەك: (نووسی، برد، کرد، خوێند، دیت... هتد)

**١ ـ ٣ ـ ١ ـ ٤. ئاوەڵکاری سادە:** ئەو ئاوەڵکارەیە، کە تەنیا لە وشەیەکی سادەی واتادار پێکهاتبێت (لێژنەی زمان و زانستەکان: ٢٠١١: ٢٥٠)، وەك: (هەرگیز، ئێستا، جوان، سبەی، هێواش، هەمیشە... هتد)، ئەمەشیان دوو جۆرە.

١ـ ئاوەڵکاری بنجی سادە: ئەو ئاوەڵکارەیە، کە لەبناغەدا بەشەئاخاوتنەکەی ئاوەڵکارە و وەرنەگیراوە، وەك: (هەمیشە، هەرگیز، ئێستا...هتد) ئەمانە ژمارەیان زۆر کەمە.

٢ـ ئاوەڵکاری نابنج(وەرگیراو) ی سادە: ئەو ئاوەڵکارەیە، کە لەبناغەدا ئاوەڵکارنییەو لە بەشەکانی تری ئاخاوتن وەرگیراوە، وەك: (باش، جوان، زۆر، توند، چۆن...هتد ) ئەمانە ژمارەیان زۆرە.

**١ ـ ٣ ـ ١ ـ ٥. ژمارەی سادە:** ئەو ژمارەیەیە، کە لە یەك وشەی واتادار پێکدێت، بەبێ زیادە، وەك: (سفر، یەك، سێ، بیست، سی، سەد، هەزار...هتد)

### ١ ـ ٣ ـ ٢. پۆلەوشە ناسادەکان:

### ١ ـ ٣ ـ ٢ ـ ١. ناوی ناسادە:

١ـ ناوی ئاسایی ناسادە: ((ئەو ناوانەن، کە پتر لە یەك بەش، مۆرفیم، یان وشە پێکهاتوون و توانای لەتبوون یان لێککردنەوەیان تێدا هەیە، چونکە لە بنجدا یەك پارچە نین)) (یوسف شەریف سەعید:٢٠:٢٠١٣)،وەك: (مەلەوان، ناڵبەند، نانکەر، شاهەنگ، مارماسی، گوڵبەهار، گوڵەگەنم...هتد)، ئەمەشیان دوو جۆرە:

---

١. لێرەدا زاراوەی (چاوگی سادە)مان بەکارنەهێناوەو لەشوێنی ئەو زاراوەی (چاوگی ساکار)مان بەکارهێناوە، لە بەرئەوەی هیچ (چاوگێك) لە زمانی کوردیدا نییە کە سادە بێت. بەڵام زاراوەی (چاوگی ساکار) بەکاردێنین، بۆ ئەوی لە کاری داڕژا و لێکدراو جیابکەینەوە.

٢. لێرەدا زاراوەی (کاری سادە)مان بەکارنەهێناوەو لەشوێنی ئەو زاراوەی (کاری ساکار)مان بەکارهێناوە، لە بەرئەوەی هیچ (کارێك) لە زمانی کوردیدا نییە کە سادە بێت. بەڵام زاراوەی (کاری ساکار) بەکاردێنین، بۆ ئەوی لە کاری داڕژا و لێکدراوجیابکەینەوە.

**أ ـ ناوی داڕێژراو:** ((ئەو ناوە ناسادەیە، کە لە وشەیەکی سادە و زیادەیەك پێکهاتووە، جا زیادەکە پێشگر یا پاشگر بێت یا هەردوو (پێشگر و پاشگر) پێکەوەبن)) (ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٩: ١٠٦) ناوەکە دادەڕێژن، وەك: (کارگە، نانکەر، تاریکایی، بێکاری، نەخۆشی، فرۆشیار، پرسگە، بنار...هتد)

**ب ـ ناوی لێکدراو:** ئەوناوانەن کە بەلای کەمەوە لە دوو وشەی واتادار پێکدێت (صادق بهاءالدین ئامێدی: ١٩٨٧: ١٥٢)، واتە: ئەو ناوانەن کە پترن لە یەك بەش و بەشەکانیان توانای لێکترازانیان هەیە، لەوانەیە ناوێکی لێکدراو لە دووبەشی واتادار و مۆرفیمێکی بەند پێك بێت، وەك: (ماستاو، گەلاَمێو، چڵکاو، گوڵەگەنم، بەردەنوێژ، بوکەشوشە...هتد) (یوسف شەریف سەعید: ٢٠١٣: ٢٤)

**٢ـ ناوی کار(چاوگ) ی ناساکار:**

**أ ـ ناوی کار(چاوگ) ی داڕێژراو:** ئەو ناوەیە، کە لە چاوگێکی سادە لەگەڵ پێشگرێك یان پاشگرێك، یان لەچاوگێکی سادە لەگەڵ پێشگرێك و پاشگرێك پێکدێت، بەمەرجێك واتایەکی نوێدروست بکات(صادق بهاء الدین ئامێدی: ١٩٨٧: ٤١٣)، وەك: (هەڵکردن، تێکردن، بوونەوە ، نووسینەوە، تیَ هەڵچوونەوە، هەڵکردنەوە...هتد)

**ب ـ ناوی کار(چاوگ) ی لێکدراو:** ئەو ناوەیە کە لە دوو وشەی واتادار یان زیاتر پێکدێت بەمەرجێك وشەیەك چاوگ بێت، وەك: (دەستکەوتن، ڕێگاگرتن، خۆشکردن... هتد)

**ج ـ ناوی کار(چاوگ) ی ئاوێتەیی:** وشەیەکی واتادار یان زیاتر لەگەل چاوگێك و پێشگرێك یان پاشگرێك یان لەگەڵ هەردووکیان(پێشگر، پاشگر) پێکدێت(لێژنەی زمان و زانستەکان ٢٠١١: ٢٣٢)، وەك: (جێگەگرتنەوە، کونکونکردن، دەست پێکردن، دەست پێکردنەوە، لەهۆش چوون...هتد)

## ١ ـ ٣ ـ ٢ ـ ٢. ئاوەڵناوی ناسادە:

**١ـ ئاوەڵناوی داڕێژراو:** ئەو ئاوەڵناوەیە، کە لە وشەیەکی سادە و پێشگرێك یان پاشگرێك، یان لەگەڵ هەردووکیان(پێشگر و پاشگر) پێکدێت، وەك: (شەرمن، ترسناك، ژیرانە، شەڕانی، دەشتەکی، نازدار، غەمگین، نەرمۆڵە، نەمر، گەڕۆك... هتد)

**٢ـ ئاوەڵناوی لێکدراو:** ئەو ئاوەڵناوەیە، کە لە لێکدانی دوو ئاوەڵناو، یان دوو وشەی واتاداری سادە (عەبدولواحید موشیر دزەیی: ٧٥:٢٠١٣)، یان دوو وشەی واتادار و گیرەکێك پێکدێت، وەك: (قوڕبەسەر، ئاشتیخواز، سەرخۆش، پیرەمێرد، دووربین، ژێردەست، کەمخۆر، وردورد...هتد)

## ١ ـ ٣ ـ ٢ ـ ٣. کاری ناساکار:

**١ـ کاری داڕێژراو:** ئەو کارەیە، کە لە کارێك و پێشگرێك، یان کارێك و پاشگرێك پێکدێت(لێژنەی زمان و زانستەکان: ١٩٥:٢٠١١)، وەك: (ڕاگرت، داگرت، هەڵگرت، هەڵگرتەوە، دابەزی، ڕۆچوو، هەڵداوە... هتد)

**٢ـ کاری لێکدراو:** ئەو کارەیە، کە لە دوو بەشی واتادار پێکدێت(صادق بهاءالدین: ٢٩٥:١٩٨٧) بەشێکیان کارە و بەشەکەی تریان بەشێکی ئاخاوتن(ئاوەڵناو، ناو، ئاوەڵکار، ژمارە)یە، وەك: (بڵندکرد، خۆشکرد، بەهێزکرد، زۆرکرد، سواربوو، سەرخست، ژێرکەوت... هتد)

**٣ـ کاری ئاوێتە:** ئەو کارەیە، کە لە کارێك و دوو وشەی واتادار یان زیاتر لەگەڵ گیرەکێك یان دوو گیرەك پێکدێت(لیژنەی زمان و زانستەکان: ١٩٥:٢٠١١)، وەك: (دەست لێ هەڵگرت، پێ لێ هەڵبری، دەستکردەوە، سەرهەڵداوە، دلخۆشکردەوە، چاوپێکەوت... هتد)

### ١ ـ ٣ ـ ٢ ـ ٤. ئاوەڵکاری ناسادە[١]:

**١ـ ئاوەڵکاری داڕێژراو:** ئەو ئاوەڵکارەیە، کە لە وشەیەکی سادە و پێشگرێك یان پشگرێك، یان لەگەڵ هەردووکیان پێکدێت (صادق بهاءالدین ئامێدی: ١٩٨٧: ٤١٦)، وەك: (بە هێواش، بێگومان، پیاوانە...هتد).

**٢ـ ئاوەڵکاری لێکدراو:** ئەو ئاوەڵکارەیە، کە لە دوو وشەی واتادار یان زیاتر پێکدێت، وەك: (پۆل پۆل، ئەمساڵ، ئەمڕۆ، یەکشەمە، یەکسەر، نیوەڕۆ...هتد)

### ١ ـ ٣ ـ ٢ ـ ٥. ژمارەی ناسادە:

**١ـ ژمارەی داڕێژراو:** ئەو ژمارەیە، کە لە ژمارەیەکی سادە و زیادە (پاشگر)ەك دروستدەبێت (بابا ڕەسول نوری ٢٠١٢: ١٠٧)، ئەم ژمارانە زۆر کەمن، وەك: (حەفتا، هەشتا، پەنجا، نەوەد... هتد)

**٢ـ ژمارەی لێکدراو:** ئەو ژمارەیە، کە لە دوو ژمارەی سادە، یان لە ژمارەیەکی داڕێژراو و مۆرفیمی(و)، یان لە دوو ژمارەی سادە و مۆرفیمی (و) پێکدێت، وەك: (حەفتاوپێنج، بیستویەك، چواردە، سیوپێنج...هتد)

### ١ ـ ٤. داڕشتنی پۆلەوشەکان:

داڕشتنی پۆلەوشەکان بریتییە لە داڕشتن و دروستبوونی وشەی نوێ و چۆنیەتی ڕۆنانی پۆلەوشەکان، داڕشتن و لێکدان پڕۆسەیەکی وشەسازییە، ئەم پڕۆسەیە بریتییە لە ڕۆنانی وشەی نوێ، کە بەیارمەتی گیرەکی وشەداڕێژ ئەنجامدەدرێت، هەندێك جار بەیارمەتی مۆرفیمی ئازاد(وشە)، وشەیەکی نوێ دادەڕێژرێت (هـ. ج. ویدۆوسن ٢٠٠٨: ٥)، داڕشتن ئەمەیان بەیارمەتی پاشگری وشەداڕێژ لە لایەك و پێشگری وشەداڕێژ لە لایەکی ترەوە ئەنجام دەدرێت، کاتێك وشە ئەم پێشگر و پاشگرانە وەردەگرێت پۆلی خۆی دەگۆڕێت و لە بەشێکی تری ئاخاوتنەوە دەچێتە ناو بەشێکی تری ئاخاوتنەوە.

وەك: جوان [ ئاوەڵناوە] ←—— جوانی[ ناوە ] ←—— بەجوانی [ ئاوەڵکارە]

ئازاد [ ئاوەڵناوە] ←—— ئازادی [ ناوە ] ←—— بەئازادی [ ئاوەڵکارە ]

- هەندێکیان وشەیەکی نوێ دادەڕێژن، بەڵام پۆلی وشەکە ناگۆڕن.

وەك: ئاسن [ ناوە ] ←—— ئاسنگەر [ ناوە ]

گرت [ کارە ] ←—— هەڵگرت [ کارە]

---

١. ئاوەڵکارە ناسادەکان بەشێکن لە ئاوەڵکارە وەرگیراوەکان، چونکە لە پۆلەوشەکانی تر وەرگیراون .

خوێندن [ چاوگە ] ⟵ خوێندنەوە [ چاوگە ]

- هەروەها بە لێکدانی دوو وشە بە یارمەتی ئامراز یان بێ ئامراز وشەی نوێ دادەڕێژرێت، وەك: (دەستنوێژ، ڕەشماڵ، شاهەنگ، مارماسی، مێرگەسور، گوڵەباغ، ڕەنگاوڕەنگ... هتد)
- زۆر جار وشە لێکدانیش لە ئەنجامی داڕشتنی وشەیەکی نوێ، پۆلی وشە دەگۆڕێت، واتە: پۆلی ئەو پارچانە دەگۆڕێت، کە بەشدارن لە پێکهاتەی وشەکە.

وەك: ژمارە+ ژمارە= ئاوەڵکار

دوو+ دوو= دوودوو

ناو+ ئاوەڵناو= ئاوەڵناو

سەر+ گەرم= سەرگەرم

ناو +ناو= ئاوەڵناو

گەردەن+ بلوو= گەردەن بلوور

- هە [illegible] ڕینی پۆل.

وەك: ناو+ ناو= ناو

مار+ ماسی= مارماسی

ئاوەڵناو+ ئامرازی لێکدەر+ ئاوەڵناو= ئاوەڵناو

توند+ و+ تیژ= توندوتیژ

### ١ ـ ٤ ـ ١. داڕشتنی پۆلەوشەکان لە ڕووی ڕۆنانەوە.

### ١ ـ ٤ ـ ١ ـ ١. داڕشتنی پۆلی ناو:

١ـ داڕشتنی ناو لە ناو: ناو بە یارمەتی پێشگر و پاشگر لە ناوێکی تر دادەڕێژرێت.

- ناو+ پاشگر= ناوی داڕێژراو

برین+ دار= بریندار

وەك: وان (کاروان)، ەوان (ئاشەوان)، گەر (ئاسنگەر)، ساز (سازدان)، چی (کەبابچی)، مەند (هونەرمەند)، کەر (کارکەر)، ینە (دۆینە)، باز (تەقلەباز)، بەند (کەمەربەند)، دان (گوڵدان)، خانە (فرۆکەخانە)، ەوار (شوێنەوار)، زار (دڵزار)، وولە (مێشوولە)، ۆلەکە (چۆلەکە)، چە (دەریاچە)، چکە (ڕێچکە)، وانە (پاوانە)، ك (دەسك)، کە (لووتکە)، گار (یادگار)، ین (سەرین)، ەوا (نانەوا)، مەنی (چاپەمەنی)، ندە (باڵندە)، کار (کرێکار)، ی (سەپانی)، ەتی (پیاوەتی)، یەتی (برایەتی)

- پێشگر+ ناو= ناوی داڕێژراو

هاو+ ڕێ= هاوڕێ

وەك: هاو (هاوژین)، ما (ماکەو)، مان (مانگا)، دەڵە (دەڵەورچ)

٢ـ داڕشتنی ناو لە ئاوەڵناو: ئاوەڵناو بە یارمەتی پاشگر، ناوی داڕێژراو دادەڕێژێت.

• ئاوەڵناو+ پاشگر= ناوی داڕێژراو

جوان+ ی= جوانی

وەك: ی (کوێری)، یتی (سپیتی)، ایەتی (بڵندایەتی)، ایی (پانایی)، ە (خراپە)، لان (نەرمەڵان)، ی(گۆچی)، انە (پاکانە)، ێنە (زەردێنە)، ەك (بەرزەك)، ەن (ڕووتەن)، کە (ڕەشکە)، ك (گەرمك)، ەمەنی (ساردەمەنی)، انی (ڕەقانی)، ندە (شەرمندە)

٣ـ داڕشتنی ناو لە کار: کار بە یارمەتی پێشگر و پاشگر ناوی داڕێژراو دادەڕێژێت، بەڵام بە زۆری ئەو پارچەیەی بەشداری داڕشتنی ناو دەکات ڕەگ و قەدی کارە.

• ڕەگ/ قەد+ پاشگر= ناوی داڕێژراو

خش+ ۆك= خشۆك

خوێند+ ەوار= خوێندەوار

وەك: ۆك (لەرزۆك)، ە (ژمێرە، پژمە، گرمە، کۆکە)، ار (گوتار)، یار (فرۆشیار)، ەر (دانەر)، گە (پرسگە)، ەك (کوتەك)، اك (خۆراك)، ندە (کوشندە)، ەمەنی (سوتەمەنی)، ین (گەرین)، مان (دروومان)، ۆکە (فرۆکە)، ە (بارە)، ەن (ڕێژەن)، ەوە (کردەوە)، ان (باران)

• پێشگر+ ڕەگ= ناوی داڕێژراو

پیٚ+ ویست= پێویست

وەك: بەر (بەرکوت)، ب (بزان)، نە (نەیار)، ڕا (ڕاگر)، پیٚ (پێنوس)

٤ ـ داڕشتنی ناو لە ئاوەڵکار:

ئاوەڵکار+ پاشگر= ناوی داڕێژراو

بن +ار= بنار

وەك: ین (پێشین)، ۆك (بەرۆك)، وو (سەروو)

٥ ـ داڕشتنی ناو لە ژمارە: هەندێك ناوی داڕێژراو هەیە لە ژمارەوە وەرگیراوە.

وەك: (چلە، حەفتە، سەدە، شەشك، یەکێك، یەکێتی، پەنجەوانە، پێنجوین، سێلکیٚ، شەشە، شەشك، سیروان[1]... هتد)

## ١ ـ ٤ ـ ١ ـ ٢. داڕشتنی پۆلی ئاوەڵناو:

ئاوەڵناوی داڕێژراو وەکو ناو بە یارمەتی پاشگر و پێشگر لە ئاوەڵناوی ترو لە پۆلەکانی تر دادەڕێژرێت.

١ـ داڕشتنی ئاوەڵناو لە ناو:

• ناو+ پاشگر= ئاولناوی داڕێژراو

زێر+ ین= زێرین

وەك: انە (پیاوانە[1])، ین (زێرین)، ن (ورگن)، ی (کرمی)، انە (منداڵانە)، انی (ژنانی)، باز (فێلباز)، انی (شەڕانی)، مەند (سوودمەند)، دار (ناودار)، ناك (خەمناك)

---

١. زۆر جار ژمارە بەشداری لە دروستکردنی ناوی تایبەتی دا دەکات، بەیارمەتی پاشگرە وشە داڕێژەکان، لەم ڕووەوە زۆر چالاکە.

- پێشگر+ ناو= ئاوەڵناوی داڕێژراو

بێ+ کار= بێکار

وەك: بە(بەهێز)، بێ(بێ ئاو)، نە(نەفام)

٢ـ داڕشتنی ئاوەڵناو لە ئاوەڵناو:

- ئاوەڵناو+ پاشگر= ئاوەڵناوی داڕێژراو

نەرم+ ۆکە= نەرمۆکە

وەك: اك (ڕوناك) یلکە (سپیلکە)، انی (نەرمانی)، باو (زەردباو)، کەلە (سورکەلە)، ۆکە (پیسۆکە)، ەلە (سەوزەلە)، یلە (وردیلە)، کیلە (جوانکیلە)، کەلە (جوانکەلە)، ۆ (پیسۆ)

- پێشگر+ ئاوەڵناو= ئاوەڵناوی داڕێژراو

نا+ خۆش= ناخۆش

وەك: نە (نەساغ)، نا (نارێك)، بێ (بێکەلك)

ئەو پێشگرانەی کە ئاوەڵناو لە ئاوەڵناوێکی تر دادەڕێژن بە هەمان شێوەی ناو، لە چاو پاشگرە وشە داڕێژەکان زۆر کەمن و لە چەندپێشگرێکی کەم تێپەر ناکەن.

٣ـ داڕشتنی ئاوەڵناو لە کار:

- ڕەگ/ قەد+ پاشگر= ئاوەڵناوی داڕێژراو

زان+ ا= زانا

وەك: ەك (نوسەك)، ا (دانا)، ۆکی (گەڕۆکی)، ۆك (لەرزۆك)، ی (رزی)، دەوار (خوێندەوار)، او (سوتاو)، ەکی (بێژەکی)، انە (لەرزانە)، ندە (دڕندە)

- پێشگر+ ڕەگ= ئاوەڵناوی داڕێژراو

نە+ مر= نەمر

وەك: نە(نەبەز)، ب(بوێر)

٤ـ داڕشتنی ئاوەڵناو لە ئاوەڵکار:

ئاوەڵکار+ پاشگر= ئاوەڵناوی داڕێژراو

پێش+ وو= پێشوو

وەك: وو (پێشوو)، ین (بەرین)

٥ـ داڕشتنی ئاوەڵناو لە ژمارە:

ژمارە+ پاشگر= ئاولناوی داڕێژراو

دوو+ انە= دووانە

ژمارە لەداڕشتنی پۆلەوشەکانی تر لە ڕووی ڕۆنانەوە چالاك نییە، بەڵام زۆر چالاکە لە ڕووی لێکدانەوە بۆ داڕشتنی پۆلەوشەکانی تر، کە لە تەوەرەی داهاتوودا دەخەینە ڕوو.

---

٢. بەشێك لەو فۆرمانە هاوبەشن لە نێوان لە ئاوەڵناو و ئاوەڵکار، لە ڕستەدا خۆیان یەکلادەکەنەوە .

## ١ ـ ٤ ـ ١ ـ ٣. دارِشتنی پۆلی کـــار:

١ـ دارِشتنی کار لە کار:

- پێشگر+ کـار= کاری دارِێژراو

هەڵ+ کەوت= هەڵکەوت

وەك: هەڵ (هەڵهێنا)، دا (دانیشت)، دەر (دەرچوو)، وەر (وەرگەرا)، لا (لابرد)، لێ (لێدا)، پێ (پێزانی)، تێ (تێکرد)، ڕۆ (ڕۆکرد)[1]، پێرا (پێراگەیشت)، پێوە (پێوەدا)، پێوە (تێوەگلا)، لێوە (لێوەچوو)، لێك (لێکنا)، پێك (پێککەوت)، تێك (تێکدا)[2]

- کار+ پاشگر= کاری دارِێژراو

کرد+ ەوە= کردەوە

وەك: اند (مراند)، اند (کەواند)، ەوە (شکاوە)، ەوە (بردەوە) ، اند (سوتاند)

- پێشگر+ کار+ پاشگر= کاری دارِێژراو

لێ+ گرت+ ەوە= لێگرتەوە

وەك: دا ـ ەوە (دامرکایەوە)، هەڵ ـ ەوە (هەڵدایەوە)، وەر ـ ەوە (وەرگرتەوە)

٢ـ دارِشتنی کار لە ناو: کار بەیارمەتی پاشگر لە ناو دادەڕێژرێت.

- ناو+ پاشگر= کاری دارِێژراو

قیژ+ اند= قیژاند

وەك: اند (سەپاند، بۆڵاند، چرپاند، فیکاند، گرماند، لووراند، ناڵاند، پرخاند، پرماند، تەقاند، قیژاند، باعاند، زیراند، ئێشاند، ترساند... هتد)

ناوی دەنگ بەشداری لە دارِشتنی کاری دارِێژراو دەکات، بەیارمەتی پاشگری (اند) و کاری تێپەر دادەڕێژێت، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە جگە لە ناوی دەنگ چەندین ناوی تر هەن، کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێکردن بەشداری لە دارِشتنی کاردا دەکەن. ئەگەر بەراوردێك بکەین لە نێوان ئەو ناوانەی کە بە پاشگر و پێشگر بەشداری دارِشتنی کاری دارِێژراودا دەکەن، دەبینین ژمارەی ئەو ناوانەی کە بەیارمەتی پاشگری دارِێژراو، کار دروستدەکەن زۆر زیاترە لەوانەی، کە بەیارمەتی پێشگر کاری دارِێژراو دروستدەکەن.

٣ـ دارِشتنی کار لە ئاوەڵکار و و ژمارە:

ئاوەڵکار و ژمارە بەشێوەی لێکدان بەشداری لە دارِشتنی کاردا دەکەن، واتە: ئەم دووبەشە ئاخاوتنە وەك ناو و ئاوەڵناو چالاك نین بۆ دارِشتنی کاری دارِێژراو.

## ١ ـ ٤ ـ ١ ـ ٤. دارِشتنی پۆلی ئاوەڵـکار:

١ـ دارِشتنی ئاوەڵکار لە ئاوەڵکار:

پێشگر+ ئاوەڵکار= ئاوەڵکاری دارِێژراو

---

١. ئەمانە بریتین لە پێشگرە سادەکانی کار (هەڵ، دا، دەر، لا، لێ، پێ، تێ، ڕۆ...هتد)

٢. ئەمانە بریتین لە پێشگرە ناسادەکانی کار (پێرا، پێوە، لێوە، لێك، پێك، تێك...هتد)

له+ پێش= لەپێش

وەك: له (لەکن، لەپێش، لەوێ، له ژێر، لەپاش، له ناو، لەناکاو...هتد)

- ئاوەڵکار+ پاشگر= ئاوەڵکاری داڕێژراو

پێش+ ەوه= پێشەوه

وەك: ەوه (پاشەوه، ژوورەوه، ناوەوه)، دا (پێشدا) ،یی (هەمیشەیی)، ێ (ژووریێ)، ەوه (دیسانەوه)

- پێشگر+ ئاوەڵکار+ پاشگر= ئاوەڵکاری داڕێژراو

بە+ ناو+ دا= بەناودا (ك. ك. کوردۆییێف: ١٩٨٤: ٣٠٩)

وەك: بە ـ دا (بەسەردا)، له ـ دا (لەپێشدا، لەئێستادا)، له ـ ەوه (لەپاشەوه)

٢ـ داڕشتنی ئاوەڵکار له ناو:

- ناو+ پاشگر= ئاوەڵکاری داڕێژراو

شەو+ ێ= شەوێ (عەبدولواحید موشیر دزەیی: ٢٠١١: ٥٧)

وەك: ێ (بەهارێ)، انه (ڕۆژانه)، ەکی (شەوەکی)، ێك (ڕۆژێك)، ان (بەیانیان)، ئاسا (شێرئاسا)، ێکه (دەمێکه)، ە (هاوینه)

- پێشگر+ ناو= ئاوەڵکاری داڕێژراو

بە+ شەو= بەشەو

وەك: بە (بەشەو، بەرۆژ)، له (لەهاوین، لەڕاستی)

- پێشگر+ ناو+ پاشگر= ئاوەڵکاری داڕێژراو

بێ+ باك+ انه= بێباکانه

وەك: بە ـ ایەتی (بەدۆستایەتی)، بە ـ انی (بەژنانی)، له ـ ێ (لەئێوارێ)، بە ـ ی (بەزستانی)، بە ـ انه (بەشەوانه)، له ـ ەوه (لەپارەوه)، بە ـ دا (بەسەردا)، بە ـ ان (بەسالان)، بێ ـ ی (بێ شوێنی)، له ـ دا (لەڕاستیدا)، بە ـ ی (بەکوڕانی)

٣ـ داڕشتنی ئاوەڵکار له ئاوەڵناو:

- ئاوەڵناو+ پاشگر= ئاوەڵکاری داڕێژراو

ژێر+ انه= ژێرانه (عبدولواحید موشیر دزەیی: ٢٠١٢: ١٠١)

وەك: ئاسایی (کوێرئاسایی، زیرەکانه...هتد)

- پێشگر+ ئاوەڵناو= ئاوەڵکاری داڕێژراو

بە+ هەرزان= بەهەرزان

وەك: بە (بەباش، بەسەخت) (ك. ك. کوردۆییێف: ١٩٨٤: ٣١١)

- پێشگر+ ئاوەڵناو+ پاشگر= ئاوەڵکاری داڕێژراو.

بە+ باش+ ی= بەباشی

وەك: بە ـ ی (بەجوانی)، بە ـ ایی (بەقولایی)، له ـ انا (لەگەرمانا)، له ـ یدا (لەخۆشیدا)

### ١ ـ ٤ ـ ١ ـ ٥. دارشتنی پۆلی ژمــاره:

١ـ دارشتنی ژماره له ژماره:

- ژماره+ پاشگر= ژمارەی دارێژراو

هەشت+ ا= هەشتا

وەك: ا[1](حەفتا، پەنجا)، ەم/ەمین(هەشتەم/ هەشتەمین)

ژمارەی دارێژراو بە بەراورد لەگەڵ ژمارەی لێکدراو و سادە ژمارەیان یەك جار کەمە، واتە: ژمارەی دارێژراو تەنیا یەك فۆرم (ژمارەی بنجی+ پاشگر)ی هەیە، کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد، لێرەدا دەگەینە ئەو ڕاستییەی، کە ژمارەی دارێژراو تەنیا لە خودی ژمارە وەردەگیرێت و هیچ پۆلەوشەیەکی تر بەشداری لە پێکهاتنی دا ناکات.

### ١ ـ ٤ ـ ٢. دارشتنی پۆلەوشەکان لە ڕووی لێکدانەوە:

### ١ ـ ٤ ـ ٢ ـ ١. دارشتنی ناو لە ڕووی لێکدانەوە:

١ـ لێکدانی دوو ناو:

وەك: (شاهەنگ، ماستاو، مارماسی، گوڵاو، چرکاو، بەفراو، گەڵامێو، سەرتاشین، نانخواردن، سەماکردن، سەرچنار، کەومار... هتد)

٢ـ لێکدانی دوو ناو بە یارمەتی ئامرازی لێکدەر:

وەك: (بەردەنوێژ، مانگەشەو، هێلکەوڕوون، دەنگوباس، کۆلێرەبەڕۆن (ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٩: ١٣٤)، کاربەدەست، قاچوقۆل، دایکوباوك، دەمەشێر، هەورەتریشقە، هیشوەترێ، بانەوبان، دارەودار، گوڵەبەڕۆژ... هتد)

٣ـ لێکدانی ناوێك و وشەیەکی بێ واتا بەیارمەتی ئامرازی لێکدەر:

وەك: (ماچوموچ، خەرتوپەرت، پرتوپۆل (زەرێ ع. یۆسوپۆڤا: ٢٠٠٥: ٧١)، شتومت، فڕوفێل، گژوگیا...هتد)

٤ـ دووبارە کردنەوەی ناو بەیارمەتی ئامرازی لێکدەر:

وەك: (بارەبار، چزەچز، سیرەسیر، قرچەقرچ، فیتەفیت، گڤەگڤ، شڵپەشڵپ...هتد) (سەرچاوەی پێشوو: ٧٢)

٥ ـ دارشتنی ناوی لێکدراو لە ئاوەڵناوێك و ناوێك:

وەك: (دڵشاد، ڕووپاك، ڕەشماڵ، زەردئاو (لێژنەی زمان و زانستەکان: ٢٠١١: ١٦)، (دۆڵەڕووت، مێرگەپان، ئاوەسپی، کێوەڕەش، پیرەمێرد، گێلەپیاو... هتد)

٦ ـ دارشتنی ناوی لێکدراو لە ئاوەڵناوێك ناوێك بە یارمەتی ئامرازی لێکدەر:

وەك: (ڕەشەبا، سەوزەگیا، شۆڕەبی(یوسف شەریف سەعید: ٢٠١١: ٢٥)، ڕەشەوڵاخ... هتد)

٧ ـ دارشتنی ناوی لێکدراو لە ناوێك و کارێك:

---

١. ئەمە پاشگری ( ات )ی زمانی فارسییە، بەڵام لە کوردیدا ( ت ) تێچووە و تەنیا ( ا ) ماوە، بڕوانە: بابا ڕەسول نوری، پێکهاتەی ژمارە لە زمانی کوردیدا، ل ١٠٧

وەك: (لێفەدروو، کەوشدروو (محەمەد ئەمین هەورامانی: ١٩٧٣ :١٢٣) دلخواز، پیلانگێر، دارتاش، ڕۆژهەلاّت، چاوبەست، دەستبڕ، کورتاندروو، سەرپۆش، کاتژمێر، دارفرۆش، ماسیگر، دەسکەوت...هتد)

٨ ـ داڕشتنی ناوی لێکدراو لە دوو کار بەیارمەتی ئامرازی لێکدەر:

وەك: (هاتوچۆ، گفتوگۆ، هاتونەهات...هتد)

٩ ـ داڕشتنی ناوی لێکدراو لە ناوێك و کارێك بەیارمەتی ئامرازی لێکدەر، وەك: (دەستوبرد، زەمینلەرزە...هتد)

١٠ ـ داڕشتنی ناوی لێکدراو لە ئاوەڵکارێك و ناوێك:

وەك: (پێشنوێژ، ژێرکراس، هەمیشەبەهار، بەرماڵ، بن باخەڵ (یوسف شریف سەعید: ٢٠٠٣:٢٥)، سەربان، ژێرپیاڵە، ژێرزەمین...هتد).

١١ ـ داڕشتنی ناوی لێکدراو لە ژمارە و ناو:

وەك: (چوارباخ، هەزارپێ (سەرچاوەی پێشوو: ٥٩)، چوارچاوە، دوودەرگا، شەش پەڕ، نیوەڕۆژ، دووچەرخ، حەوتبەر، یەکدەست...هتد)

١٢ ـ داڕشتنی ناوی لێکدراو لە ژمارە و ناو، بەیارمەتی پاشگر:

وەك: (سێنەفەری، چوارگۆشەیی، حەفتئیمامی، سێپەردەیی، چوارخشتەکی، دووبەرەکی، دووبەرەیی، سێبیران، دووڕیان، سێتاقان، دووشیوان...هتد). (بابا ڕەسول نوری: ٢٠١٢ :٨٢ )

ئەو ناوانەی، کە لەئەنجامی لێکدانی ژمارە و ناوێك لێکدەدرێن، تۆخمی ئاوەڵناویشی تێدایە وبەهەمان شێوە دەتوانن ئەو فۆڕمانە وەك ئاوەڵناویش ڕۆڵ ببینن لەڕستەدا، بۆیە ڕستە دوا بڕیا دەدات، ئایا فۆڕمەکە ناوی لێکدراوە؟ یان ئاوەڵناوی لێکدراوە؟ بەپێی ئەرك و شوێنی فۆڕمەکە لە ڕستەدا. تەنیا ناوی کار (چاوگ) نەبێت، هەرچەندە لە ژمارە و ناوی کار(چاوگ) پێکهاتبێت، بەلاّم تۆخمی ئاوەڵناوی تێدا نییە و تەنیا بریتییە لە ناوی کاری لێکدراو.

## ١ ـ ٤ ـ ٢ ـ ٢. داڕشتنی ئاوەڵناو لە ڕووی لێکدانەوە:

١ ـ داڕشتنی ئاوەڵناوی لێکدراو لە لێکدانی دوو ئاوەڵناو، بەیارمەتی ئامرازی لێکدەر:

وەك: (خواروخێچ، شێتوشەیدا، ڕەشوسپی، ساردوگەرم، توندوتیژ، لەڕولاواز، ڕەشورووت، تەڕوتازە، تاریکوڕون (زەری ع. یۆپوسۆڤا: ٢٠٠٢:٧٠)، نەرموشل، گەرموگوڕ، کەموکورت، کەموپۆخت، بەرزونزم...هتد)

٢ ـ داڕشتنی ئاوەڵناوی لێکدراو لە دووبارە کردنەوەی ئاوەڵناو، بەیارمەتی ئامرازی لێکدەر:

وەك:(پێچاوپێچ، ڕاستەوڕاست... هتد)(سەرچاوەی پێشوو: ٧٢)

٣ ـ داڕشتنی ئاوەڵناوی لێکدراو لە لێکدانی ئاوەڵناوێك و وشەیەکی بێ واتا، بەیارمەتی ئامرازی لێکدەر:

وەك: (خواروخێچ، ڕەق وتەق، توندوتوڵ، شەپوشوڕ... هتد) (ڤیان ئیبراهیم عەلی: ٦٥:٢٠٠٨)

٤ ـ داڕشتنی ئاوەڵناو لە دووبارەبوونەوەی ئاوەڵناو:

وەك: (ڕەشڕەش، هێدیهێدی، وردورد، جوانجوان، نەرمنەرم، خێراخێرا، پەیتاپەیتا، گەرمگەرم...هتد)

٥ ـ داڕشتنی ئاوەڵناو لە لێکدانی ناوێك و ئاوەڵناوێك:

وەك: (داوێنپاك، خۆشباوەر (زەرێ ع. یۆپوسۆڤا: ٢٠٠٥: ٧٤)، چاوڕەش، چاوجوان، دەنگخۆش، دەنگەورە، پێپان، سەرگەورە، ڕووخۆش، دڵتەنگ، دەستدرێژ، بەختڕەش، سەرخۆش، سەرڕووت، پێخواس...هتد)

٦ ـ داڕشتنی ئاوەڵناوی لێکدراو لە لێکدانی دوو ناو:

وەك: (باڵانەمام، شێردڵ ، چاوغەزال، بەژن چنار...هتد)

٧ ـ داڕشتنی ئاوەڵناوی لێکدراو لە دووبارەکردنەوەی ناوێك:

وەك: (کونکون، خەتخەت، خاڵخاڵ، خانەخانە (سەرچاوەی پێشوو :٢٠٠٢: ٧١) گوڵگوڵ، لقلق، پارچەپارچە، تاڵتاڵ، شانەشانە)

٨ ـ داڕشتنی ئاوەڵناوی لێکدراو لە ناوێك و ڕەگی کار، بەیارمەتی ئامرازی لێکدەر:

وەك: (ئاوەڕێژ، بەردەنووس، چاوەڕوان...هتد) (زەرێ ع. یۆپوسۆڤا: ٢٠٠٢: ٧١)

٩ ـ داڕشتنی ئاوەڵناوی کراوی لێکدراو لە لێکدانی ناو و ناوی بکەر یان بەرکار[١]:

وەك: (دڵڕەنجاو، دەمدڕاو، سەرمابردوو، دەستقوچاو (زەرێ ع. یۆپوسۆڤا: ٢٠٠٢: ٧٤)، دڵمردوو، بەختنووستوو، دەستڕۆیشتوو، کۆستکەوتوو... هتد)

١٠ ـ داڕشتنی ئاوەڵناوی لێکدراو لە لێکدانی ناوێك لەگەڵ ڕەگ یان قەدی کار:

وەك: (ئاشتیخواز، دەستاوێژ، دەستکەوت، دەسکرد، پیاوکوژ، سەرشکێن، نیشتمانفرۆش، مەلابەزێن، فێرخواز، خوێنڕێژ...هتد)

١١ ـ داڕشتنی ئاوەڵناوی لێکدراو لە لێکدانی ئاوەڵناو و ڕەگی کار:

وەك: (وردبین، ڕەشپۆش، ڕاستگۆ (هیدایەت عەبدوڵا مەحەمەد: ٢٠٠٢: ١٢٦)، دوورکوژ، گەشبین، ڕڕبێژ...هتد)

١٢ ـ داڕشتنی ئاوەڵناوی لێکدراو لە لێکدانی دوو ئاوەڵناو:

وەك:(ڕەشبەلەك، ڕەش ئەسمەر، سوربەلەك ...هتد) (ڤیان ابراهیم عەلی: ٢٠٠٨: ٦٢)

١٣ ـ داڕشتنی ئاوەڵناوی لێکدراو لە لێکدانی ناو و ناوی کار (چاوگ)، بەیارمەتی ئامرازی لێکدەر: وەك: (دەمبەگریان، دەمبەپێکەنین ...هتد)

١٤ ـ داڕشتنی ئاوەڵناوی لێکدراو لە لێکدانی دوو ناو، بەیارمەتی ئامرازی لێکدەر:

---

١. ئاوەڵناوی کراو= ڕەگ+ م.ك.ڕابردوو+ (و)ی ئاوەڵناوی کراو

**وەك: (قوڕبەسەر، ڕووبەخاڵ، گوڵبەدەم، تفەنگلەشان** (نوری علی أمین: : ١٩٦٠: ١٠٨)**، لێوبەبار، دەردەسەر، دەستبەسەر...هتد)**

**١٥ـ داڕشتنی ئاوەڵناوی لێکدراو لە لێکدانی ئاوەڵناو و وشەی بێ واتا، بەیارمەتی ئامرازی لێکدەر:**

**وەك: (گورجوگوڵ** (عەبدولواحید موشیر دزەیی: ٢٠١١: ٥٩)**، شێتوشور، ڕەقوتەق، نەرمونۆڵ، ڕێکوپێك، ڕووتوقووت...هتد)**

**١٦ ـ داڕشتنی ئاوەڵناوی لێکدراو لە لێکدانی ژمارەی نادیار و ڕەگی کار بێ پاشگر:**

**وەك: (زۆرزان، کەمزان، کەمخۆر...هتد)**

**١٧ ـ داڕشتنی ئاوەڵناوی لێکدراو لە لێکدانی ژمارە و ناو:**

**وەك: (دووسەر، چوارلا، دووچاو، دووبەر، چوارپێ...هتد)**(شێرکۆ بابان: ٢٧:٢٠٠٩)**، دوودڵ، چوارچاو...هتد)**

**١٨ ـ داڕشتنی ئاوەڵناوی لێکدراو لە لێکدانی ئاوەڵکار و ناو:**

**وەك: (ژێردەست، بندەست، ژێرچەپۆك...هتد)** (غازی عەلی خورشید: ٢٠١٣أ: ٦١)

**١٩ ـ داڕشتنی ئاوەڵناوی لێکدراو لە لێکدانی دوو ناو بەیارمەتی پێشگر وئامرازی لێکدەر:**

**وەك: (بە ژنومال، بێ سەروبەر...هتد)**

**٢٠ ـ داڕشتنی ئاوەڵناوی لێکدراو لە لێکدانی دوو ناو، بەیارمەتی پێشگر و ئامرازی لێکدەر:**

**وەك: (بە سەروبەر، بە ناوبانگ، بە نانوخۆێ، بێ دەستوپێ، بێ سەروچاو، بێ سەروشوێن...هتد)**

(ڤیان ابراهیم عەلی: ٢٠٠٨:٦٨)

### ١ ـ ٤ ـ ٢ ـ ٣. داڕشتنی کار لە ڕووی لێکدانەوە:

**١ ـ داڕشتنی کاری لێکدراو لە لێکدانی ناو و کار:**

**وەك: (سواربوو، سەرکەوت، دەستگرت...هتد)**

**٢ ـ داڕشتنی کاری لێکدراو لە لێکدانی ئاوەڵناو و کار:**

**وەك: (بڵندکرد، نەخۆشکەوت، تێربوو، لاوازبوو، سورکرد، دلخۆشکرد، نەخۆشکەوت، بەهێزکرد...هتد)**

**٣ ـ داڕشتنی کاری لێکدراو لە لێکدانی ئاوەڵکار و کار:**

**وەك: (پێشکەوت، ژێرکەوت، بەرکەوت، دواکەوت، دەرپەڕی**(نوری عەلی ئەمین ١٤٩:١٩٦٠)**، درەنگکرد، زۆرکرد، هێدی بوو، خێرا بوو...هتد)**

**٤ ـ داڕشتنی کاری لێکدراو لە لێکدانی کار و ناوی خوازراو بە تایبەتی عەرەبی:**

**وەك: (زەکاتیدا، حەفلە دەکەن، ئیفلاسکرد...هتد)**(عەبدولواحید موشیر دزەیی: ٦٠:٢٠١١)

**٥ ـ داڕشتنی کاری لێکدراو لە لێکدانی کار و ئاوەڵناوی خوازراو بە تایبەتی عەرەبی:**

**وەك: (قانیعدەبم، مرەخەسدەبم، ڕازیکرد...هتد)**

**٦ ـ داڕشتنی کار لە لێکدانی ناو و کار بە یارمەتی ئامرازی لێکدەر یان پێشگر:**

وەك: (لەدایكبوو، لە سەرمدا (نوری عەلی ئەمین: ١٩٦٠: ١٤٨)، لەدەستچوو، لەبیركرد، لەهۆشچوو، كۆكە كرد، فێرەكرد...هتد)

٧ ـ داڕشتنی كار لە لێكدانی ژمارە و كار:

وەك: (یەكخستن، یەكگرتن...هتد) (غازی عەلی خورشید: ٢٠١٣أ: ١٥٧)

٨ ـ داڕشتنی كار لە لێكدانی وشەیەكی بێ واتا و كار:

وەك: (فێربە، وازهێنا، نغرۆبوو، فڕێدا...هتد) (ك. ك. كوردۆییێف: ١٩٨٤:١٨٨)

٩ ـ داڕشتنی كار لە لێكدانی ئامرازی سەرسوڕمان و كار:

وەك: (ئاخ هەڵكێشا، داخ خوارد...هتد)

١٠ ـ داڕشتنی كار لە لێكدانی ناوی دووبارە لەگەڵ كار، بەیارمەتی ئامرازی لێكدەر:

وەك: (ناڵەناڵكرد، تەقەتەقكرد، گرمەگرم كرد، چەقەچەق كرد، ملچەملچ كرد...هتد)

١١ ـ داڕشتنی كار لە لێكدانی ئاوەڵناو و كار:

وەك: (ونبوو، ساخكرد، دوورخستەوە...هتد) (سەرچاوەی پێشوو: ١٨٦-١٩٠)

١٢ـ داڕشتنی كار لە لێكدانی ناو یان ئاوەڵناو لەگەڵ كار، بەیارمەتی پاشگری(ەوە)[1]:

وەك: (دڵدایەوە، ڕەنگدایەوە، گوڵدایەوە، ساردبوویەوە...هتد) (زەرێ ع.یۆپۆسۆڤا: ٢٠٠٢: ١٢٩)

ئەوەی جێگەی باسكردنە پۆلەوشەكان بە گشتی بەشدارییان لە پێكهاتنی كاری لێكدراودا كرد، بەڵام ناو و ئاوەڵناو بەشێوەیەكی زۆر چالاكانەو بەڕێژەیەكی زیادتر لە پۆلەوشەكانی تر بەشدارییان لە پێكهاتەی كاردا كرد، هەروەها كارەكانی(بوو، كرد، بوو، كەوت) چالاكترین كارن، لەم ڕووەوەو ئەم كارانەش لە ڕووی وەرگرتنی پۆلەوشەكانی تر جیاوازن، بۆ نموونە كاری (بوو) زۆرجار ئاوەڵناو وەردەگرێت بۆ داڕشتنی كاری لێكدراو.

### ١ ـ ٤ ـ ٢ ـ ٤. داڕشتنی ئاوەڵكار لە ڕووی لێكدانەوە:

١ ـ داڕشتنی ئاوەڵكاری لێكدراو لە ناوێكی دووبارە:

وەك: (پۆلپۆل، دەستدەست، چینچین، ڕێڕێ، پارچەپارچە، كۆمەڵكۆمەڵ...هتد)

٢ ـ داڕشتنی ئاوەڵكاری لێكدراو لە ژمارەیەكی دووبارە:

وەك: (چوارچوار، نیونیو، سێسێ...هتد)

٣ ـ داڕشتنی ئاوەڵكاری لێكدراو لە ناوی دووبارە، بەیارمەتی ئامرازی لێكدەر:

وەك: (پشتاوپشت، بانەوبان (ئاواز حەمە صدیق بەگیخانی: ١٩٩٦: ١٧)، شاخەوشاخ، بانەوبان...هتد)

٤ ـ داڕشتنی ئاوەڵكاری لێكدراو لە لێكدانی ناوێك و ئاوەڵناوێك، بەیارمەتی ئامرازی لێكدراو:

وەك: (پڕبەدڵ، سەرلەنوێ، پڕبەگیان، پڕبەدەم...هتد)(غازی عەلی خورشید: ٢٠١٣أ: ٦٩)

٥ ـ داڕشتنی ئاوەڵكاری لێكدراو لە لێكدانی دوو ناو:

وەك: (لاچاو، لادیوار، جێخەو، سەرتەنوور، بەردەرگا[1]... هتد) (شێركۆ بابان: ٢٠٠٩: ٣١)

---

١. ئەم پاشگرە زۆرجار دەبێتە بەشێك لە كاری داڕێژراو، بۆیە دەتوانین قاڵبی ئەم پێكهاتەیە بەشێوەیەكی تر بخەینە پێش چاوو بڵێین: داڕشتنی كاری لێكدراو لە لێكدانی ناو یان ئاوەڵناو و كارێكی داڕێژاو، چونكە پاشگری (ەوە) بەشێكە لە كاری داڕێژاو جگە لەو كارانەی كە بەبێ ئەم پاشگرە واتا نابەخشن.

٦ ـ داڕشتنی ئاوەڵکاری لێکدراو لە لێکدانی ناوێك و ئاوەڵناوێك:

وەك: (شەودرەنگ، بەیانی زوو... هتد)

٧ ـ داڕشتنی ئاوەڵکاری لێکدراو لە لێکدانی ناوێك و ژمارەیەك:

وەك: (کاتژمێرهەشت، یەکجار، یەکسەر، دووسبە (ك.ك. کوردۆییێف: ١٩٨٤: ١١٢)، یەکشەم، نیوەڕۆ...هتد)

٩ ـ داڕشتنی ئاوەڵکار لە لێکدانی دوو ئاوەڵناو، بەیارمەتی ئامرازی لێکدەر:

وەك: (ڕاستوڕاست، چەپوچەپ...هتد)

١٠ ـ داڕشتنی ئاوەڵکار لە لێکدانی دوو ناو، بەیارمەتی پێشگر:

وەك: (بەسەربەرزی، لە سەرلا، لە سەرسنگ، لە سەرپشت...هتد) (ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٩٠: ٩٧)

١٢ـ داڕشتنی ئاوەڵکاری لێکدراو لە لێکدانی ناو و ئامرازی نیشانە:

وەك: (ئەمساڵ، ئەمجارە، ئەمڕۆ، ئەمشەو، ئەمکاتە، ئەوسا، ئەوکات، ئەو شوێنە...هتد) (ك.ك. کوردۆییێف: ١٩٨٤: ٣١١)

١٣ـ داڕشتنی ئاوەڵکاری لێکدراو لە لێکدانی ناو و ئامرازی نیشانە، بەیارمەتی پاشگر:

وەك: (ئەمجارەش، ئەوساش... هتد)

١٤ـ داڕشتنی ئاوەڵکاری لێکدراو لە لێکدانی ناو و جێناوی خۆیی، بەیارمەتی پێشگر:

وەك: (لە سەرخۆ، لەپێشخۆ... هتد)

١٥ ـ داڕشتنی ئاوەڵکاری لێکدراو لە لێکدانی دوو ژمارە، بەیارمەتی پێشگر و ئامرازی لێکدەر:

وەك: (بێ سێ ودوو، بێ یەك ودوو...هتد)

١٦ ـ داڕشتنی ئاوەلکاری لێکدراو لە لێکدانی دوو ئامرازی پرس، بەیارمەتی پێشگر و ئامرازی لێکدەر، وەك: (بێچەنوچۆن)

١٧ ـ داڕشتنی ئاوەڵکاری لێکدراو لە لێکدانی ناو یان ژمارە و مۆرفیمی (هەر) و (دی):

وەك: (هەردوو، هەردەم، هەرجارێك، جارێکیدی...هتد) (ئەورەحمانی حاجی مارف: ٩٨:١٩٩٠)

١٨ ـ داڕشتنی ئاوەڵکاری لێکدراو لە لێکدانی دوو ئاوەڵکار، بەیارمەتی ئامرازی لێکدەر:

وەك: (هەرگیزاوهەرگیز...هتد)

١٩ ـ داڕشتنی ئاوەڵکاری لێکدراو لە لێکدانی ناوێك و مۆرفیمی(هیچ)، بە یارمەتی پێشگر:

وەك: (بەهیچ چەشنێك، بەهیچ ڕەنگێك، بەهیچ جۆرێك...هتد)(سەرچاوەی پێشوو: ٩٩)

٢٠ ـ داڕشتنی ئاوەڵکاری لێکدراو لە ژمارەی دووبارە، بەیارمەتی ئامرازی لێکدەر:

وەك: (یەکویەك، دووبەدوو...هتد)

٢١ ـ داڕشتنی ئاوەڵکاری لێکدراو لە ژمارەی نادیاری دووبارە:

وەك: (کەمکەم، گەلێکگەلێك، زۆرزۆر...هتد)

٢٢ـ داڕشتنی ئاوەڵکاری لێکدراو لە لێکدانی ئاوەڵناو و ژمارەی نادیار:

---

٢. ئەم فۆرمانە لەهەمان کاتدا ناوی شوێنن .

وەك: (زۆرخێرا، زۆرهێدی، گەلێك جوان، گەلێك باش...هتد)

### ١ ـ ٤ ـ ٢ ـ ٥. دارِشتنی ژمارە لە ڕووی لێكدانەوە:

١ ـ دارِشتنی ژمارەی لێكدراو لە لێكدانی دوو ژمارە:

وەك: (سێیەك، چواریەك، حەڤدە، چواردە، دووسەد، سێهەزار (سەرچاوەی پێشوو: ١١، ١٠٤ـ١٠٨)، سێچوار، نۆدە... هتد)

٢ ـ دارِشتنی ژمارەی لێكدراو لە لێكدانی دوو ژمارە، بەیارمەتی ئامرازی لێكدەری(و):

وەك: (بیستودوو، هەزاروسەد، سەدوچل، چلوپێنج...هتد) (زەری ع. یۆپوسۆڤا: ٢٠٠٥: ٩٤)

٣ ـ ژمارەی لێكدراوی شێوەی دەستەواژە بەم شێوەیە دادەڕێژرێت:

أ ـ بە یارمەتی ئامرازی لێكدەری (لە):

وەك: (لەسەداپێنج، لە هەزاراندوو، لە پێنجانچوار...هتد)

ب ـ بەیارمەتی ئامرازی لێكدەری (لە) كە هەمیشە ژمارەی بچووك لە پێشی دێت:

وەك: (پێنج لە دە، سەد لە هەزار، دوو لە چوار...هتد) (ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٨٩:١٠٩)

ج ـ هەندێك جار وشەكانی (بەش، كەرت، قل، دانە، كیلۆ، مەتر، نەفەر، سەر، دەستە، بەرگ ،ڕووبە، جووت...هتد) بەشداری دەكەن، بەیارمەتی (لە):

وەك: (لەشەشبەش سێبەش، سێبەش لەشەش، لەدەكەرت چواركەت، چواردانە لە پێنجدانە...هتد) (بابا رەسول نوری: ٢٠١٢: ١٠٨)

د ـ دارِشتنی ژمارەی دەستەواژە، بەیارمەتی لێكدانی دوو ژمارە و دەستەواژەی (لە سەر) كە هەمیشە لە نێوان ژمارەكان دێت، وەك: (دوو لە سەر پێنج، پێنج لە سەر بیست، یەك لە سەر چوار...هتد)

هـ ـ دارِشتنی ژمارەی دەستەواژە، بەیارمەتی لێكدانی دوو ژمارە و ئامرازی پەیوەندی (لە) و ئامرازی لێكدەری (ا)، وەك: (لە سەداسەد، لە سەداهەشت، لە سەداپەنجا[1] ...هتد)

و ـ دارِشتنی ژمارەی دەستەواژە لە لێكدانی سێ ژمارەی بنجی كە ژمارە (چوار) هەمیشە بەشدارە و بەبێ ئامراز و پێشگر و پاشگر، وەك: (سێچوارێك، یەكچوارێك...هتد) (محەمەد ئەمین هەورامانی: ١٩٧٣: ١٦٨)

ژمارە بە هەردوو جۆرەكانییەوە (دیار و نادیار) بۆ پێكهێنانی ژمارەی نوێ زۆر بەكەمی پۆلەوشەكانی تر وەردەگرێت، ئەوەی كە وەردەگرێت، خۆی لەچەند مۆرفیمێك و ئامرازێك تێپەر ناكات، بە پێچەوانەوە ژمارە وەك پۆلەوشەیەكی سەربەخۆ زۆر چالاكانە بەشداری پێكهێنانی پۆلەوشەكانی تر دەكات، ئەمەش یەكێكە لە تایبەتمەندییەكانی ژمارە.

---

١. ئەم شێوە دارِشتنە تەنیا بۆ ژمارە (سەد) گونجاوە، چونكە ڕێژەی ژمارە تەنیا بە سەد دانراوە، كە هێمای نووسینەكەی بریتییە لە ( ٪ ) واتە: لەسەد، وەك: مامۆستایەكە لە سەداسەد دێت (ڕاستە)، مامۆستایەكە هەزاراهەزار دێت (هەڵەیە). هەندێك جار ئامرازی (لە)ی پەیوەندی دەسوێت .

## ١ ـ ٥. پۆلگۆڕین و لایەنەکانی پۆلگۆڕینی وشە:

بریتییە لە گۆڕینی پۆلەوشەیەك لە پۆلێکەوە بۆ پۆلێکی تر، واتە: گواستنەوەی بەشێکی ئاخاوتن بۆ بەشێکی تری ئاخاوتن، وەك گۆڕینی ناو بۆ ئاوەڵناو یان بە پێچەوانەوە، یان گۆڕینی کار بۆ بەشێکی تر یان وەرگرتنی پۆلی کار لە پۆلەوشەکانی تر، ئەم دیاردەیە پەیوەستە بە چەند لایەنێکەوە و بەڵام بەزۆری بۆ پێویستی بەکارهێنانی پۆلەکان دەگەڕێتەوە.

## ١ ـ ٥ ـ ١. لایەنی وشەسازی بۆ پۆلگۆڕینی وشە:

ئەم لایەنە گۆڕینی وشەکانە لە ڕووی فۆڕمەوە، بەیارمەتی گیرەکی وشە داڕێژ، ئەم پڕۆسەیە لە ئەنجامی زیادکردنی گیرەك (affix)ێك یان زیادتر بۆ بەشێکی ئاخاوتن ئەنجامدەدرێت و پۆلی وشەکە دەگۆڕێت، ئەمەش بە تێپەڕبوونی کات زۆر بە سستی ڕوودەدات، هەندێك گیرەك لە هەندێکیان چالاکترن لە ڕووی بەشداریکردنیان بۆ پۆلگۆڕین. لایەنی وشەسازی و دیاردەی پۆلگۆڕینی وشە لەڕووی وشەسازییەوە تایبەتە بە هەندێك زمان، واتە: هەموو زمانێك ئەم دیاردەیەی تێدا ڕوونادات، بۆ نموونە ئەم دیاردەیە لە زمانەکانی (کوردی و عەرەبی و ڕووسی و لاتینی و ئینگلیزی) زۆرە، بەڵام لە هەندێك زمانی وەك (فێتنامی و چینی) زۆرکەم (Crume, J. 2005 : 95)، لەبەر ئەوەی لەو زمانانەدا پۆلەوشەکان بە تەواوی بەشە ئاخاوتنەکانیان دیارکردووە و پێویستییان بە پۆلگۆڕین نییە، لە خوارەوە بە درێژی یاساکانی لایەنی وشەسازی بۆ پۆلگۆڕینی وشە دەخەینە ڕوو، لایەنی وشەسازی بە دوو شێوە پۆلی وشە دەگۆڕێت:

## ١ ـ ٥ ـ ١ ـ ١. پۆلگۆڕینی وشە لە ڕووی ڕۆنانەوە:

## أ ـ پۆلگۆڕینی ناو:

١ ـ پۆلگۆڕینی ناو بۆ ئاوەڵناو:

- پێشگر+ ناڤ= ئاوەڵناو

بێ+ سۆز= بێسۆز

وەك: (بێدڵ، بەهێز... هتد)

- ناو+ پاشگر= ئاوەڵناو

بەهرە+ مەند= بەهرەمەند

وەك: (پیاوانە، دەشتەکی، زێڕین...هتد) (محەمەد مەعروف فەتاح و صباح رەشید: ٢٠٠٦: ٧٧ـ٧٨)

٢ ـ پۆلگۆڕینی ناو بۆ کار:

- ناو+ پاشگر= کار

قیژ+ اند= قیژاند

وەك: (گرماند، ئێشاند، ترساند...هتد)

٣ ـ پۆلگۆڕینی ناو بۆ ئاوەڵکار:

- پێشگر+ ناو= ئاوەڵکار

بە+ ڕۆژ= بەڕۆژ

وەك: (بەشەو، بەهاوین، بەزستان...هتد) (هیدایەت عەبدوڵڵا موحەمەد: ٢٠٠٢: ٥١)

- ناو+ پاشگر= ئاوەڵکار

شەو+ یٚ= شەویٚ

وەك: (هاوینیٚ، زستانیٚ، ڕۆژیٚ... هتد)

- پێشگر+ ناو+ پاشگر= ئاوەڵکار

بە+ سەر+ دا= بەسەردا

وەك: (بەشەویٚ، لەپاشەوە...هتد) (ك. ك. کوردۆییێف: ١٩٨٤: ٣٠٩)

## ب ـ پۆلگۆڕینی ئاوەڵناو:

١ ـ پۆلگۆڕینی ئاوەڵناو بۆ ناو:

- ئاوەڵناو+ پاشگر= ناو

جوان+ ی= جوانی

وەك: (کوێری، گەرمك، ساردەمەنی، سەوزایی...هتد) (ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٩: ١٣٣)

٢ ـ پۆلگۆڕینی ئاوەڵناو بۆ ئاوەڵکار:

- ئاوەڵناو+ پاشگر= ئاوەڵکار

ژیر+ انە= ژیرانە

وەك: (کوێرئاسایی، زیرەکانە...هتد) (عەبدولواحید موشیر دزەیی: ٢٠١٢: ١٠١)

- پێشگر+ ئاوەڵناو= ئاوەڵکار

بە+ باش= بەباش

وەك: (بەسەخت، بەقوڕس، بەخێرا...هتد)

- پێشگر+ ئاوەڵناو+ پاشگر= ئاوەڵکار

لە+ گەرم+ انا= لەگەرمانا (یوسف شەریف سەعید: ٢٠١٣: ٥٦)

وەك: (لەخۆشیدا، لەقوڵایی، بەباشی، بەجوانی... هتد)

## ج ـ پۆلگۆڕینی کار:

١ ـ پۆلگۆڕینی کار[1] بۆ ناو:

- کار+ پاشگر= ناو

خش+ ۆك= خشۆك (محەمەد ئەمین هەورامانی: ١٩٧٣: ١٥٣)

وەك: (ژمێرە، ڕێژەن، کردەوە، دروومان، فرۆشیار...هتد)

- پێشگر+ کار= ناو

پیٚ+ ویست= پێویست

وەك: (ڕاگر، پێنووس...هتد)

٢ ـ پۆلگۆڕینی کار بۆ ئاوەڵناو:

---

١. مەبەستمان لە گۆڕینی (ڕەگ و قەدی) کارە بۆ ناو و پۆلەکانی تر .

- كار+ پاشگر= ئاوەڵناو

زان+ ا= زانا

وەك: (دانا، خوێندەوار...هتد)

- پێشگر+ كار= ئاوەڵناو

نە+ مر= نەمر

وەك: (نەبەز، بوێر...هتد) (یوسف شەریف سەعید: ٢٠١٣:٥٠)

### د ـ پۆلگۆڕینی ئاوەڵكار:

١ـ پۆلگۆڕینی ئاوەڵكار بۆ ناو:

- ئاوەڵكار+ پاشگر= ناو

پێش+ ەوا= پێشەوا

وەك: (بەرۆك، سەرۆك...هتد) (ئەورەحمان حاجی مارف: ١٩٧٩:١٣٠)

٢ ـ پۆلگۆڕینی ئاوەڵكار بۆ ئاوەڵناو:

- ئاوەڵكار+ پاشگر= ئاوەڵناو

پێش+ وو= پێشوو

وەك: (بەرین...هتد) (غازی عەلی خورشید: ٢٠١٣أ: ٦١)

### هـ ـ پۆلگۆڕینی ژمارە:

ژمارە+ پاشگر= ناو

چل+ ە= چلە

وەك: (حەفتە، سەدە، شەشك، یەكێتی، پێنج وانە (پەنجەوانە)...هتد)

### ١ ـ ٥ ـ ١ ـ ٢. پۆلگۆڕینی وشە لە ڕووی لێكـــدانەوە:

بە لێكدانی دوو وشەی سەربەخۆ یان زیاتر، وشەیەكی نوێ بە واتایەكی نوێیەوە لەدایك دەبێت، بەڵام ئەوەی كە مەبەستمانە گۆڕینی پۆلی ئەو وشانەیە، كە بەشداری لەپێكهاتە نوێدا دەكەن، چونكە وشەی وا هەیە هەرچەندە لێكدەدرێن و واتایەكی نوێش دروستدەكات، بەڵام پۆلی خۆی ناگۆڕێت، بۆنموونە وشەی (توند) و وشەی (تیژ)، كە سەر بە پۆلی ئاوەڵناون، لە كاتی لێكدانیش، واتە: (توندوتیژ) هەر بە ئاوەڵناوی دەمێننەوە. هەندێك لە پۆلەكان لە پۆلێكی سەربەخۆیەوە بۆ پۆلێكی تر خۆیان دەگۆڕن، بە یارمەتی پێشگر و ئامرازی لێكدەر، بەڵام هەندێك لە پۆلەكان بە شێوەیەكی تێكەڵ پۆلەكانی خۆیان دەگۆڕن، واتە: بە لێكدانی دوو پۆلی جیاواز یان زیاتر، پۆلێكی نوێ پێكدێنن، كە پۆلە لێكدراوە نوێیەكە جیاوازە لە پۆلی ئەو وشانەی لێ پێكدێت.

### ١ ـ پۆلەوشەی نـــاو:

### أ ـ پۆلگۆڕینی ناو:

١ـ پۆلگۆڕینی ناو بۆ ئاوەڵناو:

- لێكدانی دوو ناو، وەك: (دڵشێر، چاوغەزال، بەژن چنار...هتد)

- دووباره كردنەوەی ناو، وەك: (كونكون، خەتخەت، خاڵخاڵ، خانەخانە...هتد)
- دووباره كردنەوەی ناو، بەیارمەتی ئامرازی لێكدەر (ئاواز حەمە صدیق بەگیخانی: ١٩٩٦:١٠)، وەك: (ڕەنگاوڕەنگ، چەناوچەشن...هتد)
- لێكدانی دوو ناو، بەیارمەتی ئامرازی لێكدەر و پێشگر، وەك: (بە ژن وماڵ، بێ سەر و بەر، بە ڕان و چۆخەڵ...هتد)
- لێكدانی ناو و ناوی بەركار، بەیارمەتی ئامرازی لێكدەر، وەك: (سەر لێ شێواو، كۆست لێ كەوتوو...هتد)
- لێكدانی دوو ناو، بەیارمەتی پێشگر و ئامرازی لێكدەر (ڤیان ئیبراهیم عەلی: ٢٠٠٨: ٦٨)، وەك: (بە ناوبانگ، بێ دەست و پێ، بە نان و خوێ، بێ سەر و چاو، بێ سەر و شوێن...هتد)

٢ ـ پۆلگۆڕینی ناو بۆ ئاوەڵكار:

- دووباره بوونەوەی ناو، وەك: (پۆلپۆل، دەستەدەستە، ڕێڕێ، كۆمەڵكۆمەڵ...هتد)
- دووباره بوونەوەی ناو، بەیارمەتی ئامرازی لێكدەر، وەك: (شاخەوشاخ، بانەوبان...هتد)
- لێكدانی دوو ناو، وەك: (لاچاو، لادیوار، سەرتەنوور، ناوماڵ...هتد)
- لێكدانی دوو ناو بەیارمەتی پێشگر (ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٩٠: ٩٧)، وەك: (بە سەربەرزی، لە سەرسنگ، لە سەرپشت...هتد)

## ب ـ پۆلگۆڕین بۆ ناو:

- پۆلگۆڕینی ئاوەڵناو بۆ ناو، بەیارمەتی ناو (لیژنەی زمان و زانستەكان: ٢٠١١: ١٦)، وەك: (دڵشاد، ڕووپاك...هتد)
- پۆلگۆڕینی ئاوەڵناو بۆ ناو، بەیارمەتی ناو و ئامرازی لێكدەر، وەك: (ڕەشەبا، سەوزەگیا، شۆڕەبی، ڕەشەوڵاغ...هتد)
- پۆلگۆڕینی كار بۆ ناو، بەیارمەتی ناو (محەمەد ئەمین هەورامانی: ١٩٧٣: ١٢٣)، وەك: (بازنفرۆش، پیلانگێر...هتد)
- پۆلگۆڕینی كار بۆ ناو، بەیارمەتی ناو و ئامرازی لێكدەر،وەك: (دەست وبرد...هتد)
- پۆلگۆڕینی ئاوەڵكار بۆ ناو، بەیارمەتی ناو، وەك: (ژێرپیاڵە، ژێرزەمین، هەمیشەبەهار... هتد)
- پۆلگۆڕینی ئاوەڵكار بۆ ناو، بەیارمەتی ناو و ئامرازی لێكدەر، وەك: (پاشەڕۆژ، پاشەبەرد...هتد)
- پۆلگۆڕینی ژمارە بۆ ناو، بەیارمەتی ناو (بابا ڕەسول نوری: ٢٠١١: ٨٩)، وەك: (دوودەرگا، دووچەرخ...هتد)

- پۆلگۆڕینی ژماره بۆ ناو، بەیارمەتی ناو و پاشگر، وەك: (سێنەفەری، حەفتئیمامی، سێپەردەیی)

## ٢ ـ پۆلەوشەی ئاوەڵناو:

### أ ـ پۆلگۆڕینی ئاوەڵناو:

- پۆلگۆڕینی ئاوەڵناو بۆ ئاوەڵکار بەهۆی دووبارەبوونەوەی ئاوەڵناو: (محەمەدی مەحوی: ٢٠١٠: ٩٤)، وەك: (جوانجوان، باشباش، هێدیهێدی...هتد)
- پۆلگۆڕینی ئاوەڵناو بۆ ئاوەڵکار بەهۆی دووبارەبوونەوەی ئاوەڵناو، بەیارمەتی ئامرازی لێکدەر، وەك: (ڕاست وڕاست، چەپ وچەپ...هتد)

### ب ـ پۆلگۆڕین بۆ ئاوەڵناو:

- گۆڕینی ناو بۆ ئاوەڵناو، بەیارمەتی ئاوەڵناو، وەك:(ڕووخۆش، دڵتەنگ، دەستدرێژ..هتد)
- گۆڕینی پێکهاتەی ناو و ڕەگی کار و ئامرازی لێکدەر بۆ ئاوەڵناو، وەك: (ئاوەڕێژ، بەردەنووس، چاوەڕوان...هتد)
- گۆڕینی پێکهاتەی ناو و ڕەگی کار بۆ ئاوەڵناو (نووری علی أمین: ١٩٦٠: ١٠٨)، وەك: (سەرشکێن، نیشتیمانفرۆش، مەلابەزێن...هتد)
- گۆڕینی کار بۆ ئاوەڵناو، بەیارمەتی ئاوەڵناو (ڤیان ئیبراهیم عەلی: : ٢٠٠٨: ٦٢)، وەك: (دوورکوژ، گەشبین، پڕبێژ..هتد)
- گۆڕینی پێکهاتەی ژمارەی نادیار و ڕەگی کار بۆ ئاوەڵناو، وەك: (زۆرزان، کەم زان...هتد)
- گۆڕینی پێکهاتەی ژمارەی نادیار و ڕەگی کار و پاشگر بۆ ئاوەڵناو، وەك: (کەمخۆر، زۆرخۆر..هتد)
- گۆڕینی پێکهاتەی ژمارە و ناو بۆ ئاوەڵناو (شێرکۆ بابان: ٢٠٠٩: ٢٧)، وەك: (هەزارپا، دووچاو، دەلا، چوارپا...هتد)

## ٣ ـ پۆلەوشەی کـــار:

### أ ـ پۆلگۆڕینی کـار:

پۆلگۆڕینی کار بۆ ناو بەهۆی گۆڕینی دوو کار، بەیارمەتی ئامرازی لێکدەر وەك: (هاتوچۆ، هاتونەهات، گفتوگۆ...هتد) (ئەورەحمان حاجی معروف: ١٩٧٩: ١٣٥)

### ب ـ پۆلگۆڕین بۆ کار:

- گۆڕینی ئاوەڵناو بۆ بەشێك لە کار، بەیارمەتی کار (غازی عەلی خورشید: ٢٠١٣أ: ٦٠)، وەك: (لاواز بوو، سوورکرد، ئازادکرد...هتد)

- گۆڕینی ئاوەڵکار بۆ بەشێك لە کار، بەیارمەتی کار (نووری علی أمین: ١٩٦٠: ١٤٩)، وەك: (پێشکەوت، ژێرکەوت، دواکەوت...هتد)
- گۆڕینی ناوی خوازراو بۆ بەشێك لە کار، بەیارمەتی کار، وەك: (زەکاتی دا، حەفلەدەکەن، ئیفلاسکرد...هتد)
- گۆڕینی ئاوەڵناوی خوازراو بۆ بەشێك لە کار، بەیارمەتی کار، وەك: (قانیعبوو، مەرەخەس بوو...هتد ) (عەبدولواحید موشیر دزەیی: ٢٠١١:٦٠)
- گۆڕینی ناو بۆ بەشێك لە کار، بەیارمەتی کار و ئامرازی لێکدەر یان پێشگر، وەك: (لەدایك بوو، لە دەستچوو، کۆکەکرد، فێرەکرد...هتد)(نووری علی أمین: ١٩٦٠: ١٤٨)
- گۆڕینی ژمارە بۆ بەشێك لە کار، بەیارمەتی کار، وەك: ( یەکخست، یەکگرت...هتد) (غازی عەلی خورشید: ٢٠١٣أ: ١٥٧)
- گۆڕینی ئاوەڵناوی دووبارەی لێکدراو بۆ بەشێك لە کار، بەیارمەتی کار، وەك: (جوانجوان کرد، خراپخراپ بوو...هتد)
- گۆڕینی ئامرازی سەرسوڕمان بۆ بەشێك لە کار، بەیارمەتی کار، وەك: (ئاخ هەڵکێشا، داخ خوارد...هتد)
- گۆڕینی ناوی دووبارەی لێکدراو و ئامرازی لێکدەر بۆ بەشێك لە کار، بەیارمەتی کار (ك.ك.کوردۆییێف: ١٩٨٤: ١٨٦)، وەك: (ناڵەناڵ کرد، تەقەتەق کرد، چەقەچەق کرد...هتد)
- گۆڕینی پێکهاتەی ئاوەڵناو و جێناو بۆ بەشێك لە کار، بەیارمەتی کار، وەك: (خۆونکرد، خۆساخ کرد، خۆدوورخستەوە...هتد)(سەرچاوەی پێشوو: ١٩٠)
- گۆڕینی ناو یان ئاوەڵناو بۆ بەشێك لە کار (زەریٚ ع. یۆپوسۆڤا: : ٢٠٠٥: ١٢٩)، وەك: (دڵدایەوە، ڕەنگ دایەوە، سارد بوویەوە، جوان کردەوە...هتد)

## ٤ ـ پۆلەوشەی ئاوەڵکار:

### أ ـ پۆلگۆڕینی ئاوەڵکار:

پۆلگۆڕینی ئاوەڵکار بۆ ناو بەهۆی لێکدانی دوو ئاوەڵکار، بەیارمەتی ئامرازی لێکدەر (نوری علی أمین: ١٩٦١: ٦٠)، وەك: (بەرامبەر، سەرانسەر...هتد)

### ب ـ پۆلگۆڕین بۆ ئاوەڵکار:

- گۆڕینی پێکهاتەی ناو و ئاوەڵناو بۆ ئاوەڵکار، بەیارمەتی ئامرازی لێکدەر(غازی عەلی خورشید: ٢٠١٣أ: ٦٩)، وەك: (پڕبەدڵ، سەرلەنویٚ، پڕبەگیان...هتد)
- گۆڕینی پێکهاتەی ناو و ئاوەڵناو بۆ ئاوەڵکار، وەك: (شەودرەنگ، بەیانی زوو...هتد)

- گۆڕینی پێکهاتەی ناو و ژمارە بۆ ئاوەڵکار، وەك: (کاتژمێر هەشت، یەکجار، یەکسەر...هتد)
- گۆڕینی پێکهاتەی ناو و ئامرازی نیشانە بۆ ئاوەڵکار، وەك: (ئەمڕۆ، ئەمشەو، ئەمکاتە، ئەوسا، ئەم شوێنە...هتد)(ك.ك.کوردۆییێف: ١٩٨٤: ٣١١ ـ ٣١٢)
- گۆڕینی پێکهاتەی ناو و ئامرازی نیشانە بۆ ئاوەڵکار، بەیارمەتی پاشگر، وەك: (ئەمجارەش، ئەوساش، ئەوکاتیش...هتد)
- گۆڕینی پێکهاتەی ناو و جێناوی خۆیی بۆ ئاوەڵکار، بەیارمەتی پێشگر، وەك: (لە ناوخۆ، لە سەرخۆ...هتد)
- گۆڕینی پێکهاتەی دوو ئامرازی پرس و پێشگر بۆ ئاوەڵکار، وەك: (بێ چەن و چۆن، بێ چی و کێ...هتد)
- گۆڕینی پێکهاتەی ناو یان ژمارە لەگەڵ مۆرفیمی(هەر، دی) بۆ ئاوەڵکار، وەك: (هەرجارێك، جارێکی دی(ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٩٨:٩٠)، هەردوو، هەردەم...هتد)
- گۆڕینی پێکهاتەی ناو و مۆرفیمی(هیچ) بۆ ئاوەڵکار، وەك: (بەهیچ چەشنێك، بەهیچ ڕەنگێك...هتد)(سەرچاوەی پێشوو:٩٩)
- گۆڕینی پێکهاتەی ژمارەی نادیار و ئاوەڵناو بۆ ئاوەڵکار، وەك: (زۆرجوان، گەلێك باش...هتد)

## ٥ ـ پۆلەوشەی ژمـارە:

### أ ـ پۆلگۆڕینی ژمارە:

- پۆلگۆڕینی ژمارە بۆ ئاوەڵکار بەهۆی دووبارەبوونەوەی ژمارە، وەك: (دوودوو، چوارچوار، سێ سێ، یەك یەك...هتد)
- پۆلگۆڕینی ژمارە بۆ ئاوەڵکار بەهۆی لێکدانی دوو ژمارە، بەیارمەتی پێشگر و ئامرازی لێکدەر، وەك: (بێ سێ ودوو، بێ یەك و دوو...هتد)
- پۆلگۆڕینی ژمارە بۆ ئاوەڵکار بەهۆی دووبارە بوونەوەی ژمارە، بەیارمەتی ئامرازی لێکدەر، وەك: (یەکویەك، دووبەدوو، سێ بە سێ...هتد)
- لێکدانی دوو ژمارەی نادیار، وەك: (کەم کەم، گەلێك گەلێك، زۆر زۆر، قیچ قیچ...هتد)

### ب ـ پۆلگۆڕین بۆ ژمـارە:

- گۆڕینی وشەکانی(کیلۆ، مەتر، نەفەر، سەر، بن، دەستە، بەرگ (بابا رەسول نوری: : ٢٠١٢: ١٠٨)، بەش، کەرت، قل، دانە (ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٨٩: ١٠٩)...هتد) بۆ بەشێك لە ژمارە بەیارمەتی پێشگر یان ئامرازی لێکدەر، وەك: (لەشەش بەش سێ بەش، سێ بەش لە شەش بەش، لە دەکەرت چوار کەرت، چوار دانە لە پێنج دانە...هتد)

- گۆڕینی(لە سەر) بۆ بەشێك لە ژمارە و ئەمەیان لە نێوان دوو ژمارە دێت، وەك: (دوو لە سەرسیٚ، پێنج لە سەر بیست... هتد)

### ١ ـ ٥ ـ ٢. لایەنی فۆنۆلۆژی بۆ پۆلگۆڕینی وشە:

بریتییە لە لایەنی درکاندن (گۆکردن)ی وشە بەچەند شێوەیەك، کە ڕاستەوخۆ ئەم درکاندنانە ڕەنگدانەوەی خۆی لە سەر وشە هەیە و دەبێتە مایەی گۆڕینی پۆل و واتای وشە. لایەنی فۆنۆلۆژی لەچەند ڕوویەکەوە پۆلی وشە دەگۆڕێت، ئەویش (هێز و وەستان)ەوە، بەڵام ئەم لایەنەش بۆ گۆڕینی پۆلی وشە بەهەمان شێوەی لایەنی وشەسازی دوور نییە لە کەم و کوڕی.

### ١ ـ ٥ ـ ٢ـ ١. لایەنی هێز بۆ پۆلگۆڕینی وشە:

هێز ((زیادە وزەیەکی دەنگییە لە سەر یەکیٚ لە بڕگەکانی وشەدا سەرهەڵدەدات، بۆ نموونە وشەی (بەڵام) لە دووبڕگە پێکهاتووە (بە+ لام)، هەڵچوونێکی لە پڕیشی دەنگی لە سەر بڕگەی یەکەمدا بە دیدەکرێت، ئەم هەڵچوونە لە سەر بڕگەی دووەمدا نابیسترێت)) (وریا عومەر ئەمین: ٢٠١١: ١٤٦). دیاردەی هێز بۆ گۆڕینی پۆلەوشەکانی زمان لە پۆلێکەوە بۆ پۆلێکی تر لە زۆربەی زمانەکان بەرچاو دەکەوێت(هـ. ج. ویدۆوسن: ٢٠٠٨: ٦٧)، بۆ نموونە لەزمانی کوردیدا شوێنی هێز لە ناوی کار (چاوگ)دا لە سەر دوابڕگەیە، بەگۆڕانی شوێنی هێز بۆ سەر بڕگەی یەکەم، وشەکە دەگۆڕێت بۆ کارو لەهەمان کاتدا واتای ڕستەش دەگەینێت (وریا عومەر ئەمین: ٢٠٠٩: ٢٨٦)، بەڵام لە ئینگلیزیدا پۆلگۆڕین لە نێوان کار و ناو بەشێوەیەکە، کە لەوشەیەکی ناوی و کاریدا ئەگەر هێز خرایە سەر بڕگەی یەکەم ئەوا وشەکە سەر بە پۆلی ناوە و ئەگەر هێز لە سەر دوا بڕگە بێت ئەوا وشەکە دەبێتە کار، بۆ نموونە وشەکانی('Record ،'Refuse) ناون، بەڵام وشەکانی(Re'cord ،Re'fuse) کارن(هـ. ج. ویدۆوسن: ٢٠٠٨: ٦٨)، بەم شێوەیە هەر وشەیەك هێزێکی سەرەکی خۆی هەیەو شوێنەکەی زۆر بە ڕونی دیارەو بە گۆڕینی شوێنەکەی دەبێتە هۆی گۆڕینی پۆل و واتای وشە، هەندێك جار وشەکە گەورەدەکات بۆ ڕستە (عەبدلسەلام نەجمەدین و شێرزاد سەبری: ٢٠١١: ١٤٨)، بۆ نموونە (مردن') چاوگە، بەهۆی ئەوەی شێوینی هێز لە سەر دوا بڕگەیە، بەڵام ئەگەر هێزەکە بخرێتە سەر یەکەم بڕگە(مر'دن)، ئەوا دەبێتە ڕستە و بە واتای (ئەوان مردن) دێت (بازیان یونس محی الدین: ٢٠٠٨: ٩٠)، ئەم لایەنە سنورداره، واتە: لایەنی هێز ناتوانێت، هەموو پۆلەوشەکانی زمان بگۆڕێت و ئەم گۆڕینە لەچەند پۆلەوشەیەك تێپەرناکات، لایەنی هێز بۆ پۆلگۆڕین لەمانەی خوارەوەدا ئەنجامدەدرێت.

١ـ پۆلگۆڕین لە نێوان ناوی کار(چاوگ) و کار:

وەك: نوستن'[ ناوی کار ] ⟵ نو'ستن [ کار ]

مردن'[ ناوی کار ] ⟵ مر'دن [ کار ]

٢ـ پۆلگۆڕین لە نێوان ناو و ئاوەڵناو:

وەك: سەوزە'[ ناو] ⟵ سەو'زە[ ئاوەڵناو ]

جوانە'[ ناو] ⟵ جوا'نە[ ئاوەڵناو ]

٣ ـ پۆلگۆڕین لە نێوان ناو و ئامراز:

وەك: پاشا ʼن[ ناو] ←—— پا ʼشان [ ئامراز ]

### ١ ـ ٥ ـ ٢ـ ٢. لایەنی وەستان بۆ پۆلگۆڕینی وشە:

((وەستان جۆرێكە لە نێوان دەنگێك و دەنگێكی تر، یان لە نێوان وشەیەك و وشەیەكی تر یان گرێیەك و گرێیەك تر یان ڕستەیەك و ڕستەیەكی تر دەبێنریت))(ساكار كمال واحد: ٢٠١٣ :٣٦) یان بە واتایەكی تر: ((وەستان كە كەنالێكی ترە بۆ پەیوەندی نێوان ئاستی وشەسازی و فۆنۆلۆژی لە ڕێگای ئەو واتایەی كە لە مۆرفیم یاخود لە وشە هاوشێوەكاندا بەدەست دێت))(بازیان یونس محی الدین: ٢٠٠٨: ٩٠) و لەبەر ئەوەی فۆنیمێكی لاوەكییە، بۆیە كاردەكاتە سەر دەربڕینی وشە و واتای وشە بە یەكجاری دەگۆڕێت لە پۆلێكەوە بۆ پۆلێكی تر، یان گۆڕینی واتای وشەیەك بۆ ڕستەیەك، چونكە زۆر كار هەیە لە ئاستی ژێرەوەدا ڕستەن، بە تایبەتیش كارە تێنەپەڕەكان، وەك: (مردن، كەوتن، خەوتن...هتد). وەستان بەهەمان شێوەی هێز دەوری چالاك دەگێڕێت لە گۆڕینی پۆلەوشەكان لە ڕستەدا.

١ ـ پۆلگۆڕینی ناو بۆكار:

وەك: ـ دەركە|[ ناو] ←—— دەر|كە= دەربكە[ كار ] (فتاح مامە علی:١٩٨٩:١٢)

ـ نەمام|[ ناو] ←—— نەما|م [ كار ](بازیان یونس محی الدین: ٢٠٠٨: ٩١)

٢ ـ پۆلگۆڕینی ئاوەڵكار بۆ كار:

وەك: ـ بە|ڕێكەوت [ ئاوەڵكار ] ←—— بەڕێ|كەوت [ كار ]

٣ ـ پۆلگۆڕینی ئاوەڵناو بۆ ناو:

وەك: ـ ئەم كچە بە|نازە [ ئاوەڵناو] ←—— ئەم كچە|بەنازە [ ناو ](ساكار كمال واحد: ٢٠١٣: ٣٩)

ـ كۆشكی|سپی خۆشە [ ئاوەڵناو] ←—— كۆشكیسپی|خۆشە[ ناو ]

لایەنی فۆنۆلۆژی (هێز، وەستان) لایەنێكی یەكلاكەرەوەی ڕەها نییە بۆ گۆڕینی پۆلی وشەكان، لێرەدا لایەنی ڕستەسازی بۆ گۆڕینی پۆلی وشە، تا ڕادەیەكی زۆر ڕەهایە بۆ گۆڕینی پۆلی وشە لە پۆلێكەوە بۆ پۆلێكی تر، چونكە وشە تا نەخرێتە قاڵبی ڕستە ناتوانێت پۆلی خۆی یەكلابكاتەوە، ئەمەش لە ڕێگای شوێن و ئەركی وشەكەوە دەبێت. (محەمەد مەعروف فەتاح: ١٩٩٠: ٨١)

### ١ ـ ٥ ـ ٣. لایەنی ڕستەسازی بۆ پۆلگۆڕینی وشە:

بریتییە لە كاریگەری ڕستە بۆ گۆڕینی پۆلی وشە لە پۆلێكەوە بۆ پۆلێكی تر، واتە: ڕستە لایەنێكی سەرەكییە بۆ گۆڕینی پۆلی وشە و دیاركردنی پۆلی وشە، ئایا وشەكە سەر بەكام پۆلە، چونكە لایەنی وشەسازی و لایەنی فۆنولۆژی تا ڕادەیەك كەموكوڕی تێدایە لە ڕووی گۆڕینی پۆلی وشەكان، هەندێك جار وشە بەشێوەیەك تێكەڵدەكەن، كە خودی زمانناس و شارەزایانی ڕێزمانیش ناتوانن بڕیار لە سەر پۆلی وشەكە بدەن ئایا سەر بەكام پۆلە، بۆ نموونە وشەكانی(ژێر، بن، تەنیشت، پشت، لا، ناو، سەر، پێش...هتد) تا ئێستا بڕیاری كۆتایی لە سەر نەدراوە ئایا سەر بە پۆلی ناوە یان ئاوەڵكارە؟ هەروەها چەندین وشەی تر هەیە، لەوانە: (مناڵ، مەزن، كچ، كوڕ...هتد)

چەند وشەیەکن، کە باری دوولایەنییان هەیە، واتە: ناون و لە هەمانکاتدا ئاوەڵناون (شێرکۆ بابان: ٢٠١٤: ٤٩)، ئەمەش وایکردووە، کە ڕێزماننووسان و شارەزایانی زمان بین بە چەند بەرەیەك و هەریەکەیان لە سەر پۆلی ئەم وشانە بۆچوونی جیاوازیان هەبێت.

بەشی سێیەمی توێژینەوەکەمان تایبەتە بە لایەن و هۆکاری ڕستەسازی بۆ گۆڕینی پۆلەوشەکان بە شێوەیەکی پراکتیکی، بەڵام لەم تەوەرەدا تەنیا بۆ ئاشناکردنی لایەنی ڕستەسازی، چەند نموونەیەك دەخەینە پێش چاو.

## أ ـ پۆلگۆڕینی ناو:

١ ـ پۆلگۆڕینی ناو بۆ ئاوەڵناو:

وەك: ـ کاوەی ئاسنگەر زوحاکی لە ناو برد ـ ئازاد پیـاوە .

ن ← ئا    ن ← ئا

٢ ـ پۆلگۆڕینی ناو بۆ ئاوەلکار:

وەك: ـ ئەوان شەو دەڕۆن    ـ دوێنێ کارەکەیان کرد

ن ← ئاو    ن ← ئاو

## ب ـ پۆلگۆڕینی ئاوەڵناو:

١ ـ پۆلگۆڕینی ئاوەڵناو بۆ ناو:

وەك: ـ جوان قوتابیەکی زیرەکە    ـ دڵپاك لە شیرین گەورەترە.

ئا ← ن    ئا ← ن   ئا ← ن

٢ ـ پۆلگۆڕینی ئاوەڵناو بۆ ئاوەڵکار:

وەك: ـ منداڵەکە جوان دەڕوات.    ـ ئەو بەرز دەفرێت.

ئا ← ئاو    ئا ← ئاو

## ج ـ پۆلـگۆڕینی ئاوەڵکار:

پۆلگۆڕینی ئاوەڵکار بۆ ئاوەڵناو:

وەك: ـ خوێندنی هەمیشە بە زیانە.    ـ ژیانی ئەوسا سادەبوو.

ئاو ← ئا    ئاو ← ئا

## د ـ پۆلـگۆڕینی کار:

١ ـ پۆلگۆڕینی کار بۆ ناو:

وەك: ـ نۆهات قوتابی یە.    ـ دەستکەوت لە ماندوو بووندا پەیدادەبێت.

ك ← ن    ك ← ن

٢ ـ پۆلگۆڕینی کار بۆ ئاوەڵناو:

وەك: ـ کاری لەدەستچوو ناگەڕێتەوە    ـ کەشتی نقوومبوو ژەنگ هەڵدێنی

ك ← ئا    ك ← ئا

٣ ـ پۆلگۆڕینی کار بۆ ئاوەڵکار:

وەك: ـ پیاوەكە بە ماستاوكرد زانی.          ـ كرێكارەكە بە دەست بڕی كاردەكات.

ك ←── ئاو          ك ←── ئاو

## هـ ـ پۆلگۆڕینی ژمـارە:

١ ـ پۆلگۆڕینی ژمارەی نادیار بۆ ئاوەڵكار:

وەك: ـ من گۆشتم زۆر برژاند.          ـ منداڵەكە تۆزێك دەڕوات.

ژ نا ←── ئاو          ژ نا ←── ئاو

٢ ـ پۆلگۆڕینی ژمارەی نادیار بۆ جێناو:

وەك: ـ زۆریان هاتبوون.          ـ كەم یان دەرچوون.

ژ نا ←── ج          ژ نا ←── ج

## و ـ پۆلـگۆڕینی ئامرازی پرس:

١ ـ پۆلگۆڕینی ئامرازی پرس بۆ ئاوەڵناو:

وەك: ـ كام وڵات خوشە؟          ـ چ كتێبێك بە سوودە؟

ئام پ ←── ئا          ئام پ ←── ئا

٢ ـ پۆلگۆڕینی ئامرازی پرس بۆ ئاوەڵكار:

وەك: ـ ئێوە لەكوێ دەخوێنن؟          ـ ئێوە چۆن هاتوون؟

ئام پ ←── ئاو          ئام پ ←── ئاو

## ١ ـ ٦. هۆكارەكانی پۆلگۆڕینی وشە:

ئەگەر ئاوڕێك لە هۆكارەكانی پۆلگۆڕینی وشە بدەینەوە لە زمانی كوردیدا، دەبینین زۆرن ئەو هۆكارانەی دەبنە هۆی دروستبوونی پۆلگۆڕین لە زماندا، بە تایبەتی هۆكارە زمانی و مێژوویی و دەروونی و سیاسییەكان، بەڵام ئەم هۆكارانە مەرج نییە لە هەموو زمانێكی گێتی وەك یەك بن، بۆ نموونە زمان هەیە، هۆكاری زمانی زۆرە بۆ پۆلگۆڕینی وشە، بە پێچەوانەوە زمانی وا هەیە زمانێكی ئیشتقاقی نییە، بۆیە ئەم هۆكارەی نییە، بۆ نموونە زمانی (ڤێتنامی و چینی) لەو زمانانەن، كە هەر پۆلەوشەیەك شێوەی جیاواز و تایبەتی خۆی هەیەو پێویست ناكات پۆلەكان خۆیان بگۆڕن (Crume, J. 2005: 91) بە پێچەوانەی زمانی كوردی، كە هەمیشە وا دەخوازێت پۆلەوشەكان خۆیان بگۆڕن بۆ دەوڵەمەندكردنی پۆلی تر. لەخوارەوە هەوڵدەدەین هەندێك لەو هۆكارانە بخەینە بەرچاو، كە دەبنە هۆكاری پۆلگۆڕینی وشە لە زمانی كوردیدا.

### ١ ـ ٦ ـ ١. كەمی ئەندامانی پۆلەوشەیەك:

ئەمە هۆكارێكی سەرەكییە لە زماندا، زۆر جار دەبینین هۆكاری كەمی یان نەبوونی هەندێك لە ئەندامانی پۆلێك لە پۆلەوشەكان، دەبێتە هۆی ئەوەی بۆ پڕكرنەوەی ئەم بۆشاییە، پۆلەكە پەنا بۆ وەرگرتنی پۆلێكی تری زمان ببات. بۆ نموونە، كەمی ئاوەڵكار لە زمانی كوردیدا وایكردووە، كە ئەم پۆلە بەشێوەیەكی بەرچاو پۆل لە پۆلەوشەكانی تر وەربگرێت. هەندێكیان بە دەستكارییەوە وەردەگرێت و بەزیادكردنی (گیرەك) بۆیان و هەندێكی تریان وەكو خۆی وەردەگرێت بەبێ ئەوەی دەستكاری بكرێت (شلێر رەسول بەرزنجی: ١٩٨٩: ٤١). بۆ نموونە، ناوەكانی (سەر، لا...هتد)

وەردەگرێت و وەکو ئاوەڵکاری شوێنی بەکاردەهێنێت. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە هیچ ئاوەڵکارێکی تر نییە لە شوێن ئەمانە بەکاربێن و ڕۆڵی ئەمانە ببینن، لە لایەکی ترەوە نەبوون و کەمی ئاوەڵکاری کات وادەکات، کە ناوەکانی کات (زوو، درەنگ، دوێنێ، شەوێ، ئەمڕۆ، سبەینێ، هاوینێ، شەوێ...هتد) چەندانی تر بە دەستکاری و بێ دەستکاری بۆ پڕکرنەوەی چاڵی ئاوەڵکاری کات وەربگرێت. هەروەها مەرج نییە ئاوەڵکار تەنیا لە پۆلی ناوەکان وشە وەربگرێت، بۆ نموونە ئاوەڵکار بۆپڕکردنەوەی چاڵی ئاوەڵکاری ڕێکخستن، پۆل لە ژمارەی دیار[1] وەردەگرێت، وەك: (دوودوو، یەك یەك... هتد)، هەروەها بۆ ئاوەڵکاری چەندێتی پۆل لە ژمارەی نادیار وەردەگرێت، وەك: (زۆر، هەندێك، گەلێك، کەم، تۆزێك... هتد)،و بۆ ئاوەڵکاری چۆنیەتی پۆل لە ئاوەڵناوی چۆنیەتی (جوان، باش، خێرا، هێمن، ئازاد، پەلە، توند... هتد) وەردەگرێت.

ئەم هۆکارە تەنیا تایبەت نییە بە گۆڕینی پۆلەوشەکانی تر بۆ ئاوەڵکار، بەڵکو هەبوونی چەندین ناوچەی بیر لە زماندا بەشێوەیەکی گشتی بۆ ئاوەڵناو، کە ژمارەیان حەوت ناوچەیەو ئاوەڵناوەکانیش بە پێی ئەم ناوچانە پۆلێن کراون بۆ حەوت جۆر ئەوانیش: (بارستایی، ڕەنگ، تایبەتی فیزیکی شت، تایبەتی کەسی، خێرایی، تەمەن، بەها)یە، ئاوەڵناوەکانی زمانی کوردی بە پێی ئەو پۆلەوشانەی کە هەیەتی، تەنیا سێ لەو ناوچانەی پڕکردووەتەوە، ئەوانیش: (بارستایی، ڕەنگ، ڕوالەت) ن(محەمەد مەعروف فەتاح: ١٩٩٠: ٨٣ ـ ٨٥)، بۆیە زمانی کوردی ناچار بووە بۆ پڕکردنەوەی ناوچەکانی تری ئاوەڵناو پەنا بباتە بەر گۆڕینی پۆلەوشەکانی ترو بەکارهێنانی وەکو ئاوەڵناو ئاسا (محەمەد مەعروف فەتاح: ٢٠١٠: ٣١٩)، وەك: (بێشەرم، شەڕانی). هەروەها لە زماندا نەبوونی ناوێکی گونجاو بۆ ناونانی چەمکێك یان شتێك وایکردووە، کە ناوەکە لە پۆلێکی تر وەربگرێت، بۆ نموونە (چلە، سەدە، حەفتە... هتد) ئەم ناوانە لە پۆلی ژمارەوە وەرگیراون، هەورەها ناوەکانی (نەخۆش، دەستکرد، پۆشاك، پرسە... هتد) لە پۆلەکانی ئاوەڵناو و ڕەگی کار وەرگیراون.

### ١ ـ ٦ ـ ٢. پێشکەوتن و گەشەکردنی زمان:

ئەم هۆکارە دەبێتە مایەی گۆڕینی پۆلەوشەیەك بۆ پۆلێکی تر و لە ئەنجامی ئەم ڕاگوێزانە وشە خاسیەتی پێشووی نامێنێت و شێوەی نوێ وەردەگرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەرکی ڕستەسازی دەگۆڕێت، بۆ نموونە (چای شیرین خۆشە) لێرەدا (شیرین) ئاوەڵناوە، بەڵام کە دەڵێین: (شیرین قوتابییە) لێرەدا (شیرین) ناوە، ئەمەش بەهۆی ئەو گەشەسەندن و پێشکەوتنەوە بوو، کە زمانی کوردی بەخۆیەوە بینی، ئەمەو چەندین ئاوەڵناوی تر گۆڕان بۆ ناو(ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٩: ١٣).

---

١. مەبەستمان لە ژمارەی دیار واتە: ژمارەی ئاساییە (بنجی و کەرتی و ڕێکخستن)، بەڵام ژمارەی نادیار هەموو ئەو وشانەیە، کە لە زۆربەی سەرچاوەکاندا بە (ڕادە) ناویانبردووە، واتە: زۆربەی زمانەوانە کوردەکان ئەم ژمارەیان بە بەشێکی سەربەخۆو بەناوی ڕادە خستوویانەتە پێش چاو .

### ١ ـ ٦ ـ ٣. كاتێكی تایبەت و گۆڕینی پۆلەوشە:

كات و سەردەمێكی تایبەت و دیاركراو هۆكارێكی تایبەتە بە گۆڕینی هەندێك لە پۆلەوشەكان لە زمانێكی دیاركراودا، چونكە زۆرجار سەردەمێكی تایبەت بە ئاخێوەرانی زمانێك وادەكات، كە وشەیەك پۆلی خۆی بگۆڕێت، ئەمەش بۆ ئەو بارە دەگەڕێتەوە، كە میللەتی خاوەن زمان تێكەوتووە، بۆ نموونە لەسەدەی بیستەمدا بە تایبەتی لە نیوەی دووەمدا، ناوی كوردی زۆر بوو، ئەمە وایكرد، كە بۆ ناونانی مندالأنی كورد بە دەیان و سەدان ئاوەڵناو ببنە ناوو خۆیان بۆ ناو بگۆڕن (شێركۆ بابان: ٢٠١٤: ٢٢)، لەوانەش: (جوان، شیرین، ئازاد، سەربەست، دڵشاد، دڵپاك، دڵدار، زیرەك...هتد)، هەروەها جگە لە ئاوەڵناو، ناوەكان لە پۆلەكانی تریش وەرگیران، بۆ نموونە: (دڵخۆش، ڕێگر...هتد) كە لە ئەنجامی ڕەگی كار و ناوەوە وەرگیراون بۆ ئاوەڵناو و دواتر بۆ ناو بەكارهاتوون.

### ١ ـ ٦ ـ ٤. لەدایك بوونی وشەی نوێ و وەرگێران:

پێشكەوتنی جیهان هۆكارێكە بۆ گۆڕینی زمان و دەوڵەمەندكرنی یەكەكانی زمان، چونكە پێشكەوتن بە شێوەیەكی گشتی لەدایكبوونی چەندین ئامێری جۆراوجۆر بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی لێدەكەوێتەوەو گۆمانی تێدا نییە، ئەو ئامێرانە ناوی نوێیان پێویستە. ئەم ئامێرانە لە چوار چێوەی هەر زمانێكدا لەدایك ببن، زمانەكە دەبێتە خاوەنی و بۆ ئەمەش ناوێكی بۆ دادەنرێت. بۆ نموونە، لە بواری ئەندازەی كارەبا زیاتر لە چوار ملیۆن چەمك هەیە، كەچی گەورەترین فەرهەنگی وشە لەشەش سەدهەزار تێپەرناكات (ڕۆژان نوری عەبدوڵا: ٢٠١٣: ١٢٩)، زمانی كوردی بۆ ئەوە هەوڵدەدات، كە لەچوارچێوەی زمانەكەی خۆیدا ناوێك بۆ هەمان شت دابنێت، بەڵام ئەگەر ناوێكی گونجاو نەدۆزرایەوە ئەوە ناچاردەبێت ناوەكە لە پۆلێكی تر وەربگرێت و پەنابباتەبەر وەرگێرانی وشە بە وشە، بەمەش پۆلگۆڕین ڕوودەدات، بۆ نموونە:

مبریدە= ساردكەرەوە [ ناوە ] لە ئاوەڵناو و ڕەگی كار و پاشگر وەرگیراوە

سماعە= بڵندگۆ [ ناوە] لە ئاوەڵناو و ڕەگی كار وەرگیراوە

Cycle= دووچەرخە [ناوە] لە ژمارە و ناو و پاشگر وەرگیراوە

### ١ ـ ٦ ـ ٥. هەبوونی وشەی دوو ڕواڵەت لە زماندا:

هەندێك لە زمانەكان بە گشتی و لەوانەش زمانی كوردی، چەند وشەیەكیان هەیە كە لە سەرچاوەكاندا بە وشەی دوو ڕواڵەتی ناسراون، واتە: وشەیەكە سەر بە دوو بەشە ئاخاوتنە، ئەو وشانە تا ئێستا زمانەوانەكان بەتەواوی یەك ڕا نەبوونە لە سەر یەكلاكردنەوەی پۆلەكەیان. بۆ نموونە: (كچ، كوڕ، ژن، پیاو، مەزن، بچوك، لاو، پیر، گەنج، مندالْ... هتد) لە شێوەی سادەو وشەكانی: (هەزارپێ، سێگۆشە، چوارگۆشە، بازنە، دووشانە... هتد) لە شێوەی ناسادە. واتە: ئەم وشانە بە شێوەیەكی ڕەها لە ڕووی پۆلەوە نازانرێت ئایا سەر بە ئاوەڵناون، یان ناون؟ بۆیە هەبوونی ئەم جۆرە وشانە، جۆرە گۆڕانێك دروستدەكات لە زماندا، لە پۆلەوشەیەكەوە بۆ یەكێكی تر.

وەك: ـ <u>منداڵێك</u> هات. ـ ئازاد <u>منداڵە</u>. ـ <u>چوارگۆشە</u> چوارلایە. ـ تابلۆیەكە <u>چوارگۆشەیە</u>.

ن ⟵——→ ئا        ن ⟵——→ ئا

### ١ ـ ٦ ـ ٦. هۆکاری دەروونی بۆ ناونان:

وەرگرتنی پۆلە وشەکانی ترو بەکارهێنانیان وەك ناوی تایبەتی یان گشتی بۆ کەسان و شت و ڕووداو، زۆر جار تێکەڵی لایەنی دەروونی دەبێت و هۆکارێکە بۆ پۆلگۆڕینی وشەیەك یان چەند وشەیەك بۆ پۆلی ناو، ئەمەیان بە چەند شێوەیەك دەبێت و لەو کاتانەدا ڕوودەدات، کە مرۆڤ هەستی خۆی بە چاکی یان بە خراپی یان سەرسامبوونی تەواوی خۆی بۆ کەسایەتییەك یان ڕووداوێك یان گیانلەبەرێك دەرەدەبرێت، پاشان هەڵدەستێت بە پێی ئەو هەستە، وەسفەکە دەگۆڕێت بۆ ناو، لە ئەنجامدا منداڵەکەی بەو وەسفە ناو دەنێت، ئەمەشیان هۆکارە بۆ ئەوەی چەندین ناو لەپۆلەکانی تر وەردەگرێت. بۆ نموونە (قارەمان، شیرین، جوان، ئازا، زیرەك، ڕێکەوت، سەرکەوت...هتد) ناو نین، بەڵام زاڵبوونی هەست بەسەر کەسی ناولێنەر، وایکردووە ئەمانە بکاتە ناوی منداڵ (شوکور گەلالی: ٢٠١٠أ: ١٠٥)، ئەمە پەیوەستە بەهەستی کەسی ناولێنەر بە پێی ئەو چرکە و ساتەی، کە منداڵەکە تێدا لەدایك دەبێت. واتە: ئەگەر ئەو کەسە چانسێکی وای هەبێت، لە چرکەساتێکی خۆش و تەندروست لەدایك ببێت، ئەوا هەموو ئەو پۆلەوشانەی کە دەلالەت لەخۆشی و بەختەوەری دەدەن، کەسی ناولێنەر یەکێك لەوان هەڵدەبژێرێت و دەیگۆڕێت بۆ ناوی منداڵەکەو بەکاری دەهێنێت، بە پێی ڕەگەزی منداڵەکە. بۆ نموونە، ناوەکانی: (کامەران، بەختیار، گەلهات، لێهات، دڵشاد، دڵپاك، شاد، تەبا... هتد) زۆربەیان هەستی خۆشی و گەشبینی دەبەخشن و هەموویان لەپۆلەوشەکانی تر وەرگیراون بۆ پۆلی ناو (ڕێژنە ئیسماعیل: ٢٠٠٩: ٤٤)، بەپێچەوانەشەوە ناوەکانی: (غەمبار، ڕەشپۆش، بێزار، بریندار، زامدار...هتد) هەستی ناخۆشی و ڕەشبینی دەگەیەنن و لە پۆلەکانی تر وەرگیراون، وەك ناو بەکارهاتوون، ئەمانە پەیوەستن بەو کات و ساتانەی، کە بەسەر کورددا هاتوون ،وەك: (ڕاپەڕین، کیمیابارانی هەڵەبجە، هاتنەخوارەوەی پێشمەرگەو ئازادکردنی کوردستان...هتد) وایکرد کە  کە پۆلی ناو، زۆر پێویستی بەوەرگرتنی پۆلەکانی تر هەبوو، ئەو پۆلانەی کە پەیوەست بوون بەم ساتانەوەو پۆلەوشەی ناو نەیدەتوانی بەتەنیا ئەم بۆشاییە پڕبکاتەوە، بۆیە ناچاربوو، بۆ دەوڵەمەندکردنی پۆلی خۆی ناو لە چەندین پۆلی تر وەربگرێت.

هەندێکجار بەبێ هۆکارێکی ناخۆش، یان خۆش کەسە ناولێنەرەکە کەسێکی ڕەشبینە، یان گەشبینە، بەم هۆیەوە چەندین پۆلەوشە وەردەگرێت و دەکاتە ناو بۆ منداڵەکان.

### ١ ـ ٦ ـ ٧. هەبوونی وشەی هاوپیت لە زماندا:

زمانی کوردی وەك هەموو زمانەکانی تر، بەشێك لە وشەکانی، خوێندنەوە و نوسینیان وەك یەکە و ئەمەش بە وشەی (هاوپیت) ناسراون، هەندێك لەو وشە هاوپیتانە هەرچەندە لە ڕووی واتاوە جیاوازن، بەڵام سەر بە یەك پۆلەوشەی زمانن (محەمەد مەعروف فەتاح و سەباح ڕەشید: ٢٠٠٦: ٦٨)،

ئەوەی بەلامانەوە گرینگە ئەو وشە هاوپیتانەن، کە لە ڕووی واتا و پۆلە وشەوە جیاوازن و ئەمانەش هۆکارێکن بۆ پۆلگۆڕینی پۆلی وشە.

وەك: (بەری میوەو درەخت و گیاوگوڵ) بەر [ ناو ] ⟵⟶ [ ئاوەڵکار ]بەر(بەر و لاتەنیشتی شت)

(گوناح) سوچ [ ناو ] ⟵⟶ [ ئاوەڵکار و ئاوەڵناو] سوچ (زاوییە= گۆشە)

(ڕۆژان نوری عەبدوڵلا: ٢٠١٣: ٢٣٥)

## ١ ـ ٦ ـ ٨. هەبوونی وشەی خوازە لە زماندا:

وشەکانی زمانی کوردی زۆرجار بەهۆی خوازەوە پۆلەوشەی خۆیان دەگۆڕن، ئەمەش بەزۆری پۆلەوشەی (ناوە) دەگۆڕێت بۆ (ئاوەڵناو)، واتە: ناوێك واتایەکی بنجی خۆی هەیە، دەگوزرێتەوە بۆ واتایەکی ئاوەڵناوی و لەئەنجامدا پۆلگۆڕین دروست دەبێت، ئەمەیان دەگەڕێتەوە بۆ یەکێك لە ئاکارەکانی ناوەکە (شێرکۆ بابان: ٢٠١٤: ٢١)، ئەم گۆڕینە تاڕادەیەك ڕێژەییەو لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی ترو لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر گۆڕانکاری تێدەکەوێت. واتە: ئەو ئاوەڵناوەی، کە لە ناو و لە پۆلەفۆڕمەکان خوازراوە، مەرج نییە لە لایەن هەموو کۆمەڵگایەك یان لە لایەن هەمووکەسێك ئەو واتایە بدات، چونکە ئەم واتا خوازراوانە بە پێی ئاستی ڕۆشنبیری و داب و نەریتی کۆمەلایەتی و بە پێی کات دەگۆڕدرێت (طالب حسین عەلی: ٢٠١١: ٢٣)، هەروەها تایبەتە بە تاقیکردنەوەی قسەکەر و تاڕادەیەك ڕێککەوتنی کۆمەڵی لە سەرە. بۆ نموونە، ژمارە (سێزدە) یان ناوی (کوندەبەبۆ)، کە لە ناو کۆمەڵگای کوردیدا (شومی) دەگەیەنێت (عەبدولواحید موشیر دزەیی: ٢٠١١: ١٠٧) و ژمارە (حەوت) لە ناو کۆمەڵگای ئیسلامیدا پیرۆزی دەگەیەنێت. هەروەها ناوی جولەکە، واتە کەسێك کە سەر بە ئاینی جووە، لە ناو هەندێك کۆمەڵگای ڕۆژهەلاتیدا گوازراوەتەوە بۆ ئاوەڵناوی (ڕەزیل، ترسنۆك، بێ بەزەیی) (طالب حسین عەلی: ٢٠١١: ٢٣)، بەلاَم هەمان ئەم ناوانە لە هەندێك کۆمەڵگای تر تەواو پێچەوانەی ئەم واتایانە دەگەیەنن. بۆ نموونە، ناوی (کوندەبەبۆ Owl ,) لە ناو کۆمەڵگای ئینگلیزی گوازراوەتەوە بۆ ئاوەڵناوی (گەشبین) (عەبدولواحید موشیر دزەیی:٢٠١١: ١٠٨)، هەروەها ناوی (جولەکە) لەهەندێك کۆمەڵگادا بە تایبەتیش لە ناو کۆمەڵگایە ڕۆژئاواییەکان، بە واتای ئاوەڵناوی (زیرەك، دەوڵەمەند، بالادەست...هتد) دێت. ئەمەیان زۆرجار بە پێی کات و سەردەمێکی دیارکراو دەگۆڕێت و وشەیەك دەخوازرێت بۆ ئاوەڵناوێکی دیارکراو، لێرەدا وشەی خوازراو هۆکاری سەرەکی ئەم پۆلگۆڕینەیە، بۆ نموونە ناوی (ڕۆستەم) جاران تەنیا ناوی پیاوێك بووە، کەچی ئێستا هەمان ناو سەرەڕای واتا بنجییەکەی خوی، گۆڕاوە بۆ ئاوەڵناوی (پەهلەوان) (عەبدولسەلام نەجمەددین و شێرزاد سەبری: ٢٠١١: ٣٠٧)، ئەم پۆلگۆڕینانەش بۆ واتای خراپ و باش بەکاردێن.

وەك:

زێڕ [ ناو ] ⟵ [ ئاوەڵناو] زێڕ (باش)

گوڵ [ ناو ] ⟵ [ ئاوەڵناو ] گوڵ (باش و جوان)

شێر[ ناو ] ⟵ [ ئاوەڵناو ] شێر (ئازا)

کەر [ ناو ] ⟵ [ ئاوەڵناو ] کەر (بێ مێشك)

سەگ [ ناو ] ⟵ [ ئاوەڵناو] سەگ (زۆرزان)

بەراز [ ناو ] ←—— [ ئاوەڵناو] بەراز (دلرەق و ملهور)

کەمتیار [ ناو ] ←—— [ ئاوەڵناو] کەمتیار (مەترسیدار و بنبڕ)

کرم [ ناو ] ←—— [ ئاوەڵناو] کرم (ورد لە ئیشدا)

سیخوڕ [ ناو ] ←——[ ئاوەڵناو] سیخوڕ (ناپاك) (شێرکۆ بابان: ٢٠١٤: ٢١)

ڕۆستەم [ ناو ] ←—— [ ئاوەڵناو] ڕۆستەم (پەهلەوان و بەهێز)

(عبدولسلام نەجمەددین و شێرزاد سەبری: ٢٠١١: ٢٠٧)

تاوس[ ناو ] ←—— [ ئاوەڵناو] تاوس (جوان)

ڕێوی[ ناو ] ←—— [ ئاوەڵناو] ڕێوی (فێلباز)

عادی [ ناو ] ←—— [ ئاوەڵناو] عادی لە هەندێك کۆمەڵگا لەوانەش کۆمەڵگای کوردی بە واتای(خراپ)

کوندەبەبۆ[ ناو ] ←—— [ ئاوەڵناو] کوندەبەبۆ (شومی) لە ناو کۆمەڵگای کوردیدا

کوندەبەبۆ[ ناو ] ←—— [ ئاوەڵناو ] کوندەبەبۆ (گەشبین) لە ناو کۆمەڵگای ئینگلیزیدا

سێزدە[ ژمارە ] ←——[ ئاوەڵناو] سێزدە (شومی، بێ بەخت) لە ناو کۆمەڵگای کوردیدا

(عەبدولواحید موشیر دزەیی: ٢٠١١: ١٠٧ ـ ١٠٨)

مەڕ [ ناو ] ←—— [ ئاوەڵناو ] مەڕ (هەژار و بەستەزمان)

مشك [ ناو ]←—— [ ئاوەڵناو ] مشك (ترسنۆك، زۆرورد)

جولەکە[ ناو ]←—— [ ئاوەڵناو ] جولەکە: لە ناو هەندێك لە کۆمەڵگایە ڕۆژهەلاتییەکان بە واتای: (ڕەزیل، ترسنۆك، بێ بەزەیی) (طالب حسین عەلی: ٢٠١١: ٢٣ـ٢٤)

جولەکە[ ناو ] ←—— [ ئاوەڵناو ] جولەکە: لە ناو کۆمەڵگایە ڕۆژئاواییەکان بە واتای (دەوڵەمەند، زیرەك، دەسەلاتدار)

حەوت[ ژمارە ] ←—— [ ئاوەڵناو ]حەوت: لە ناو لە کۆمەڵگایە ئیسلامییەکان بە واتای (پیرۆز)

چێڵ[ ناو ] ←—— [ ئاوەڵناو] چێڵ (زۆرخۆر)

## ١ ـ ٦ ـ ٩. گۆڕینی هەندێك لە مۆرفیمە سەربەخۆییەکان بۆ مۆرفیمی بەند:

لە زماندا زۆرجار بەهۆی هۆکاری جیاجیاو بەهۆی پێویستی، هەندێك وشەی نوێ وادەخوازێت، بەشێك لە مۆرفیمە سەربەخۆیەکان خۆیان بگۆڕن بۆ (پێشگری ناو) و بۆ دروستکردنی وشەی نوێ، ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی هەندێك لە پۆلەوشەکان پۆلی خۆیان بگۆڕن لە هەندێك بەکارهێناندا، بۆ نموونە وشەکانی: (لا، ژێر، شا، بەر، سەر، بن، دوا، پێش، پاش ...هتد) (ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٩: ١٤)، کە سەر بە پۆلەوشەی (ناو، ئاوەڵکار)ن، بۆ پێوستی و دروستکردنی هەندێك وشەی نوێ خۆیان دەگۆڕن بۆ پۆلی داخراو (پێشگر) و دەبنە بەشێك لە پێکهاتەی وشەی نوێ، ئەمە بۆ هۆکاری کەمی ژمارەی (پێشگرە ناوییەکان) بەرامبەر بە (پاشگرە ناوییەکان) دەگەڕێتەوە.

وەك: لا [ ناو ] ←———— [پێشگر ]لاسەنگ (لاچاو، لایەنگیر، لاکێشە، لاپاڵ، لادێ...هتد)

شا[ ناو ] ←———— [ پێشگر ]شاباز (شابەندەر، شاگوڵ، شاپەڕ، شاباز...هتد)

بەر [ ناو/ ئاوەڵکار ] ←—— [پێشگر ] بەرچاو (بەرئەنجام، بەردەست...هتد)

سەر [ ناو/ ئاوەڵکار ] ←——[ پێشگر ] سەر (سەرکەوت، سەرگرت...هتد)

### ١ ـ ٦ ـ ١٠. هزری ڕۆشنبیری تاك و دەربڕینی جوان:

دەربڕینی جوان و پێشکەوتن و بەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیری تاك وایکرد، کە چەندین وشە و گوتنی ناشیرین و هەست برینداركەر بگۆڕدرێن و لە شوێنی ئەوان وشەی جوان و بەڕێزتر بەکاربێت، ئەمەش بۆ ڕێزگرتن و دڵڕاگرتنە (عەبدولواحید موشیر دزەیی: ٢٠١١: ١٩٦)، ئەمەشیان هۆکارە بۆ ئەوەی پۆلەوشەکان خۆیان بگۆڕن و لە شوێنی وشەی کۆن، وشەیەکی جوانتر بەکار بێت و مەرج نییە سەر بەهەمان پۆل بێت.

درۆ [ ناو ] ←—— [ ئاوەڵناو] ناڕاست

پیاوەکە[ ناو ] ←—— [ ئاوەڵناو ] بەڕێز

وەك: کوێر [ ناو ] ←—— [ ئاوەڵناو]نابینا

ژنەکە [ ناو] ←—— [ ئاوەڵناو ] خاتوون

## ٢. پەیوەندیی وشە بە ڕستـــــەوە

### ٢ ـ ١. وشەسازیی ئەرکی:

وشەسازیی ئەرکی بەشێکی گرینگی وشەسازییە، کە گرینگی دەدات بە بەکارهێنانی قەد و دەستور، وشەسازی و ڕستەسازییەکان و تایبەتمەندی وشە (عەبدولواحید موشیر دزەیی: ٢٠١٤: ٢١)، هەروەها لێکۆڵینەوە لەو پەیوەندییە دەکات، کە لە نێوان گەردانکردنی وشە و ئەرکی ڕستەسازیدا هەیە. وەك: ئەو پەیوەندییەی کە لە نێوان(کوڕ) و (کوڕان)دا هەیە، لێرەدا گەردانکردنی وشە بە ڕێگای مۆرفیمی کۆ (ان) ئەرکەکەی لەو پێکهاتەیە دیاردەکات (رمزی منير بعلبكی: ١٩٩٠: ٢٤٦) و گرینگی بە لایەنی واتاو ئەرکی وشە دەدات لە ناو ڕستەدا، بەبێ ئەوەی گرینگی بە ڕۆنان و پێکهاتەی وشەکان بدات (عەبدولسەلام نەجمەدین، شێرزاد سەبری:٢٠١١: ٩٢). ئەمەش لە چوارچێوەی ڕستەدایەو بە ڕێگای ئەو ئەرکە گۆڕانکاری بەسەر پێکهاتەی ڕێزمانیدا دێت و ئەرکی پێکهاتەکەش دیاردەکرێت. وەك: (ملیۆنەها) بۆ کۆیەو بەهۆی مۆڕفیمی (ها)ی کۆ، (گوندەکە) و (گوندێك) بەهۆی مۆڕفیمی ناسراو (ەکە) و مۆڕفیمی نەناسراوی (ێك)، بۆ ناسراو و نەناسراو گەرداندەکرێن (ڕەفیق شوانی:٢٠١١: ٢٣). هەروەها ڕەواندنەوەی لێڵی ڕستە لایەنێکی تری وشەسازیی ئەرکییە. ئەگەر نموونەیەك لە ڕستەی لێڵی وەربگرین.

وەك: Church gothic in live artist. ـ

ـ هونەرمەند دەژیت لە گۆتیك کلێسە.

بۆ ئەوەی لەم لێڵییە ڕزگارمان بێت پێویستە پەنا بۆ ئەرکی ڕێزمانی وشەکان ببەین، چونکە ئەم ئەرکانە دەتوانن ڕووداوی ڕستەی سەرەوە دەربخەن و کاتێکی دیارکراو و هاوکێشەیەك بۆ ڕابردوو و ڕانەبردوو لەڕێگای نیشانەکردنی کردارەکە بۆ دەمەکان (tense) بدۆزنەوە. لەهەمان کاتدا دەتوانن ئاسپێکی کردارەکەش نیشانبدەن. بەمەش کردارەکە یان لە ماوەیەکی کراوەی بەردەوامدا (progressive) ڕوودەدات، یان لە ماوەیەکی دیارکراوی داخراودا (perfective) ڕوودەدات، یانیش ماوەکەی دیارناکرێت (simple)ە. لەبەرئەوەی دەم و ئاسپێکت دوو سیستەمن، کە ناسنامەی فەرمی بە کردار دەبەخشن. ئەگەر لەم ڕستەیەدا (live) وەك کردار کاربکات، ئەوا دەبێت نیشان بکرێت بۆ دەم و ئاسپێکت. بۆ نموونە، ئەگەر ئاسپێکتی سادە و دەمی ڕانەبردوو بەکاربهێنین، بەم شێوەیە: (Artist lives in gothic church)، و لێی وردببینەوە دەبینین ئەوئەرکەی کە هەڵمان بژاردووەو بەکارمان هێناوە تەنیا ئاماژە بە دەم و ئاسپێکت ناکات، بەڵکو لە ڕووی ژمارەشەوە تاکە، چونکە ئێمە باس لە یەك هونەرمەند دەکەین، بەهەمان شێوەی کردار، ناویش سیستەمی خۆی هەیە، بۆ ئەوەی مەرجەکانی ناسنامەی (ناو) بوونی خۆی دەستە بەر بکات، کە ئەویش (تاك و ناسراو)یە، لێرەدا کۆمەڵێك ئەگەر مان دێتە پێش، ئەوانیش:

**_ The artist lives in a gothic church.**

**_ An artist lived in a gothic church.**

**_ The artist was living in a gothic church.**

**_ Artist is living in gothic church.**

**_ Artist have lived in gothic church.** (ه. ج. ویدۆوسن: ٢٠٠٨: ٧٦-٧٧)

وشەسازیی ئەرکی پێچەوانەی وشەسازی داڕشتن (گرینگی دان بە پێکاتەی وشەکان)ەو ئەم پرۆسەیە کار لە سەربنەمای ئەرکی وشە دەکات و بۆ ئەو مەبەستە شرۆڤەدەکرێت، کە بزانرێت چۆن ئەو پەیڕەوە ڕێکدەخرێت و بە ڕێگای ئەم ڕێکخستنەش قسەکەر و گوێگر چۆن واتا دروستدەکەن و لێی تێدەگەن و لەگەڵ یەکتر دەگۆڕنەوە (عەبدولسەلام نەجمەدین و شێرزاد سەبری:٢٠١١: ٩٢)، بۆ نموونە:

- قسەکەر بۆ گوێگر: دەزگایەکی خێرخوازی نەخۆشخانەیەك دروستدەکات. (بینایە)
- قسەکەر بۆ گوێگر: نەخۆشخانەکەمان بۆیاغکرد. (دیوار)
- قسەکەر بۆ گوێگر: نەخۆشخانەش بەشداری لە ئاهەنگەکەی کرد. (دکتور و فەرمانبەر و بەردەستەکان)

لێرەدا جەخت لە سەر پەسەندی و ناپەسەندی وشەدەکاتەوە، لە ڕووی ئەرك و واتاوە بە پێی ئەو دەوروبەرەی کە تێدا بەکاردێت. بۆ نموونە، ئەگەر لە پرسەیەك بە یەکێك بڵێی: (پیرۆزبێت) پەسەند نییە. پێویستە زاراوەیەك بڵێی، کە لەگەڵ کۆچکردن (مردن) بگونجێت، وەك: (خوا لەگوناحەکانی خۆشبێت، خوا عەفوی بکات، تەمەنی درێژی بۆ ئێوە بەجێهێشت... هتد)، بۆیە سەرەڕای ئەوەی هەر وشەیەك واتا و ئەرکێکی ڕاستەقینەی خۆی هەیەو نرخی ئەم واتا و ئەرکە ڕاستەقینەیەی وشە لە ناو ڕستەدایە، لەکاتی بەکارهێنان و پەیوەندیکردنی بە کەرەستە پێکهێنەرەکانی تری ڕستە، بەم

شێوەیە وشە و دەستەواژە لە ناو سیستەمی زمانداو لەکاتی پەیوەندیکردندا دەتوانێت ئەرك و واتای جۆراوجۆر بەدەستەوە بدات. (مهری باقری: ١٣٨٣: ٢٠٠)

وەك: ـ دەستە وەستان. (ملکەچبوون)

ـ هەرئەوەی لەدەست دێت. (توانا)

ـ دەستی ڕاستی بەڕێوەبەرە. (هەمووکارە)

ـ دەست لە ڕەش و سپی نەداوە. (هەڵوێستی نەنواندووە/ کارنەکردن)

ـ دەست دەستی مەکەو بیکە. (دوانەخستن)

وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد، وشە کاتێك خاوەن واتایەکی ڕاستەقینەی خۆی دەبێت، کە لەگەڵ هەندێك وشەی تر، کە لە ناو چوارچێوەی ڕستەیەك یان دەقێکی دیارکراو بەکاردێت. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، کە مەرج نییە هەمان وشە لەڕستەیەکەوە بۆ یەکێکی تر هەمان ئەرك و واتای هەبێت. لەوانەیە هەمان وشە چەندین واتا و ئەرکی جیاجیا بدات. لێرەدا وشەکە بە پێی دەوروبەرێکی دیارکراو و ئەو دەوروبەرەی کە وشەکەی تێدا بەکارهاتووە لێکدەدرێتەوە (شێرزاد سەبری عەلی: ٢٠١١: ٤٦)، بۆ نموونە، وشەی (سوپاس) کە لەدوایی هەلوێستی (باش) و (خراپ) دەگوترێت، ئەمەش بۆ ئەو بارە دەگەڕێتەوە کە وشەکەی تێدا گوتراوە، یان بەکارهێنانی وشەی (ڕەگ) لە لای (مامۆستایەکی بیرکاری) و (مامۆستایەکی زیندەوەرزانی) و لە لای (جووتیارێك) جیاوازە. (عەبدلواحید موشیردزەیی: ٢٠١١: ٩١)

بەکارهێنانی واتای وشە لەدەوروبەرێکی دیارکراو و گونجاو بۆ وشەکە بۆچوونێك بوو، کە لە لایەن (فێرث)[1] سەریهەڵدا، بە بڕوای ئەو واتای وشە و گوتن و دەستەواژەکان بە گوێرەی دەوروبەر بەکاردێن و لە دەرەوەی دەوروبەر هیچ بڕیاردانێك لە سەر گرینگی و پەسەندی وشە نییە. ((بیرۆکەی گرینگی دان بەدەوروبەر دەگەڕێتەوە بۆ(ڤیتگنشتاین)[2] کە دەڵێت: (بەدوای واتای وشەدا مەگەڕێ بەدوای بەکارهێنانی دا بگەڕێ) ))، بەهۆی بوونی واتای شاراوە لە وشەدا، تەنیا لەکاتی بەکارهێنانیدا بە دیاردەکەوێت، چونکە وشەکانی دەوروبەر واتای وشەکە تایبەتی تر و سنوردارتردەکەن، بۆیە باشترین تێگەیشتن بۆ وشە لەبەر چاوگرتنی دەوروبەرە. (سەرچاوەی پێشوو: ٩٠)

(ڤیتگنشتاین) میتۆدیکی نوێی دۆزییەوەو ئەوەی لە بواری ئەرك و واتای وشەدا ئەنجامیدا بابەتێکی نوێ بوو، کە بریتی بوو لە یاریکردنی وشەکان لە جیاوازیی بەکارهێناندا، کە ئەمەش تەنیا یاریکردن نەبوو بە تەنیا بە وشەکان، بەڵکو یاریکردن بوو بە واتای وشەکانیش، دواتر

---

١. یەکێکە لە دامەزرێنەرانی قوتابخانەی کۆمەڵایەتی ئینگلیزی .

٢. فەیلەسوف و لۆژیکزان و ماتماتیکزان و مۆزیکزان ( لودڤیگ یۆزیف یۆهان ڤیتگنشتاین، لە ساڵی ١٨٨٩ لە ڤییەننا لە دایکبوو، لە بنەماڵەیەکی ناسراو و دەوڵەمەند بوو، لە تەمەنی ١٤ ساڵیدا پەیوەندیی بە فێرگەی ( لینتز ) کرد لە باکوری نەمسا، لەناو فەیلەسوفاندا بۆ ئازایەتی بە ( سوکرات ) چوێنرابوو، لەساڵی ١٩٢١ یەکەم چاپی مەزنترین کتێبی سەردەمەکی ( تراکتاتوس ) ی دەرکرد، لەپاش مردنی لەساڵی ١٩٥٨ دوو کتێبی بەناوەکانی ( کتێبی شین و کتێبی قاوەیی ) لە لایەن شاگردەکانی بڵاوکرانەوە. بەگشتی خاوەنی ١٠ بەرهەمی چاپکراوبوو، لە ساڵی ١٩٥١ مرد .

(وشەکان) لە ڕووی بەکارهێنانەوە بە یاریکردن دەچوێنێت، بەڕای ئەو هەر یارییەکی زمان و فۆڕمی وشە بریتییە لە فۆڕمێکی ژیان، کە پابەندی هەڵوێست و بایەخ پێدانی ڕەفتارەکانە، هەر وشەیەك واتایەکی ڕەهای نییەو بگرە لە ڕووی ئەرکیشەوە ڕەها نییە، وا چاکترە لە ڕووی بەکارهێنانەوە وشە دەستنیشانبکرێت، نەك لە ڕووی پۆلینکردنێك بە بێ بنەمای بەکارهێنان، تەنانەت (ناوەکان)یش ناتوانن ڕەها بن، بەڵکو ئەرك و واتا و ڕۆڵی وشەکان لە ساتی بەکارهێنانیدا شیاوی لێتێگەیشتنە (ئارام قادر خەلەکانی:٢٠١٠: ٩٤)، چونکە زمان لە توانایدایە جیاوازی دەربڕێت، لێرەدا ئەم بۆچوونە بەتەواوی کەوتووەتە ژێر کاریگەریی ئەو پراگماتیزەی کە زمان وەك چالاکییەکی کۆمەڵایەتی و چەند فۆڕمێکی ئەرکدار دەبینێت، بەگوێرەی مەبەستی بەکارهێنەر. لێرەدا زمان وەك یاریکردنێك وایە لە نێوان یاریزاناندا، کە هەر یاریزانێکی زمانی دەشێت ڕێچکەیەکی تایبەت بە خۆی هەبێت، بە پێی بەکارهێنان و یاری پێکردنی وشەو واتایەکانیان لە شێوازی ژیان و چوونەپاڵ یەکتری وشە لە ڕستەکاندا. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەرکی واتای وشەکان، ئەگەر بڕوانینە ئەم چەند نموونەی خوارەوە:

١. ئایا ئەم پێنووسە هی منە؟

٢. ئایا ئەم دەستە، دەستی منە؟

٣. ئایا ئەم جەستە، جەستەی منە؟

٤. ئایا ئەم هەستە، هەستی منە؟

ئامرازی نیشانەی(ئەم ـ ە) لە چوار نموونەکەی سەرەوە بە چەند واتایەکی جیاوازەوە بەکار هاتووە، لە یەکەمدا ئاماژە بۆ شتێك دەکات لە جیهانی دەرەوە، لە دووەمدا ئاماژە بۆ ئەندامێکی جەستە دەکات و لە سێیەمدا بۆ جەستە (دەشێت لە بەردەم ئاوێنەدا ئەم پرسیارە بکرێت بەگۆڕانی جل و بەرگ، یان بە گۆڕانێك کە بەسەر جەستەدا دێت)، لە چوارەمدا ئاماژە بۆ ناخ دەکات، بەمەش چوار واتا دراونەتە پاڵ و هەر یەکێکیان بە پێی ڕستەی خۆی ئەرکێکی جیاوازی بەخشیوە. (سەرچاوەی پێشوو: ٩٦)

هەروەها ئەگەر بڕوانینە ئەم ڕستانەی خوارەوە.

١. ئەم خواردنە خۆشە.

٢. ئەم خانووە خۆشە.

٣. ئەم تاقیکردنەوەیە خۆشە.

٤. ئەم گەشتە خۆشە.

لێرەدا وشەی (خۆش) لە چوار ڕدەوروبەری جیادا بەکارهاتووەو لە هەر دەوروبەرێکدا واتایەکی هەیە، لە ڕستەی ژمارە (١)دا واتای (تام و چێژ) دەدات، و لە ڕستەی ژمارە (٢)دا واتای (ڕێك و پێك)ی دەدات، لە ڕستەی ژمارە (٣)دا واتای (ئاسان و سوك) ی دەدات، لە ڕستەی ژمارە (٤)دا واتای (کەیف و شادی)دەدات (شێرزاد سەبری عەلی: ٢٠١١: ٤٦). ئەمە سەرباری ئەوەی کە ئەرکی وشە بە پێی دەوروبەرێکی دیارکراو لێکدەدرێتەوە، وەك:

١. جوان هات.

٢. منداڵەکە جوان دەڕوات.

٣. منداڵێکی جوان هات.

٤. بوکەکەی جوان کرد.

لە ڕستەی ژمارە (١)دا ئەرکی (ناو) دەبینێت، لە ڕستەی ژمارە (٢)دا ئەرکی (ئاوەڵکار) دەبینێت، لە ڕستەی ژمارە (٣)دا ئەرکی (ئاوەڵناو) دەبینێت، لە ڕستەی ژمارە (٤)دا ئەرکی (بەشێك لە کار) دەبینێت. جاری وا هەیە، هەمان وشەی پۆلێك بە پێی مەبەستی قسەکەر لەپۆلەکەدا دەمێنێتەوە و واتا و جۆری وشەکە دەگۆڕێت لە چوارچێوەی پۆلەکەی خۆیدا. (عەبدوڵڵا عەزیز مەحەمەد: ١٩٩٠: ٧٣) وەك:

١. ساردی دووچاری نەخۆشیت دەکات.

٢. کەهاتییەوە سێ ساردی بیهێنە.

لەڕستەی ژمارە(١) دا ناوەکە واتاییە، بەڵام لە ڕستەی ژمارە (٢)دا ناوەکە بەرجەستەیە. لێرەدا ناوی واتایی گۆڕاوە بۆ ناوی بەرجەستە.

هەندێك لە ئامرازەکان بە تایبەتی ئامرازی پاشبەند (ەوە/ ڤە، ڕا، دا، یش/ ژی...هتد) ئەرك و ڕۆڵیان نییە، وەك: (لە ڕاستیدا، ل پاشڤە، پاشەوە، هەولێریش/ هەولێرژی...هتد) (غازی عەلی خورشید: ٢٠١٣ب: ٦٧)، هەروەها هەندێك لە وشەکانی زمانی کوردی لە فەرهەنگدا بە پۆلێك لە پۆلەکانی زمان جێگیرکراون، بەڵام ئەگەر لە ڕوانگەی ئەرکی بۆیان بڕوانین، تەواو پێچەوانەیە، چونکە ئەمانە بەبێ بەکارهێنانیان خۆیان یەکلاناکەنەوە. تاکە چارەسەر تەنیا وشەسازیی ئەرکییە. بۆ نموونە، ناوی کاتەکانی (دوێنێ، شەو، سبەی، بەهار، زستان...هتد) وشەکانی سەربە پۆلی ناون، بەڵام لە ڕێبازی ئەرکیدا ئەمانە زۆرجار ئەرکی ئاوەڵکار یان ئاوەڵگوزارە دەبینن لە ڕستەدا، هەروەها ناو و ئاوەڵکارەکانی (کەنی، سەرکەوت، هەڵکەوت، ڕێکەوت...هتد) لە کارەوە وەرگیراون و ئاوەڵناوەکانی (ڕێوی، تاوس، گوڵ، شێر...هتد) لە ناوەکانەوە وەرگیراون، هەروەها هەندێك لە ژمارەکان لەوانەش (یەك، دوو) زۆرجار ئەرکی ناو دەبینن، دیسان جێناوی (من) کە بۆ کەسی یەکەمی تاکی سەر بەخۆیە، بەڵام ئەگەر کەسی سێیەمی تاك باسی خۆی بکات، ئەوا جێناوی (من) ئەو ئەرکە دەبینێت.

وەك: ـ من وانە دەخوێنم.

ـ ئازاد وانە دەخوێنێت. (ئەگەر ئازاد باسی خۆی بکات، ئەوا ئەویش جێناوی (من) بەکاردێنێت بەمەش(من ـ ئازاد)

ـ منداڵەکە لە سەربانەکە نوستووە. ـ سەرکەوت قوتابییە.

بەشێکە لە (ئاوە) (ن)

ـ ئەوان شەو ڕۆیشتن. ـ تۆ گوڵی.

(ئاو) (ئا)

## ٢ ـ ٢. پەیوەنـــدیی نێوان وشە و ڕستە:

وشە پەیوەندیی بە ڕستەوە هەیەو بەشێك لە سادەترین پێناسەی ڕستە ئەوەیە، کە دەڵێت: (ڕستە کۆمەڵە وشەیەکە)، واتە: ڕستە گەورەترین کەرەستەی ڕستەسازییە، کە لە کۆمەڵە وشەیەك پێکدێت، هەرچەندە وشەکان ڕاستەوخۆ پێکهێنەری ڕستەنین، چونکە وشەکان پێش ئەوەی ڕستە پێکبهێنن، بەشداری لە پێکهێنانی دانەی گەورەتر لە خۆیان (پێکهێنی ناوەند) دەکەن، کە ئەوانیش: (گرێ)یەکانن، و ئەمە تەنیا ڕیزکردنی وشەکان نییە بۆ پێکهێنانی ئەم بەشانە، بەڵکو ئەمە پرۆسەیەکی ڕێك و پێکەو پرۆسەیەکە بەشێوەیەکی ورد و چالاك هەڵدەستێت بە کۆکردنەوەی وشەکان بۆ پێکهێنانی دانەی گەورەتر لە خۆیان، تا مرۆڤ بە شێوەیەکی ڕێك ژمارەیەکی بێ سنوری ڕستە بەرهەمبهێنێت.

سادەترین کەرەستەی زمان ئەو دەنگانەن، کە بەهۆی ئەندامانی ئاخاوتنەوە دروستدەکرێن، ئاڵۆزترین دانەش لە زماندا ڕستەیە، پەیوەندی نێوان ئەمانەش لە سەر بنەمایەکی هەرەمی دامەزراوە، وەك:




هێڵکاریی ژمارە(١) (وریا عومەر ئەمین: ١٩٨٨: ١٣٢)

ئەوەی بەلامانەوە گرینگە، باسکردنی پەیوەندیی وشەیە، بە ڕستەوەو پێکهاتنی ڕستەکانە لە وشە و گرێیەکان، بۆیە تەنیا باسی پەیوەندیی ئەمانە دەکەین و باسی دانەی دەنگسازی ناکەین، هەرچەندە فۆنیمەکان مۆرفیمەکان پێکدێنن، وشەش جۆرێکە لە مۆرفیم و بریتییە لە مۆرفیمێکی سەربەخۆ، بەلام ئەوەی جەخت لە سەردەکەینەوە، باسکردنی دانەکانی وشەسازی (مۆرفیم، وشە) یە لە لایەك و دانەکانی ڕستەسازی (گرێ، ڕستە)یە لە لایەکی ترەوە. ڕستە تا سنوری وشەسازی دابەش دەکرێتە سەر ئاست و گروپی بچوکتر لە خۆیان (ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار، کار، ژمارە، جێناوەکان، ئامرازەکان...هتد)، هەروەك لە هێڵکاری سەرەوەدا دیارە، بەلێکدانی مۆرفیمەکان وشەکان لەدایکدەبن و بەلێکدانی وشەکان گرێیەکان دروستدەبن، دواجار لە ئەنجامی هەموو ئەمانە گەورەترین دانەی ڕێزمان بەرهەمدێت، کە ئەویش (ڕستە)یە (مستەفا قادر حەسەن:١٩٩٧: ٢٥)، دەستنیشانکردنی سروشتی پێکهاتنی ئەم کەرەستانەی کە ڕستە پێکدێنن و زانینی یاساکانی

لێکدانیان لە ناو ئەم پێکهاتە هەڕەمییە، بۆ داڕشتنی دانەی گەورەتر، پاشان گەورەتر تا دەگاتە لوتکەی هەڕەمەکە، کە ڕستەیە، لە ئەنجامدا ڕێزمانی زمانەکە پێکدێت (وریا عومەر ئەمین: ٢٠٠٩: ٢٢٤ ـ٢٢٥ )، ئەگەر بڕوانینە ئەم نموونەیەی خوارەوە.

کرێکارەکە کارەکەی بەباشی کرد.

↓

مۆرفییمەکان(کرێکار+ کار+ ەکە+ ی+ بە+ باش+ ی+ کرد)

↓

وشەکان(کرێکار+ کار+ باش+ کرد)[١]

↓

گرێیەکان(کرێکارەکە+ کارەکەی بەباشی کرد)

↓

ڕستە(کرێکارەکە کارەکەی بەباشی کرد)

وەك دیارە کە ڕستە گەورەترین دانەی ڕێزمانە، هەرچەندە هەندێك ڕستە هەیە، لە ئاستی سەرەوەدا تەنیا لە تاکە وشەیەك پێکدێت، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەینێت، کە ڕستە لەتاکە وشە پێکدێت، بەڵکو ئەمە تەنیا ئاستی سەرەوەی ڕستەیە، ئەمەشیان بە زۆری لەکاتی هەواڵگەیاندن و وەڵامدانەوەی پرسیارێك دەردەکەون، کاتێك بەتاکە وشەیەك هەواڵەکە دەگەینرێت یان وەڵامدەدرێتەوە.

وەك: ــ هاتن: بەکارهاتووە لە شوێنی (ئەوان هاتن)[٢]

ــ کام لە ئێوە قوتابییە؟ من: بەکارهاتووە لە شوێنی (من قوتابییمە).

وشەکان بۆ پێکهێنانی ڕستەیەك، دەبێت بەلایەنی کەم چاڵەکانی کەرەستە سەرەکییەکانی ڕستە پڕبکەنەوە. واتە: سادەترین ڕستە، دەبێت لە ناوێك یان جێگرەوەی ناوێك و کارێك پێکهاتبێت، هەرچەندە ئەگەر لە ئاستی سەرەوەدا بە تاکە وشەش دیاربێت، بریتییە لە ڕستەیەکی تەواو. هەر دانەیەکی ئاستی وشەسازی زمان، بەمەبەستی تەواوکردنی پرۆسەی زمان لە ژێر کاریگەری ئاستی ڕستەسازیدا گۆڕانی بەسەردا دێت، بەم واتایەی کە کەرەستەکانی ئاستی وشەسازی (مۆرفیم و گیرەك) دەکەونە ژێرکاریگەریی ڕستەسازی و پەیوەندییەکی ڕێك و پێك، بە پێی یاسایەکی دیارکراو لە ڕۆنانی وشە و گرێ و ڕستەدا دروستدەکەن. بۆ نموونە، گۆڕینی فۆڕمی کار بە پێی دەمکات و کەسەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم و تاك و کۆ، لە ژێر کاریگەریی ڕستەسازیدا ڕوودەدەن (بازیان یونس محی الدین: ٢٠٠٨: ١٠٢).

وەك: ــ کەوەکە فڕی. ــ کەوەکان فڕین. ــ کەوەکان دەفڕن.

ــ کەوەکە فڕیبوو. ــ کەوەکە فڕیوە. ــ کەوەکە دەفڕێت.

ڕستە وەك پێکهاتەیەکی بواری زمانەوانی، چەمك و پێناسەیەکی ڕوونی نییە، بەهۆی گرنگیی ڕستەوە، ڕستە وایکردووە، کە زمانەوانەکان لە زۆر نیگاوە بۆی بڕوانن، بە ڕادەیەك لە ناوەڕاستی

---

١. مەبەستمان وشەی پۆلە کراوەکانە، نەك وشەی ئەرکی .

٢. مەبەستمان لە وشەی (هاتن)، کارەکەیە، واتە: هات + ن= هاتن، نەك چاوگ، چونکە چاوگیش هەمان فۆڕمی هەیە.

سەدەی ڕابردوودا هەموو بایەخێکی زمانەوانی خۆی لەڕستەدا دەبینییەوە، ئەم زانستەی کە لێکۆڵینەوە لە ڕستەدا دەکات، بریتییە لە ڕستەسازی، لە ئەنجامدا وشەکان وەك ڕۆح لە جەستەی ڕستەدا دەژین، هەروەها ئاستی ڕستەسازی ئەو ئاستەیە، کە وشەکانی تێدا ڕێکدەخرێن بۆ پیشاندانی ئەو پەیوەندییەی کە لە نێوان وشەکاندا هەیە، بەم هۆیەوە ڕستەسازی ڕستە بەرهەمدەهێنێت.

لە ڕوانگەی ڕێزمانی دێریندا، ڕستە لە سەر بنەمای واتا داڕشتبوو و بریتی بوو لە کۆمەڵە وشەیەکی واتادار، بەڵام هەر زوو ئەم بیرە کەوتە بەر ڕەخنە، چونکە پێویستە ڕستە لە سەر بنەمای (واتایی و ڕێزمانی) کاربکات. بە پێی پێناسەی ڕێزمانی دێرین لایەنی (ڕێزمانی) فەرامۆش کرابوو، هەروەها پێناسەکە واپیشاندەدات کە وشەکان پێکهێنەری ڕاستەوخۆی ڕستەن، بەبێ ئەوەی ئاماژە بەوە بدات کە وشەکان دانەی گەورەتر لە خۆیان پێکدێنن کە ئەوانیش (گرێ) یەکانن، پاشان گرێ یەکان وەك پێکهێنەری ناوەند ڕستەکان دروستدەکەن. ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە لەهەموو زمانەکاندا دانەی لە ڕستە گەورەتر نییە، چونکە لە هەندێك زماندا سەلمێنراوە، کە دانەی گەورەتر لە ڕستە هەیە و بە پێی نیشانە ڕێزمانییەکانەوە سنوری دیارکراوە، ئەم کەرەستانەش هەندێك جار بە (گوتن و پەرەگراف و دەق) ناودەبرێت، بەڵام ڕستە بڵاوترین دانەی ڕێزمانی گەورەیە کە زۆربەی زمانەوانەکان دانی پێدا دەنێن و دەیناسنەوەو باوەڕیان وایە کە دەتوانێت چارەسەری ڕۆنان و پۆلەڕێزمانییەکان بکات. لێرەدا ڕێزمانی نوێ گەیشتە ئەو ڕاستییەی کە پێویستە شیکردنەوەی ڕستە لە سەر بنەمای ڕۆنان و ئەرکی پارچە پێکهێنەرەکانی ڕستە ئەنجامبدرێت.

کارکردنی وشەسازی بۆ ڕیزکردن و گونجاندنی مۆرفیمەکان بۆ پێکهێنانی وشەیەك، پاشان ڕستەسازی لە کاتی ڕیزکردنی وشەکان بۆ پێکهێنانی دانەی ناوەند (گرێ)، و لێکدانی گرێیەکان بۆ پێکهێنانی ڕستە، پرۆسەیەکە کە بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە بەڕێوە ناچێت، بەڵکو ئەم ڕیزکردنانە بە پێی دوو سیستەمی ڕێك و پێك بەڕێوەدەچێت و لە هەر ئاستێکدابێت فۆڕمەکانی زمان بەسەر دوو تەوەرەدا یان دوو پەیوەندیدا ڕێکدەخرێن، ئەوانیش پەیوەندیی ئاسۆیی (هاونشینی) و پەیوەندیی ستوونی (جێنشینی)ن. بە پێی پەیوەندیی ئاسۆیی وشەکان بۆ پێکهێنانی گرێ یەکدەگرن و گرێیەکانیش بۆ پێکهێنانی ڕستە یەکدەگرن، بەڵام پەیوەندسس ستوونی ئەمەیان پەیوەندیی بە ئەرکی فۆڕمەکان و گرێیەکانەوە هەیە، کە فۆڕمەکان و گرێیەکان هەمان ئەرکی بەکارهێنان و دەرکەوتنیان هەبێت لە ئاستێکی تایبەت و لە ڕۆنانێکی دیارکراودا، ئەمەیان بە پەیوەندیی ستوونییەوە دەبەسترێنەوەو دەبن بە ئەندامی هەمان پۆل (هـ. ج. ویدۆوسن: ٢٠٠٨: ٥٣)، لە ئەنجامدا دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە هەر لەدایکبوونی بچووکترین دانە کە دەنگە، تا دەگاتە گەورەترین دانە کە ڕستەیە، ڕێزبوونی هەموو ئەو کەرەستانە بە سیستەم و پەیڕەوێك بەڕێوەدەچێت و بەهۆی ئەم پەیڕەوەوە مۆرفیم و وشەکان دەتوانن ژمارەیەکی بێ سنور لە ڕستە بەرهەمبهێنن.

ئەوەی کە باس دەکەین بریتییە لەوەی وشە چ پەیوەندییەکی بە ڕستەوە هەیە، بەڵام سنوری وشە و ڕستە یەك سنور نییە. دانەیەکی تر کە بە دانەی پێکهێنی ناوەند (گرێ) ناسراوە، دەکەوێتە

نێوانیان و ئەم دووانە لە یەك جیادەکاتەوە، بۆیە پێویستە باسی هەموو ئەو پەیوەندی و یاساو دەستورانە بکەین کە دەکەونە نێوان وشە و ڕستەوە.

### ٢ ـ ٢ ـ ١. پەیوەندیی وشە و مۆرفیم:

یەکەکانی ئاستەکانی زمان بە گشتی و دانەکانی وشەسازی و ڕستەسازی بە تایبەتی بەشێوەیەك تێکچڕژاون، کە سنوری دیارکردنیان کارێکی ئاسان نییە، چونکە لە ئەنجامی لێکدانی دانەی بچووکی ئەم ئاستانە دانەی گەورەتر بەرهەمدێت، زۆر جار بەم لێکدانە و بەهۆی دروستبوونی ئەم دانەگەورانە، سنوری نێوان ئەم ئاستانە دەبەزێنرێت، هەروەکو لە پێشتریش ئاماژەمان پێکرد، بەلێکدانی چەند وشەیەك سنوری وشەسازی دەبەزێنرێت و دانەی گەورەتر لە وشە پێکدێن، کە ئەوانیش: (گرییەکان)ن و سەر بە ئاستی ڕستەسازین، بە هەمان شێوە پەیوەندیی نێوان وشە و مۆڕفیم لەوەوە سەرهەڵدەدات، کە مۆڕفیمەکان هەر لە چوارچێوەی وشەسازیدا بە شێوەیەکی سیستەماتیکی وشەکان پێکدێنن.

ئەگەر سەیری مێژووی مۆڕفیم و وشە بکەین مێژووی وشە زۆر لە مۆڕفیم کۆنترە چونکە تا ساڵانی پێش ١٩٣٠، وشە وەك دانەیەکی گشتگیر، سەرەڕای شوێنی خۆی، شوێنی (مۆڕفیم)یشی گرتبووەوە و بەکاردەهات و زمانەوانەکان یەك ڕا نەبوونی لە سەر پێناسەیەکی تەواو و یەکگرتوویی بۆ وشە وایکرد بە دوای دانەیەکی ڕێزمانی وەك مۆڕفیم دا بگەڕێن، هەروەها زمانەوانان گەیشتن بەو ڕاستییەی کە بە پێوانەی فۆنۆلۆژی و بە پێوانەی واتایی ناتوانرێت پێناسەیەکی وەها بۆ وشە بکرێت، کە بتوانرێت تیۆرێکی گشتی لە سەر دابنرێت و بکرێتە پێوانە بۆ شیکردنەوەی زمان (ڕۆژان نوری عەبدوڵلا: ٢٠١٣: ٢٢). پاشان زمانەوانەکان هەستییان بەوەکرد کە دانەی بچوکتر لە وشە هەیە، ئەویش (مۆڕفیم)ە. ئەم زاراوەیە دواتر لە لایەن (بلۆم فیلْد) هاتە ناو زمانەوانی و شێوێنی وشەی گرتەوە،(بلۆم فیلْد) گەیشتە ئەو ڕاستییە کە مۆڕفیم بچووکترین یەکەی واتاداری زمانە و بۆ دانەی واتاداری بچووکتر کەرت ناکرێت و وشەکان لە مۆڕفیمەکانەوە سەرهەڵدەدەن. سەرەتا ئەم بیرە لە ئەمریکا سەری هەڵدا، پاشان بۆ ئەورووپاو شوێنەکانی تر گوازرایەوە، ئەمە وایکرد لێکۆڵەران و زمانەوانان لە سەر بنەمای مۆڕفیم لە زمانەکانی جیهان بکۆڵنەوە، پاشان ئەم بیرۆکەیە لە نیوەی دووەمی ساڵانی هەشتاکانەوە هاتە ناو مەیدانی توێژینەوە زمانەوانییە کوردییەکان (رەفیق شوانی:٢٠١١: ٦٩)، لە ئەنجامدا چەندین پێناسەی جۆرا و جۆر لە ڕوانگەی واتا و ڕۆنان و ئەرك و شێوە بۆ مۆڕفیم کران. لێرەدا ئەوەی بەلامانەوە گرینگ بێت جەختکرنە لە سەر دیارکردنی هەموو ئەو پەیوەندیانە کە لە نێوان وشەو مۆڕفیم دا هەن.

هەر وشەیەکی زمان ئەگەر لێی وردببینەوە، بەشێکی وشەکە، یان هەموو وشەکە بریتییە لە مۆڕفیمێك، چونکە مۆڕفیم دانەیەکی گشتگیرە ئەگەر سادە بێت. واتە: ئەگەر نەتوانین دابەشی بکەین بۆ دانەی وردتر، دەتوانین ئەم دانەیە ناو بنێین (وشەی سادە) و لەهەمان کاتدا دەتوانین بلێین: (مۆڕفیمی سەربەخۆ). مۆڕفیمەکان دابەشدەبن بۆ مۆڕفیمی سەربەخۆ و مۆڕفیمی بەند (بەندی وشە داڕێژ، بەندی ڕێزمانی)، وشەسادەکان ڕاستەوخۆ بریتین لە مۆڕفیمە سەربەخۆیەکان، ئەگەر دانەکانی (گەرم، کوڕ، ژن، گوند... هتد) وەربگرین، دەبینین ئەمانە وشەی سادەن و مۆڕفیمی سەربەخۆن، بۆ نموونە وشەی (گەرم) ناتوانین کەرت بکەین بۆ (گ. ە. ر. م) چونکە ئەمانە هیچ

واتایەکی ڕێزمانی و لۆژیکی نادەن بەدەستەوە، هەروەها ئەگەر بەشێوەی یەکی تر کەرت بکەین بۆ (گە. رم) دیسان واتا و ئەرك نابەخشن، چونکە واتای ڕێزمانی (ئەرکی) و واتای لۆژیکی یان نییە، بۆیە ئەمانە مۆڕفیم نین، لەبەرئەوەی مۆڕفیم دەبێت یان ئەرکی هەبێت یان واتا. گرینگی بیرۆکەی مۆڕفیم ئەوەیە کە لە وشەی (ناسادە)دا بە دیاردەکەوێت، لەبەرئەوەی ئەو وشانە لە دانەی ئەرکی یان واتایی بچووکتر دروستبوونە (محەمەد مەعروف فەتاح و سەباح رەشید: ٢٠٠٦: ٧)، ئەگەر دانەکانی (ساردی، کوڕەکە...هتد)، وەربگرین، ئەوا دەتوانین دانەی (ساردی) کەرت بکەین بۆ (سارد. ی) ئەم دانەیە بریتییە لە وشەیەکی (ناسادە)، واتە: لە دوو (مۆڕفیم) یان لە وشەیەکی سادە (سارد) و مۆڕفیمێکی بەندی وشە داڕێژ (ی) پێکهاتووە، هەروەها دانەی (کوڕەکە) ئەگەر کەرت بکەین بۆ (کوڕ. ەکە)، دەبینین لە وشەیەکی (ناسادە) پێکهاتووە، واتە: لە دوو (مۆڕفیم) یان لە وشەیەکی سادە(کوڕ) و مۆڕفیمێکی بەندی ڕێزمانی (ەکە) پێکهاتووە. با بڕوانینە ئەم هێڵکارییەی خوارەوە، کە پەیوەندی نێوان مۆڕفیم و وشە دەخاتە ڕوو.

مۆڕفیم ← مۆڕفیمی سەربەخۆ(وشەی سادە): (سارد) (کوڕ )

مۆڕفیم ← مۆڕفیمی بەند: (ی ) (ەکە)

← وشەی ناسادە

(ساردی)

(کوڕەکە)

هێڵکاریی ژمارە(٢)

لێرەدا دەرئەنجامی هەموو وشەیەکی سادە مۆڕفیمێکی سەربەخۆیە، مەرجی هەبوونی واتا و ئەرك لە مۆڕفیمدا نامانگەیەنێتە ئاکامێکی زانستی و تەواو، بۆ نموونە هەبوونی واتا لە مۆڕفیمدا لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی تر گۆڕانکاری بەسەردادێت، واتە: بوونی واتا لە مۆڕفیمدا شتێکی جێگیر نییە، لەوانەیە لە قۆناغێکدا مۆڕفیمێك واتاداربێت، بەڵام لە قۆناغێکی تر واتاکەی ون کردبێت (بازیان یونس محی الدین: ٢٠٠٨: ١٠)، ئەوەی لێرەدا گرینگە هەبوونی ئەرکی ڕێزمانییە لە مۆڕفیمدا، چونکە وشەسازی ئەرکی و وشەسازی وەسفی پشت بە واتای ئیتمۆلۆژی وشە نابەستن.

(ب) مۆڕفیمی بەندی ڕێزمانییە+ ڕۆ (ڕەگ)ە= (بڕۆ) کاری داخوازی یە.

↓

لەمە بچوکتر ناکرێتەوە

لێکردنەوە و جیاکرنەوەی مۆڕفیم لە یەکتر، پەیوەندیی تەواو بەو وشەیەوە هەیە، کە وەك ماڵێك مۆڕفیمەکانی تێدایە. بۆ نموونە، مۆڕفیمی (نا) لە دەیان وشەی وەك: (ناکات، نابات، ناڕێك، نابەجێ...هتد) لە پلەی مۆڕفیم دایە، چونکە واتایەکی پێچەوانەی واتای بنکەی بە وشە نوێیەکەی بەخشیوە، بەڵام هەمان فۆڕم، واتە: فۆڕمی (نا) ئەگەر لە وشەکانی (ناشتن، ناوەڕاست، ناوك،

ناوەخن...هتد) وەربگرین، ئەوا بە مۆڕفیم دانانرێت، چونکە نە ئەرکێکی ڕێزمانی هەیەو نە واتایەکیش دەبەخشێت. هەبوونی واتای ئەم فۆڕمە لە چوارچێوەی ئەم وشانەدا بەندە بەو دەنگانەی کە لە وشەکەدا هەن، بەبێ ئەوان واتای نییە، واتە: کۆمەڵە دەنگێك ئەگەر لە وشەیەکدا جارێك مۆڕفیم بن، مەرج نییە لە هەموو وشەیەکی تردا مۆڕفیم بن، ئەمەش ئەوە دەگەینێت، کە بەشە واتای مۆڕفیمێك لە وشەیەکدا، پەیوەندی بە واتای گشتی وشەکەوە هەیە، بۆیە ناکرێت، بلێین وشەی باسك (قۆڵ) لە مۆڕفیمی (با) و مۆڕفیمی (سك) پێکهاتووە، چونکە (با) و (سك) مۆڕفیم نینە و لە دەرەوەی وشەی (باسك)، ئەم دووانە هیچ ئەرك و بەهایەکی واتاییان نییە، بەڵام هەمان ئەو فۆڕمانەی کە لە وشەکانی (باڕەش، ڕەشەبا...هتد) و (سکچوون، سکسووتان...هتد) دا هەیە مۆڕفیمن، لەبەر ئەوەی خاوەن واتای سەربەخۆن (محەمەد مەعروف فەتاح و سەباح ڕەشید: ٢٠٠٦: ٨). ئەگەر وشەی سادە کەرت بکەین بۆ دانەی بچووکتر لە وشە سادەکە، ئەوا کەرتبوونی وشەیە بۆ دەنگە پێکهێنەرەکانی، نەك کەرتبوون بۆ دانەی واتایی و خاوەن ئەرك. ئەمە سەرەڕای ئەوەی دەنگێك یان چەند دەنگێك بەهەند وەردەگیرێت بۆ نواندنی مۆڕفیمێك. (ڕۆژان نوری عەبدوڵا: ٢٠١٣: ٢٢)

لە ئەنجامدا ڕاستی ئەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە کە هەر فۆڕمێك ئەگەر لە وشەیەك جیامان کردەوەو واتایی بنکەی وشەکە شێوا، ئەوا فۆڕمی جیاکەرەوە مۆڕفیم نییە. وەك: وشەی (ناوەڕاست) بەبێ (نا)، واتە: پارچەی (وەڕاست) هیچ واتاو ئەرکی نییە، کەواتە (نا) مۆڕفیم نییە، بەڵام وشەی (ناپاك) بەبێ (نا) واتە: پارچەی (پاك) واتا بەخشە، کەواتە لێرەدا (نا) مۆڕفیمەو (پاك)یش مۆڕفیمێکی سەربەخۆیە.

مۆڕفیم چوار ڕووی هەیە:

١ ـ قالبێکی فیزیکی(فۆنیمەکان)

٢ ـ واتا.

٣ ـ ئەرکێك لە ڕێزماندا.(بەکر عومەر عەلی: ٢٠١٤: ١٩٨)

٤ ـ بە لەتلەتکردن و جیاکردنەوەی فۆنیمەکان لە یەکتر، واتا و ڕۆڵە بنچینەکەی نامێنێت.

بۆنموونە (کوڕ) مۆڕفیمە، چونکە:

١. قاڵبێکی فیزیکی هەیە، واتە پێکهاتووە لە(ك. و. ڕ)، کە لە قسەکردندا بە دەنگ هەستی پێدەکرێت.

٢. خاوەن واتایە.

کوڕ { + مرۆڤ
+ نێر
ـ هەراش }

٣. لە ڕێزماندا ئەرك دەبینێت (بکەر، بەرکار، تەواوکەر...هتد).

وەك: کوڕێك هات.
(ب)

٤. بە لەتلەتکردن و جیاکردنەوەی ڕۆڵ و واتای نامێنێت (کو.ڕ) (ك.وڕ) هیچ ڕۆڵ و واتایەکی نییە لە زمانی کوردیدا. (وریا عومەر ئەمین: ٢٠٠٩: ٣٦٤).

## ٢ ـ ٢ ـ ٢. پەیوەندیی وشە و گرێ:

بەکارهێنەران و قسەپێکەرانی زمان، دەتوانن بێ شومار دەربڕاو و دەستەواژە و کۆمەڵە وشە دروست بکەن و لێشیان تێبگەن. سەیر ئەوەیە کە دەتوانن دەستەواژەی وەها دەربڕن، کە بە هیچ شێوەیەك لەو جۆرە دەربڕاوانە لە زمانەکەدا نەبووە، ئەم دەربڕاوانە لە پێکەوەبەستن و پەیوەستبوون و لێکدانی کەرەستەکان پێکهاتوون، کە لە ژمارەیەکی دیارکراوی وشەی فەرهەنگی پێکدێن.

دەکرێت باسی زمان وەك (کۆد)ێك بکرێت، بۆ دروستکردنی پەیام. هەموو وشەکانی گرێدراو بە زمانێکەوە (توخمە کۆد)ن. وشەکان ئاماژە بە بیرۆکەیەکی گشتی دەدەن بە پێچەوانەی گرێیەکان، کە ئاڕاستەی ئاماژە گشتییەکان دەگۆڕن بۆ ئاماژە تایبەتییەکان. بۆ نموونە، ئەگەر وشەکانی (من، زەرد، فانیلە، کەوت، مێز، کۆن...هتد) وەربگرین و قسە دەربارەی هەر یەکێك لەمانە بکەین، واتە: تایبەتمەندی یەکێك لەو وشانە باسبکەین، بۆ نموونە ئەگەر وشەی (مێز) بەکاربهێنین، لێرەدا مەبەستمان مێزێکی تایبەتە یان جۆرە مێزێکە. واتە: هەموو تەنێك نییە کە ناویان (مێز) بێت. ڕۆیشتن لە (وشە)وە بەرەو یەکەی گەورەتر (گرێ)، پلاك گۆڕینە لە گشتییەوە بۆ تایبەتی چونکە هەمیشە گوێگر پێویستی بەوە هەیە، تایبەتترین پەیام لە لایەن قسە پێکەرەوە ئاڕاستەی بکرێت. بۆ نموونە ئەگەر گوێگر لە سەر (بان) بێت و قسەکەر داوای لێ بکات و بڵێت: (فانیلە) گوێگر لێی تێناگات، ئەگەر زیاتر لە فانیلەیەك لە سەر (بان) بێت. بەڵام ئەگەر وشەکە بگۆڕێت بۆ دانەی گەورەتر و گرێ یەکی وەك: (فانیلە زەردە کۆنەکەم)، ئەوا گوێگر لێی تێدەگات. هەندێك جار پەیامی تاکە وشە بەبێ گرێ، دەتوانێت بگوازرێتەوە بۆ تایبەتی، بەڵام پێویستی بە دەوروبەرێکی گونجاوە بۆ وشەکە. لێرەدا (دەوروبەر) پردی نێوان هەردوو جەمسەری پەیامی گشتی و پەیامی تایبەتییە. بۆ نموونە ئەگەر قسەکەر لە سەر مێزێکی نانخواردن بڵێت: (خوێ)، گوێگر یەکسەر لە قسەکەر تێدەگات و ئەرکی خۆی جێبەجێدەکات، بەڵام ئەگەر (دەوروبەر) لە بەر چاو نەگرێت، پێویستی بە گرێ دەبێت. گرێ یەکەیەکی زمانەوانییە وەك پەیام، هەروەك چۆن وشە یەکەیەکی زمانەوانییە وەك کۆد (غازی عەلی خورشید: ٢٠١٣ب: ٢٣). لێرەدا زمان ڕێگای جۆراوجۆری بۆ پێکەوەبەستن و لێکدانی دەربڕینەکان دابینکردووە، لە ناو ئەو ڕێگایانەدا گرێیەکان هەن و بە شێوەیەکی زۆر تێکچڕژاو، وشەکان تێکەڵیان بوونە بە پێی سیستەمی تایبەت بە هەر زمانێك، گرێیەکان یەکەیەکی ڕستەسازین، خاڵی پێگەیشتن و ناوەندی گەیاندنی وشەکانن بە ڕستەکانەوە، گرێیەکان پێکهاتەی بنەڕەتیی ڕستەکانن. هەر ڕستەیەکی زمان وەربگرین مەرجە دوو پێکاتەی هەبێت، ئەوانیش: (گرێی ناوی و گرێی کاری)، واتە: پێویستە مەرجی کۆمەڵە وشە بۆ پێکهێنانی ڕستە ئەم دوو پێکهاتەیەی پێکهێنابێت. (شیلان عومەر حسەین: ٢٠١١: ٢٨)

وەك: ـ منداڵەکە هات.

گ ن گ ك

نموونەی سەرەوە سادەترین ڕستەیە کە لە گرێیەکی ناوی و گرێیەکی کاری پێکهاتووە. لێرەدا ڕستە گەورەترین دانەی شیکردنەوەیە کە کەرەستەکانی زمان بە پێی کۆمەڵێك یاسای تایبەت بە زمان تێدا لێکدەدرێن. وشەکان و مۆرفیمەکان بۆ داڕشتنی گرێیەکان دواتر بە هۆی چەند

یاسایەکی تر گرێیەکان لێکدەدرێن بۆ پێکهێنانی دانەی گەورەتر (ڕستە). واتە: بۆ دروستکردنی پێکهێنی کۆتایی کە (ڕستە)یەو ئەمانەش بە (یاسایەکانی ڕستەسازی) ناودەبرێن.

سنوری نێوان وشەسازی و ڕستەسازی بە شێوەیەك تێکەڵبووە، بە ئاسانی جیاناکرێتەوە و دەستنیشانکردنی سنوری نێوانیان لە پرۆژەیەکی هاوبەشدا یەکدەگرێت، ئەویش پێکهاتەی (مۆرفۆسینتاکسی)یە (یارا قادر حەمەد مەلازادەیی: ٢٠١٣: ٦٩ـ٧٠). ئەگەر بڕوانینە ئەم هێڵکارییەی خوارەوە.

**یاساکانی ڕستەسازی**




**هێڵکاریی ژمارە (٣)**

وشە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە گرێیەوە هەیە. پەیوەندیی نێوان وشە و گرێ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیە، چونکە پێش ئەوەی وشەکان ڕستەبن، وشەکان پێکهێنەری گرێیەکانن، پاشان گرێیەکان ڕستە پێکدێنن، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە کە تاکە وشە دەتوانێت ببێتە مۆرفیم و لەهەمان کاتدا ببێتە گرێیەك. ئەمەیان کارێکە تەنیا لە وشەدا چاوەڕێ دەکرێت، چونکە وشە دانەی ناوەندە لە نێوان مۆرفیم و گرێ. وەك: ـ ئازاد هات




**هێڵکاریی ژمارە (٤)**

لێرەدا وشەی سادە وەك گرێ و مۆرفیمی سەربەخۆ دەردەکەوێت، بۆیە هەروەك لە هێڵکارییەکەدا دیارە، یەکەکانی ئاستەکانی زمان بەشێوەیەك چوونەتە ناو یەك، بە ئاسانی ناتوانین سنوری نێوانیان دەستنیشان بکەین. وشەکان کاتێك گرێ پێکدێنن، ئەگەر گرێیە پێکهاتووەکە لە تاکە وشەیەك زیاتربێت، ئەوا بە شێوەیەك وشەکان گرێ پێکدێنن. کە یەکێك لە وشەکان دەبێتە سەرە (دیارخراو) وشەکانی تر دەبنە دیارخەر، بەڵام پێش و پاشکردنی دانە پێکهێنەرەکانی گرێ (سەرە و دیارخەرەکان) بە پێی جۆری دیارخەرەکان و بە پێی سیستەمێکی ڕێزمانی ڕێزدەکرێن، بە شێوەیەك هەندێك جار دیارخەر لەپێش سەرە دێت و هەندێك جار لەدوای سەرە دێت. بەمەرجێك تەنیا یەك وشە دەبێتە سەرە. واتە: یەك سەرە دەتوانێت زیاتر لە دیارخەرێکی هەبێت، بەڵام دیارکردنی جۆری گرێیەکە بە پێی پۆلەوشەی سەرەکە دەبێت.

**٢ ـ ٢ ـ ٢ـ ١. سەرە (دیارخراو):**

گرێ پێکهێنێکی ناوەندە لە نێوان وشە و ڕستە. واتە: لە ڕووی ڕۆنانەوە لە وشە گەورەترە و لە ڕستە بچووکترە. زۆر جار تاکە وشە دەتوانێت ببێتە گرێ ((گرێ ئەو کۆمەڵە وشەیەیە، کە لە سەرە (دیارخراو) و دیارخەرێك پێکهاتبێت، بەمەرجێك تاکە وشەیەك بتوانێت جێگەی بگرێتەوە لە هەرشوێنێکی ڕستەدا بن))(محەمەد مەعروف فەتاح: ٢٠١٠: ٢١٧)، ئەمە بەشێکە لە بەشە پێکهێنەرەکانی ڕستە و پەیوەندییان بە قەوارەیەکی تایبەت و دیارکراوەوە نییە، چونکە گرێ لەوانەیە لە تاکە وشەیەك یان مۆرفیمێك پێکهاتبێت، لەوانەشە ژمارەیەکی زۆر کەرەستە بەشداری لە پێکهاتنیدا بکەن، بەڵام مەرجە گرێ (سەرە)ی هەبێت و گرێ بەبێ بوونی سەرە دروست نابێت (مستەفا قادر حەسەن: ٢٠١٠: ٢٦). سادەترین ڕستەی زمانی کوردی لە دوو گرێ پێکدێت، ئەوانیش: (گرێی ناوی) و (گرێی کاری)یە.

وەك: ـ هیوا هات




وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد لە گرێدا کەرەستەیەك سەرەکییە و بە (سەرە) یان (دیارخراو) ناسراوە و چەندین کەرەستەی تر لاوەکین، سەر بە (سەرە)ن و بە (دیارخەر) ناسراون. دیارخەرەکان کەرەستەی سەرەکی نین، بەڵکو بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ سەر بە (سەرە)ن و لە ژێر دەسەڵاتی (سەرە)دان. ئەم پێکهاتە (گرێ)یە لە ڕستەدا ئەرکێك دەبینێت (ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی: ٢٠١٣أ: ١٠)، هەروەك چۆن بەشەکانی ئاخاوتن ئەرك دەبینن، چونکە بەشەکانی ئاخاوتن پێکهێنەری گرێیەکانن. هەندێك لەو گرێیانە ئەرکیی سەرەکی ڕستە دەبینن، لەوانەش: (گرێی ناوی، گرێی کاری)، بەڵام هەندێك لە گرێیەکان ئەرکیی سەرەکی نابینن و تەنیا وەك دیارخەر دەبنە بەشێك لە (گرێی ناوی، گرێی کاری)، وەك: (گرێی ئاوەڵناوی و گرێی ئاوەڵکاری و گرێی بەند، گرێی ناوی دووەم). (مستەفا قادر حەسەن: ٢٠١٠: ٣٠) .

گرێیەکان بە پێی جۆری سەرەکەیان دەبن بەچەند جۆرێکەوە، ئەوانیش: (گرێی ناوی، گرێی کاری، گرێی ئاوەڵناوی، گرێی بەند، گرێی ئاوەڵکاری)ن.

## ٢ ـ ٢ ـ ٢ ـ ٢. پەیوەندیی ئاسۆیی بۆ دیارکردنی گرێ:

پەیوەندیی ئاسۆیی و ستوونی ئەرکێکی گرینگ لە نێو یەکەکانی زمان ئەنجامدەدات، نەك تەنیا بۆ وشەکان، بەڵکو ئەگەر لە پەیوەندی ئاسۆیی وردببینەوە دەبینین پەیڕەوکردنی سیستەمێکی هاونشینییە بۆ هەموو یەکەکانی زمان. واتە: لە بچووکترین یەکە (فۆنیم) دەسپێدەکات بۆ گەورەترین دانە کە (ڕستە)یە لە تێکسدا. ئەوەی پەیوەندی بە بابەتەکەمانەوە هەیە بریتییە لە ڕۆڵی پەیوەندیی ئاسۆیی وشە لە دەستنیشانکردنی گرێیەکانی زمان و هەروەها وشەکان چۆن دەبنە دراوسێ یەکتر بۆ پێکهێنانی دانەی گەورەتر لە خۆیان کە (گرێ)یەکانن.

پەیوەندیی ئاسۆیی و ستوونی یەکێك بوو لەو باسە زمانەوانییانەی کە لە لایەن زمانەوانی بەناوبانگ (فێردینان دی سۆسێر) داهێنرا و ئاشکراکرا (سەرچاوەی پێشوو: ٢٩). بە پێی ئەم پرۆسەیە فۆڕمەکانی زمان لەهەر ئاستێکدابن بەسەر ئەم تەوەرەدا ڕێکدەخرێن و دەتوانن یەکبگرن بۆ پێکهێنانی دانەی گەورەتر لە خۆیان، وەك وەرگرتنی مۆڕفیمی ناسیاوی و نەناسیاوی و کۆ (ەکە، ەك، ان) لە لایەن ناوەکان و وەرگرتنی مۆڕفیمی پلەی باڵا و بەراورد (تر، ترین) لە لایەن ئاوەڵناوەکان، بۆ گەورەکردنی دانەی خۆیان و پێکهێنانی گرێ (بازیان یونس محی الدین: ٢٠٠٨: ٢٢).

لە لایەکی ترەوە کاتێك فۆڕمەکانی زمان هەمان ئەرکیی بەکارهێنان و دەرکەوتنیان دەبێت لە ئاستێکی تایبەت و لە ڕۆنانێکی دیارکراودا، ئەوا پەیوەندیی جێنشینی (ستوونی) پێکەوە دەبەستێتەوەو دەبنە ئەندامی هەمان دانە پۆل (هـ.ج. ویدۆوسن: ٢٠٠٨: ٥٣)، بەڵام ئەوەی جەخت لە سەر دەکەینەوە پەیوەندیی ئاسۆییە، ئەم پەیوەندییە بریتییە لە پەیوەندییەکی ڕستەسازیی نێوان وشەکان و دەرکەوتن و گونجانیان لەگەڵ یەکتر، بۆ پێکهێنانی دانەی لە خۆیان گەورەتر (گرێ)، لە ناو چوارچێوەی ڕستەدا (طالب حسین عەلی: ١٩٩٨: ٣٣)، بەشێوەیەك (سەرە) چۆن دیارخەرە گونجاوەکانی خۆی هەڵدەبژێرێت بۆ پێکهێنانی گرێ، پاشان (کار) وەك خاوەن دەسەڵاتی ڕستە چۆن وشە و گرێیەکان وەردەگرێت و تا چ ڕادەیەکی گونجاو پەسەندیان دەکات. وەك وەرنەگرتنی دیارخەرەکانی (تر، ترین) لە لایەن ناوەوەو وەرنەگرتنی دیارخەرەکانی (ەك، ەکە، ان) لە لایەن کارەوە. زۆر جار دیارخەرەکان ئەگەر وشەی تەواویش بن، لە لایەن (سەرە)وە وەرناگیرێن، چونکە هەندێك دیارخەر هەیە لەگەڵ (سەرە) ناگونجێن لە سەر تەوەرەی ئاسۆیی. بۆ نموونە، گرێی (گوڵی جوان) سەرەی ئەم گرێیە ئاوەڵناوی (جوان) پەسەنددەکات، بەڵام (زیرەك، بەڕەحم، ئازا، خێرا...هتد) هەرچەندە سەر بە ئاوەڵناون، بەڵام سەرەکە (گوڵ) پەسەندناکات، چونکە پێویستە گرێ پەسەندی ڕێزمانی و واتایی بێت، نەك تەنیا لە ڕووی ڕێزمانەوە پەسەندبێت. دوای ئەوەی سەرەکان دیارخەرە گونجاوەکانیان هەڵبژارد، کار وەك سەرەکیترین دانەی ڕستە بڕیار لە سەر وەرگرتن یان وەرنەگرتنی (گرێ)یەکە دەدات. بۆ نموونە، (هێنا) کارێکی تێپەڕە، بۆیە گرێی (گوڵی جوان) وەك بەرکارێك بۆ خۆی پەسەندەکات و لە ئەنجامدا ڕستەی (گوڵی جوانم هێنا) دروستدەبێت، کە لە هەردوو لایەنی (ڕێزمانی) و (واتایی)یەوە ڕستەیەکی تەواوە. لەوانەیە لە کاتی پاش و پێش کردنی (سەرە) و دیارخەرەکان لە سەر تەوەرەی ئاسۆیی لە گرێدا کار لە ڕێزمانی ڕستەکە بکات و واتاکەی تێکبدات (شێرزاد سەبری عەلی: ٢٠١١: ٢٨). بۆ نموونە، لە چواچێوەی گرێدا ئەگەر سەرە (گوڵ) بچێتە پاش دیارخەر (جوان) و بڵێین: (جوان گوڵ) لایەنی ڕێزمانی تێکدەچێت، چونکە ڕێزبوونی گرێی (گوڵی جوان) ڕێزبوونێکی چەسپاوە، بۆیە نەگونجانی هەر دانەیەکی پێکهێنەری گرێ لە تەوەرەیی ئاسۆییدا کار لە ڕستەدەکات، بە پێچەوانەشەوە هەندێك دیارخەر هەیە، دەتوانێت لە پاش یان لە پێش (سەرە) بێت لە سەر تەوەری ئاسۆیی بەبێ ئەوەی کار لە لایەنی ڕێزمانی و واتایی گرێ بکات. بۆ نموونە: (ژمارەی پلەیی) یەکێکە لەو دیارخەرانەی کە لە پێش و پاشی(سەرە) دێت، وەك: ــ <u>دووەم قوتابی</u> زیرەکە= <u>قوتابی دووەم</u> زیرەکە.

هەروەها لە ڕستەیەکی وەك: (قوتابییەکە بە دەستی چەپ وانەکە دەنووسێت)، یەکەکانی ئەم ڕستەیە، کە لە وشە و گرێیەکان پێکهاتوون، دەسەڵاتدار کە (دەنووسێت)ە. واتە: کارێکی تێپەڕە لە

سەر تەوەرەیی ئاسۆیی، پەسەندی بەرکاری (وانەکە) و بکەرەکە (قوتابییەکە) دەکات، چونکە پەیوەندیی ئاسۆیی نێوان کارەکە و ئەو کەرەسانەی کە وەریگرتووە پەسەندی ڕێزمانی و واتایی تێدایە، بەڵام ئەگەر بڵێین: (بەردەکە بەدەستی چەپ وانەکە دەنووسێت)، ئەوا ئەم ڕستەیە نادروستە، چونکە پەسەندی واتایی تێدا نییەو نەگونجان لە نێوان (کارەکە) و(بکەرە) کەیە، لەبەرئەوەی کاری (دەنووسێت) بکەرێکی (زیندووی خاوەن عەقل)ی دەوێت. (ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی: ٢٠١٣ب: ١٧)

گرێیەکان وەك پێوانەیەکی گونجاو، سوود لە تەوەرەیی ئاسۆیی وەردەگرن، بۆ ڕێزبوونیان لە پێناو بەرهەمهێنانی ڕستەدا. پێکهێنەکانی ڕستە، کە گرێیەکانن لە ژێر سێبەری ئەم پەیوەنییە دا ڕێزدەبن، ئەگەر بڕوانینە ئەم هێڵکارییەی خوارەوە.




هێڵکاریی ژمارە (٥)

پەیوەندیی ئاسۆیی، هەموو پەیوەندییەکی ئاشکرا و دیارکراو دەگرێتەوە، کە لە قەبارەی گرێ و ڕستەدا کاردەکەن.

## ٢ ـ ٣. لێکدانی وشـــە لە ڕستەدا:

وشەکان لە ژێر سێبەری ڕستەدا یەکتر دەگرن، بۆ دانەی گەورەتر (گرێ) لە خۆیان، بەڵام پێش ئەوەی وشە گرێ پێکبێنێت، بەچەند فلتەرێکدا دەڕوات. لەوانەش: (ڕێزبوونی وشەکان و پەسەندێتی واتایی و پەسەندێتی ڕێزمانی و حکومکردنی کەرەستەی خاوەن دەسەڵات (کار) و بەستانەوەی هەندێك وشە لە لایەن سەرەکانەوە). بۆیە ئەگەر ڕستە دروستکردن، تەنیا خستنە پاڵیەکی وشەکان بووایە ئەوا کارێکی زۆرئاسان بوو، مرۆڤ زۆر زوو زمانی دووەمی وەردەگرت و پێویستی بە ڕێزمان نەدەبوو، بەڵام ناکرێت قسەکەری هەر زمانێك تەنیا وشەکانی ناو فەرهەنگی مێشکی ڕێزبکات بەبێ مەرج و دەستور. لێرەدا هەوڵدەدەین بە پێی پێویست ئەم مەرجانە بخەینە پێش چاو کە دەبنە مایەی خستنەپاڵیەکی وشەکان.

## ٢ ـ ٣ ـ ١. ڕیزبوونی وشەکان لە ڕستەدا:

هەر زمانێك ڕێگایەکی هەیە، بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانی وشە لە ڕستەدا نیشانبدات، لە هەندێك زماندا پشت بە وشە ڕیزبوون بەستووە، بۆ ئەوەی پەیوەندیی ڕستەسازی نیشانبدات، لەوانەش: (زمانی ئینگلیزی)، لەم زمانەدا ناوی بکەر هەمیشە لە پێش کارەکەیە (ئاواز حەمە صدیق بەگیخانی: ١٩٩٦: ٥٣)، ناوی دوای کارەکە هەمیشە بەرکارە، ئەگەر ڕستەکە تێپەڕی بێت، بەڵام ئەگەر ڕستەکە تێپەڕی نەبێت، ئەوا ناوی بکەر دێت، پاشان کارەکە دێت. لێرەدا هەر زمانێك ڕیزبوونێکی تایبەت بەخۆی هەیەو تایبەتە بە سیستەمی ڕستەسازی زمانەکە خۆی. لە زمانی کوردیدا ناوی بکەر دێت، پاشان ناوی بەرکاری دێت و پاشان کارەکە، لە زمانی عەرەبیدا کار لەپێش ناوی بکەر و بەرکار دێت.

زمانەوانەکان هەوڵدەدەن ئەو یاسا ڕستەسازییانە دەستنیشانبکەن، کە بەیارمەتی ئەوان بێ سنور ڕستەی ڕێزمانی بەرهەمدەهێنن. لە زمانی کوردیدا وشەی خاوەن دەسەڵات کاری ڕستەیە (تێپەڕ، تێنەپەڕ) و ڕیزبوونی کەرەستەکان لە دەست کارەکە دایە (عبدولسەلام نەجمەدین و شێرزاد سەبری: ٢٠١١: ١٧٨). کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ لەگەڵ ئەو کەرەستانەی، کە دەبنە مایەی ڕستە دروستکردن، لە ناو چوارچێوەی ڕستەدا، وەك کەرەستەیەکی واتایی ڕێزمانی دەبینرێن و مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، ڕستەی تێپەری هەموو زمانێك ئەم سێ بەشەسەرەکییەی هەیە (کار، بەرکار، بکەر)، بەڵام ئەگەر تێنەپەری بێت، کەرەستە سەرەکییەکان تەنیا بریتین لە (بکەر، کار). (بکەر) هێمای(S)ی بۆ دانراوە، (بەرکار) هێمای (O)ی بۆ دانراوە، (کار) هێمای (V) بۆ دانراوە، ڕیزکردنی ئەم کەرەستە سەرەکییانە، وەك پێوەرێك بۆ بەراوردکردنی زمانەکان بەکارهێنراوە، ئەگەر ئەم سێ هێمایە لێکبدەین، دەبینین بە گشتی دەبنە شەش جۆر ڕیزبوون.

وەك: ـ بکەر+ بەرکار+ کار SOV

ـ بەرکار+ بکەر+ کار OSV

ـ بکەر+ کار+ بەرکار SVO

ـ بەرکار+ کار+ بکەر OVS

ـ کار+ بکەر+ بەرکار VSO

ـ کار+ بەرکار+ بکەر VOS (عەبدولواحید موشیر دزەیی: ٢٠١٢: ٥٤)

هەندێك جار لەیەك زماندا چەند جۆرێك لە ڕیزبوون دەبینرێت. بۆ نموونە بە پێی (گرینبێرگ) ڕیزبوونی بنجی لە زمانی ئینگلیزیدا (بکەر+ کار+ بەرکار)ە، و(چۆمسکی)یش لە سەر هەمان ڕایە، بەڵام(ماکوێلی) وا پێشنیازدەکات، کە ڕیزبوونی کەرەستەکان لە زمانی ئینگلیزیدا، بە شێوەی (کار+ بکەر+ بەرکار)ە، هەروەها (گرینبێرگ) زمانی عەرەبی بە شێوەی (کار+ بکەر+ بەرکار) دادەنێت (طالب حسين عەلی: ١٩٩٨: ٩). لە زمانی کوردیدا کەرەستەکان (بکەر+ بەرکار+ کار) بۆ ڕستەی تێپەڕی و (بکەر+ کار) بۆ ڕستەی تێنەپەڕی بە شێوەیەکی ئاسایی کەرەستەکان ڕێزدەبن، چونکە زۆربەی ڕستەکانی زمانی کوردی ڕۆنانێکی ناوەوەیان هەیە، کە بە (بکەر) دەستپێدەکات و بە (کار)یش کۆتایی دێت. (ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی: ٢٠١٣ أ: ٣٤)

ئەگەر لەو شەش ڕیزبوونانەی سەرەوە وردببینەوە، تەنیا سێی یەکەم لەزماندا بەرچاودەکەون و هەر بە پێی ئەم سێ ڕیزبوونە زمانەکانی جیهان، دابەش کراوە بۆ سێ جۆر:

١ ـ VSO: ئەوانەی کار لە پێش بکەر دێت، وەك (زمانی عەرەبی).

وەك: ـ اشتری الولد کتابا.

(کار) (بکەر) (بەرکار)

٢ ـ SVO: ئەوانەی کار، دەکەوێتە نێوان بکەر و بەرکار، وەك (زمانی ئینگلیزی).

وەك: The boy bought a book ـ

(بەرکار) (کار) (بکەر)

٣ ـ SOV: ئەوانەی کار، دەکەوێتە دوای بەرکار، وەك (زمانی کوردی).

وەك: ـ کوڕەکە کتێبێکی کڕی.

(بکەر) (بەرکار) (کار) (عەبدولواحید موشیر دزەیی: ٢٠١٢: ٥٤)

هەندێك جار ئەم ڕیزبوونانە لە ڕستەکاندا دەگۆڕێن، بەڵام بە مەرجێك نەبێتە هۆی ئەوەی واتای ڕستەکە بشێوێنرێت، ئەمەیان بەزۆری لە کاتی قسەکردنی ئاسایی و بەلووتکەکردندا ڕوودەدات. لێرەدا باسی ئەم دوو جۆرە ڕێزبوونە دەکەین.

## ٢ ـ ٣ ـ ١ ـ ١. ڕێزبوونی چەسپاو( نەگۆڕ):

ئەم ڕیزبوونەیە، کە ناتوانین کەرەستەکانی ڕستە پاش و پێشیان بکەین و شوێنیان بگۆڕین، یان جێگۆڕکێیان بکەین. هەر گۆڕانێك لە سنوری کەرەستەکان (گرێ)یەکاندا ڕووبدات، ئەوا دەبێتە هۆی گۆڕینی ئەرکی ڕستەسازیی ڕستەکە، یان لێکدانەوەی واتای کەرەستەکان دەگۆڕێت.

وەك: ـ ئازاد کتێبەکەی خوێندەوە. (طالب حسین علی: ١٩٩٨: ١٠)

ـ کتێبەکە ئازادی خوێندەوە.

ڕستەی دووەم، سەرەڕای گۆڕانی ئەرکی ڕستەسازی، ناوەکانی (کتێب و ئازاد)، لە ڕووی واتاشەوە هەڵەیە و ڕستەیەکی نادروستە. زمانی کوردی ڕێگا بەم جۆرە ڕێزبوونە نادات، لێرەدا مەبەستمان کەرەستە سەرەکییەکانی ڕستەیە. واتە: (بکەر، بەرکار، کار)ن، لەبەرئەوەی زۆر جار کەرەستەی ناسەرەکی وەك (ئاوەڵگوزارە)، دەتوانێت لە ڕستەی (ڕێزبوونی چەسپاو)یشدا شوێنیٚ خۆی بگۆڕێت.

وەك: ـ ئازاد کتێبەکەی ئەمڕۆ خوێندەوە.

ـ ئەمڕۆ ئازاد کتێبەکەی خوێندەوە.

لەڕووی ئەرکەوە ئەم دوو ڕستانەی سەرەوە هیچ جیاوازییەکیان نییە، تەنیا گۆڕانی واتاو مەبەستە لە لایەن قسەکەرەوە، چونکە بە مەبەست گرێیەکان پاش و پێش دەکات.

## ٢ ـ ٣ ـ ١ ـ ٢. ڕیزبوونی ئازاد:

لەم ڕیزبوونەدا، ڕیزبوونی وشەکان لە چواچێوەی ڕستەدا، بە چەندین شێوەی جیاجیادەبێت، وشەکان تا ئەو ڕادەیەی، کە گوێگر لە قسەکەر تێدەگات ئازادن لە گۆڕینی شوێنیان، بەبیٚ ئەوەی کار لە ئەرك و واتای ڕستەکە بکات. (عبدولسەلام نەجمەدین و شێرزاد سەبری: ٢٠١١: ١٧٩)، ئەمەیان

دەگەڕێتەوە بۆ مەبەستی قسەکەر، کە هەندێك وشەی بەلایەوە گرینگە و یەکێك لە وشەکان دەخاتە لووتکە و لە پێش ئەوانی تر دەدرکێنێت.

وەك: ـ ئەوان پار ڕۆیشتن.

ـ پار ئەوان ڕۆیشتن.

ـ ڕۆیشتن ئەوان پار.

ڕیزبوونی ئاسایی (ڕەسەن)ی کەرەستەکانی زمانی کوردی بەم شێوەیە:

١ ـ ڕستەی کاری تێپەڕ:

(بکەر+ بەرکار+ کار)، وەك: ـ ئازاد نانەکەی خوارد.

لە هەندێك ڕستەدا تەواوکەر وەك کەرەستەیەکی سەرەکی خۆی دەنوێنێت و قاڵبی ڕستەی کاری تێپەڕ دەگۆڕێت بۆ ئەم شێوانەی خوارەوە.

(بکەر+ بەرکار+ کار+ تەواوکەر)، وەك: ـ دەستی برد بۆ گوڵەکە.

(بکەر+ بەرکار+ تەواوکەر+ کار)، وەك: ـ من دارا بە مامۆستا دەبینم.

٢ ـ ڕستەی کاری تێنەپەڕ:

(بکەر+ کار)، وەك: ـ هیڤی هات.

ئەگەر تەواوکەر خۆی وەك کەرەستەی سەرەکیی ڕستەی کاری تێنەپەڕ نواند، قاڵبەکەی بۆ ئەم شێوەیە دەگۆڕێت.

(بکەر+ تەواوکەر+ کار)، وەك: ـ بنێشت بەدەستییەوە لکا. (طالب حسين عەلی: ١٩٩٨: ١٤)

## ٢ ـ ٣ ـ ٢. پەسەندێتی لە ڕستەدا:

وشەکان بەشێوەیەکی سەربەخۆ لە ڕستەدا بەکارنایەن، واتە: ڕیزکردنی کەرەستەکان لە ڕستەدا بەشێوەیەکی هەڕەمەکی نابێت، وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد، ناکرێت ئێمە تەنیا وشەکان لە تەنیشت یەکتر ڕیزبکەین و بڵێین ڕستەمان پێکهێناوە، بەڵکو وشەکان لە چوارچێوەی ڕستەکان و گرێیەکاندا، ملکەچی وشە دراوسێیەکان دەبن و چەندین گۆڕانکاری بەسەر وشەکاندا دێت. لەبەرئەوەی ڕستە تەنیا بریتی نییە لە کۆمەڵە وشەیەکی ڕیزکراوی یەك لە دوای یەك، بەڵکو چەند یاسا هەن، کە بەیەکەوە هاتنی وشەکان کۆنترۆڵ دەکەن. لێرەدا واتای وشەکان بریتییە لە واتایی فەرهەنگیی وشەکان و کۆی ئەو بەکارهێنانەی وشەکان هەیانە لە پێکهاتەیەکی ڕستەی ڕێزمانیدا(شوکر گەلالی: ٢٠١٠ب: ٩٠). بۆ ئەوەی وشەکان ڕستەیەکی دروست و تەواو پێکبهێنن، پێویستە ڕستەکە لە ڕووی پەسەندێتی (ڕێزمانی و واتا)وە دروست بێت، چونکە ناکرێت بەبێ ئەم دوولایەنە بە کۆمەڵە وشە بڵێین (ڕستەیەکی دروست).

پەسەندێتی ڕێزمانی و واتایی لە ڕستەدا کارێکی نوێیە لە زمانەوانییدا، ئەم جێبەجێکردنە زۆرکۆن نییە و بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە زمانەوانە پێشینەکان لەبارەی ڕێککەوتنی ڕێزمانی و ڕێککەوتنی واتایی ڕستەکان کارێکی پێش چاویان نەکرد، کە ببێتە بنەمایەك بۆ لێکۆڵینەوە و کارەکانی دوایی خۆیان (هیدایەت عبدوڵلا موحەمەد: ٢٠٠٢: ١٢)، بەڵام لەپاش ئەمانە، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان لە بابەت ڕێزمان و واتاوە گەیشتنە ئەو ڕاستییەی، کە پێویستە لایەنی ڕێککەوتنی

ڕێزمانی و واتایی لە ڕستەدا بێت و گرینگی تەواوی پێ بدرێت، بە شێوەیەك کە هەر ڕستەیەك ئەگەر یەکێك لەم دوولایەنەی کەم بێت بە ڕستە دانەنرێت. بۆ نموونە:

ـ گوڵ باخچە لە کورسی هێنا.

ئەگەر سەیری ئەم نموونەیەی سەرەوە بکەین دەبینین، کە گوێگر چەندین جار بە قسەکەر دووبارە دەکاتەوەو لەوانەیە لێی تێنەگات، لەبەرئەوەی لایەنی ڕێزمانی و واتایی فەرامۆشکراوە، هەرچەندە بەشێك لەم وشانە پێکهێنەری ڕستەیەکی تەواو و دروستن، بەڵام پێویستییان بە ڕێکخەری ڕێزمانی و واتایی هەیە، ڕێکخستنەکەش بەم شێوەیە جێبەجێدەکرێت.

١ـ پێویستە لە قۆناغی یەکەمدا لە واتای وشەکان تێبگەین و بزانین، ئایا ئەم وشانە بە پێی هاوڕێیەتی و هەڵبژاردن لەگەڵ یەکتر دەگونجێن یان نا؟ بە پێی ئەم مەرجانە، وا پێویست دەکات هەندێك لەو وشە ڕیزکراوانە بگۆڕین. بۆ نموونە لە وشەکانی سەرەوە پێویستە (بکەر) زیندوو بێت و خاوەن هۆش بێت، بۆیە وشەی (کورسی) دەگۆڕین بۆ وشەی (من) و کۆمەڵەی وشەکان دەبێتە (گوڵ باخچە لە من هێنا).

٢ـ لە قۆناغی دووەمدا پێویستیمان بەڕێکخستنی ڕێزمانی (وشەسازی) هەیە بەم شێوەیە.

ـ(گوڵ+ ەکە+ م) (باخچە+ کە) من هێنا.

٣ـ لە قۆناغی سێیەم و کۆتاییدا، پێویستیمان بە ڕێکخستنی ڕێزمانی (ڕستەسازی) هەیە و شوێنەکانیان بە پێی ڕیزبوونی ئاسایی زمانی کوردی، بۆ(بکەر+ بەرکار+ تەواوکەر+ کار) دەگۆڕین بەم شێوەیە.

ـ من گوڵەکەم لە باخچەکە هێنا.

لە ئەنجامدا ڕستەیەکی دروست و پەسەند لە ڕووی ڕێزمان و واتاوە دەردەچێت.

### ٢ ـ ٣ ـ ٢ ـ ١. پەسەندێتی واتایی:

پەیوەندیی گونجان و نەگونجانە لە نێوان وشەکاندا لە سنوری گرێ و ڕستەدا، کۆتی هەڵبژادن و هاوڕێیەتی لە دەست وشە بەدەسەڵاتەکەیە لە ڕستەدا، کە بریتییە لە (کار) (عەبدولواحید موشیر دزەیی: ٢٠١١: ١٤٣). لێرەدا وشەکان هەموویان لە سەر یەك هێڵی ئاسۆیی دەبینرێن و هەریەکەیان کار لە تەنیشت خۆی دەکات. واتە: کام وشە لەگەڵ کام وشە دەچنە تەنیشت یەك، بە شێوەیەکی گونجاو و ڕێك و بە مەرجێك واتای وشەکان لەگەڵ یەك گونجاوبێت.

وەك: ـ منداڵەکە بە قاچی چەپ لە تۆپەکەی هەڵدا.

پەیوەندیی نێوان (منداڵ و قاچ و چەپ و تۆپەکە...هتد) پەیوەندییەکە لە سەر یەك هێڵ دەبینرێت و کارەکە لەبەر ئەوەی تێپەڕە، بۆیە پێویستی بە (بکەر) و (بەرکار) هەیە، بە پێی جۆری کارەکە دەبێت (بکەر) زیندوو بێت و (بەرکار)یش توانای جولەی هەبێت. ئەگەر بڕوانینە ئەم نموونانەی خوارەوە.

ـ شیرین دەرس دەخوێنێت (ڕستەیەکی دروستە)

ـ نانەکە دەرس دەخوێنێت (ڕستەیەکی نادروستە)

ڕستەی دووەم نادروستە، نادروستیەکەی بۆ ناپەسەندێتی واتایی دەگەڕێتەوە.

سەرهەڵدانی نادروستی واتایی دەگەڕێتەوە بۆ بەزاندنی ئەو کۆتانەی، کە کەرەستەیەکی ڕستە بەسەر کەرەستەیەکی تردا دەسەپێنێت، لەم بارەوە کەرەستەکانی ڕستە دەبن بە دوو جۆر:

١. هەڵبژێر (کار)ەکە.

٢. هەڵبژێراو (بکەر، بەرکار، ئاوەڵگوزارە...هتد)

وەك: ـ دیوارەکە مێزەکەی خوارد.

(خوارد) هەڵبژێرە.

(دیوارەکە، نانەکە) هەڵبژێردراون.

نادروستە و نادروستییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە ئەو کۆتانەی (کارەکە) لە (بکەر و بەکار) دەیەوێت نەهاتوونەتەدی، لەبەرئەوەی (خوارد) دەبێت بکەرەکەی (زیندوو) بێت و دەبێت بەرکارەکە (خواردن) بێت. دووجۆرە کۆت هەیە (کۆتی هەڵبژاردن) و (کۆتی هاوڕێیەتی) (ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی: ٢٠١٣ب: ١٧ـ١٨)

## أ ـ کۆتی هاوڕێیەتی ( بەیەکەوە هاتن ):

پەیوەندی و هاتنی هەندێك وشەیە لەگەڵ هەندێك وشەی تر لە ناو ڕستەدا، لە سەر بنەمای ڕێککەوتن، پەیوەندیی هاوڕێیەتی نێوان وشەکان پلەدارە، هەندێك وشە هەن ڕادەی هاتنیان زیاتر لەگەڵ هەندێك وشەی تر. (عەبدولواحید موشیر دزەیی: ٢٠١١: ١٤٤)، واتە: هەندێك وشە هەیە سنوری بەکارهێنانیان زۆر تەسکە، تەنیا لەگەڵ یەك وشە یان دوو وشە دەبنە هاوڕێ، وەك ئەو وشانەی بۆناونانی (دەنگ، زایەندە، مردن...هتد)ی گیانلەبەر و مرۆڤ و شتە بێ گیانەکان بەکاردێن، لەوانەش: (قاسپە بۆ دەنگی کەو، هاوار بۆ دەنگی مرۆڤ، لوراند بۆ دەنگی گورك، زەڕاند بۆ دەنگی کەر...هتد)، هەروەها هاوڕێیەتی و پێکەوە هاتنی وشەکانی: (مرد) بۆ نەمانی مرۆڤ. (شەهید) بۆ کوژرانی مرۆڤێك، کە گیانی لە پێناو نیشتمان بەختدەکات. (تۆپی) بۆ نەمانی هەندێك گیانلەبەر. سەرەڕای ئەمانە وشەی تر هەیە، هەر چەندە سنوری بەکارهێنانی دیارکراوە، بەڵام دەتوانێت لەگەڵ چەند وشەیەکی تر ببێتە هاوڕێ. بۆ نموونە، وشەی (گەورە) لەگەڵ (تەمەن، قەبارە، دەسەڵات...هتد) (عبدولسەلام نەجمەدین و شێرزاد سەبری: ٢٠١١: ١٧٨). وشەی (باش) لەگەڵ (جوان، زیرەك، عاقل، ڕەوشت، نەخۆشی...هتد) دەبنە هاوڕێ. هەروەها لە ڕووی واتاوە دەگونجێن هەندێك وشە پێکەوە بێن، هاوڕێیەتییان نەبێت و ڕستە بەرهەم بهێنن، بەڵام ڕستەیەکی بەهێز دروست نابێت و ئەگەر لەگەڵ وشە هاوڕێیەکانیان بێن، پلەی ڕستەکە بەهێزتر دەبێت لە ڕووی واتاوە. واتە: ئەمەش بۆ هەڵبژاردنی کەرەستە زاڵەکە دەگەڕێتەوە، کە هەمیشە کەرەستەی خاوەن دەسەڵات زاڵە لە سەر کەرەستەی بێدەسەڵات، ئەگەر بڕوانینە ئەو ڕستەیەی خوارەوە. (عەبدولواحید موشیر دزەیی: ٢٠١١: ١٤٤)

ـ....... قورئانی خوێند. (قوتابی، مامۆستا، مەلا)

ئەگەر هەریەك لەو وشانەی سەرەوەی لە بۆشایەکەی دابنێین، بێگومان گونجاوە، بەڵام (مەلا) گونجاوترینە، چونکە پیشەی مەلا خوێندنی (قورئان) ە، بەڵام لەڕستەی

ـ مامۆستاکە <u>کرێیەکەی</u> لە حکومەت وەرگرت.

لێرەدا نادروستی ڕستەکە بەهۆی بەزاندنی کۆتی هاوڕێیەتییەوەیەو بە گۆڕینەوەی گرێیەکی تری نزیك لەو گرێیە. واتە: بە گۆڕینەوەی گرێی (کریّ) بە گرێی (مووچەکە)، نادروستییەکەی دەڕەوێتەوە (ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی: ٢٠١٣أ: ١٩). وەك: ــ مامۆستاکە مووچەکەی وەرگرت.

## ب ـ کۆتی هەڵبژاردن:

پێکدێت لە پەیوەندیی ئاسۆیی کەرەستەکانی ڕستە، کەرەستەکان ئەو یەکانە هەڵدەبژێرن، کە لەگەڵیدا ڕێکدەکەون (شوکور گەلاَلی: ٢٠١٠: ٩٤)، بە جۆرێك دوو وشە یان زیاتر بە یەکەوە دێن و هەندێك کۆت دەخەنە سەر یەکتری، لەبەرئەوەی ڕستەسازی پەیوەندیی هێمایە بە هێماو بەشێك لە واتای ڕستە لە ڕۆنانی ڕستەسازیدایە. هەڵبژاردنی (بکەر) و (بەرکار) پەیوەندیی بە ئەرکی خودی کەرەستەکانی ڕستەوە هەیە. نابێت پەیوەندیی نێوان ئەرکی واتایی و ئەرکی بکەری و بەرکاری پشتگوێ بخرێت. دەبێت پێویستییەکانی کارەکە (بکەر) و (بەرکار) یەکتر هەڵبژێرن، بەشێوەیەکی گونجاو (عەبدولواحید موشیر دزەیی: ٢٠١١: ١٤٤ـ١٤٥). واتە: ئەگەر کارەکە (تێپەڕ) بێت، سەرەڕای ئەوەی کە پێویستی بە (بکەر) و (بەرکار)ە، بەڵام دەبێت ئەم (بکەر) و (بەرکار) لەگەڵ کارەکە بگونجێن لە ڕووی واتاوە، پاشان لەگەڵ یەکتر ڕێکبن.

وەك: ــ....... خوارد. (ئازاد، ئازاد نانەکەی، ئازاد دەفتەرەکەی)

لێرەدا کاری (خوارد) پێویستی بە بکەر و بەرکارێك هەیە، بەڵام هەموو بکەر و بەرکارێك ناگونجێن، دەبێت (بکەر) زیندوو بێت و توانای خواردنی هەبێت، (بەرکار) دەبێت جۆرێك لە خواردن بێت. لێرەدا بە پێی ئەو مەرجانەی کە (کارەکە) دایناوە، بکەری (ئازاد ـ ی) و بەرکاری (نانەکە) گونجاوە. بەڵام لە ڕستەی (من دیوارەکەم تێگەیاند) بە پێی مەرجی کاری (تێگەیاند) دەبێت (بەرکار) مرۆڤ بێت. لێرەدا (تێگەیاند و دیوار) بەیەکەوە نایەن، ئەم ڕستەیە لە ڕووی واتاوە ناپەسەندە بەهۆی هەڵبژاردنی ناتەواوەوە.

## ٢ ـ ٣ ـ ٢ ـ ٢. پەسەندێتی ڕێزمانی:

لەپاش ئەوەی وشەکان لە ژێر فلتەری پەسەندێتی واتایی دەربازدەبن، ڕووبەڕووی پەسەندێتی و ڕێککەوتنی ڕێزمانی دەبنەوە، مەبەستمان لەو جۆرە پەسەندێتییە ئەوەیە، کە وشەکان ڕیزدەبن لە تەنیشت یەکتر بۆ پێکهێنانی گرێ و ڕستە، هەندێك لە وشەکان گۆڕانیان بەسەردادێت و وشە هەیە کەرەستەی تر دەچێتە سەری و وشە هەیە وەك خۆی بەکاردێت، ئەمەیان لە لایەنی وشەسازییەوە، هەروەها ئەم وشانە لە کاتی ڕیزکردنیان دەبێت شوێنی خۆیان بناسنەوەو بە پێی شوێنە دیارکراوەکەیان ڕستەپێکبهێنن و پاشان ئەرکێکی ڕستەسازییان پێ دەسپێردرێت، سەرەڕای ئەوەی وشە هەیە، لە کاتی بەکارهێنانیدا بەشێك لە واتا ڕەسەنەکەی وندەکات. لەخوارەوە باسی پەسەندێتی وشەسازی و ڕستەسازی دەکەین.

## أ ـ پەسەندێتی وشەسازی:

لایەنی پەسەندێتی وشە دەگرێتەوە لە گرێ و ڕستەداو لێکۆڵینەوە لە پێکهاتەی وشەکاندا دەکات، کە لە شێوەی وشەدا واتاکەی دیاردەبێت. ئایا بەشداریکردنی لەو ڕستەیە و گرێیەدا گونجاوە یان نا؟ هەر گۆڕانێك لە شێوە و پێکهاتەی وشەکەدا ڕوودەدات، دەبێتە هۆی گۆڕانی واتای

وشەکە، ئەم گۆڕانکارییە بە ڕێگای زیادکردن، یان کەمکردنی مۆڕفیمێك لە مۆڕفیمەکانی وشەکە ڕوودەدات (شێرزاد سەبری عەلی: ٢٠١١: ٣٦)، چونکە مۆڕفیم خۆی بەوە پێناسە کراوە، کە بچووکترین دانەی واتاداری زمانە. بۆ نموونە، واتای وشەی (دەست) جیایە لە وشەی (دەستگا= دەزگا)، یان لە (دەسك)، ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە وشەی (دەستگا) مۆڕفیمی (گا)ی زیاد بووە لە سەر وشەی (دەست)، یان لە وشەی (دەستك= دەسك) دیسان مۆڕفیمی (ك) زیاد بووە لە سەر وشەی (دەست) (عەبدولواحید موشیر دزەیی: ٢٠١١: ٤٢). ئەمە تەنیا (ناو) ناگرێتەوە، بەڵکو هەموو پۆلەوشەکراوەکانی زمان دەگرێتەوە. هەندێك لەو مۆڕفیمانە تەنیا واتاگۆڕن (م. بەندی ڕێزمانی) بە بێ ئەوەی پۆلی وشەکان بگۆڕن، بەڵام هی وا هەیە، واتا و پۆلی وشە دەگۆڕێت لەوانەش: (م. بەندی وشە داڕێژ). ئەگەر لەم نموونانەی خوارەوە بڕوانین.

ـ هات+ م= هات (واتای گۆڕیوە).

ـ چوو+ ین= چووین (واتای گۆڕیوە).

ـ کوڕ+ ەکە= کوڕەکە (واتای گۆڕیوە).

ـ شکا+ اند= شکاند (واتاو جۆری کارەکەی گۆڕیوە).

ـ هەڵ+ گرت= هەڵگرت (واتای گۆڕیوە).

ـ پرس+ ە= پرسە (واتا و پۆلی گۆڕیوە).

ـ شەو+ ێ= شەوێ (پۆلی گۆڕیوە).

ـ باش+ تر= باشتر (واتای گۆڕیوە).

ـ خاك+ ی= خاکی (واتاو پۆلی گۆڕیوە).

ـ چاك+ ە= چاکە (پۆلی گۆڕیوە).

ـ حەفت+ ە= حەفتە (واتاو پۆلی گۆڕیوە).

بە پێی ئەم نموونانەی سەرەوە، هەندێك لەو مۆڕفیمانە پۆلگۆڕن و هەندێکیان واتا و پۆلگۆڕن. شێوەی پێکهاتەی وشەکان کاریگەریی خۆی هەیە، لە سەر واتای ڕستەسازی، لەئەنجامدا کاریگەری لە واتای گشتی دەکات، بۆیە ئەو ڕستەیەی، کە ئەم وشانە بەشداری تێدادەکەن، دەچنە ژێر سێبەری کەرەستەی دەسەڵاتداری ڕستە، کە (کارەکە)یە و پاشان بە پێی ویستی کارەکە، گۆڕانکاری بە سەر وشەکەش دادێت. واتە: پێش ئەوەی کەرەستەکان لە ڕووی ڕستەسازییەوە شوێن و ئەرکی خۆیان دیاریبکەن، دەبێت لە ڕووی وشەسازییەوە فلتەربکرێن و پێویستییە گرینگەکانی وشەسازی وەربگرن، کە ئەوانیش بریتین لە زیادکردن یان کەمکردنەوەی مۆڕفیمەکانی وشەکە.

ـ منداڵ شوشە پەنجەرە شکا.

ئەگەر تەماشەی ئەو ڕستەیەی سەرەوە بکەین، دەبینین لە ڕووی ڕێزمانییەوە ناپەسەندە، ناپەسەندییەکەی بۆ کەم و کوڕی وشەسازی دەگەڕێتەوە، بەم شێوەی خوارەوە پەسەند دەبێت.

ـ منداڵ+ ەکە، شوشە +ی، پەنجەرە+ەکە +ی، شکا+اند، واتە: منداڵەکە شوشەی پەنجەرەکەی شکاند.

## ب ـ پەسەندێتی ڕستەسازی:

دوا فلتەری پەسەندێتی، پەسەندێتی ڕستەسازییە. واتە: کاتێك وشەکان بە فلتەرەکانی پەسەندێتی واتایی و وشەسازیدا ڕۆیشتن، لە ئەنجامدا توشی دوا فلتەردەبن، کە ئەویش ڕستەسازییە، ئەمەیان کار لەگەڵ وشە دەکات، لە سەر بنەمای شوێنێکی گونجاو بۆ وشەو وشەکە دەکاتە خاوەن ڕۆل و ئەرك، چونکە شوێن گرتنی وشە، بە بیٚ ئەوەی ئەرك و ڕۆلی هەبێت، وەك مردوویەك وایە، کە بۆشایەکی داگیرکردووە، بەڵام ڕۆحی تێدا نیە.

وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد پەسەندێتیی ڕستەسازی لەئەنجامی پەیوەندیی ڕستەسازی لە نێوان وشەکاندا پەیدا دەبێت، کە هەر وشەیەك شوێنێکی دیارکراو بۆ خۆی وەردەگرێت و بە پێی یاسا ڕێزمانییەکان، هەر لەو پێکهاتەیەدا دەبێتە خاوەن ئەرکێکی ڕستەسازی بە پێی شوێنەکەی خۆی، ئەم ڕێکخستنە ئەندازەییەی، کە لە نێوان ڕەگەزەکانی ڕستەی زمانێکی دیارکراودا هەیە، بەرهەمی پەیوەندیی ڕستەسازی و واتاسازییە، لەبەر ئەوەی کاریگەری لە نێوان ڕەگەزەکانی ڕستەسازی و ڕەگەزەکانی واتاسازیدا هەیە، هەروەك چۆن ڕەگەزی ڕستەسازی لە ڕستەدا واتای بنچینەیی دەداتە ڕەگەزی واتاسازی، بە پێچەوانەشەوە لە چەندین لای ترەوە ڕەگەزی واتاسازی یارمەتی ڕەگەزی ڕستەسازی دەدات، لەم بارەوە (جۆن لاینز) پێی وایە کە ڕستەسازی و واتاسازی پێکەوە بەستراونەتەوە، زۆر ئەستەمە سنور لە نێوانیاندا دابنرێت، بەو هۆیەشەوە ئەگەر ڕستە لە لای ڕستەسازییەوە پەسەندبێت، بەڵام لە ڕووی واتاسازییەوە ناپەسەندبێت، ڕستەیەکی ناپەسەندە (شێرزاد سەبری عەلی: ٢٠١١: ٣٨-٣٩). ڕستەسازی دەستوری هەڵبژاردن و ڕیزکردنی کەرەستەکانە، بە پێی ڕێککەوتنی ڕێزمانی و واتایی. (کاتز) پێی وایە، واتای ڕستە لە واتای وشەکانەوە نایەت، بەڵکو بریتییە لە هەموو ئەو پەیوەندییانەی، کە وشەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، بۆیە هەر گۆڕانکارییەك لە شوێنی وشەکاندا ڕووبدات، ئەوا ڕەنگدانەوەی بەسەر واتاوە دەبێت و دەیگۆڕێت. جوڵانەوە و ئاڵوگۆڕکردنی شوێنی وشەکان وادەکات، کە وشە جۆرە واتایەك لە خۆی کۆبکاتەوە و هەندێك جار بەشێك لە واتاکەشی ون بکات، بۆ نموونە وشەیەکی وەك (کورسی) بە واتای شوێنی دانیشتن یان ئەو شتەی کە مرۆڤ لە سەری دادەنیشت دێت، کەچی لە ڕستەدا هەندێك جار دەگۆڕێت (عەبدولواحید موشیر دزەیی: ٢٠١١: ٤٤).

وەك: ـ ئەم کورسییە باشە. (الکرسی)

ـ کورسی هەتاهەتا بۆکەس نابێت. (دەسەڵات)

پەسەندێتی ڕستەسازی جەخت لە سەر (ئەرك و شوێنی) یەکەزمانییەکان دەکات و بە پێی پێوەرەکانی، دەبێت کەرەستەکانی ڕستە پێکهێن هەموویان بە پێی سیستەمی زمانی کوردی کە (SOV) بۆ ڕستەی تێپەڕی و(SV) بۆ ڕستەی تێنەپەڕی ڕیزبکرێن.

وەك: ١. ئازاد نانەکەی خوارد.

٢. ئازاد هات.

٣. خوارد ئازاد نانەکەی.

ئەگەر ڕستەی(٣) وەربگرین، دەبینین ناپەسەندە، ناپەسەندییەکەی لایەنی ڕێزمانی (ڕستەسازی) یە، چونکە لە ڕیزبوونی زمانی کوردیدا نابێت کار لەپێش بکەر بێت. هەندێك جار شوێنگۆڕینی

کەرەستەی ڕستە واتای ڕستەکە ناشێوێنرێت و پەسەندێتی واتایی دەمێنێت، بەڵام واتایی ڕستەکە و ئەرکی کەرەستەکان دەگۆڕدرێت.

وەك: ١. نەوزاد ئازادی بینی.

٢. ئازاد نەوزادی بینی.

لە ڕستەی یەکەمدا (نەوزاد) بکەرەو (ئازاد) بەرکارە، لە ڕستەی دووەمدا(ئازاد) بکەرە و(نەوزاد) بەرکارە.

هەندێك ڕستە هەن مەبەستی تایبەتی قسەکەری تێدایە، بۆیە لەم ڕیزبوونانە لادەدەن، بەڵام ئەمانە مەرجییان هەیە. واتە: دەبێت ڕیزبوونی ئازاد ڕێگایان پێ بدات، بە شێوەیەك ئەو ڕستانەی کە بە لووتکەدەکرێن لە لایەن قسەکەرەوە، دەبێت کەرەستەکان هەمان ئەرکی ڕێزمانی ببینن و لە ڕووی واتاشەوە هەمان واتای ڕیزبوونی ڕەسەن بدات.

وەك: ــ ئازاد نامەکەی نارد= نامەکە ئازاد ناردی.

## ٢ ـ ٤. شوێنی وشــە لە ڕستەدا:

وشەکان (پۆلەفۆڕمەکان) بە شێوەیەکی سیستەمی ڕیزدەبن و دەچنە پاڵ یەکتر، واتە: وشەکان بە پێی جۆری پۆلەوشەکان ڕیزدەبن و هەر زمانێك سیستەمێکی تایبەت بە ڕیزبوونی پۆلەوشەی خۆی هەیە، ئەوەی کە مەبەستمانە ڕیزبوونی پۆلەوشەکانی زمانی کوردییە، لای هەموومان ڕونە، کە (ناو) یەکێکە لەو پۆلەوشانەی، کە هەمیشە چاڵی یەکەمی ڕستە بۆ خۆی پڕدەکاتەوە، بە تایبەتی ئەگەر ناوەکە بە تەنیا بەشداری لە پێکهێنانی گرێ ناوییەکەی کردبێت، هەروەها (کار) یەکێکە لەو وشانەی، کە لە دوولایەنەوە کاردەکات. واتە: کار دوو ڕووی هەیە (ئەرك، بەشەئاخافتن)، لە هەر دوو ڕووەکەوە چاڵی کۆتایی ڕستە بۆ خۆی داگیردەکات. ئەوەی دەمێنێتەوە، ئەو وشانەن کە پۆلەوشەکانی (ئاوەڵناو، ئاوەڵکار، ژمارە) پێکدێنن، لەبەرئەوەی ئەم پۆلەوشانە بەشێکن، لە کۆمەڵەی ناوی و کۆمەڵەی کاری، بۆیە شوێنیان ناوەندی ڕستەیە و ئەمانە بەشێکیان هاوڕێی ناون و بەشێکیان هاوڕێی کارن، هی وا هەیە هاوڕێی کار و ناوە، وەك: (ناو و ئاوەڵناو و ژمارە). سەرەڕای ئەوەی، کە زۆربەی کات ئەمانە هاوڕێی ناون، بەڵام زۆر جار بەشداری لە کۆمەڵەی کاردا دەکەن و بەشێك لە (گرێی کاری) پێکدێنن، بەڵام هەرگیز (ئاوەڵکارێك) نابێتە هاوڕێی ناو، وەك:




هێڵکاریی ژمارە (٦)

بە پێی سیستەمی ڕیزبوونی شوێنی پۆلەوشەکانی زمانی کوردی، دوو پۆلەوشە سەرەکییەکەی پێکهێنەری ڕستە، کە بریتین لە (ناو، کار) هەردوو جەمسەری ڕستەدەگرن و پۆلەوشەکانی تر ناوەندی ڕستە دەگرن، بەڵام زۆر جار بەهۆی ڕیزبوونی ئازاد و بەهۆی بەلووتکەکردن و فراوان بوونی گرێیەکانی (ناوی و کار) ئەم سیستەمە پشتگوێ دەخرێت، ئەم

هۆكارە بۆ پۆلەوشەكانی (ئاوەڵناو، ئاوەڵكار، ژمارە) دەگەڕێتەوە، كە شوێنێكی جێگیریان نییە لە ڕستەدا، زۆر جار شوێنگۆڕن. لەخوارەوە باسی شوێنی ئەم پۆلەوشانە دەكەین لە ڕستەدا.

### ٢ ـ ٤ ـ ١. شوێنی ناو لە ڕستەدا :

ناو بە پێی ئەو دەسەڵاتەی، كە لە ڕستەدا پێی دراوە و بە پێی ئەو گرێیەی، كە پێكدێنێت لەم شوێنانەی خوارەوە دێت.

### ٢ ـ ٤ ـ ١ ـ ١. شوێنی ناو لە گرێی ناویدا :

ناو لە سەرەتای ڕستە دێت بە مەرجێك گرێیەكە فراواننەكرابێت.

وەك: ـ ئادار زیرەكە.

ـ كوردستان هات.

ـ نەوزاد ڕۆیشت.

بەڵام ئەگەر گرێیەكە فراوانكرا، ئەوا:

أ ـ لە پێش (ناوی دیارخەر، ناوی كار(چاوگ)، ژمارە، ئاوەڵناو، جێناوی سەربەخۆ، ئامرازی پرس) دێت لەڕستەدا.

وەك: ـ كرێكاری كارگەكە هات.

ـ چاویلكەی خوێندنەوە شكا.

ـ گوڵی زەرد وشكبوو.

ـ قوتابیی شەشەم دەرچوو.

ـ منداڵی ئێوە ڕۆیشتن.

ـ كۆتری كێ جوانە؟

ب ـ لە پاش (ناوی نازناو، ئامرازی (نیشانە، پرس، نەرێ)، ژمارە، مۆرفیمی (هەر)، ئاوەڵناوی چۆنیەی پلەی باڵا) دێت. (محەمەد مەعروف فەتاح: ٢٠١٠: ٢١٩)

وەك: ـ مامۆستا هیڤی نەهاتووە.

ـ ئەم گوڵە وشكبوو.

ـ كام قوتابی دەرچوو؟

ـ هیچ پەنجەرەیەك نەشكاوە.

ـ هەر منداڵێك بڕوات، خەڵاتدەكرێت.

ـ ڕەقترین سەهۆڵ توایەوە.

### ٢ ـ ٤ ـ ١ ـ ٢. شوێنی ناو لە گرێی كاریدا :

أ ـ ناو لە ڕستەی تێپەڕیدا و لە گرێی كاریدا زۆرجار چاڵی دووەم پڕدەكاتەوە، بەڵام هاتنی ناو لەچاڵی دووەمی ڕستەدا، (واتە: هاتنی ناوی دووەمی پاش بكەر) ، ئەركەكەی دەبێتە (بەركار) و دەبێتە بەشێك لە گرێی كاری.

وەك: ـ منداڵەكە پەنجەرەكەی شكاند.

ـ ئازاد نانەكەی خوارد.

ـ کەس ئەم کارە ناکات.

ب ـ شوێنی ناو لەگرێی ئاوەڵکاریدا، ئەمەیان بەشێکی ناسەرەکییە لە گرێی کاریدا، کاتێك ناو گرێی (ئاوەڵکاری) پێکدێنێت، بەهۆی بەلووتکەکردنەوە شوێنێکی جێگیری نییە، بەڵام شوێنە ڕەسەنەکەی لەپێش کاری ڕستەیە، بە پێی سیستەمی ڕیزبوونی پۆلەوشەکانی زمانی کوردی.

وەك: ـ ئەوان شەو ڕۆیشتن= شەو ئەوان ڕۆیشتن.

ج ـ شوێنی ناو لە گرێی بەندا، لێرەدا ناو بەشێکە لە گرێی کاری فراوانکراوو لەم گرێیەدا ناو شوێنەکەی لە پاش ئامرازە پەیوەندییەکانی (بە، لە، بۆ، بەبێ...هتد)، بەڵام ئەگەر ئامرازەکە دوو کەرت بوو، وەك: (لە...وە، لە...دا، بە...دا) ناوەکە لە نێوان هەردوو کەرتەکە دێت (ئاواز حەمە صدیق بەگیخانی: ١٩٩٦: ٤٣)، لە پێش کاری ڕستە، بەڵام شوێنی ئەم ناوە پەیوەستە بە گرێ بەندەکەوە، لەبەر ئەوەی ئەم گرێیە شوێنێکی جێگیر و نەگۆڕی نییە، بۆیە شوێنی ناوەکەش دەگۆڕێت بەهۆی گرێیەکەوە.

وەك: ـ پێنوسەکەم لە هێمن وەرگرت.

ـ منداڵ لە دایکییەوە فێردەبێت.

## ٢ ـ ٤ ـ ٢. شوێنی ئاوەڵناو لە ڕستەدا:

لەبەر ئەوەی ئاوەڵناو بەشداری لە فراوانکردنی گرێی ناوی و گرێی کاریدا دەکات، بۆیە چەندین شوێنی جیاجیا پڕدەکاتەوە لەڕستەدا، ئاوەڵناو لە دەوری دیارخەری (ناو)دا، بە پێی جۆری ئاوەڵناوەکان شوێنیان جیاوازەو لە پێش و پاشی ناوی سەرەدێت[1]، بەڵام لەدەوری سەرەدا بۆ پێکهێنانی (گرێی ئاوەڵناوی) لەم شوێنانە دێت.

### ٢ ـ ٤ ـ ٢ ـ ١. شوێنی ئاوەڵناو لە گرێی ناویدا:

لە شوێنی ناوی دیارخراو دێت، دوای لادانی ناوەکە، ئاوەڵناو شوێنی ناو دەگرێتەوە.

وەك: ـ زیرەکەکە هات.

ـ جوانەکان ڕۆیشتن.

هەروەها لەپاش (ئامرازی (نیشانە، پرس، نەفی)، م. هەر، ژمارەی(بنجی، نادیار)...هتد) دێت لەڕستەدا.

وەك: ـ ئەم گەورەیە زیرەکە.

ـ دوو ئازا کارەکەیان کرد.

ـ هەندێك جوان لێرە وەستابوون.

ـ کام بەهێز دەتوانێت ئەم کارە بکات؟

ـ هیچ شێتێك ئەم کارە ناکات.

ـ هەر زیرەکێك بێت وەری دەگرین.

---

١. تەنیا شوێنی ئاوەڵناوە سەرەکان دیاردەکەین، لەبەرئەوەی لە شوێنی ناویدا باسی شوێنی ئاوەڵناوی دیارخەر کراوە.

### ٢ ـ ٤ ـ ٢ ـ ٢. شوێنی ئاوەڵناو لە گرێی کاریدا:

أ ـ لە کاری (بوو)دا:

ئاوەڵناوەکانی چۆنیەتی (پلەی چەسپاو، پلەی بەراورد) لە پێش کاری (بوو) دێن.

وەك: ـ ئەم گوڵە جوان بوو.

ـ ئازاد لە نەوزاد زیرەکتر بوو.

هەروەها لەپاش (ئامرازی (نیشانە، پرس، نەفی)، م. هەر، ژمارەی (بنجی، نادیار)...هتد) دێت و لەپێش کاری بوو.

وەك: ـ منداڵەکە زۆرلێزان بوو.

ب ـ لە کاری تەواودا:

گرێی ئاوەڵکاری پێکدێنێت و ڕاستەوخۆ لەپێش کاری ڕستەدێت، ئەم گرێیە بە هەندێك دیارخەری گرێی ئاوەڵناوی فراوندەکرێت.

وەك: ـ پەککەوتووەکە جوان دەڕوات.

ـ پەککەوتووەکە زۆر جوان دەڕوات.

### ٢ ـ ٤ ـ ٣. شوێنی ئاوەڵکار لە ڕستەدا:

ئاشکرایە کە ئاوەڵکار چ ئەوانەی ڕەسەن (هەمیشە، هێشتا، هەرگیز، ڕەنگە، ئێستا...هتد) بن، کە ژمارەیان زۆر کەمە، چ ئەوانەی کە لە پۆلەوشەکانی تر وەرگیراون، کە ژمارەیان زۆرە، وەسفی کار دەکەن لە چەندین ڕووەوە، بۆیە سەر بە کۆمەڵەی کارە، شوێنیٚ دەکەوێتە پێش کاری ڕستە (عەبدولواحید موشیر دزەیی: ٢٠١٣: ٣١)، بەڵام وەکو پێشتر ئاماژەمان پێکرد زۆر جار بەهۆی بە لووتکەکردنەوە شوێنی خۆی دەگۆڕێت.

وەك: ـ کرێکارەکە هێشتا کاردەکات= هێشتا کرێکارەکە کاردەکات.

ـ ئەوان هاوینیٚ دەچن= هاوێنیٚ ئەوان دەچن.

ـ ئاهەنگەکە هاوینیٚ بوو= هاوێنیٚ بوو ئاهەنگەکە.

هەندێك جار دیارخەرەکانی ژمارەی نادیار (زۆر، کەمێك، هەندێك)، ناوی کات، ئامرازی نیشانە، لە پێش ئاوەڵکار دێن لەڕستەدا.

وەك: ـ منداڵەکە زۆرجوان دەڕوات.

ـ ئێمە ئەمشەو دەچین.

ـ ئێمە دوێنیٚ شەو ڕۆیشتین.

ـ ئاهەنگەکە دوێنیٚ بەیانی بوو.

### ٢ ـ ٤ ـ ٤. شوێنی ژمارە لە ڕستەدا:

ژمارە بە زۆری لەگەڵ ناودێت وەك دیارخەر، بەڵام هەندێك جار بەهۆی بە لووتکەکردنەوە شوێنی خۆی دەگۆڕێت و هەندێك جار لەپێش کار دێت لە ڕستەدا.

## ٢ ـ ٤ ـ ٤ ـ ١. شوێنی ژمارە لە گرێی ناویدا:

### أ ـ ژمارەی دیار:

١ـ ژمارەی بنجی:

- لە شێوەی جێناو لە شوێنی ناو دێت، وەك: ـ چوار هاتن.
- شوێنی دەکەوێتە پێش ناو، وەك: ـ سێ پیاو بەرەو ئێرە دێن.
- لە دوای مۆرفیمی هەر دێت، وەك: ـ هەر دوو خوشکەکە هاتن= خوشکەکە هەر دووهاتن.
- لە پێش وشەکانی(پارچە، ڕبە، ڕانە، گۆزە، کۆمەڵە، دەستە، دانە، دەنکە دەسکە...هتد) دێت، ئەو وشانەش لە نێوان ناوی ژمێردراوەکە و ژمارەکە دێن لە ڕستەدا.

وەك: ـ دوو ڕبە گەنم هێناوە= گەنم دوو ڕبە هێناوە .

ـ دوو دانە بزمارم چەقاند.

ـ سێ دەستە پیاڵەم شکاند.

ـ هەندێك دەستە قەلەم لەوێ بوون.

٢ـ ژمارەی پلەیی: لەم شوێنانە دێت.

- لەپێش ناو دێت، وەك: ـ سێیەم ماڵ هی ئێمەیە.
- لە پێش وشەکانی(پارچە، ڕبە، ڕانە، گۆزە، کۆمەڵە، دەستە، دانە، دەنکە، دەسکە...هتد) دێت، ئەو وشانەش لە نێوان ناوی ژمێردراوەکە و ژمارەکە دێن لە ڕستەدا.(زەری ع. یۆسوپۆڤا: ٢٠٠٥: ٩٤، ٩٦ـ١٠٠)

وەك: ـ سێیەم کۆمەڵە قوتابی زیرەکن.

- لەپاش ناو دێت، وەك: ـ منداڵی چوارەم قسەدەکات.

٣ـ ژمارەی کەرتی: لەم شوێنانەدێت.

- لەپێش ناو دێت، ئەو ژمارەیە بەهۆی ئامرازی(ی) یەوە وەسفی دیارخراوەکەی دەکات.(نوری عەلی ئەمین: ١٩٦٠: ١٣٠)

وەك: ـ نیوەی پارەکەم بەخشی= پارەکەم نیوەی بەخشی.

ـ نیوەی ڕانەمەڕەکان قوربانین.

- بەبێ ئامرازی خستنەسەر لە پێش ناو دێت.

وەك: ـ لە هەزاران چل قوتابی دەرچوون. ـ لە دەیا پێنج ڕانەمەڕەکان قوربانین.

### ب ـ ژمارەی نادیار:

- لەشێوەی جێناو لە شوێنی ناودێت لە سەرەتای ڕستەدا.

وەك: ـ هەندێك هاتن.

- دەکەوێتە پێش ناو.

وەك: ـ زۆر پێشمەرگە هاتوون.

- له دوایی مۆرفیمی (هەر) دێت، وەك: ــ هەر هەندێك خوشك هاتبوون= خوشك هەر هەندێك هاتبوون.
- لەپێش وشەکانی (پارچە، ڕبە، ڕانە، گۆزە، کۆمەڵە، دەستە، دانە، دەنکە، دەسکە...هتد) دێت، ئەو وشانەش لە نێوان ناوی ژمێردراوەکە و ژمارەکە دێن لە ڕستەدا. (زەریٛ ع. یوسوپۆڤا ٢٠٠٥: ٩٤، ٩٦-١٠٠)

وەك: ــ هەندێك دەستە قەلەم لەویٛ بوون.

### ٢ ـ ٤ ـ ٤ ـ ٢. شوێنی ژمارە لە گرێی کاریدا:

ژمارە بەشێوەیەکی چالاك شوێنی خۆی دەکاتەوە لە گرێی کاریدا، بەم شێوەیەی خوارەوە.

### أ ـ شوێنی ژمارە لە گرێی ئاوەڵناویدا:

یەکەم: ژمارەی دیار:

لێرەدا ژمارە گرێی ئاوەڵناوی پێکدێنێت، کە بەشێکە لە گرێی کاری فراوانکراو.

١ـ ژمارەی (بنجی و کەرتی و پلەیی) لە پێش ئاوەڵناوی دیارخراو دێن.

وەك: ــ من دوو گەورەم لەویٛ بینی.

ــ من دووەم گەورەم لەویٛ بینی.

ــ ئازاد نیوەی تاریکی بڕی.

٢ـ ژمارەی(پلەیی) لە پاش ئاوەڵناوی دیارخراو دێت، بە یارمەتی ئامرازی خستنەسەر.

وەك: ــ من گەورەی چوارەم دەناسم.

دووەم: ژمارەی نادیار:

- لەپێش و پاشی ئاوەڵناوی دیارخراو دێت.

وەك: ــ من زۆر جوانم دیت.

ــ من جوانی زۆرم دیت[1].

- وەك دیارخەر لە پێش ئەو ئاوەڵناوە دێت، کە ئەرکی تەواوکەری کاری ناتەواو دەبینیت.

وەك: ـ منداڵەکە زۆر باشە.

### ب ـ شوێنی ژمارە لە گرێی ئاوەڵکاریدا:

یەکەم: ژمارەی دیار:

- ژمارەی بنجی لە شێوەی دووبارەبوونەوە و تاك، گرێی ئاوەڵکاری پێکدێنێت و لە پێش کاری ڕستە دێت.

وەك: ــ ئەوان دوودوو هاتن.

---

١. ئەگەر ئاوەڵناوی چۆنیەتی بە یارمەتی ( ی ) خستنەسەر، کەوتە پێش ژمارەی نادیار، ئەوا ئاوەڵناوەکە و ئامرازی ( ی ) ی خستنەسەر، وەك ناوێکی واتایی ئەرك دەبینێت، بۆیە لێرەدا دەتوانین بڵێین، ژمارە لە پاش ناوی واتایی هاتووە.

- یارییەکان دوودوو بوو.

- دەکەوێتە پێش ئەوناوەی کە ئاوەڵکاری کات پێکدێنێت.

وەك: - هێرۆ هەشتی بەیانی ڕۆیشت.

- تاقیکرنەوە هەشتی بەیانییە.

- دەکەوێتە نێوان مۆڕفیمی(هەر) و ناوی شوێن و کات.

وەك: - سەربازەکان هەر چوار لایان گرت.

- ئەوان هەر سێ شەو هاتن.

دووەم: ژمارەی نادیار:

- لە پێکهێنانی ئاوەڵکاری چەندێتیدا، لە پێش کاری ڕستە دێت.

وەك: - ئەوان کەمێك دانیشتن.

- لە پێش ئەو ئاوەڵناوە چۆنیەتییە دێت، کە ئاوەڵکاری چۆنیەتی پێکهێناوە.

وەك: - منداڵەکە زۆر جوان دەڕوات.

- لە پێش ناوی شوێن و کات دێت.

وەك: - ئێمە هەندێك بەیانی کارمان دەکرت.

- پێشمەرگە زۆرلای گیراوە.

## ج - شوێنی ژمارە لە گرێی بەنددا:

ژمارە وەکو بەشێکی ئاخاوتنی سەربەخۆ چ بە تەنیا، چ لەگەڵ پۆلەوشەکانی تردا بێت، بەشداری لە پێکهێنانی ئەم گرێیەدا دەکات (بابا رەسول نوری: ٢٠١٢: ١٣٥).

- زۆرجار شوێنی ژمارە لە پاش ئەو ئامرازە پەیوەندییە دێت، کە ئەرکی دیارخراو دەبینێت.

وەك: - ئازاد بە یەکەم دەرچوو.

- خانووەکەی بە نیوەی پارەکەی کڕیوە.

- ئێوە بە دوو هەزار کارەکەتان کرد.

- ئەم گوڵانەم لە هەندێك قوتابی وەرگرت.

- کارەکەمان لە یەکەم ژوورە.

- هەندێکجار ژمارەی بنجی لە پاش مۆڕفیمی(هەر) و ئامرازی(نیشانە، تەنیا) دێت.

وەك: - پێشمەرگە لە هەر چوار لاوە هێرشیان کرد.

- پرسیارەکەم لەم دووانە کرد.

- من پرسیارم لە تەنیا یەك قوتابی کرد.

## ٢ - ٤ - ٥. شوێنی کـار لە ڕستەدا:

کار بەوە لە پۆلەکانی تر جیادەکرێتەوە، کە وەك بەشە ئاخاوتنێکی سەربەخۆ دەردەکەوێت و لە هەمان کاتدا، وەك ئەرك لە ڕستەدا دەردەکەوێت.

- به پێی سیستەمی ڕیزبوونی پۆلەوشەکانی زمانی کوردی شوێنی کار بە گشتی، واتە: کاری (تێپەڕ، تێنەپەڕ، ڕابردوو، ڕانەبردوو، داخوازی... هتد) لە کۆتایی ڕستەیە.

وەك: ـ ئەیاد دەرس دەخوێنێت.

ـ دارا ڕۆیشت.

ـ دایکی نەسرین نانەکەی ئامادەکرد.

- زۆر جار کار بەهۆی بە لووتکەکردن و جەختکردن لە سەر کارەکە لە لایەن قسەکەرەوە، شوێنی خۆی دەگۆڕێت، دێتە پێشەوە یان ناوەڕاستی ڕستە، بەڵام سنوردارەو بۆ هەموو ڕستەیەك ناگونجێت.

وەك: ـ ڕۆیشتن ئەوان.

بەڵام کار ناتوانێت بەڕادەی پۆلەوشەکانی تر شوێنی خوی بگۆڕێت.

وەك: ـ بوو گوڵەکە زۆر جوان.*

ئەم ڕستەیە بەهۆی بە لووتکە کردنی کارەکەوە واتای ڕستەکە شێواوە.

- هەندێك جار لەکاتی بە لووتکەکردنی کاری (بوو)، کارەکە تەواوکەرەکەش لەگەڵ خۆی دەگوازێتەوە.

وەك: ـ زۆر جوان بوو گوڵەکە.

- هەندێك جار تەواوکەری کاری (بوو) لەشێوەی گرێ بەند دێت و کارەکە لە پێش تەواوکەرەکەی دێت، ئەگەر بگوازینەوە بۆ کۆتایی ڕستە، واتای ڕستەکە تێکدەچێت.

وەك: ـ ئازاد بوو بە مامۆستا. ⟵ ئازاد بە مامۆستابوو.*

ـ هەرقوتابییە دەبێت بە ئەندازیار. ⟵ هەرقوتابییە بە ئەندازیار دەبێت.*

### ٢ ـ ٥. پەیوەندیی نێوان شوێن و ئەرکی وشە لە ڕستەدا:

شوێن و ئەرك پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە یەکەوە هەیە، چونکە وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد هەموو زمانێکی سروشتی بەریەکێك لەم شەش ڕێزبوونانە (SOV,OSV,SVO,OVS,VSO,VOS) دەکەوێت، بە پێی بۆچوونی (گرینبێرگ)، لە ڕستەی ئاسایی هەموو زمانانی جیهاندا (بکەر) هەمیشە چاڵ یەکەمی ڕستە بۆ خۆی دیاردەکات و هەمیشە پێش (بەرکار) دەکەوێت، چونکە لەو شەش ئەگەرەی ڕیزبوونی پۆلەکان، تەنیا ڕیزبوونی ( SOV , VSO, SVO ,) لە زماندا دەردەکەوێت (وریا عومەر ئەمین: ٢٠٠٩: ٢٣٨). لێرەدا دەگەینە ئەو ڕاستییەی، کە هەر زمانێك ڕیزبوونێکی تایبەت بەخۆی هەیە و شوێن ڕۆڵی سەرەکی دەگێرێت، لە دەستنیشانکردنی ئەرك. واتە: تا وشە شوێنێکی تایبەت بە خۆی نەبێت، نابێتە خاوەن ئەرك. زۆر جار وشەیەك لە ڕووی شێوەوە هەمان وشەیە، بەڵام بە هۆی گۆڕینی شوێنەکەی ئەرکەکەی دەگۆڕێت. بۆ نموونە، وشەی (جوان) لە بنەڕەتدا بریتییە لە ئاوەڵناوو ئاوەڵناویش هەمیشە ڕۆڵی دیارخەر دەبینێت، بەڵام زۆر جار ئەو شوێنەی وشەی (جوان) بۆ خۆی داگیردەکات، ئەرکێکی تر پێدەبەخشێت، ئەگەر بڕوانینە ئەم ڕستەیەی خوارەوە:

ـ جوانی جوان جوان دەڕوات.
(١) (٢) (٣)

(جوان)ی یەکەم دیارخراوەو (جوان)ی دووەم دیارخەرەو (جوان)ی سێیەم ئاوەڵگوزارەیە، ئەمەشیان بۆ شوێنگۆڕینی وشەی (جوان) دەگەڕێتەوە.

زمانی کوردی بە پێی سیستەمی ڕیزبوونی وشەکانی زمان، بە بەر سیستەمی(SOV) دەکەوێت و لە هەموو زمانێکیشدا ئەم سیٚ کەرەستانە سەرەکین، واتە: بکەر و کار لە ڕستەی تێنەپەڕیدا و بکەر و بەرکار و کار لە ڕستەی تێپەڕیدا. بە هۆی ئەم شوێنگرتنانە، وشەکان دەبنە خاوەنی ئەرك، بەڵام زۆر جار زمانەوانە کوردەکان لە ژێر سێبەری زمانێکی بیانی وەك: (زمانی ئینگلیزی) کەرەستەکانی زمانی کوردی دیاردەکەن، بەم کارەکەش توشی هەڵە دەبین. بۆ نموونە، لەبەرئەوەی بەشێکی زۆری ژمارەکان لە زمانی ئینگلیزیدا، بە بەر بەشە ئاخاوتنی ئاوەڵناوەکان دەکەون و شوێنی (ژمارە و ئاوەڵناو) یەك شوێنە، بۆیە بە ڕای ئەوان لە زمانی کوردیدا، ژمارە سەر بە پۆلەوشەی ئاوەڵناوە. بەشێکی تر لە ژێر کاریگەریی زمانی عەرەبیدا، ژمارەیان بە بەشێك لە پۆلەوشەی ناو داناوە (ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٨٩: ٩٧)، بەڵام بە پێی چەندین بەڵگەی ڕێزمانی و واتایی و شوێنی ڕستەسازی، (ژمارە) پۆلەوشەیەکی سەربەخۆیە لە زمانی کوردیدا و دیارترین تایبەتمەندی (ژمارە)، لە ڕووی واتا و وەرگرتنی گیرەك و شوێن و ئەرکی ڕستەسازییە.

## ٢ ـ ٥ ـ ١. شوێنی ئەرکەکانی ناو:

### ٢ ـ ٥ ـ ١ ـ ١. شوێنی ناو لە ئەرکی بکەردا:

ناو بە هەموو جۆرەکانیەوە ئەرکی بکەر دەبینێت، بە پێی ڕێزبوونی چەسپاو شوێنی ناو لەم ئەرکەدا لە سەرەتای ڕستەیە.

وەك: ـ ئازاد لە نەوزادی دا.

بەڵام زۆر جار بە هۆی بە لووتکەکردنەوە ناوی بکەر شوێنی خۆی دەگۆڕێت.

وەك: ـ شیرەکە منداڵەکە خواردییەوە.

### ٢ ـ ٥ ـ ١ ـ ٢. شوێنی ناو لە ئەرکی دیارخەردا:

١ـ شوێنی ناو لە ئەرکی دیارخەری ناودا: لەم ئەرکەدا شوێنەکەی لە دوای ناوی دیارخراودێت.

وەك: ـ هەناری گوندم هێناوە.

ـ سامان دلێر لە تاقیکردنەوە دەرچوو.

٢ـ شوێنی ناو لە ئەرکی دیارخەری ئامرازی پەیوەندیدا: ناو لەم ئەرکەدا، بە یارمەتی یەکێك لە ئامرازە پەیوەندییەکانی (بۆ، ە، بە، لە، لە...دا، بە... دا،... هتد) دەبێت و گرێی بەند پێکدێنێت و دەبێتە بەشێك لە ئاوەڵگوزارە یان بەرکاری ناڕاستەوخۆ، شوێنەکەی دەکەوێتە پاش ئەم ئامرازانە لە پێش کاری ڕستەکە.

وەك: ـ پەروین جوانی بە ئاوات ناساند.

ـ ئەو جێگەی بۆ ئازاد کردەوە.

ـ شیرین لە شار دەخوێنێت.

## ٢ ـ ٥ ـ ١ ـ ٣. شوێنی ناو لە ئەرکی دیارخراو( سەرە ) دا[1] :

١ـ ئەگەر دیارخەرەکانی بریتی بوون لە (ناو، ناوی کار (چاوگ)، ژمارە، ئاوەڵناو، جێناوی سەربەخۆ، ئامرازی پرس)، ئەوا بە یارمەتی ئامرازی خستنەسەر، شوێنەکەی لە پێش ئەم دیارخەرانە دێت لە ڕستەدا.

وەك: ـ گوڵی باخچەم لێکردەوە.

ـ کورسیی خوێندن شکا.

ـ ئاسمانی شین تاریکبوو.

ـ کرێکاری شەشەم دێت.

ـ منداڵی ئێمە زیرەکن.

ـماڵی کێ سوتا؟

٢ـ ئەگەر دیارخەرەکانی بریتی بوون لە (ناوی نازناو، ئامرازی (نیشانە، پرس، نەرێ)، ژمارە، هەر، تەنیا، ئاوەڵناوی چۆنییەتی پلەی باڵا)، ئەوا بەبێ یارمەتی ئامرازی خستنەسەر، شوێنەکەی لە پاش ئەم دیارخەرانەیە لە ڕستەدا (محەمەد مەعروف فەتاح: ٢٠١٠: ٢١٩).

وەك: ـ مەلا عەلی لە هەولێرە.

ـ ئەم منداڵە نابینایە.

ـ کام گوڵ جوانە؟

ـ هیچ قوتابی نەهاتوون.

ـ یەك قوتابی دەرچوو.

ـ هەر ئازاد ڕۆیشتبوو.

ـ تەنیا ئازادم بینی.

ـ باشترین مرۆڤ، مرۆڤی ڕاستگۆیە.

## ٢ ـ ٥ ـ ١ ـ ٤. شوێنی ناو لە ئەرکی بەرکاری ڕاستەوخۆدا :

ناو بە هەموو جۆرەکانیەوە ئەرکی بەرکاری ڕاستەخۆ دەبینێت لە ڕستەدا. ئەو ناوەی ئەرکی بەرکاری ڕاستەوخۆ دەبینێت، شوێنی دەکەوێتە دوای ناوی بکەر. واتە: لەڕستەی تێپەڕیدا ناوی دووەم بریتییە لە بەرکاری ڕاستەخۆ، بەڵام ئەگەر ڕێزبوونی کەرەسەتەکان ڕێگا بدات، شوێنەکەی دەگۆڕێت و بە لووتکەدەکرێت.

وەك: ـ نەسرین نامە دەنووسێت= نامە، نەسرین دەینووسێت.

## ٢ ـ ٥ ـ ١ ـ ٥. شوێنی ناو لە ئەرکی تەواوکەری کاری ( بوو )دا :

١ـ ناو ئەرکی تەواوکەری کاری (بوو) گوزارە دەبینێت، ئەو ناوەی کە ئەم ئەرکە دەبینێت، هەندێك جار شوێنەکەی لەپێش کاری (بوو، دەبێت)ە، بەبێ بوونی ئامرازی پەیوەندی (بۆ، بە، لە.. .هتد) یە.

---

١. ئەو ناوەی کە ئەرکی دیارخراو دەبینێت لەگەڵ دیارخەرەکەی گرێی ناوی پێدێنێت، پاشان هەموو ئەرکەکانی ناو دەبینێت لە ڕستەدا .

وەك: ـ برای هێرۆ قوتابی بوو.

٢ـ ئەگەر ناوەکە بووە بە شێك لە گرێی بەند و ئەرکی کاری (بوو)، ئەوا شوێنی ناوەکە لە دوای ئامرازی پەیوەندییە.

وەك: ـ کێشەکە لە قوتابییەکە بوو.

٣ـ شوێنی ناوەکە لەم ئەرکەدا لە کۆتایی ڕستەکەیە، بە تایبەتی کاتێك دەبێتە تەواوکەری کاری(دەبێت)

وەك: ـ قوتابییەکە دەبێت بە ئەندازیار.

### ٢ ـ ٥ ـ ١ ـ ٦. شوێنی ناو لە ئەرکی ئاوەڵگوزارەدا:

ناو ئەرکی ئاوەڵگوزارە لە ناو گرێی ئاوەڵکاریدا دەبینێت، بە پێی سیستەمی ڕیزبوونی پۆلەوشەکانی زمانی کوردی، شوێنەکەی پێش کاری ڕستەیە، بەڵام گرێی ئاوەڵکاری یەکێکە لەو کەرەستانەی، کە زۆر جار بە پێی مەبەستی قسەکەر و بە پێی بنەمای هاریکاری، شوێنی خۆی دەگۆڕێت (ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی: ٢٠١٣أ: ٢٥).

وەك: ـ ئەوان هاوین دەڕۆن.

ـ شەوان ئەوان کاردەکەن.

هەندێك جار وشەی (وەك) لە پێش ئەو ناوە دێت، کە دەوری ئاوەڵگوزارە دەگێڕێت.

وەك: ـ پێشمەرگە وەك شێر دەرکەوتن.

### ٢ ـ ٥ ـ ٢. شوێنی ئەرکەکانی ئاوەڵناو لە ڕستەدا:

ئەرکی سەرەکی ئاوەڵناو دیارخەرەو شوێنی ئاوەڵناو لە دوای ناوی دیارخەرە، بەڵام بە هۆی چالاکیی پۆلی ئاوەڵناو، زۆر ئەرکی دیکەی پێ دەسپێردرێت، دەبێتە هۆی شوێنگۆڕینی ئاوەڵناو.

### ٢ ـ ٥ ـ ٢ ـ ١. شوێنی ئاوەڵناو لە ئەرکی دیارخەردا:

ئاوەڵناو چالاکترین پۆلەوشەیە لەم ئەرکەدا

١. ئاوەڵناوی دیارخەری ناو: شوێنەکەی دەکەوێتە پێش ناوی دیارخراو یان دوای ناوی دیارخراو، جا ناوە دیارخراوەکە لە هەر ئەرکێك (بکەر، بەرکار، ئاوەڵگوزارە...هتد)دا بێت.

وەك: ـ چیایە بەرزەکە جوانە.

ـ باشترین ترێم هێناوە.

ـ دوێنێ زوو ئەوان ڕۆیشتن.

ـ من منداڵە لاوازەکەم دیت.

هەندێك جار زنجیرەیەك ئاوەڵناوی دیارخەر بە دوای یەکدا دێن[1]. ئەو ئاوەڵناوانەی کە زنجیرەکەیان پێکهێناوە دەتوانن شوێنی خۆیان، بگۆڕن بەبێ ئەوەی واتای ڕستەکە بشێوێنن، بە پێچەوانەی ناو (کوردستان موکریانی: ١٩٨٣: ٤٢).

---

١. بە پێی هەندێك سەرچاوە ڕیزبوونی ئاوەڵناوەکان لەخۆوە نییە و بە پێی چەند دەستور و ڕێسایەکە و بەچەند جۆرێك دەچنەپاڵ یەکتر. أ ـ لە لایەکەوە بە پێی زۆری و کەمی برگەکانەوە ئاوەڵناوەکان ڕیزدەبن، ئەگەر ئاوەڵناوەکان سەر بەیەك کۆمەڵە بن، ئاوەڵناوی زۆرترین برگە شوێنەکەی لە کۆتاییە. ب ـ ئەگەر ئاوەڵناوەکان

وەك: ــ قوتابییەكی زیرەك و ئارام و جوان و بەڕێز هات= قوتابییەكی جوان و ئارام و بەڕێز و زیرەك هات.

٢. ئاوەڵناوی دیارخەری ئامرازی پەیوەندی: شوێنەكەی دەكەوێتە دوای ئامرازی پەیوەندی لە گرێی بەنددا، وەك: ــ بایەكە بە توندی هەڵیكرد.

ــ منداڵەكە بە پەلە هات.

## ٢ ـ ٥ ـ ٢ ـ ٢. شوێنی ئاوەڵناو لە ئەركی بەركاری ڕاستەوخۆدا:

وەكو ئەركی بكەر، لە دوای دیارنەمانی ناوی دیارخراو، ئاوەڵناوە دیارخەرەكە شوێنی ناو دەگرێتەوەو ئەركی بەركار دەبینێت.

وەك: ــ كۆنێك لەبەر بكەو وەرە[1].

ــ من هەژارەكەم برد.

## ٢ ـ ٥ ـ ٢ ـ ٣. شوێنی ئاوەڵناو لە ئەركی دیارخراو( سەرە )دا:

١ـ لەم ئەركەدا دوایی ئەوەی ناوی دیارخراو لادرا یان بۆ سووكی زمان دووبارە نەكراوە، ئاوەڵناو شوێنی ناوەكە دەگرێتەوە و هەموو ئەركەكانی ناو(بكەر، بەركار، تەواوكەر، ئاوەڵگوزارە... هتد)، وەك: ــ تێر ئاگای لە برسی نییە.

ــ گەورە و بچووك لەم كارە ئاگادارن.

٢ـ ئاوەڵناوی دیارخراو لە پێش دیارخەرەكانی (م. پلەی باڵا (ترین)، م. پلەی بەراورد (تر)، م. ناسیاوی و نەناسیاوی (ەكە، ەك)، ئام. پرس...هتد) دێت.

وەك: ــ شێتەكە لێرەبوو.

ــ دارا لە نەوزاد زیرەكترە.

ــ جوانی كوێ بەناوبانگە؟

٣ـ هەندێك جار ئاوەڵناو وەك دیارخراو لەپاش دیارخەرەكانی ئامرازی (نیشانە، پرس، نەفی)،(م. هەر)، ژمارەی(بنجی، نادیار). دێت لەڕستەدا و لەگەڵ ئەم دیارخەرانە ئەركەكانی ناو دەبینێت.

وەك: ــ ئەم گەورەیە زیرەكە.

ــ دوو بەڕێز لەوێ بوون.

ــ هەندێك جوان لێرە وەستابوون.

ــ كام زیرەك دەتوانێت دەربچێت؟

ــ هیچ شێتێك ئەم كارە ناكات.

ــ هەر زیرەكێك بێت وەریدەگرین.

ــ منداڵەكە زۆرلێزانە.

---

جیاوازبن، ئەوا ئاوەڵناوی ڕەنگ لە پێشەوەیە و پاشان ئاوەڵناوی بارستایی و ڕواڵەت دێت. وەك: ـ سێوێكی سوری گەورەی خڕم دەستكەوت. بڕوانە: خەسرۆ ئەحمەد خۆشناو، بەركار لە زمانی كوردیدا، ٢٠٠٨، ل٥٥.

٢. ئەمەیان بەشێكە لە ئەركی ئاوەڵناو لە دەووری ( دیارخراو ) دا. چونكە ئاوەڵناوە دیارخراوەكە ئەركی ( بەركار ) دەبینێت.

ـ ئەمە کاری هیچ شێتێك نییە.

٤ـ ئاوەڵناو لە شێوەی ئاوەڵکار ئەرکی دیارخراو دەبینێت و لەدوای ژمارەی نادیار دێت.

وەك: ـ بایەکە کەمێك توند هەڵیکرد.

ـ پەککەوتووەکە زۆر جوان دەڕوات.

## ٢ ـ ٥ ـ ٢ ـ ٤. شوێنی ئاوەڵناو لە ئەرکی ئاوەڵگوزارەدا:

بە پێی ڕێزبوونی کەرەستەکانی زمانی کوردی ئاوەڵناو لەم ئەرکەدا، چاڵی ئاوەڵکار پڕدەکاتەوەو لەم شوێنانەی خوارەوە دێت:

١ـ بە شێوەی تاك بەبێ دووبارەبوونەوە و بەبێ (پێشگر و پاشگر) و دیارخەری دیکە، لە پێش کاری ڕستە دێت (شنە جبار فتاح: ٢٠٠٦: ٩١). یان بە شێوەی ناسادە و بە یارمەتی پاشگر، شوێنی ئاوەڵکار پڕدەکاتەوە. بەڵام شوێنی ئاوەڵگوزارە بەردەوام لە گۆڕاندایە و دەتوانێت بە پێی مەبەستی قسەکەر شوێنی خۆی بگۆڕێت، بۆیە ناتوانین بە شێوەیەکی ڕەها شوێنی ئاوەڵناو لەم ئەرکەدا دیار بکەین.

وەك: ـ ماڵەکەم جوان پاككردەوە= جوان ماڵەکەم پاككردەوە.

ـ کارەکەیان شێتانە کرد.

٢ـ هەندێك جار ئاوەڵناو لە شێوەی دووبارەبوونەوەدا ئەم ئەرکە دەبینێت.

وەك: ـ سەوزەکەم جوان جوان شوشتەوە.

## ٢ ـ ٥ ـ ٢ ـ ٥. شوێنی ئاوەڵناو لە ئەرکی بەرکاری ناڕاستەوخۆدا[١]:

ئاوەڵناو لەم ئەرکەدا بەشێکە لە گرێی بەند، واتە: دیارخەری ئامرازی پەیوەندییەو شوێنەکەی ڕاستەخۆ لە دوای ئامرازی پەیوەندی (بۆ، بە، لە، بە...دا، لە...دا،...هتد) و لە پێش کاری ڕستەکەیە، بەڵام ئاوەڵناو لەم ئەرکەدا بەهۆی ڕیزبوونی ئازاد شوێنەکەی جێگیر نییەو بە ئاسانی پاش و پێش دەکرێت، بەم هۆیەشەوە ئاوەڵناوەکەش پاش و پێش دەکرێت، بە پێی مەبەستی قسەکەر.

وەك: ـ پرسیارەکەم لە زیرەکێك کرد.= لە زیرەکێك پرسیارەکەم کرد.

ـ برایەکەم نامە بۆ زیرەکەکان دەبات.

## ٢ ـ ٥ ـ ٣. شوێنی ئەرکەکانی ژمارە لە ڕستەدا:

ژمارە وەك بەشێکی سەربەخۆی ئاخاوتن و وەك پۆلەوشەیەك لە پۆلەوشەکانی زمان بە پێی شوێنەکەی ئەرك دەبینێت لە ڕستەدا، ژمارە تەنیا خۆی لە ئەرکێکدا نابینێتەوە، ژمارە وەك بەشە ئاخاوتنێك و بە گوێرەی شوێنەکەی چەندین ئەرك دەبینێت لە ڕستەدا. لەوانەش:

## ٢ ـ ٥ ـ ٣ـ ١. شوێنی ژمارە لە ئەرکی بکەردا:

ژمارە لە سەرەتای ڕستەدا لە شێوەی جێناو و لە شوێنی ناودێت و ئەرکی بکەر دەبینێت.

وەك: ـ سێ دەرچوون.

---

١. ئاوەڵناو لەم ئەرکەدا بەشێکە لە ئەرکی ( دیارخەر )، چونکە دەبێتە دیارخەری ئامرازی پەیوەندی، بەڵام پێمان باشبوو، بە شێوەیەکی سەربەخۆ باس لە ئاوەڵناو بکەین لە ئەرکی بەرکاری ناڕاستەوخۆدا.

ـ هەندێك هاتن.

ـ یەکەم هات.

### ٢ ـ ٥ ـ ٣ ـ ٢. شوێنی ژمارە لە ئەرکی ئاوەڵگوزارەدا:

١ـ ژمارەی بنجی لە شێوەی دووبارەبوونەوە و تاك، گرێی ئاوەڵکاری پێکدێنێت و ئەرکی ئاوەڵگوزارە دەبینێت، لە پێش کاری ڕستە دێت.

وەك: ـ ئەوان دوودوو هاتن.

ـ یارییەکان دوودوو بوو.

٢ـ هەندێك جار ژمارەی بنجی و کەرتی پێکەوە دێن و ئەرکی ئاوەڵگوزارە دەبینن.

وەك: ـ ئەوان هەشت و نیو ڕۆیشتن.

٣ـ ژمارەی نادیار ئەرکی ئاوەڵگوزارە دەبینێت لە پێش کاری ڕستە دێت.

وەك: ـ ئەوان کەمێك دانیشتن.

### ٢ ـ ٥ ـ ٣ ـ ٣. شوێنی ژمارە لە ئەرکی دیارخەردا:

ژمارە لەم ئەرکەدا لەم شوێنانە دێت.

#### أ ـ شوێنی ژمارە لە ئەرکی دیارخەری ناودا:

١ ـ دەکەوێتە پێش ناوی دیارخرا و ئەرکی دیارخەری ناو دەبینێت.

وەك: ـ سێ کرێکار کاردەکەن.

ـ زۆر وانەمان خوێندن= وانەمان زۆر خوێندن .

٢ ـ شوێنەکەی لە دوایی مۆرفیمی (هەر) دێت.

وەك: ـ هەر چوار منداڵ لە وێ بوون= منداڵ هەر چوار لە وێ بوون.

٣ ـ شوێنی لە پێش وشەکانی (پارچە، ڕبە، ڕانە، گۆزە، کۆمەڵە، دەستە، دانە، دەنکە، دەسکە...هتد) دێت، ئەو وشانە لە نێوان ناوی ژمێردراوەکە و ژمارەکە دێن لە ڕستەدا (زەرێ ع. یۆپوسۆڤا ٢٠٠٥: ٩٤، ٩٦ـ١٠٠).

وەك: ـ دوو ڕبە جۆم کڕیوە.

ـ دوو گوڵم لێکردەوە.

ـ پێنج دەستە پیاڵەم دەرهێنا.

ـ هەندێك کۆمەڵە قەلەم لەوێ بوون.

ـ دەیەمین خانوو هی ئێمەیە.

٤ ـ شوێنی ژمارە (یەك)، ئەم ژمارەیە تاکە ژمارەی بنجییە، کە لە پێش ناوی دیارخراو و لە پاش ناوی دیارخراو دێت، ئەگەر لە پێش ناوی دیارخراو هات، ئەوا بەهەمان شێوەی ژمارە بنجییەکانی تر ڕاستەوخۆ دەبێتە دیارخەر، بەڵام ئەگەر کەوتە پاش ناو ئەوا وەك (ەك)ی نەناسیاوی ئەرکی دیارخەر دەبینێت (ئەورەحمان حاجی مارف: ١٩٨٩: ٩٩).

وەك: ـ یەك مامۆستا هات.

ـ مامۆستایەك هات.

ـ یەك دەفتەرم کڕی.

ـ دەفتەرێکم کڕی.

٥ ـ ژمارە (یەك) هەندێك جار لە پێش ناو ئەرکی ئامرازی نەرێی (هیچ) دەبینێت و دیارخەرێکی تری ناوە (بابا رەسول نوری: ٢٠١٢: ١٤٤).

وەك: ـ یەك دینارم پیَ نییە= هیچ پارەم پیَ نییە.

٦ ـ هەندێك جار لەپاش ناوی دیارخراو دێت.

وەك: ـ مندالَی چوارەم قسەدەکات.

٧ ـ لە پێش ناوی دیارخراو دێت، ئەو ژمارەیە بەهۆی ئامرازی (ی)یەوە وەسفی دیارخراوەکەی دەکات.(نوری عەلی ئەمین: ١٩٦٠: ١٣٠)

وەك: ـ نیوەی پارەکەم بەخشی=پارەکەم نیوەی بەخشی.

ـ نیوەی ڕانەمەڕەکان قوربانین.

٨ ـ بەبیَ ئامرازی خستنەسەر لە پێش ناو دێت.

وەك: ـ لە هەزاران چل قوتابی دەرچوون.

٩ ـ دەکەوێتە پێش ئەو ناوەی، کە ئاوەڵکاری کات و شوێن پێکدێنێت.

وەك: ـ هێرۆ هەشتی بەیانی ڕۆیشت.

ـ تاقیکرنەوە هەشتی بەیانییە.

ـ ئێمە هەندێك بەیانی کارمان دەکرت.

ـ گوندەکە زۆرلای گیراوە.

١٠ ـ دەکەوێتە نێوان مۆرفیمی(هەر) و ناوی شوێن و کات.

وەك: ـ سەربازەکان هەرچوار لایان گرت.

ـ ئەوان هەر سیَ شەو هاتن.

١١ ـ لەپێش ناوی دیارخراو دێت لە گرێی بەندا.

وەك: ـ خانووەکەی بە نیوەی پارەکەی کڕیوە.

ـ ئەوان بە دوو کەس کارەکەیان کرد.

ـ ئەم گولاَنەم لە هەندێك قوتابی وەرگرت.

## ب ـ شوێنی ژمارە لە ئەرکی دیارخەری ئاوەڵناودا :

١ ـ لە پێش ئاوەڵناوی دیارخراو دێت.

وەك: ـ من دوو جوانم خەلاَتکرد.

ـ من دووەم جوانم خەلاَتکرد.

ـ ئازاد نیوەی تاریکیی بڕی.

٢ ـ لە پاش ئاوەڵناوی دیارخراو دێت، بە یارمەتی ئامرازی خستنەسەر.

وەك: ـ من زیرەکی دووەمم خەلاَتکرد.

٣ ـ لە پێش ئەو ئاوەڵناوە دێت، کە ئەرکی تەواوکەری کاری (بوو) دەبینیت.

وەك: ـ منداڵەکە زۆرباش دەبێت.

٤ ـ لە پێش ئەو ئاوەڵناوە چۆنیەتییە دێت، کە ئاوەڵکاری چۆنیەتی پێکهێناوە.

وەك: ـ منداڵەکە زۆر جوان دەڕوات.

ج ـ ژمارە وەك دیارخەری ئامرازی پەیوەندی لە گرێی بەنددا، لەم شوێنانە دێت:

١ـ لە پاش ئەو ئامرازە پەیوەندییە دێت، کە ئەرکی دیارخراو دەبینێت.

وەك: ـ ئازاد بەیەکەم دەرچوو.

٢ ـ هەندێك جار ژمارەی بنجی لەپاش مۆرفیمی(هەر) و ئامرازی(نیشانە، تەنیا) دێت، لە گرێی بەنددا.

وەك: ـ پێشمەرگە لە هەر چوار لاوە هێرشیان کرد.

ـ پرسیارەکەم لەم دووانە کرد.

ـ من پرسیارم لە تەنیا یەك قوتابی کرد.

## ٢ ـ ٥ ـ ٣ ـ ٤. شوێنی ژمارە لە ئەرکی دیارخراو ( سەرە )دا :

ژمارە ئەرکی دیارخراو دەبینێت، وەك هەر ئەرکێکی دیکە و لەم شوێنانەی خوارەوە.

### أ ـ لە ئەرکی بکەردا :

دەبێتە دیارخراو و(ێك) ی نەناسیاوی وەردەگرێت.(ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٨٩: ١٠٠)

وەك: ـ یەکێك هات و یەکێك ڕۆیشت.

### ب ـ لە ئەرکی ئاوەڵگوزارەدا :

دەبێتە دیارخراو و لە پێش ناوی(مانگ)(سەرچاوەی پێشوو: ١٠٨)

وەك: ـ ئەوان یەکی مانگ دەخوێنن.

### ج ـ لە ئەرکی تەواوکەری کاری ناتەواودا :

دەکەوێتە پێش ناوی (ساڵ، ،مانگ، ڕۆژ...هتد) ، وەك: تەمەنم بیست ساڵە.

## ٢ ـ ٥ ـ ٤. شوێنی ئەرکەکانی ئاوەڵکار لە ڕستەدا :

ئاوەڵکار ئەو پۆلەوشەیە، کە بەشێوەی ڕەسەن لە ڕووی ژمارەوە لە زمانی کوردیدا زۆر کەمە. واتە: ژمارەیان لە ژمارەی پەنجەی دەست تێپەڕناکات. ئاوەڵکار دوو ئەرك دەبینێت، ئەویش: (ئەرکی ئاوەڵگوزارە) کە شوێنی دەکەوێتە پێش کاری تەواو و(ئەرکی تەواوکەر) شوێنەکەی دەکەوێتە پێش کاری (بوو).

وەك: ـ ئاهەنگەکە ئێستا دەست پێدەکات.

ـ منداڵەکە هێشتا نوستووە.

ـ ئاهەنگەکە دوێنێ بوو.

ئەرکی ئاوەڵگوزارە و تەواوکەر پێش و پاش دەکرێت لە ڕستەدا، بۆیە شوێنی ئاوەڵکار جێگیر نییە و لە گۆڕاندایە.

وەك: ـ ئێستا ئاهەنگەکە دەست پێدەکات.

ـ هێشتا ئەوان شەڕدەکەن.

ـ لێرە بوو شەڕەکە.

### ٢ ـ ٥ ـ ٥. شوێنی ئەرکی کار لە ڕستەدا :

کار تاکە پۆلەوشەیە لەزماندا، کە ئەرکەکەی بەناوی خۆیەوەیە، واتە: تەنیا زاراوەی (کار) بەکاردێت بۆ(کار) وەك بەشە ئاخاوتن و بۆ (کار) وەك ئەرك. (کار) بەهەموو جۆرەکانیەوە (تێپەڕ، تێنەپەڕ، بکەرنادیار... هتد) هەمیشە ئەرکی کار دەبینێت و بە پێی سیستەمی پۆلەوشەکانی زمانی کوردی، شوێنی (کار) کۆتایی ڕستەیە (عەبدولواحید موشیر دزەیی: ٢٠١٢: ٣٢) و دەسەڵاتی زاڵە بەسەر هەموو ڕستەکەوە.

وەك: ـ نەسرین گوڵ دەفرۆشێت.

ـ پێشمەرگەکە شەهید کرا.

ـ ئەم قوتابییە زیرەکە.

ـ ئەوان بۆ شار ڕۆیشتن.

## بەشی سێیەم:

### ٣. ڕۆڵی ڕستەسازی لە دیارکردن و گۆڕینی پۆلەوشەکان:

ڕستەسازی ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت، لە دەستنیشانکردن و گۆڕینی پۆلەکانی وشە، لەبەرئەوەی چەندین وشە لە زمانی کوردیدا هەن، تا نەخرێنە قاڵبی ڕستەوە پۆلی خۆیان یەکلاناکەنەوە. واتە: ڕستەسازی هۆکاری سەرەکیی دەستنیشانکردنی پۆلی وشەکانە.

لەم بەشەدا گرینگیمان بە لایەنی پڕاکتیکی داوە. بۆ پشتڕاستکردنەوەی گوتنەکەمان چەندین ڕستەی جیاوازمان وەرگرتووە، کە بەشێکن لە زمانی ئێستای کوردی و بە پێی ئەم ڕستانە ڕۆڵی ڕستەسازی لە پۆلگۆڕین و دەستنیشانکردنی پۆلی وشەکان خراوەتەڕوو.

### ٣ ـ ١. کاریگەریی ڕستە بەسەر وشەوە:

ڕستە کاریگەرییەکی تەواوی هەیە لە سەر دیارکردنی پۆل و ئەرك و واتای وشەکانەوە، ئەم کاریگەرییە، بە دوو شێوەیە کاریگەریی بەبێ شوێنگۆڕینی وشە و کاریگەریی بە هۆی شوێنگۆڕینی وشەوە.

### ٣ ـ ١ ـ ١. کاریگەری لە ڕووی گۆڕینی واتای وشەوە:

واتای وشەکان بە پێی کات و کۆمەڵگا و بە پێی مەبەستی قسەکەر و ئەو دەورووبەرەی، کە قسەکەی تێدادەکات، گۆڕانکاری بەسەر وشەکاندا دێت. هەندێك جار واتاکەی خۆی دەگۆڕێت و دووردەکەوێتەوە لە واتا فەرهەنگییەکەی و گۆڕانکاری بەسەر وشەکەدا دێت، لە ڕووی (فراوانبوون، تەسك بوون، نزم بوون، بەرز بوون)ەوەی واتاکانیان، بەڵام ئەوەی پەیوەندیی بە بابەتەکەمانەوە هەیە، بریتییە لە گۆڕانی واتای وشە لە ناو ڕستەدا. ئەمەش بریتییە لەوەی، کە وشەکان تەنیا لە ناو ڕستەدا واتاکانیان بەتەواوی ڕووندەبێتەوە. بە شێوەیەك هەندێك جار وشە لە ناو ڕستەدا بەشێك لە واتاکەی ون دەبێت و بەشێکیش لە واتاکەی زیاد دەبێت، بە هۆی ئەو وشانەی، کە دراوسێی وشە گۆڕاوەکەن. بە واتایەکی تر کاتێك وشەکان دەچنە ناو ڕستە هەندێك لە وشەکان واتای خۆیان دەگۆڕن، بە هۆی پێویستی ڕستەکە، بەڵام واتا نوێ و کۆنەکەی وشە لە بناغەدا لە یەکتر نزیکن و بۆ یەك سەرچاوەی ڕەسەن دەگەڕێنەوە (غالب المطلبي:١٩٨٦: ٨٨). بۆ نموونە، وشەی (نان) واتە (کولێرە)، لە چەندین ڕستەدا واتاکەی دەگۆڕێت بۆ واتای (ژەم، موچە، خواردن...هتد) (عەبدولواحید موشیر دزەیی:٢٠١١: ٤٤). ئەگەر بڕوانینە ئەم ڕستانەی خوارەوە.

- لێدانێکی باشم لێدا. (باش= خراپ)
- پارەیەکی باشم هەیە. (باش= زۆر)
- خانووەکی باشم هەیە. (باش= ڕێك، گەورە، ئارام...هتد)

لە ئەنجامدا دەگەینە ئەو ڕاستییەی، کە واتای فەرهەنگی بەشێکە لە واتای وشەکە و بەشەکەی تری لەو پەیوەندییە واتاییانەوە بەدەستدێت، کە لەگەڵ وشەکانی تری ڕستەدا دروستدەکات (شوکر گەڵاڵی: ٢٠١٠ب: ٩١). لە لایەکی ترەوە زۆر وشە و دەستەواژە واتایان فراوان بووە، بە هۆکاری یەکێك لە لایەنەکانی ژیان. بۆ نموونە، (لایەنی سیاسی) ئەگەر وەربگرین، دەبینین زۆر وشە واتای خۆیان لە ڕستەدا بە هۆی ئەم هۆ کارەوە گۆڕیوە. بۆ نموونە. وشەی (لق)، کە لە فەرهەنگدا بە

واتای (لقی دار و درەخت)دێت، بەڵام لە حیزبدا بە واتای (کۆمەڵە کەسێکی حزبی، کە پێکەوە کاردەکەن) دێت (هەڵمەت سەردار: ٢٠١٢: ٦٥). بە شێوەیەکی گشتی ئەم واتاگۆڕینانە بە دوو ڕێگا دروستدەبن.

### ٣ ـ ١ ـ ١ ـ ١. لەڕێگای لێڵواتاییەوە:

وەك:

ـ(پشت) ——— ◄ (ناسیار و خزم): ئێمە پشتمان زۆرە.

ـ(قەلەم) ——— ◄ (خوێندەوار): مام عەلی قەلەمی هەیە.

ـ(شایی) ——— ◄ (ئاهەنگ): دوێنێ شایی[1] سەرکەوتن بوو.

ـ(دەفتەر) ——— ◄ (١٠٠٠٠ دولار): ئۆتۆمبیلەکەم بە دەفتەرێك کڕی.

ـ(گەڵا) ——— ◄ (١٠٠ دولار): کۆمپیتەرەکەم بە سێ گەڵا کڕی.

ـ(ماڵ) ——— ◄ (خێزان): لەگەڵ ماڵم دەڕۆم.

ـ(بەرز) ——— ◄ (نرخی گران): ئەمڕۆدولار بەرزە.

ـ(ڕەق) ——— ◄ (شێوازی خراپ): مامۆستایەکی ڕەقە[2].

ـ(کۆتایی) ——— ◄ (دوور): تاران لە کۆتایی دونیایە.

ـ(ئاسمان) ——— ◄ (درێژی باڵا): سەری دەگاتە ئاسمان.

ـ(خوێندن) ——— ◄ (ئیش کردن): سیدییەکەم دەخوێنێتەوە.

ـ(بوك) ——— ◄ (شایی) مەڕۆن بۆ بوکەکە.

ـ(کچ) ——— ◄ (ژن): دایکی نالی کچی مام عەلییە.

ـ(گەرم) ——— ◄ (ڕووخۆش): بە گەرمی بەخێرهاتنی کردین.

ـ(گرت) ——— ◄ (پێوەدا): نەسرین دەرگاکەی گرت.

ـ(کورسی) ——— ◄ (دەسەڵات): کورسی هەتاهەتا بۆکەس نابێت.

ـ(خواردنەوە) ——— ◄ (خواردنەوە کهولییەکان): سەردار دوورە لە خواردنەوە.

ـ(بندیوار) ——— ◄ (موچەخۆری بێ دەوام): لە وەزارەتی؟ بندیوار زۆرە.

### ٣ ـ ١ ـ ١ ـ ٢. لەڕێگای واتای لاوەکی و فەرهەنگییەوە:

وەك:

ـ(گوڵ) ——— ◄ (ڕێك و باش و جوان): شیرین گوڵە.

ـ(جوولەکە) ——— ◄ (بێبەزەیی، حەسود، ترسنۆك): جوولەکە لە تۆ باشترە.

ـ(سێزدە) ——— ◄ (بێبەخت): هیوا نێوچاوان سێزدەیە.

---

١. شایی زاراوەیەکە، هەتا ئەو کەسانەش بەکاردێنن، کە بە حەڕام دەزانن، وەك گروپە ئیسلامییەکان، بەڵام ئەگەر باسی ئاهەنگی هاوسەرگیری بکەن، ئەوانیش دەڵێن ( شایی ) فلان کەس، ئەمە بۆ گۆڕانی واتای وشەکە دەگەڕێتەوە لە ڕستەدا .

٢. زۆر ئاوەڵناوی چۆنیەتیمان هەیە، کە دەتوانین لە ڕستەدا بیانگوازینەوە بۆ سیفەتی مرۆڤ، لە وانەش: ( شرین، نەرم، ڕەق، توند، وشك، خۆش، گران ...هتد ).

ـ(کرم) ⟵ (ورد لە ئیشکردندا): دلاوەر لەم کارەدا کرمە.

ـ(شێر) ⟵ (ئازا): دارای شێر ناترسێت.

### ٣ ـ ١ ـ ٢. کاریگەریی شوێنی وشە:

وشەکانی ڕستە خاوەن شوێنن، وەك لە بەشی دووەم ئاماژەمان پێکرد، ئەم شوێنە وشەییانە کاریگەری لە وشەکانی ناو ڕستە دەکات و لە ئەنجامی ئەم کاریگەرییە، وشەکانی ناو ڕستە لە چەندین ڕووەوە، وەك: (ئەرك، پۆل...هتد) گۆڕانکارییان بەسەردێت .

### ٣ ـ ١ ـ ٢ ـ ١. گۆڕینی ئەرك و پۆل، بەهۆی شوێنی وشەوە:

لە ڕێزمانی ڕۆنانکاریدا[1] شوێنی وشە ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە گۆڕینی ئەرك و پۆلدا. زمانی وا هەیە شوێن پەیوەندییەکی ڕەها و نەگۆڕی بە ئەرك و پۆلەوە هەیە. واتە: شوێنی دیارکراوی پۆلێك لە پۆلەکانی زمان بەتەواوی یەکسانە بە ئەرك و پۆل، بە شێوەیەك قسەپێکەری زمان تەنیا تەماشای شوێن دەکات، بەبێ بیرکرنەوە لە ئەرك و پۆلی وشەکە. ئایا سەر بەکام ئەرکە یان پۆلە؟ چونکە لە ناو مێشکی قسە پێکەرەکە هەر پۆلێك و ئەرکێك، شوێنی تەواو دیارکراوی خۆی هەیە، بەلآم ئەمە بە پێی زمانەکان دەگۆڕێت. بۆ نموونە، لە زمانی کوردیدا زۆر جار وشەکان لە ناو ڕستەدا دەتوانن شوێنی خۆیان بگۆڕن، دوور لە تێکچوونی واتای ڕستە. بۆیە ناکرێت بڵێین: شوێن بە شێوەیەکی ڕەها یەکسانە بە ئەرك و پۆل، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ڕۆڵێکی دیار و گرینگی هەیە لەم بارەیەوە. ئەم گۆڕینانە لە دوو جۆرە ڕستەدا سەرهەڵدەدات.

### أ ـ گۆڕین لە ڕستەی ئاساییدا:

ـ ئازاد هات.

(ئا) ⟵(ن)

ئەرکەکەی ⟵(ب)

ـ من کراسێکم بۆ نەسرین کڕی.

(ن) پۆلەکەی نەگۆڕاوە.

ئەرکی ⟵ دیا(بۆ)

ـ بامییەکەم زەردکرد.

(ئا) ⟵ بەشێك لە(ك)

ئەرکی ⟵ بەشێك لە(ئە ك)

ـ قوتابییەك دەرچوو.

(ژ) ⟵(م نە)

---

١. گرینگی بە لایەنی ڕووخسار دەدات و سیستەمێکی پەیوەندییە، کە پێکهاتەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، بەبێ گەڕانەوە بۆ جیهانی دەرەوە، بڕوانە: عەبدولواحید موشیر دزەیی(٢٠١٣)، ڕستەسازی ڕۆنانکاری و گوێزانەوە، ل٢٣.

ئەرکی نەگۆڕاوە

ـ نەسرین چێشتەکەی گەرمکردەوە.

(ئا) ←—— بەشێک لە(ک)

ئەرکی ←—— بەشێک لە(ئە ک)

ـ شیرین خێرا دەڕوات بە ڕێگادا.

شیرین: (ئا) ←—— (ن)، ئەرکی ←—— (ب)

خێرا: (ئا) ←—— (ئاو)، ئەرکی ←—— (ئاوە)

ـ لە بەهاردا دەشت و دەر سەوزدەبن.

بەهار: (ن) ←—— (ئاو)، ئەرکی ←—— دیا(لە)

سەوز: (ئا) پۆلەکەی نەگۆڕاوە، ئەرکی ←—— (تە)

ـ شاخەکان سپی دەچنەوە

(ئا) ←—— (ئاو)

ئەرکی ←—— (ئاوە)

ـماڵەکەم جوان پاککردەوە.

جوان: (ئا) ←—— (ئاو)، ئەرکی ←—— (ئاوە)

پاک: (ئا) ←—— بەشێک لە(ک)، ئەرکی ←—— بەشێک لە(ئە ک)

ـ منداڵەکان چوارچوار هاتن.

(ژ) ←—— (ئاو)

ئەرکی ←—— (ئاوە)

ـ پێویستە یەک یەک بڕۆن.

(ژ) ←—— (ئاو)

ئەرکی ←—— (ئاوە)

ـ پەروین ژیرانە کاردەکات.

(ئا) ←—— بەشێک لە(ئاو)

ئەرکی ←—— بەشێک لە(ئاوە)

ـ ژنانە کاردەکات.

(ن) ←—— بەشێک لە(ئاو)

ئەرکی ←—— بەشێک لە(ئاوە)

ـ سەگەکە لە تەنیشت خانووەکە نوستووە.

تەنیشت: (ن) ←—— (ئاو)، ئەرکی ←—— دیا(خانووەکە)

خانووەکە: (ن) ←—— پۆلەکەی نەگۆڕاوە، ئەرکی ←—— دیار(گ ئاو)

ـ من پێشتر هاتم.

(ن) ←—— (ئاو)

ئەرکی ← (ئاوە)

ـ نەسرین لە ترسان دەلەرزی.

ناوی کارە(چا) ← (ئاو)

ئەرکی ← دیا(لە)

ـ کرێکارەکان هەندێك ئیشیانکرد.

هەندێك: (ژ نا) ← (ئاو)، ئەرکی ← (ئاوە)

ئیش: (ن) ← بەشێك لە(ك)، ئەرکی ← بەشێك لە(ئە ك)

ـ بایەکە توند هەڵیکرد.

(ئا) ← (ئاو)

ئەرکی ← (ئاوە)

ـ ئەوان شەو گەیشتن.

(ن) ← (ئاو)

ئەرکی ← (ئاوە)

ـ سەرکەوت قوتابییەکان دەبات.

(کا) ← (ن)

ئەرکی ← (ب)

ـ ئەڤین زۆر خێرا ڕۆیشت.

زۆر: (ژ نا ) ← (ئاو)، ئەرکی ← دیا(خێرا)

خێرا: (ئا) ← (ئاو)، ئەرکی ← دیار(گ ئاو)

ـ دهۆك خۆشە.

(ئا) پۆلەکەی نەگۆڕاوە

ئەرکی ← (تە)

ـ ئەگەر ڕۆیشتم بۆ دهۆك دیاریت بۆ دێنم.

(ن) پۆلەکەی نەگۆڕاوە

ئەرکی ← دیا(بۆ)

ـ بەیانی بە پەلە ڕۆیشتن.

بەیانی: (ن) ← (ئاو)، ئەرکی ← (ئاوە)

پەلە: (ئا) پۆلەکەی نەگۆڕاوە، ئەرکی ← دیا(بە)

ـ تۆ بە خوێندن پێشدەکەویت.

ناوی کارە(چا) پۆلەکەی نەگۆڕاوە

ئەرکی ← دیا(بە)

ـ ڕۆیشتن وەرزشە.

(ن) پۆلەکەی نەگۆڕاوە

ئەرکی ← (تە)

ـ منداڵە لاوازەکە بەپێ هات.

(ن) ⟵ (ئاو)

ئەرکی ⟵ دیا(بە)

ـ باغەکە چوار لای گوڵە.

چوار: (ژ) پۆلەکەی نەگۆڕاوە، ئەرکی ⟵ دیا(لا)

لا: (ن) ⟵ (ئاو)، ئەرکی ⟵ دیار(گ ئاو)

ـ یەکگرتن سەرکەوتنە.

یەك: (ژ) ⟵ بەشێك لە(چا)، ئەرکی ⟵ بەشێك لە(نی)

سەرکەوتن: ناوی کارە(چا) پۆلەکەی نەگۆڕاوە، ئەرکی ⟵ (تە)

ـ خانووەکە چوار گۆشەیە.

(ئا) پۆلەکەی نەگۆڕاوە

ئەرکی ⟵ بەشێك لە(تە)

ـ یەکێك لەوانە دەبەم.

(ژ) ⟵ (ن)

ئەرکی ⟵ (بە)

ـ پێشمەرگەکان دوودوو هاتن.

(ژ) ⟵ (ئاو)

ئەرکی ⟵ (ئاوە)

ـ یاریزانی شەشەم باش یاریدەکات.

(ئا) ⟵ (ئاو)

ئەرکی ⟵ (ئاوە)

ـ هەشتی بەیانی قوتابییان دەچن.

هەشت: (ژ) ⟵ پۆلەکەی نەگۆڕاوە، ئەرکی ⟵ دیا(بەیانی)

بەیانی: (ن) ⟵ (ئاو)، ئەرکی ⟵ دیار(گ ئاو)

ـ هەر چوار لای خانووەکەیان پشکنی.

هەر: (م هـ) پۆلەکەی نەگۆڕاوە، ئەرکی ⟵ دیا (لا)

چوار: (ژ) پۆلەکەی نەگۆڕاوە، ئەرکی ⟵ دیا (لا)

لا: (ن) ⟵ (ئاو)، ئەرکی ⟵ دیار(گ ئاو)

ـ گوڵشەن بە یەکەم دەرچوو.

یەکەم: (ژ) پۆلەکەی نەگۆڕاوە، ئەرکی ⟵ دیا(بە)

بە: (ئام پ) پۆلەکەی نەگۆڕاوە، ئەرکی ⟵ دیار(گ ب)

ـ تەمەنم بیست ساڵە.

بیست: (ژ) ⟵ بەشێك لە(گ ئاو)، ئەرکی ⟵ دیار(گ ئاو)

ساڵ: (ن) ← بەشێك لە(ئاو)، ئەرکی ← دیا(بیست)

- کراسەکەم به دینار کڕی.
بە: (ئام پ) پۆلەکەی نەگۆڕاوە، ئەرکی ← دیار(گ ب)
دینار:(ن) پۆلەکەی نەگۆڕاوە، ئەرکی ← دیا(بە)
- ڕزگار لە ژووری یەکەم[1] دانیشت.
لە: (ئام پ) پۆلەکەی نەگۆڕاوە، ئەرکی ← دیار(گ ب)
ژوور: (ن) ← (ئاو)، ئەرکی ← دیار(گ ئاو)
یەکەم: (ژ) پۆلەکەی نەگۆڕاوە، ئەرکی ← دیا(ژوور)
- یەك دینارم پێ نییە.
(ژ) ← (م هیچ)
ئەرکی ← دیا(دینار)
- جوان کراسە جوانەکەی جوان دروو.
جوان: (ئا) ← (ن)، ئەرکی ← (ب)
جوان: (ئا) ← (ئاو)، ئەرکی ← (ئاوە)
- باران زۆر باری.
ژ نا) ← (ئاو)
ئەرکی ← (ئاوە)
- پێنووسێکی زۆر کۆنم دۆزییەوە.
زۆر: (ژ نا) ← بەشێك لە(گ ئا)، ئەرکی ← دیا(کۆن)
کۆن: (ئا) پۆلەکەی نەگۆڕاوە، ئەرکی ← دیار(گ ئا)
- پۆلیسەکە زۆر خێرا ڕۆیشت.
زۆر: (ژ نا) ← (ئاو)، ئەرکی ← دیا(خێرا)
خێرا: (ئا) ← (ئاو)، ئەرکی ← دیار(گ ئاو)
- نزاری شێر شێرانە هات.
شێر: (ن) ← (ئا)، ئەرکی ← دیا(نزار)
شێر: (ن) ← بەشێکە لە(ئاو)، ئەرکی ← (ئاوە)

- هەندێك ڕۆژ دەچم بۆ بازار.
هەندێك: (ژ نا) پۆلەکەی نەگۆڕاوە، ئەرکی ← دیا(ڕۆژ)

---

١. هەندێك لە زمانەوانان پێیان وایە ( لە ژووری یەکەم ) گرێی ئاوەڵکار یيە، بەبێ ئەوەی باس لە گرێی بەند بکەن، بەلای ئێمەوە ئەمە گرێی بەندە لە ( ئامرازی پەیوەندی ( لە )+ گرێی ئاوەڵکاری ( ژووری یەکەم ) پێکهاتووە. بڕوانە: بابا رەسول، پێکهاتەی ژمارە لە زمانی کوردیدا، ل ١٣٦.

ڕۆژ: (ن) ⟵ (ئاو)، ئەرکی ⟵ دیار(گ ئاو)

بۆ: (ئام پ) پۆلەکەی نەگۆڕاوە، ئەرکی ⟵ دیار(گ ب)

بازار: (ن) پۆلەکەی نەگۆڕاوە، ئەرکی ⟵ دیا(بۆ)

ـ کاری قوتابی خوێندنە.

ناوی کارە(چا) پۆلەکەی نەگۆڕاوە

ئەرکی ⟵ (تە)

ـ چایەکە بۆ جوان بوو.

بۆ: (ئام پ) پۆلەکەی نەگۆڕاوە، ئەرکی ⟵ دیار(گ ب)

جوان: (ئا) ⟵ (ن)، ئەرکی⟵ دیا(بۆ)

ـ کارەکەیان مانگـێک کرد.

مانگ: (ن) ⟵ (ئاو)، ئەرکی ⟵ دیار(گ ئاو)

ێك: (ژ)⟵ (م نە)، ئەرکی ⟵ دیا(مانگ)

ـ من لە هەولێر دەخوێنم.

لە: (ئام پ) پۆلەکەی نەگۆڕاوە، ئەرکی ⟵ دیار(گ ب)

هەولێر: (ن) ⟵ (ئاو)، ئەرکی ⟵ دیا(لە)

ـ پێش ئێستا نەسرین لێرەبوو.

ئێستا: (ئاو) پۆلەکەی نەگۆڕاوە، ئەرکی⟵ بەشێك لە(ئاوە)

ـ برایەکەم مەڕەکەی خێرا سەربڕی.

خێرا: (ئا) ⟵(ئاو)، ئەرکی ⟵(ئاوە)

سەر: (ن) ⟵ بەشێك لە(ك)، ئەرکی ⟵ بەشێك لە(ئە ك)

ـ دەفتەرەکەم لای چەپی مێزەکە دانراوە.

چەپ: (ئا)⟵(ئاو)، ئەرکی ⟵ دیا(لا)

ـ ئارام پاش نوێژنان دەخوات.

ئارام: (ئا)⟵ (ن)، ئەرکی ⟵ (ب)

نوێژ: (ن) ⟵ بەشێك لە(ئاو)، ئەرکی ⟵ بەشێك لە(ئاوە)

ـ نەخۆشەکە بە پاڵکەوتنەوە نانی خوارد.

نەخۆشەکە: (ئا) ⟵ (ن)، ئەرکی ⟵(ب)

بە ـ ەوە: (ئام پ) پۆلەکەی نەگۆڕاوە، ئەرکی ⟵ دیار(گ ب)

پاڵکەوتن: ناوی کارە(چا) پۆلەکەی نەگۆڕاوە، ئەرکی ⟵ دیا(بە)

## ب ـ گۆڕین لەو ڕستانەی، کە گوێگر زانیاریی هەیە لەبارەی دیارخراو:

ئەگەر ژمارەی بنجی و ئاوەڵناو لە ڕستەی دەقدا، یان لە ڕستەیەکدا هاتن، کە گوێگر زانیاریی لە بارەی دیارخەرەوە هەبێت، ئەوا ناوەدیارخراوەکە، بەهۆی پەیوەندی و بەستانەوە بە ڕستەکانی پێش خۆی لادەبرێت، ئاوەڵناو و ژمارە دیارخەرەکە شوێنی دەگرنەوەو خۆیاندەگۆڕن بۆ ناوی دیاخراو و ئەرکی ناوەکە دەبینن.

وەك:

ـ پیرەكە پێڵاوێكی جوانی بۆ هێنام.

(ئا) ⟵(ن)

ئەركی ⟵ (ب)

ـ پێنج لە ئێوە بڕۆن.

(ڤ) ⟵ (ن)

ئەركی ⟵ (ب)

ـ چوارەكە هاتن.

(ڤ) ⟵ (ن)

ئەركی ⟵ (ب)

ـ گۆڤارەكە بۆ دووان بوو.

دوو:(ڤ) ⟵ (ن)

ئەركی ⟵ دیا(بۆ)

ـ تێر ئاگای لە برسی[1] نییە.

تێر: (ئا) ⟵(ن)، ئەركی ⟵ (نی)

برسی: (ئا) ⟵(ن)، ئەركی⟵ دیا(لە)

ـ زیرەكێكی پۆلیان خەڵاتكرد.

(ئا) ⟵ (ن)

ئەركی⟵ دیار(گ ن)

ـ براكەم چوارەمە.

(ڤ) ⟵ (ن)

ئەركی ⟵ (تە)

ـ سێیەمم ئازاد كرد.

سێیەم: (ڤ) ⟵ (ن)، ئەركی ⟵(بە)

ئازاد: (ئا) ⟵ بەشێك لە(ك)، ئەركی ⟵ بەشێك لە(ئە ك)

ـ ڕەشەكە هەڵات.

(ئا) ⟵ (ن)

ئەركی ⟵ (ب)

## ٣ـ١ـ٢ـ٢. كاریگەریی ڕستە بەهۆی شوێنگۆڕینی وشەوە:

گۆڕینی پۆل و ئەركی وشە و شێواندنی واتا و دروستبوونی لێڵواتایی بە هۆی شوێنگۆڕینی وشەوە، وشەكانی زمانی كوردی كاتێك، كە ڕستە پێكدێنن هەندێك جار خۆیان بە شێوەیەك بە وشەكانی دەوروبەریانەوە بەستووەتەوە، كە ئەم بەستانە ڕێگا نادات، تەنانەت یەك وشە جێگەی

١. ئەم ڕستەیەی سەرەوە لە بنەڕەتدا بریتییە لە: ( سكی تێر، ئاگای لە سكی برسی نییە )

خۆی بگۆڕێت و بەگۆڕینی شوێنی وشەکە، ڕستەکە لە لایەنی واتایی و ڕێزمانییەوە تێکدەچێت، بەڵام هەندێك لە ڕستەکان واتایان تێکناچێت، تەنیا ئەوە نەبێت، کە شوێنگۆڕینی وشەکان کاریگەری خۆی بەجێدێلێت، لە لایەنی (گۆڕینی پۆل، گۆڕینی ئەرك، گۆڕینی واتای ڕستە، دروستکردنی لێڵی ڕستە)، ئەمەیان بە پێی ڕیزبوونی چەسپاو و جێگیر. جگە لەمە هەندێك جار شوێنگۆڕینی وشە لە ڕیزبوونی ئازادیش کاریگەریی خۆی هەیە، لە لایەنی گۆڕینی واتای ڕستە بە پێی مەبەستی قسەکەر.

وشەی هەندێك لە زمانەکان، ئەرکی وشەکانیان بە شێوەیەك خۆیان بە شوێنەوە بەستووەتەوە کە شوێن بە واتای ئەرك دێت. بۆ نموونە، (زمانی ئینگلیزی) کە ئەرکی وشە پەیوەندییەکی تەواوی بە شوێنی وشەوە هەیە، بە ڕادەیەك، کە شوێن یەکسانە بە ئەرك. بۆ نموونە، ئەو (ناو)ەی کە پێش کارەکە دەکەوێت، بریتییە لە بکەرو ناوی دوای کارەکە بریتییە لە بەرکاری ڕستە. واتە: کار لە نێوان بکەر و بەرکارە (عەبدولواحید موشیر دزەیی: ٢٠١٢: ٥٧).

هەر زمانێك ڕیزبوونێکی تایبەت بە خۆی هەیە، هەندێك لە زمانەکان ڕێزبوونیان وەك یەکە. بۆ نموونە، (زمانی کوردی و فارسی).

لە خوارەوە هەوڵدەدەین بە شێوەیەکی پراکتیکی هەندێك لە و ڕستانە وەربگرین، کە بە گۆڕینی شوێنی وشەکانیان، چەندین گۆڕانکاری لە وشەکان و ڕستەکەدا ڕوودەدات.

### أ ـ کاریگەریی شوێنگۆڕینی وشە لە ڕێزبوونی ئازاددا :

هەروەك لە سەرەتادا ئاماژەمان بە ڕیزبوونی ئازادکرد و گوتمان گۆڕینی شوێنی وشە لەم جۆرە ڕیزبوونەدا نابێتە هۆی گۆڕینی (ئەرك، پۆل) و نابێتە هۆی تێکدانی واتای ڕستە، بەڵام کاریگەریی خۆی هەیە، لە لایەنی گۆڕینی واتای ڕستە لە لایەن قسەکەرەوە، بە واتایەك و مەبەستێك وشەیەك دەخاتە پێش وشەیەکی ترەوە (عبدالباقی اکرام أحمد: ٢٠١٢: ٢٠). لێرەدا دەگەینە ئەو ڕاستییەی، کە پێش و پاشکردنی وشە لە سنوری ڕستەدا، بەندە بە چەند هۆکارێکەوە، کە قسەکەر پەیامەکەی لە ژێر کاریگەریی دەروونییەوە بە گوێگر دەبەخشێت و ئەو ڕێگایە هەڵدەبژێرێت، کە زۆرترین کاریگەری لە گوێگر بکات، بۆیە بە لووتکەکردنی وشەکان دروستدەبێت (عەبدولواحید موشیر دزەیی: ٢٠١١: ٤٥).

وەك: ـ ئەوان دوێنێ ڕۆیشتن.

ـ دوێنێ ئەوان ڕۆیشتن.

لەم دوو ڕستەیەی سەرەوەدا هیچ گۆڕانێك لە ڕووی ئەرکی و پۆل و لێڵواتایی و واتا تێکچوونی ڕستە ڕووینەداوە، تەنیا ئەوە نەبێت، کە بە شوێنگۆڕینی وشەی (دوێنێ)، مەبەست و واتای ڕستەکە لە لایەن قسەکەرەوە گۆڕاوە، بە شێوەیەك، لێرەدا قسەکەر کاتەکە (دوێنێ) ی بەلاوە گرینگە، دەیەوێت بە زووترین کات گوێگر بزانێت، کە (ئەوان) ڕۆیشتوونە.

هەندێك جار سەرەڕای ئەوەی، کە دەتوانرێت لە ڕیزبوونی ئازاددا لە لایەنی ڕێزمانییەوە شوێنی وشەکان بگۆڕدرێت، بەڵام لۆجیك ڕێگرە لەبەردەم پاش و پێشکردنی وشەکان (سەرچاوەی پێشوو: ٤٥).

وەك: ـ هێمن نەسرینی خواست.

- نەسرین هێمنی خواست.

ڕستەی دووەم نالۆجیکە و یاسا کۆمەڵایەتییەکان ڕێگرن، بە گواستنەوەی (ی)ی جێناوی لکاو بۆ کۆتایی کار (نەسرین، هێمن خواستی) ڕستەکە دەبێتەوە ڕستەیەکی لۆجیکی.

### ب ـ کاریگەریی شوێنگۆڕینی وشە لە ڕیزبوونی چەسپاودا:

ئەمەیان جۆرێکە لەو ڕێزبوونانەی، کە جێگیر و چەسپاوە. شوێنگۆڕینی وشە لەم جۆرە ڕیزبوونەدا، زۆرترین گاریگەری دەبێت، لە ڕووی گۆڕینی ئەرك و پۆل و واتای ڕستە و تێکدانی واتای ڕستە و دروستکردنی لێڵی ڕستە (عەبدولسەلام نەجمەددین و شێرزاد سەبری: ٢٠١١: ١٧٩). بەڵام مەرج نییە، ڕستەیەك بە هۆی شوێنگۆڕینی وشەکانەوە، هەموو ئەوگۆڕینانەی سەرەوەی تێدا ڕووبدات. بۆ نموونە، ڕستە هەیە بە هۆی شوێنگۆڕینی یەکێك لە وشەکان، یان شوێنگۆڕینی چەند وشەیەك لە هەمان ڕستەدا یەك کاریگەری، یان زیاتر ڕوودەدات. واتە: لەوانەیە تەنیا ئەرکی وشەکە بگۆڕێت، یان پۆلی وشەکە بگۆڕێت، یان واتای ڕستەکە بگۆڕێت، یان لێڵی ڕستە دروستبکات. لە خوارەوە هەوڵدەدەین بە پێی چەند ڕستەیەك ئەم گۆڕینانە بخەینە ڕوو.

#### ١ ـ گۆڕانی ئەرکی وشە:

زۆر وشە هەن، بەهۆی گۆڕینی شوێنی خۆی لە چوارچێوەی هەمان ڕستەدا، تەنیا ئەرکی خۆی دەگۆڕێت.

وەك: ـ ئازاد نەوزادی بینی. ←—— نەوزاد ئازادی بینی.

(ب) (بە) (ب) (بە)

ـ ئاکام کۆترەکەی ئەوی هەڵفڕاند. ←—— ئەو کۆترەکەی ئاکامی هەڵفڕاند.

(ب) (بە) (دیار) (دیا)

ـ قوتابخانە بۆ سەیران دەچێت. ←—— سەیران بۆ قوتابخانە دەچێت.

(ب) دیا (بۆ)یە (ب) دیا (بۆ)یە

ـ کام قوتابی زیرەك دەتوانێت دەربچێت؟ ←—— کام قوتابی دەتوانێت زیرەك دەربچێت؟

(دیا) (ئاوە)

ـ هیچ شێتـ ێك ئەم کار ە ناکات. ←—— ئەم شێتـە هیچ کار ێك ناکات.

(دیار) دیا(گار)ە (دیار) دیا(شێت)ە — (دیار) دیا(گار)ە (دیار) دیا(شێت)ە

ـ پیاوەکە بەپەلە هات. ←—— پیاوە بەپەلەکە هات.

(ئاوە) دیا(پیاوەکە)یە

ـ کارە شێتانەکەیان کرد. ←—— کارەکەیان شێتانە کرد.

دیا(شێت) ە (ئاوە)

ـ تاقیکردنەوەکان لە نیوەی پۆلەکانە. ⟵ نیوەی تاقیکردنەوە کان لە پۆلەکانە.

(نی) دیا(پۆل) (دیار) دیا(تاقیکردنەوە)یە (دیار) دیا(لە)

ـ هەنار ی گوند خۆشە. ⟵ گوندی هەنار خۆشە.

(دیار) دیا(هەنار)ە (دیار) دیا(گوند)ە

ـ تەنیا دارام بینی. ⟵ دارام تەنیا بینی.

(دیار) دیا(دارا)یە (بە) (ئاوە)

ـ برای ئازاد قوتابییە. ⟵ قوتابی برای ئازادە.

(دیار) دیا(برا)یە (تە) (نی) (دیار) دیا(برا)یە

ـ ئازاد برای مامۆستامە. ⟵ مامۆستا ئازاد برامە.

(نی) (دیار) دیا(برا)یە (دیار) دیا(مامۆستا)یە (تە)

ـ گوڵی جوانم لێکردەوە. ⟵ گوڵم جوان لێکردەوە.

(دیار) دیا(گوڵ)ە (بە) (ئاوە)

ـ ئەم منداڵە نابینایە. ⟵ ئەم نابینایە منداڵە.

(دیار) (تە) (دیار) (تە)

## ٢ ـ گۆڕانی ئەرك و پۆلی وشە :

ئەوەی لە سەرەوە خستمانە ڕوو، شوێنگۆڕینی وشە بوو، کە بووە هۆی گۆڕینی چەند ئەرکێك. واتە: شوێنگۆڕینی وشەکان بووە هۆی گۆڕینی ئەرکی وشەکان. ڕستەی وا هەیە بە گۆڕینی شوێنی وشە زیاتر لە یەك گۆڕان پەیدادەکات، ئەوانیش: (گۆڕانی پۆل) و (گۆڕانی ئەرك)ن، بەڵام ئەمانە کەمتر لە جۆری یەکەم بەرچاودەکەون.

وەك: ـ نەسرین هەناری شیرینی دەوێت. ⟵ شیرین هەناری نەسرینی دەوێت.

(ئا، دیا) (ن، ب)

ـ سەردار بە ڕێکەوت[1] بەڕێکەوت. ⟵ ڕێکەوت بە سەردار بەڕێکەوت.

(ن، ب) (ئاو، دیا) (ن، ب) (ن، دیا)

ـ جوان وانەکەی نووسی. ⟵ وانەکەی جوان نووسی.

---

١. ئەم ڕستەیە :لێڵە، ئایا (بەڕێکەوت) مەبەست لە کاتەکەیە یان مەبەست لە کەسێکە ناوی ڕێکەوتە؟، بەڵام مەبەستمان کاتەکەیە، واتە: ڕێکەوت دیارخەری (بە) و بە هەردووکیان ئەرکی ئاوەڵگوزارەیان پێکهێناوە .

(ن، ب)    (ئاو، ئاوه)

ـ جوان سەوزەکەم جوان شوشت. ⟵ سەوزەکەم جوان جوان شوشت.

(ن، با)    (ئاو، ئاوه)    (ئا، بەشێکە لە ئاوه)

ـ یەك مامۆستا هات. ⟵ مامۆستایەك[1] هات.

(ژ، دیا)    (م نه، دیا)

ـ من دوو گەورەم لەوێ بینی. ⟵ گەورەم من دووم لەوێ بینی.

(ژ، دیا) (ئا، دیار)    (ئا، دیا) (ن، به)

ـ زۆرجوان منی دیت. ⟵ من زۆرجوان ی م دیت.

(ئاو، دیار) (ج، ب)    (ن، دیار) (پاشگری ن)

ـ شینیی[2] ئاسمان تاریك بوو. ⟵ تاریکیی ئاسمانی شین بوو.

(ن، دیار)    (ئا، ته)    (ن، دیار)    (ئا، ته)

ـ شیرین قوتابییەکی دڵسۆزە. ⟵ دڵسۆز قوتابییەکی شیرینه[3].

(ن، نی)    (ئا، دیا)    (ن، نی)    (ئا، دیا)

ـ جوانیی چیا بەرزییەکەیە. ⟵ چیا یە بەرزەکە جوانە.

(ن، دیار) (دیا) (ن، ته)    (دیار) (ئا، دیا) (ئا، ته)

ـ دوو بەڕێز لەوێ بوون. ⟵ بەڕێز دوو لەوێ بوون.

(ژ، دیا) (دیار)    (با) (ن، دیار)

## ٣ـ دروستبوونی ڕستەی تەم و مژ و گۆڕانی ئەرك و پۆلی وشە:

وەك: ـ من ماڵەکەم جوان پاککردەوە.

(ئاو، ئاوه)

ـ جوان من ماڵەکەم پاککردەوه ⟵ من ماڵەکەم باش پاککردەوە. / جوان بۆ ئاگاداریت من ماڵەکەم پاککردەوە.

(ن، با)

گۆڕانی ئەرك و پۆلی وشە لە ڕستەی ژمارە(٢) ڕوویداوە.

ـ بێ پەلە پیاوەکە هات.

(ئا، دیا)

ـ پیاوە بێ پەلەکە هات. ⟵ پیاوە لە سەرخۆیەکە هات.

---

٢. ژمارە ( یەك ) ئەگەر وەکو دیارخەر لە دوای ناوی دیارخراو هات، چەمکی نەناسیاوی و تاکایەتی هەڵدەگرێت و بە پێی پیتی کۆتایی ناوە دیارخراوەکە فۆرمەکەی بۆ (ەك، یَك ...هتد) دەگۆڕێت. بڕوانە: ئەورەحمانی حاجی مارف، ژمارە وەك بەشێکی سەربەخۆی ئاخاوتن و جۆرەکانی ژمارە لە زمانی کوردیدا، ل ٩٦.

١. ئەگەر ئاوەڵناوی چۆنیەتی بووە دیارخەری ناو و لە پێش ناو هات بەیارمەتی ( ی ) خستنەسەر، ئەوا ئاوەڵناوەکە خۆی دەگۆڕێت بۆ ناو و ئەرکی ناو دەبینێت.

٢. ئەم دوو ڕستەیە لە هەمانکاتدا : لێڵن، واتە: ئایا دڵسۆز قوتابییەکی خوێن شرینە؟ یان دڵسۆز یەکێکە لە قوتابییەکانی مامۆستا شیرین؟

(ن، دیا)　　　　　پیاوە بێ دەستەکە هات.

لەڕستەی ژمارە(١) دا، تەنیا ئەرک گۆڕاوە. واتە: (بێ پەلە) ئەرکی ئاوەڵگوزارەی بینیوە، بەڵام ڕستەی ژمارە(٢) مەبەستمان ئەوەیە کە (پەلە) ئەرک و پۆلی خۆی گۆڕیوە.

- هەندێك لێرە ئازا وەستابوون.
(ئاو، ئاوە)
- ئازا هەندێك لێرە وەستابوون.
(ن، با)

هەندێك کەس بەئازایەتی لێرە وەستابوون.
کاك ئازا هەندێك کەس لێرە وەستابوون.

## ٤ ـ دروستبوونی ڕستەی لێلواتا و گۆڕانی ئەرکی وشە :

وەك: ـ دووکەس بە ئەوان کارەکەیان کرد.
دیا (بە)یە
- ئەوان بە دووکەس کارەکەیان کرد.
(ب)

ئەوان خۆیان دووکەس بوون و کارەکەیان کرد.
ئەوان بەدووکەسی تر کارەکەیان کرد.

- دوو تاقیکردنەوە لە پۆلە.
(دیار)　دیا(لە) یە
(دیا)ی (تاقیکردنەوەی)یە
- تاقیکردنەوە لە دوو پۆلە.
(نی)　(دیار)
دیا(پۆل)ە

تاقیکرنەوەکان بە پێی پۆلەکان ئەنجامدەدرێت.
تاقیکرنەوە لە دوو لە پۆلەکان ئەنجامدەدرێت.

- کامە گوڵم جوانە؟
دیا(گوڵ)ە　(تە)
(دیار)
- گوڵم کامە جوانە؟
(با)　(دیار)
دیا(جوان)ە

کامە لەم گوڵانە جوانە؟
خۆشەویستەکەم کام لەمانە جوانە؟

## ٥ ـ دروستبوونی ڕستەی لێڵی :

کاریگەرییەکی تری شوێنگۆڕینی وشە بریتییە لە دروستکردنی ڕستەی لێڵی، ئەم کاریگەرییەش بە هۆی شوێنگۆڕینی وشە لێڵەکان دێتە ئاراوە.

وەك: ـ ئەوان سێیان هەر شەو هاتن.
- هەر شەو ئەوان سێیان هاتن.

هەموو شەوێ سێ لە ئەوان هاتن.
تەنیا شەوێك سێ لە ئەوان هاتن.

ـ دوو برا هەر یەك سێویان خوارد.

ـ هەر دوو برا یەك سێویان خوارد. ـ
- تەنیا دووبرایەکە سێوێکیان خوارد، ئەوانی دیکە نەیانخوار.
- بە دوو برا تەنیا یەك سێویان خوارد.
- دوو برا یەك جۆرە سێویان خوارد.

ـ یەك قوتابی ڕیزبوو.

ـ قوتابی یەك ڕیزبوو. ـ
- تەنیا قوتابییەك ڕیزبوو.
- قوتابیی پۆلی یەکەم ڕیزبوون.

## ٦ـ شێواندن و تێکدانی واتای ڕستە:

هەندێك ڕستە بە گۆڕینی شوێنی وشەیەك یان چەند وشەیەك، ڕستەکە لە ڕووی واتاوە تێکدەچێت و دەشێوێت بە شێوەیەك، کە ئەم کۆمەڵە وشەیە بە ڕستە نەژمێردرێت، بەم هۆیەشەوە خوێنەر یان گوێگر لێی تێناگات.

وەك: ـ کارەکەیان بە هێواشی کرد. ←ی هێواش ەکە یان کار بە کرد. *

ـ ساڵانە هەزاران گەشتیار دەچنە دەرەوە. ← دەرەوە گەشتیار هەزاران دەچن ساڵانە ە. *

ـ قوتابییەکە لە تاقیکردنەوەکە دەرچوو. ← لە ەکە دەرچوو ەکە قوتابیی تاقیکردنەوە. *

لەم بارەیەوە نموونەمان زۆرە و بێ سنورە، بەڵام بە هۆی ڕوونی ئەم هۆکارەوە بە پێویستی نازانین زیاتر لە ڕستەکان وەربگرین.

## ٣ ـ ٢. هۆکارە ڕستەسازییەکان بۆ گۆڕینی پۆلە وشە:

هۆکارێکە بۆ گۆڕینی پۆلی ئەو وشانەی، کە لە ناو ڕستەدا پۆلی خۆیان گۆڕیوە، نەك لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا. واتە: تەنیا لە ناو ڕستەدا و بە هۆکاری ڕستەسازی بوونەتە خاوەنی پۆلە نوێیەکە، بەبێ ئەوەی گۆڕانکاریی وشەسازی بە سەر وشەکەدا هاتبێت و(فۆڕم)ی وشەکە گۆڕابێت، ئەم هۆکارە لە زۆر ڕوویەوە سوود بەخشەو بۆ پڕکرنەوەی زۆر بۆشایی بەکاردێت. بۆ نموونە، هەندێك لە پۆلەکان ئەندامییان کەمەو ئەندامەکانیان لە پەنجەکانی دەست تێپەڕناکات و تەنانەت ئەوانەی کە بە ڕەسەنیش هەن گومان لە دروستبوونیان دەکرێت، لەوانە: (ئاوەڵکارەکان)، بۆیە لێرەدا هۆکاری وشەسازی و ڕستەسازی تاڕادەیەکی زۆر فەرهەنگی زمانی کوردی تەواو دەکەن. واتە مەرج نییە فەرهەنگی بنەڕەتی زمانی کوردی، هەموو دیاردەکانی زمان بە دەستەوە بدات و فۆڕمی تەواوی بۆ هەموو چەمك و پۆلەکانی زمانی هەبێت (عبدولجەبار مستەفا مەعروف: ٢٠١٢: ٢٦٣).

ڕستەسازی هۆکارێکە، بۆ یەکلاکردنەوەی پۆلی ئەو وشانەی، کە سەر بە زیاتر لە پۆلێکن. واتە: هەندێك وشە لە زماندا بەرچاو دەکەون، کە پۆلەکانیان دیارنییە بە شێوەی ڕەها سەر بەکام پۆلە وشەیە. لێرەدا ڕستەسازی گرینگی خۆی دەردەخات، بۆ چارەسەری ئەم گرفتە. لە لایەکی ترەوە گواستنەوەی پۆلی داخراو بۆ پۆلی کراوەو بە پێچەوانەوە هۆکاری سەرەکیی ئەم

گۆڕینانەن لە پۆلەکانی زماندا، ئەمەش وادەکات بۆ ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە پەنابەینە بەر هۆکاری وشەسازی و ڕستەسازی بۆ گۆڕینی پۆلەوشەکان، بەڵام جاری وا هەیە ئەم پرۆسەیە بە تەنیا بە لایەنێك ئەنجامنادرێت.

ئەوەی مەبەستمانە هۆکاری ڕستەسازییە بۆ گۆڕینی پۆلەکان. واتە: باسکردنی ئەو گۆڕینانەی، کە تەنیا بە ڕستەسازی ئەنجامدەدرێت. لەم بارەوە ڕستەسازی خۆی بەکاری گۆڕینی پۆلێك یان چەند پۆلێکەوە خەریکدەکات. شوێنی وشە لە ناو ڕستەدا وەك هۆکارێکی سەرەکی ئەم ئەرکە دەبینێت، بەڵام وەکو پێشتر ئاماژەمان پێکرد مەرج نییە هەموو پۆلێك بەم هۆکارە بگۆڕێن، چونکە پۆل هەیە تا بە گۆڕانکاری وشەسازی نەگۆڕێت، ناتوانرێت بە هۆی شوێنەوە بگۆڕدرێت، وەك بەشێك لە (ناو و ئاوەڵناو و ژمارە) لە زمانی کوردیدا هەیە، تا بە فلتەری گۆڕانکاری وشەسازیدا تێپەڕنەبن و نەگۆڕێن، ناتوانن بە یارمەتی شوێنی ڕستەسازی خۆیان بگۆڕن بۆ پۆلی تر، بۆ نموونە (سەر، ژێر، دوو... هتد) یەکێکن لەو وشانەی تەنیا بە یارمەتی شوێنی وشە ناتوانن خۆیان بگۆڕن.

وەك: ـ منداڵەکە ژێر دەڕوات. *

ـ منداڵەکە ژێرانە دەڕوات.

هەندێك لە پۆلەکان دەوڵەمەندن و پێویستییان بە وەرگرتنی پۆلی تر نییە، لە چوارچێوەی ڕستەسازیدا، ئەگەر ئەندامی پۆلی تریش وەربگرێت زۆر بەکەمی وەردەگرێت، لەوانە: (ناو، ژمارە، کار)، بەڵام پۆل بەخشن بە تایبەتی (ناو، ژمارە).

هۆکارەکانی ڕستەسازی بۆ گۆڕینی پۆلی وشە، ئەم هۆکارانە خۆیان لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەبیننەوە.

### ٣ ـ ٢ ـ ١. زیادکردنی ئەندامانی پۆلێك لە پۆلەکان:

بە یارمەتیی شوێنی ڕستەسازیی پۆلەکان، لێرەدا تەنیا (شوێن) ئەرکی سەرەکی دەبینێت لەم گۆڕینەدا.

**أ ـ ئاوەڵکار:** ئاوەڵکارەکان لە پۆلەکانی تر ئەندام بۆ پۆلەکانیان زیاددەکەن، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئاوەڵکاری ڕەسەن زۆر کەمە لە زمانی کوردیدا (هیدایەت عەبدوڵڵا موحەمەد: ٢٠٠٢: ١٤١). تەنانەت هەندێك لە زمانەوانەکان بڕوایان وایە، کە ئاوەڵکاری ڕەسەن لە کوردیدا نییە. ئەوەی لێرەدا بە نموونەی ڕستە دەخەینە پێش چاو، هۆکاری شوێنە بۆ دەوڵەمەندکردنی پۆلی ئاوەڵکار.

#### ١. گۆڕینی ناو بۆ ئاوەڵکار:

وەك: ـ شەو ئازاد دەڕوات. ـ پار زۆر بەفر باری.

(ئاو) (ئاو)

#### ٢. گۆڕینی ئاوەڵناو بۆ ئاوەڵکار:

وەك: ـ بایەکە توند هەڵیکرد. ـ قوتابییەکە باش دەخوێنێت. ـ کرێکارەکە زوو هات.

(ئاو) (ئاو) (ئاو)

#### ٣. گۆڕینی ژمارەی نادیار بۆ ئاوەڵکار:

وەك: ـ باران گەلێك باری. ـ وانەکەم هەندێك باش خوێندووە.

(ئاو)                    (ئاو)

**ب ـ ئاوەڵناو:** بیری ئاوەڵناو بە گشتی لە هەموو زمانێکدا سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەم حەوت ناوچە بیرانە (ڕەنگ، بارستایی و قەبارە و پێوانەیی، تایبەتی فیزیکی شت، تایبەتی کەسیی، خێرایی، تەمەن، بەها)(سەرچاوەی پێشوو: ١٠٤). ئەوەی بۆ ئاوەڵناوی زمانی کوردی هەستی پێدەکرێت، ئاوەڵناوی زمانی کوردی لە چەند ناوچەیەکی کەمی ئەم بیرانە تێپەڕناکات، بەڵام ئاوەڵناوەکانی زمانی کوردی تەنیا لەگەڵ سێ لەو ناوچانە ئاشنایەتییان هەیە. واتە: ئاوەڵناوەکانی زمانی کوردی زۆربەی ناوچەی ئاوەڵناوی بۆ بەشەکانی تر چۆڵکردووە، لەوانە: (ناوچە تایبەتییە هۆشەکییە مرۆڤییەکان و بەها و خێرایی و تەمەن)ە (محەمەد مەعروف فەتاح: ٢٠١٠: ٣١٩)، ئەمە هۆکارێکە بۆ ئەوەی ئاوەڵناوی زمانی کوردی ئەندامەکانی لە پۆلەکانی تر وەربگرێت، بە تایبەتی بۆ ئەو ناوچە بەتاڵانە. ئەم گۆڕینە بە یارمەتی شوێنی پۆل لە ڕستەدا ئەنجامدەدرێت.

وەك: ــ ئازاد منداڵە.          ــ ئافرەتەکە کچە.

(ن) ⟵ (ئا)          (ن) ⟵ (ئا)

**ج ـ نــــاو:** یەکێکە لەو پۆلەوشانەی، کە زۆر چالاکە لە خۆگۆڕین و بەخشینی خۆی بۆ پۆلەکانی تر، بەڵام زۆر کەم پۆلەکانی تر لە ڕووی ڕستەسازییەوە وەردەگرێت. واتە: ناو لە ڕووی وشەسازییەوە زۆرچالاکانە پۆلگۆڕ و پۆلوەرگرە، چەند حالەتێکی کەم لە ڕووی ڕستەسازییەوە هەیە، کە ناو بە جۆرێك ئەندامی پۆلەکانی تر وەردەگرێت، وەك ئەو ناوانەی کە بە هۆی هەستەوە ناونراون، وەك: (سەرکەوت، شیرین، جوان... هتد) و خۆیان بۆ ناو دەگۆڕن بە یارمەتی شوێنیان لە ڕستەدا.

### ١. گۆڕینی ئاوەڵناو بۆ ناو:

وەك: ــ شیرین خوێندکارە.  ــ خوێنی گەنجان بەفیرۆ دەڕوات.  ــ جوان لە ناسك گەورەترە.

(ن)          (ن)          (ن)  (ن)

### ٢. گۆڕینی کار بۆ ناو:

وەك: ــ سەرکەوت قوتابی ئێرەبوو.        ــ پێشکەوت ئێستا بۆ بازار دەڕوات.

(ن)          (ن)

### ٣. گۆڕینی ژمارە بۆ ناو:

وەك: ــ دووەکەم لەماڵ بەجێهێشتن.

(ن)

### ٤. گۆڕینی ئاوەڵکار بۆ ناو:

وەك: ــ هەردەم ئەمڕۆ نەچوو بۆ تاقیکردنەوە.

(ن)

هەرچی دەربارەی وەرگرتنی پۆلەکانی ترە لە لایەن ژمارە و کارەوە، چەند هۆکارێکی تر هەیە، کە وا دەکات ئەمانە پۆل لە پۆلەوشەکانی تر وەربگرن، لەوانە: (هۆکاری وشەسازی)، واتە: ئەم دووانە لە ڕووی ڕستەسازییەوە پۆل وەرناگرن.

### ٣ ـ ٢ ـ ٢. دیارکردنی پۆلی وشەی فرەپۆل:

زمانی کوردی یەکێکە لەو زمانانەی  کە دەوڵەمەندە  لە هەبوونی ئەو وشانەی، کە زیاتر لە پۆلێك دەبەخشن، بۆیە ئەگەر ئەم وشانە، نەخەنەینە چوارچێوەی ڕستەوە پۆلەکەی یەکلانابێتەوە و نازانین وشەکە سەر بەکام پۆلە. واتە: هۆکاری ڕستەسازی دیارکەری پۆلی وشە فرەپۆلەکانە، وەك: (پیاو،  منداڵ، کەر، سوچ، ئازار، مۆر، تاڵ، فریشتە، چوارگۆشە، دووربین، دەمڕاست، هەزارپێ، ژن، ڕەوان، بار، بەر، کچ، تێر... هتد).

وەك:

- ئازار
  - (ن) ئازار مانگێکی خۆشە.
  - (ئاوە) ئەوان  ئازار دەڕۆن.
- پیاو
  - (ئا) بەڕاستی ئازاد پیاوە.
  - (ن) پیاوەکە ڕۆیشت.
- ئاخ
  - (ئام) ئاخ! لەدەست ئەم کوڕە.
  - (ن) هاوینان ئاخ گەرم دەبێت.
- مۆر
  - (ن) مۆری مۆختار شکاوە.
  - (ئا) کراسێکی مۆرم کڕی.
- سوچ
  - (ن) سوچی ئەوان لە ملی تۆیە.
  - (ئاو) نانەکە لە سوچێك دابنێ.
- تێر
  - (ئاو) تێرسەیری تەلەفزیۆنم کرد.
  - (ئا) کەسی تێر بەهێزە.
- سفر
  - (ژ) سفر ژمارەیەکی بنجی یە.
  - (ن) سفر لە ئاسن باشترە.
- تاڵ
  - (ن) ئازارد تاڵە قژەکانی سپی ببوو.
  - (ئا) تامی خەیارەکە تاڵە.
- ڕەوان
  - (ن کا) ڕەوانی[1] دەردێکی ناخۆشە.
  - (ئا) نووسینەکە زۆر ڕەوانە.
- دەمڕاست
  - (ن) دەمڕاستەکەیان لێرە بوو.
  - (ئا) مرۆڤی دەمڕاست[2] خۆشەویستە.
- فریشتە
  - (ن) فریشتە ئاگای لە ئێمەیە.
  - (ئا) کچەکە وەك فریشتەیە.
- چوارگۆشە
  - (ن) چوارگۆشە، چوارلایە.
  - (ئا) زەوییە چوارگۆشەکەم کڕی.
- (ن) کەرەکە زۆر بەهێزە.
- (ن) دووربینەکەم شکاوە.

١. ئەم وشەیە ئەگەر پۆلەکەی بۆیە (ناوی کار) بە واتای (سکچوون) دێت، بەڵام ئەگەر پۆلەکەی (ئاوەڵناو) بێت، بە واتای (ڕوونی و بێ گرێ لە خوێندندا) دێت.

٢. ئەم وشەیە ئەگەر پۆلەکەی بوو بە (ناو) بە واتای (نوێنەر) دێت .

- کەر　　　　　　　　　　- دووربین

(ئا) منداڵەکە کەرە.　　　　　(ئا) چاوی تۆ دووربینە.

- بەر
  - (ن) بەری ئەم دارە تا زستان دەمێنێت.
  - (ئاو) بەری ڕوناکییەکە گیراوە.

**٣ - ٢ - ٣. گۆڕینی پۆلی داخراو بۆ پۆلی کراوە و بە پێچەوانەوە:**

هەندێك لە وشەکان سەر بە پۆلی داخراون، بەیارمەتی ڕستە پۆلی خۆیان دەگۆڕن بۆ پۆلی کراوە و بە پێچەوانەوە، بەڵام بە زۆری پۆلی داخراو دەگۆڕیت بۆ پۆلی کراوە بە هۆکاری ڕستەسازی، بە تایبەتی ئامرازەکان، کە وشەی فرە ئەرکن، بە هۆکاری ڕستەسازی خۆیان دەگۆڕن، وەك:

**٣ - ٢ - ٣- ١. گۆڕینی ئامرازی پرس:**

**١. گۆڕینی ئامرازی پرس بۆ ئاوەڵکار:**

- کەی بەفر باری؟
- کابرا کەی دەگات؟
- نیشان بۆکوێ دەڕوات؟

**٢. گۆڕینی ئامرازی پرس بۆ ئاوەڵناو:**

- چ گوڵێك بۆنی خۆشە؟
- کام ڕەنگ لە لات پەسەندە؟
- چەند پێنووست کڕی؟

**٣ - ٢ - ٣ - ٢. گۆڕینی ئامرازی نیشانە:**

ئەم ئامرازە کە فۆڕمەکانی بریتییە لە: (ئەم - ئەمانە، ئەو - ئەوانە) بە هۆی ڕستەوە خۆی دەگۆڕێت بۆ پۆلی کراوە و دەبێتە جێناوی نیشانە.

لەم گۆڕینەدا ئامرازەکان شێوەیان ناگۆڕێت و ئەرکی ئەو ناوە دەگێڕن، کە لە ڕستەدا شوێنی دەگرنەوە.

وەك: - ئەمە جوانە.

- ئەمانە کارەکەیان کرد.
- پارەکە بۆ ئەوانە بوو.

**٣ - ٢ - ٣- ٣. گۆڕینی هەندێك لە ئامرازەکان بۆ ناو:**

هەندێك لە ئامرازەکان خۆیان بۆ ناو دەگۆڕن، ئەمەیان بۆ هۆکاری ناونان و هەستیش دەگەڕێتەوە کە پێشتر باسمانکردن.

وەك: - خۆزگە لە زانکۆ بوو.

- بریا لە وانەکە دەرنەچوو.
- تەنیا دەبێت بە ئەندازیار.

**٣ ـ ٢ ـ ٣ـ ٤. گۆڕینی ژمارە ( یەك ) بۆ مۆڕفیمی نەناسیاوی ( ێك ):**

وەك: ـ مامۆستایەك هات.

**٣ ـ ٢ ـ ٣ـ ٥. گۆڕینی ژمارە ( یەك ) بۆ مۆڕفیمی نەرێی ( هیچ ):**

وەك: ـ یەك قوتابی نەهاتبوو.

**٣ ـ ٢ ـ ٤. گۆڕینی پۆلە وشەی دیارخەر بۆ پۆلە وشەی دیارخراو:**

ئەمەیان هۆکارێکی تری ڕستەسازییە و تایبەتە بە ڕستەی دەقی، یان ئەو ڕستانەی کە خوێنەر یان گوێگر زانیاریی هەیە لە سەر ناوی دیارخراو، بۆیە پێویست بە دووبارە بەکارهێنانەوەی ناکات، وشەی دیارخەرەکە شوێنی ناوەکە دەگرێتەوەو پۆلەکەی دەگۆڕێت بۆ ناوەکەو هەموو ئەرکەکانی ناویش دەگێڕێتەوە. ئەمەشیان بە زۆری لە دیارخەری ژمارە و ئاوەڵناویدا ڕوودەدات.

وەك:

**٣ ـ ٢ ـ ٤ ـ ١. گۆڕینی ئاوەڵناو بۆ ناو:**

وەك: ـ سکی تێر ئاگای لە سکی برسی نییە. ←—— تێر ئاگای لە برسی نییە.

(ئا) (ئا) (ن) (ن)

ـ ژنە پیرەکان ڕۆیشتن. ←—— پیرەکان ڕۆیشتن.

(ئا) (ن)

**٣ ـ ٢ ـ ٤ ـ ٢. گۆڕینی ژمارە بۆ ناو:**

وەك: ـ دوودەفتەرەکەم لە ماڵ دانابوو. ←—— دووەکەم لەماڵ دانابوو.

(ژ) (ن)

ـ یەك کەسم لە وێ دیت. ←—— یەکم لە وێ دیت.

(ژ) (ن)

**٣ ـ ٢ ـ ٥. جیاکردنەوەی فۆڕمی دوولایەن لە نێوان ئاوەڵناو و ئاوەڵکاردا:**

هەندێك لە ناوەکان بە هۆکاری وشەسازی گۆڕاون بۆ ئاوەڵناو و ئاوەڵکار، وەك: (ژنانە= ژنانی، پیاوانە= پیاوانی، شێرانە، ژیرانە... هتد)، پاش ئەوەی ناوەکە بە هۆکاری وشەسازی خۆی دە گۆڕێت بۆ ئاوەڵناو یان ئاوەڵکار، تەنیا خۆی بۆ یەك فۆڕمی هاوبەش دەگۆڕێت، لە نێوان ئاوەڵناو و ئاوەڵکار. لێرەدا ڕستەسازی هۆکارە بۆ جیاکردنەوەی ئەم فۆڕمە هاوبەشە.

وەك: ـ کارەکەیان پیاوانە کرد. ـ کاری پیاوانەم دەوێت.

(ئاو) ←——→ (ئا)

ـ قوتابی ژیرانە ئەم کارە ناکات ـ قوتابییەکە ژیرانە وەڵامی دایەوە.

(ئا) ←——→ (ئا)

## ٣ـ٣. ڕێژەی پۆلگۆڕینەکانی وشـە:

بە پێی ئەو داتا و زانیارییانەی کە لە بەردەستمانن و بە پێی ئەو ڕستانەی کە وەرمانگرتوون بە شێوەیەکی پڕاکتیکی ڕێژەی پۆلگۆڕینەکان لەو ڕستانەدا بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

| ڕێژەی پۆلگۆڕینەکان بە پێی ئەو ڕستانەی کە بە شێوەی پڕاکتیکی لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتوون | | | |
|---|---|---|---|
| ژ | پۆلە گۆڕاوەکان | ژمارەی پۆلی گۆڕاو | ڕێژەیی سەدی گۆڕینی پۆل لە ڕستەدا |
| ١ | ئاوەڵـــناو | ٥٣ | ٪ ٣٢.٩١٩ |
| ـ | گۆڕینی ئاوەڵناو بۆ ناو | ٣١ | |
| ـ | گۆڕینی ئاوەڵناو بۆ ئاوەڵکار | ٢٢ | |
| ٢ | نـــــاو | ٤٩ | ٪ ٣٠.٤٣٧ |
| ـ | گۆڕینی ناو بۆ ئاوەڵناو | ١٢ | |
| ـ | گۆڕینی ناو بۆ ئاوەڵکار | ٣٧ | |
| ٣ | ژمـــــارە | ٤٣ | ٪ ٢٦.٧٠٨ |
| ـ | گۆڕینی ژمارە بۆ ناو | ٢١ | |
| ـ | گۆڕینی ژمارە بۆ ئاوەڵناو | ٦ | |
| ـ | گۆڕینی ژمارە بۆ ئاوەڵکار | ١٦ | |
| ٤ | کـــــار | ١١ | ٪ ٦.٨٣٢ |
| ـ | گۆڕینی کار بۆ ناو | ٧ | |
| ـ | گۆڕینی کار بۆ ئاوەڵناو | ٢ | |
| ـ | گۆڕینی کار بۆ ئاوەڵکار | ٢ | |
| ٥ | ئاوەڵـــکار | ٥ | ٪ ٣.١٠٥ |
| ـ | گۆڕینی ئاوەڵکار بۆ ناو | ٣ | |
| ـ | گۆڕینی ئاوەڵکاربۆ ئاوەڵناو | ٢ | |

**خشتەی ژمارە (١)**

### ٣ ـ ٤. هۆکارەکانی ڕێژەی بەرز و نزمی پۆلگۆڕینەکان:

به پێی ئەو ڕستانەی وەرمانگرتوون له ئەنجامدا گەیشتینه ئەو ڕاستییەی که ئاوەڵناو له لایەنی ڕستەسازی زۆرتر له پۆله وشەکانی تر خۆی دەگۆڕێت و بەخشندەترین پۆله وشەی زمانه، هەروەها ئاوەڵکار کەمترین خۆ بەخشی هەیه، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ:

١ـ هەبوونی سیفات له ناو ئاوەڵناو و ئاوەڵکار به شێوەیەکی هاوبەش و دەوڵەمەندیی پۆلەوشەی ئاوەڵناو له ڕووی ژمارەی فۆڕمەکانییەوەو هەژاری ئاوەڵکار له ڕووی ژمارەی فۆڕمەکانییەوە، ئەمه وایکردووه، که ئاوەڵناو بۆشایی پۆلەوشەی ئاوەڵکار تاڕادەیەك پڕبکاتەوە، به تایبەتی ئاوەڵکاری چۆنییەتی، چونکه سیفات هاوبەشه له نێوان ئەم دوو پۆلەفۆڕمە.

٢ـ ناو به پله دوو دێت له خۆگۆڕین و خۆبەخشین به تایبەتی خۆگۆڕینی ناو بۆ ئاوەڵکار، دیسان ئەمەشیان بۆ هەژاری پۆلەفۆڕمی ئاوەڵکار دەگەڕێتەوە. ڕەنگه لێرەدا پرسیارێك سەرهەڵبدات ئەویش ئەوەیه: ئایا ناویش بەهەمان شێوەی ئاوەڵناو، سیفات و چۆنیەتی تێدایه تا بتوانێت خۆی بگۆڕێت؟ لەوەڵامدا ئەگەر بڕوانینه پۆلەفۆڕمی ناو دەبینین هەبوونی چەند سیمایەك له ناودا وایکردووه به ئاسانی خۆ بەخشبێت و یارمەتی پڕکردنەوەی چەندین بۆشایی پۆلەفۆڕمی دیکه بدات، دیارترین ئەو سیمایانه هەبوونی(کات، شوێن، چۆنیەتی...هتد)، له هەندێك له ناوەکان، وایکردووه تاڕادەیەکی زۆر ئاوەڵکاری کاتی و شوێنی پڕبکاتەوە.

٣ـ پۆلەوشەی کار، یەکێکه لەو پۆلەوشانەی که زۆرترین خۆگۆڕین و خۆبەخشینی دەکەوێته ئاستی وشەسازی، چونکه کارەکان به بێ دەستکاری کردن زۆر به کەمی دەتوانن خۆیان بگۆڕن و پۆل وەربگرن. ئەمەیان بۆ سیما و دەوڵەمەندی ئەم پۆلەوشەیه دەگەڕێتەوە له زمانی کوردیدا، که به پێویست نازانێت له لایەنی ڕستەسازیەوە پۆلی تر وەربگرێت یان خۆی بگۆڕێت .

٤ ـ پۆلەوشەی ژماره به هەمان شێوەی کار یەکێکه لەو پۆله وشانەی، که له لایەنی ڕستەساز یەوە، تاڕادەیەك خۆبەخشه، بەڵام پۆلوەرگر نییه، ئەمه بێجگه له لایەنی ڕستەسازی، له لایەنی وشەسازیشەوە ئەم پۆلەوشەیه تەنیا خۆبەخشه، پۆلوەرگر نییه. ئەمەیان بۆ هەبوونی چەندایەتی له پۆلی ژمارەدا دەگەڕێتەوە، که پۆلەکانی تر نەتوانن خۆیان بۆ ژماره بگۆڕن، بەڵام ژماره توانیویەتی زۆرترین بۆشایی ئاوەڵکاری چەندی پڕبکاتەوە، چونکه ئەم فۆڕمه بەشێوەی ڕەسەن له زمانی کوردیدا نییه.

## ئەنجامی توێژینەوەکە:

لەکۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە.

١ ـ لە زمانی کوردیدا نیشانە وشەسازییەکان بە شێوەیەکی ڕەها تایبەت نین بە پۆلێك لە پۆلەوشەکان و باشترین پێوەر بۆ ناسینەوەیان پێوەری ڕستەسازییە. ئەمەش بە هۆی ئەرکەوەیە نەك فۆڕم. هەروەها لە زمانی کوردیدا پۆلگۆڕین هەیە لە نێوان ئەندامەکانی پۆلی کراوە، بە هۆی فۆنۆلۆژی و وشەسازی و ڕستەسازییەوە.

٢ ـ زۆربەی زمانەوانەکان دان بەوەدا دەنێن، کە پۆلی کراوە و پۆلی داخراو ئاوی سەرچاوەی یەك کانینەو هیچ سنورێکی ڕەها لە نێوان ئەم دوو کۆمەڵەیەدا نییەو سنورەکان هەموویان دەستکردن. ئەمە سەرەڕای هەبوونی یەکێك لە دیارترین خاڵە جیاوازەکانی نێوان ئەم دوو کۆمەڵەیە ئەویش ئەوەیە کە پۆلە کراوەکان بریتین لە وشەکانی زمان و وشەی ناو فەرهەنگن و هەمیشە لە گۆڕاندان، بەڵام پۆلە داخراوەکان ژمارەیان دیارکراوە و ناچنە ناو فەرهەنگ و ناگۆڕێن و زیادنابن.

٣ ـ ناو ئازادترین پۆلی زمانە لە وەرگرتنی پۆلی تر بۆ بەشی خۆی. بە واتایەکی تر وشە سەر بە هەر پۆلێکی تر بێت، کەسی ناولێنەر ئازادە و بە پێی ئارەزووی خۆی دەتوانێت بیکات بە ناو، بەڵگەمان بۆ ئەمە، هەبوونی چەندین ناوی ناوازەیە لە کەس و شوێن و ڕووداودا.

٤ ـ منداڵ بۆ یەکەم جار و سەرەتای فێربوونی زمان، بۆ ماوەیەکی زۆر تەنیا لە توانایدایە چەند دانەیەکی پۆلی کراوە بدرکێنێت. ئەمەش بۆ ناونان دەگەڕێتەوەو لێرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە هەموو پۆلەکانی تر بەشێك لە ناونانیان تێدایە.

٥ ـ ئاوەڵکار تاکە پۆلەوشەی زمانە، کە هیچ نیشانەیەکی وشەسازی تایبەت بە خۆی نییە. گۆڕینی پۆلەوشەکان بۆ بەشی ئاوەڵکار لە ڕستەدا تەنیا لە ڕووی ئەرکەوەیە کە خۆیان دەگۆڕن نەك لە ڕووی فۆڕمەوە. واتە: کاتێك ئاوەڵناو و ناو و ژمارە لە ڕستەدا دەبنە ئاوەڵکار، گۆڕینەکە تەنیا لە ڕووی ئەرکەوەیە و لە ناو ڕستەدایە.

٦ ـ پۆلەوشەکان لە ڕستەدا خاوەن شوێنن، بەڵام لە ڕووی شوێنگۆڕینەوە هەموو پۆلە وشەکانی تر لە پۆلی کار ئازادترن. هەروەها کارەکان لە زماندا دوولایەنن. واتە: کار زاراوەیەکی دوولایەنە لە نێوان (ئەرك و پۆل)دا و کار تەنیا پۆلێکە، کە لە هەمانکاتدا ئەرك بێت.

٧ ـ هیچ سنورێك نابینین لە نێوان وشەکانی پۆلی کراوە و گرێیەسادەکانیان. واتە: هەر وشەیەکی کراوە بە شێوەیەکی خۆکارانە بریتییە لە گرێیەکی سادە لە پۆلەوشەی خۆی، بەڵام ژمارە تاکە پۆلەوشەی کراوەی زمانە، کە گرێی تایبەت بە خۆی نییە.

٨ ـ پۆلەوشەکانی زمان خاوەنی دوو ئەرکن، ئەرکی لاوەکی (دیارخەر، دیارخراو) و ئەرکی سەرەکی (بکەر، بەرکار، تەواوکەر، کار... هتد)، تا ئەرکی لاوەکی یان دیارنەکەین، ناتوانین ئەرکە سەرەکییەکانی دیاربکەین.

٩ ـ زۆربەی زمانەوانان دان بە هەبوونی هەندێك ئەرکەکان دادەنێن، کە تەنیا لە ڕووی پڕکرنەوەی چاڵ و لە ڕووی شوێنەوە ئەرکیان بە دەستهێناوە، وەك: (ئەرکی جێگری بکەر، ئەرکی بکەری ڕێزمانی).

**١٠ ـ جێناوەکان لە زمانی کوردیدا سەر بە کۆمەڵەی وشەی تەواو و وشەی ناتەواون، بە شێوەیەک جێناوە لکاوەکان پۆلە وشەی داخراون و جێناوە سەربەخۆیەکان پۆلە وشەی کراوەن.**

**١١ ـ ڕادە بەشێکی سەربەخۆی پۆلەوشەکانی زمان پێکنایەنێت، بەڵگەمان ئەوەیە، کە ڕادە یان ئاوەڵکارییە یان ئاوەڵناوییە، بەشێکی سەربەخۆ نییە، ڕادە پۆلی خۆی تەنیا لە ژمارەی نادیارەوە وەردەگرێت.**

**١٢ ـ لە بەرچاوگرتنی ئەو دەوروبەری کە قسەکەی تێدا دەکرێت، یان بەکارهێنانی گرێی زانیاری بۆ قسەی مەبەست، پلاک گۆڕینە لە گشتییەوە بۆ تایبەتی، هەمیشە قسەکەر تایبەتترین پەیام ئاڕاستەی گوێگر دەکات، بۆ ئەوەی گوێگر کارێک ئەنجامبدات.**

## سەرچـــــاوەکان:

### أ ـ زمانی کوردی:


١ـ ئەورەحمانی حاجی مارف(١٩٧٩)، وشەسازی، بەرگی یەکەم ،بەشی یەکەم ناو، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

٢ـ.............(١٩٩٠)، ئاوەڵکردار لە ڕووی واتاوە، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە(١٢٥)، دەزگای ڕۆشنبیری و بلا وکردنەوەی کوردی، بەغدا.

٣ـ..............(١٩٨٩)، ژمارە وەك بەشێکی سەربەخۆی ئاخاوتن و جۆرەکانی ژمارە لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە(١٢٤)، دەزگای ڕۆشنبیری و بلا وکردنەوەی کوردی، بەغدا.

٤ـ ئارام قادر خەلەکانی(٢٠١٠)، شرۆڤەی لۆژیکیی بۆ زمان(ڤیتگنشتاین)، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بلاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی، دهۆك.

٥ـ ئاواز حەمە صدیق بەگیخانی(١٩٩٦)، ڕیزبوونی کەرستە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.

٦ـ بەکر عومەر عەلی (٢٠١٤)، چەند لایەنێکی زمانەوانی، پێشەکی نووسین و ڕێکخستنی د.نەریمان عەبدوللا، چاپی یەکەم، لە بلاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر ژمارە(١٧٨)، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

٧ـ بابا رسول نوری رسول (٢٠١٢)، پێکهاتەی ژمارە لە زمانی کوردیدا ،بلاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە(١٣٧)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٨ ـ بازیان یونس محی الدین(٢٠٠٥)، پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی و ڕستەسازی ، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین.

٩ـ خەسرۆ ئەحمەد خۆشناو (٢٠٠٨)، بەرکار لە زمانی کوردیدا بە پێی ڕێبازی فۆرمی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.

١٠ـ رەفیق شوانی (٢٠١١)، وشەسازی زمانی کوردی، چاپی یەکەم ، بلاوکراوەی دەزگای موکریانی، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

١١ـ ڕۆژان نوری عەبدوللا(٢٠١٣)، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، چاپی دووەم، خانەی چاپ و بلاوکردنەوەی چوارچرا، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

١٢ـ ڕێژنە ئیسماعیل(٢٠٠٩)، ناونان و هەست، گۆڤاری زمانناسی، ژمارە(٢)، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

١٣ـ زەریٚ ع. یۆپوسۆڤا(٢٠٠٥)، شێوەی سلێمانی زمانی کوردی، وەرگێرانی د.کورستان موکریانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
١٤ـ ساجیده عبدوللا فەرهادی(٢٠١٣ أ)، هەندێ لایەنی ڕستەسازی زمانی کوردی ،بلاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی ژمارە(١٩٣). چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
١٥ـ...................(٢٠١٣ ب) ،چەند توێژینەوەیەکی زمانەوانی بلاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی ژمارە(٢٢٢)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
١٦ـ ساکار کمال واحد(٢٠١٣)، کاریگەریی دەنگ لە سەر گۆڕانی واتا لە زمانی کوردیدا توێژینەوەیەکی پڕاگماتیکییە، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین.
١٧ـ شلێر رەسولْ بەرزنجی(١٩٨٩)، ئاوەڵگوزارە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.
١٨ـ شنە جبار فتاح(٢٠٠٦)، ئاوەڵناو وەکو کەرەسەی فەرهەنگی و ڕستەسازی ی لە شێوەزاری هەورامیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
١٩ـ شوکور گەلاڵی(٢٠١٠ أ)، واتای وشە _ بەشی دووەم، گۆڤاری زمانناسی، ژمارە(١٠)، ڕێکخراوی زمانناسی بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی دەریدەکات، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.
٢٠ـ...............(٢٠١٠ ب)، واتای وشە _ بەشی یەکەم، گۆڤاری زمانناسی ژمارە(٩)، ڕێکخراوی زمانناسی بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی دەریدەکات، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.
٢١ـ شیلان عومەر حوسەین(٢٠١١)، پەیوەندی ڕستەسازی و واتاساز لە ڕێزمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
٢٢ـ شێرزاد سەبری عەلی(٢٠١١)، واتا دنافبەرا واتاساز و پڕاگماتیکێدا، چاپا ئێکێ، چاپخانەیا خانی، دهۆك.
٢٣ـ شێرکۆ بابان(٢٠٠٩)، وشە ڕۆنان لە زمانی نووسیندا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس ،هەولێر.
٢٤ـ............(٢٠١٤)، بەرەو ڕێزمانی ئاوەڵناو، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.
٢٥ـ صادق بهاء الدين ئامێدی(١٩٨٧)، ڕێزمانا کوردی کرمانجی یا ژۆری و ژێری یا هەڤبەرکری، چاپا یەکێ، طبع في مطابع دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد.

٢٦ـ طالب حسين عەلی(١٩٩٨)، هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان ڕستە و واتا لە کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین.
٢٧ـ..................(٢٠١١)، واتاسازی چەند بابەتێکی لێکدانەوەی واتای وشە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.
٢٨ـ عەبدولجەبار مستەفا مەعروف(٢٠١٢)، ئاوەڵکردار لە فەرهەنگ و ڕستەسازی ی زمانی کوردییدا، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە(٢٤)، زانکۆی کۆیە دەریدەکات.
٢٩ـ عەبدولسەلام نەجمەددین عەبدوللاّ و شێرزاد سەبری عەلی(٢٠١١)، زمانڤانییا تیۆری، چاپێ ئێکێ، چاپخانەی حەجی هاشم، هەولێر.
٣٠ـ عەبدوللاّ حوسێن ڕەسول(١٩٩٥)، مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی کار، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی پەروەردە – ئیبن ڕوشد–ی زانکۆی بەغدا.
٣١ـ عەبدوللاّ عەزیز(١٩٩٠)، گۆڕانی واتای وشە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاّحەددین.
٣٢ـ عەبدولواحید موشیر دزەیی(٢٠١٣)، ڕستەسازی ڕۆنانکاری و گوێزانەوە، چاپی یەکەم، بلاّوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بلاّوکردنەوە، هەولێر.
٣٣ـ..................(٢٠١٤)، ڕێزمانی کوردی، چاپی یەکەم، بلاّوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بلاّوکردنەوە، هەولێر.
٣٤ـ..................(٢٠١١)، واتاسازی وشە و ڕستە، چاپی دووەم، چاپخانەی ماردین، هەولێر.
٣٥ـ..................(٢٠١٢)، وشەسازی زمانی کوردی، بلاوکراوەی کتێبخانەی ئاوێر ژمارە(١٠٩). هەولێر.
٣٦ـ..................(٢٠١١)، لێکسیکۆلۆجی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ماردین، هەولێر.
٣٧ـ عبدالباقی أكرام أحمد(١٩٩٨)، واتا و مەبەست لە پەندی پێشینانی کوردییدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین.
٣٨ـ غازی عەلی خورشید(٢٠١٣ أ)، ڕێزمانا فەرمی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.
٣٩ـ..................(٢٠١٣ ب)، ڕێزمان، بلاّوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی ژمارە(٢٥٣)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٤٠- فتاح مامه علی(١٩٨٩)، هاوده‌نگ له‌ زمانی کوردیدا، نامه‌ی ماسته‌ر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سه‌لاحه‌ددین.
٤١- ڤیان ئیبراهیم عه‌لی ئیبو(٢٠٠٨)، تایبه‌تییێن هه‌ڤالْناڤی د زمانیّ کوردیدا، ناما ماسته‌ریّ، کۆلیژا ئادابیّ، زانکۆیا دهۆکیّ.
٤٢- که‌وسه‌ر عه‌زیز ئه‌حمه‌د(١٩٩٠)، بیردۆزی مۆرفیم و هه‌ندیّ لایه‌نی وشه‌سازی کوردی، نامه‌ی ماسته‌ر، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سه‌لاحه‌ددین.
٤٣- ك. ك. کوردۆییێف (١٩٨٤)، ڕێزمانی کوردی به‌که‌ره‌سته‌ی دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی، وه‌رگێرانی د. کوردستان موکریانی، له‌ بلاوکراوه‌کانی ئه‌میندارى گشتی ڕۆشنبیری و لاوان زنجیره(٤)، چاپخانه‌ی الأديب البغداديه، به‌غدا
٤٤- کوردستان موکریانی(١٩٨٣)، ئاوه‌ڵناو له‌ ڕسته‌ی کوردیدا به‌ که‌ره‌سته‌ی دیالێکتی کرمانجی خواروو و کرمانجی ژووروودا، گۆڤاری کاروان، ژماره(٥).
٤٥- لێژنه‌ی زمان و زانسته‌کان(٢٠١١)، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، چاپی دووه‌م، ده‌زگای چاپ و بلاوکردنه‌وه‌ی ئاراس، چاپخانه‌ی ئاراس، هه‌ولێر
٤٦- محه‌مه‌د ئه‌مین هه‌ورامانی(١٩٧٣)، سه‌ره‌تاییێك له‌ فیلۆلۆژی زمانی کوردی ،چاپخانه‌ی مه‌عاریف، به‌غداد.
٤٧- محه‌مه‌د مه‌عروف فه‌تاح،(١٩٩٠)، هه‌ندیّ تێبینی ده‌رباره‌ی ئاوه‌ڵناو له‌ کوردیدا، گۆڤاری ڕۆشنبیری نویّ، ژماره(١٢٥)، ده‌زگای ڕۆشنبیری و بلا وکردنه‌وه‌ی کوردی، به‌غدا.
٤٨-..........................(٢٠١٠) ،توێژینه‌وه‌ زمانه‌وانییه‌کان، چاپی یه‌که‌م، چاپخانه‌ی ڕۆژهه‌لات، هه‌ولێر.
٤٩- محه‌مه‌د مه‌عروف فه‌تاح، سه‌باح ره‌شید قادر(٢٠٠٦)، چه‌ند لایه‌نێکی مۆرفۆلۆجیی کوردی، ده‌زگای بلاوکردنه‌وه‌ی به‌شی ڕوناکبری، چاپخانه‌ی روون، سلێمانی.
٥٠- محه‌مه‌دی مه‌حوی(٢٠١٠)، وشه‌سازیی و به‌یه‌کداچوونی پێکهاته‌کان، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
٥١- مسته‌فا قادر حه‌سه‌ن(١٩٩٧)، کارتێکردنی هه‌ندیّ لایه‌نی ڕسته‌سازی ی زمانی فارسی له‌ سه‌ر زمانی کوردی، نامه‌ی ماسته‌ر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سه‌لاحه‌ددین.
٥٢- نوری عه‌لی ئه‌مین(٢٠١٢)، ڕێزمانی کوردی، ڕێکخستن و له‌ چاپدانه‌وه‌ی د.نه‌ریمان خۆشناو، چاپی دووه‌م، چاپخانه‌ی ڕۆژهه‌لات، هه‌ولێر.

٥٣ـ هەڵمەت سەردار(٢٠١٣)، پێکهاتەی لەش لە بەرهەمهێنانی فەرهەنگیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین.
٥٤ـ هـ. ج. ویدۆوسن(٢٠٠٨)، سەرەتایەك بۆ زمانەوانی، وەرگێرانی د.هۆشەنگ، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك.
٥٥ـ هیدایەت عەبدوللا موحەمەد(٢٠٠٢)، رێککەوتنی واتایی ناو و ئاوەڵناو لە زمانی کوردییدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
٥٦ـ وریا عومەر ئەمین(١٩٨٨)، لێکدانی وشەکان، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە(١١٨)، دەزگای ڕۆشنبیری و بلا وکردنەوەی کوردی، بەغدا.
٥٧ـ.................(٢٠١١)، پیتۆکەکانی زمانەوانی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
٥٨ـ.................(٢٠٠٩)، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
٥٩ـ یارا قادر حەمەد مەلازادەیی(٢٠١٣)، مۆرفۆڕستەسازی لە شێوەزاری کۆیەدا، بەرێوەبەرایەتی چاپ و بلاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.
٦٠ـ یوسف شەریف سەعید (٢٠١٣)، وشەسازی چالاکی لێژنەی زمان، بلاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
**ب ـ زمانی عەرەبی:**
٦١ـ رمزی منير بعلبكی(١٩٩٠)، معجم المصطلحات اللغوية، الطبعة الأولى، دار العلم للملايين، بيروت.
٦٢ـ عبدالحميد عبدالواحد(٢٠٠٧)، الكلمة في اللسانيات الحديثة، الطبعى الأولى، متبطة التفسير الفنى، صفاقص _ تونس.
٦٣ـ غالب المطلبي(١٩٨٦)، في علم اللغة، الموسوعة الصغيرة، عدد(٢٢٦) دار الشؤون الثقافة عامة، بغداد.
**ج ـ زمانی فارسی:**
٦٤ـ مهری باقری(١٣٨٣)، مقدمات زبانشناسی، چاپ هفتم، نشرقطره، چاپ سارنگ، تهران.

**د ـ زمانی ئینگیزی:**

٦٥_ Bussmann, H. (1998) Routledge Dictionary of Language and Linguistics, translated and edited by Gregory Trauth and Kerstin Kazzazi, New York , USA.

٦٦_ Crume, J. (2005) Linguistics and Grammar, Oxford, UK.

٦٧_ Evans, V. and Green, M. (2006) Cognitive Linguistics An Introduction, Edinburg University Press, Edinburgh, Great Britain .

٦٨_ Fromkin, V., Rodman, R. and Hyams, N. (2005) An Introduction Language, Eighth Editor, Thomas Wadsworth , Boston, USA.

٦٩_ Kroeger,P.R. (2005) Analyzing Grammar An Introduction, Cambridge University Press, Cambridge, UK.

٧٠_ Peng, F. and Schunrmans, D. (2001) A simple Closed-Class/Open-Class Factorization for Improved Language Modeling , University of Waterlo, Ontario, Canada.

٧١_ Porsh, J. (2001) Neuropsychologia , Volume 39, Issue 1.

٧٢_Radford, A., Atkinson, M., Britain, D., Clahsen, H. and Spencer, A. (2009) Linguistics An Introduction, Second Edition, Cambridge University Press , Cambridge, UK .

٧٣_Riemer, N. (2010) Introducing Semantics, Cambridge University Press, Cambridge, UK.

٧٤_Thomas, F. M. (2001) Differences in brain potentials to open and closed class words: class and frequency effects, Elsevier Publishing, Cambridge, UK.

٧٥_Trask, R. L. (2007) Language and Linguistics, Second edition, Edited by Peter Stockwell, New York, USA.

٧٦_ (www.uow.cs.wp.com)

أقليم كوردستان - العراق
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
جامعة صلاح الدين - أربيل

# تغيير صنف الكلمة في نحو اللغة الكردية
## ( دراسة صرفية نحوية )

رسالة

مقدمة الى مجلس كلية اللغات في جامعة صلاح الدين – أربيل وهى جزء من متطلبات نيل درجة الماجستير في اللغة الكردية

من قبل

أردوان توفيق فتاح شيروانى بكالوريوس- كلية اللغات - جامعة صلاح الدين – ٢٠٠٥

باشراف

أ.م.د. عبدالواحد محمود مشير دزەيي

ريبەندان 2714 الكوردية ربيع الثاني ١٤٣٦ الهجرية شباط ٢٠١٥ الميلادية

**ملـــخص :**

هذا البحث تحت عنوان ( تغيير صنف الكلمة في بناء الجملة اللغة الكردية ) والذي فيه انتهجتُ طريقة ( الوصف التحليلي ). يقوم الباحث بوصف وظائف الكلمات المتداولة حاليا في اللغة الكردية . ان البحث يتداول ، ضمن إطار بناء الجملة ( سنتاكس ) ، عن تغيير صنف الكلمات المفتوحة بشكل عام ، وبالأخص تغيير صنف الكلمات المفتوحة من حيث بناء الجملة ( سنتاكس ) في اللهجة الوسطى لاللغة الكردية . ان الهدف من هذا البحث هو المحاولة لإيجاد أجوبة للأسئلة التالية :

أ ـ هل الكلمات في اللغة الكردية ، كما هو الحال في اللغات الأخرى ، تنقسم الى الصنفين المألوفين ( صنف الكلمات المفتوحة و صنف الكلمات المغلقة ) ؟ ما هي كلمات الصنف المفتوح و ما هي كلمات الصنف المغلق ؟

ب ـ في اللغة الكردية ، هل من السهل التمييز بين كلمات الصنف المفتوح وكلمات الصنف المغلق ؟ إذا أمكن ذلك ، فما هي المعايير التي تمكننا من إجراء هذا التمييز ؟

ج ـ هل في اللغة الكردية يحدث تغيير الصنف بين الكلمات العضوة في الصنف المفتوح ؟

د ـ إذا أمكن تغيير صنف الكلمات ، فما هي أسبابه ؟ و ما الدور الذي تلعبه الجملة في هذا التغيير ؟

ه ـ أية كلمة عضوة في الصنف المفتوح هي الأكثر تغييرا او الأكثر نشاطا في أخْذ صنف جديد ؟ و ما هي أسباب ذلك ؟

يتكون البحث في محتواه من ثلاثة أقسام : القسم الأول ( صنف الكلمة و تمييز أصناف الكلمات ) ، القسم الثاني ( علاقة الكلمة بالجملة ) ، القسم الثالث : ( دور بناء الجملة في تحديد صنف الكلمة )

## ABSTRACT

The research is titled ( Changing Word Class in Kurdish Language Syntax) , in which I've adopted the method of ( analytical description ) . The research describes the functions of words now current in the Kurdish language. It discusses, within the bounds of syntax, the changing of open class words as a whole, and particularly from a syntactic perspective in The Middle Dialect of the Kurdish language. The objectives of the research could be summed up in answering the following questions :

A. Do words in Kurdish, like in other languages, fall into the two usual classes, namely; open class words and closed class words ? What words are open and what words are closed ?

B. In the Kurdish language, is it easy to discriminate between open class words and closed class words? If so, what criteria are there for differentiating them ?

C. Is changing word class possible among open class words in Kurdish ?

D. If there's word class changing, what are it's main reasons ? What role does sentence play in bringing about such changes ?

E. Which member of the open class changes most actively, or conversely, which member is most active in taking a new class? What are its reasons?

The content of this research consists of three parts : Part one : ( Word Class and Differentiating Word Classes ) , Part two : ( Word's Relation to Sentence ) , Part three : ( The Role of Syntax in Determining Word Class )

Kurdistan Region – Iraq
Ministry of Higher Education
and Scientific Research
Salahaddin University - Erbil

# Changing Word Class in Kurdish Language Syntax
## (A Research in Syntax and Morphology)

**A Thesis**

Submitted to the Council of the College of Language Salahaddin University – Erbil in Partial Fulfillments of the Requirements for the Degree of Master of Arts in Kurdish Language.

**By**

**Ardawan Tawfiq Fatah** **B.A. – College of language- University of Salahaddin– 2005**

**Supervised By**

**Asst. Prof. Dr. Abdulwahid Mushir Mahmod Dizaye**

February 2015 A.D. Rabe' Al-Thani 1436 Al-H. Rebandan 2714 K.